# ناشوێنی کۆرۆنا و شوێنی ئێمە



تویژینگەی
کوردستان‌ناسی
زانکۆی کوردستان

# بوڵتەنی ناوخۆیی ١

## توێژینگەی کوردستان‌ناسیی زانکۆی کوردستان


سالّی یەکەم/ ژمارەی یەکەم
گوڵانی 1399ی هەتاوی


بەشی لێکۆڵینەوەی توێژینگەی کوردستان‌ناسی

به سەرپەرشتی:

د. مەسعوود بینەندە

دیزاین:

بێهراد ئەسغەرنژادی


ناونیشان: ئێران، سنە، زانکۆی کوردستان
توێژینگەی کوردستان‌ناسی، کۆدی پۆستی 66177 - 15175
ژمارە: 33624007 87(0) 98+
info@uok.ac.ir : پۆستی ئەلکترۆنی
https://ksi.uok.ac.ir : ماڵپەڕ


وێنەی ڕووبەرگ: تاعوونی 1630ی ئیتالی(ڕۆما)، لە نیگارکێشییەکی لویجی واکا(1810)

# پێرست

## وەرگێڕان:

★ کۆرۆناڤایرۆس و نیۆلیبێڕاڵیزم/ نوام چامسکی

و. د. زانیار نەقشبەندی ٥

★ بەخێر بێن بۆ ژیانی دابڕاوانە/ سێرجیۆ بێنڤێنتۆ

و. کاوە فاتحی ١٢

★

لەمەڕ شەهید و نەخۆشی:چەند بیرۆکەیەک سەبارەت

بە کۆرۆناڤایروس/ ئامیندا سمیت

و. باوەڕ مەعرووفی ٢٢

★ تێبینییەک لە دوو فەیلەسووفی هیندی؛ کۆمەڵگای

بێبەشان: وەڵامێک بۆ ئاگامبێن و نانسی

دیویا دۆوی، شاج مووهان/ و. بەفرین بەهرامیان ٢٩

★

دوای کارەسات

لە ساموێل بێکێتەوە بۆ سلاڤۆی ژیژەک/گریگۆر مۆدێر

و. ڕوشدی جەعفەر ٣٥

# تێڕامان :


* ڕامان لە سەردەمی کۆرۆنادا
د. بەیان کەریمی ٧٠

* ناشوێنی کۆرۆنا و شوێنی ئێمە ٨٤
د. مەسعوود بینەندە

* وێنای «کارەسات» بۆ کوردێک ١٠١
وەلید عومەر

* کۆرۆناو پێکهاتەی پزیشکی-سیاسی دەسەڵات
د. ئەحمەد غوڵامی ١١٩

* میتافۆرەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕاگەیاندنەکاندا
(بەپێی میتۆدی شیکاریی ڕەخنەیی میتافۆر)
د. عادڵ محەمەدی/ و.ئارەش مێهرەبان ١٣٤

* کۆرۆنا لەنێوان کانت و فۆکۆدا (دۆخی کۆرۆنایی وەکوو پرسێکی ئاکار)
سامان ئەمجەدی ١٤٦

* کۆرۆنا و تۆندتربوونەوەی سنووربەندیی ١٦٤
حاکمییەتەکان(بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕاوبۆچوونەکانی فۆکۆ و ئاگامبێن)
ئاسۆ(عوسمان) هێدایەت

* ئەو شتەی لە کۆرۆنادا زێدەتر لە کۆرۆنایە ١٧٣
ئارمان کاکایی/ و.سامان کاکەمەمی

* کۆرۆنا، تیرۆریستێکی دژە نیۆلیبێڕالیزم ١٨٢
زانیار شەریف


# هەڤپەیڤین


* هێشتا هەواڵی کارەساتمان پێ نەگەیشتووە
(وتووێژ لەگەڵ د.مەسعوود بینەندە سەبارەت بە پرسی کارەسات)
وتووێژکار: ئەمجەد غوڵامی ١٩٥

# وەرگێڕان

# کۆرۆناڤایرۆس و نیۆلیبێڕاڵیزم/ نوام چامسکی

و. د. زانیار نەقشبەندی

نوام چامسکی، زمانناس و شرۆڤەکاری سیاسی، لە پارێزگای ئاریزۆنای ئەمریکا، لە شوێنێکدا کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، خۆی لە دابڕگە و دوورپەرێزیی دڵخوازانە تەریک خستووە(Self-isolation)، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، لە وتووێژێک لەگەڵ کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی "دیمۆکراسی لە بزاڤی ئەورووپا ٢٠٢٥ "(DiEM 25)، سەبارەت بە کێشەی کۆرۆنا قسەی کرد. لەم بەشەدا، بیروڕاکانی چامسکی دەخوێننەوە.

قەیرانی تەندروستی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە پێکهاتووە و مرۆڤی ئەمڕۆی تووشی دژواری کردووە، کێشەیەکی زۆر مەترسیدار و بنەڕەتییە و ڕەنگە ئاکام و بەرەنجامێکی پڕمەترسی و ئاستەم سازبکاتەوە. بەڵام ئەم قەیران و بارودۆخە کاتییە و لە کۆتاییدا چارەسەر دەبێت. لە کاتێکدا کە ئێمە لەگەڵ دوو قەیرانی بەردەوامی زۆر مەترسیدارتر و گرینگتردا بەرەوڕووین کە دەتوانن لەناکاودا ژیانی مرۆڤ بڕووخێنن. ئەم دوو قەیرانە بریتین لە شەڕی ناوەکی و گەرمبوونی گۆی زەوی. دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت کە ئەم هەڕەشەگەلە، کە بریتین لە قەیرانی کۆرۆنا، شەڕی ناوەکی و گەرمبوونی گۆی زەوی، بەهۆی بەکارهێنان و داسەپاندنی سیاسەتگەلی نیۆلیبێڕالیسم سازبوونەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش بەهێزتر دەبن.

حەقیقەتێکی ڕوون و بەڵگەنەویستە کە پاش تەواوبوونی قەیرانی کۆرۆنا، جیهان لەگەڵ دوو بەربژێری شیمانەییدا بەرەوڕوو دەبێت؛ یان ژمارەی حکوومەتە گشتخواز و سەرەڕۆکان زیاد دەبێتەوە، یان دارشتنەوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ بارودۆخێکی مرۆییتر لە نێوان کۆمەڵگاکاندا دروست دەبێت. بەڵام لەم کاتەدا، چارەنووسی هەمووومان لە ژێر دەستی گاڵتەجاڕگەلێکی نەخۆش‌ئاسای کۆمەڵایەتی وەکوو ترامپ و دارووودەستە هاوبڕوا و یەکدەنگەکانی لە سەرانسەری جیهاندایە. وەکوو وێنە، هێز و دەسەڵاتی ئەمریکا زور بەربڵاوە، چونکوو ئەمریکا تەنیا وڵاتێکە کە زۆربەی گوشارە دەروونی و ئابڵۆقە ئابوورییەکانی لە سەر وڵاتانی دیکەدا، وەکوو ئێران و

کووبا، بەکار هێناوە و وڵاتانی دیکە (بەتایبەت وڵاتە ئەورووپییەکان) ناچار دەکات کە لە دووی سیاسەتە نامرۆییەکانی بکەون. بێشک تەنیا خەڵکی ئەم وڵاتانەن کە تووشی ئازار و خەساری ئەم ئابلۆقەگەلە دەبن. بەڵام لەم ڕۆژانەدا، هەڵکەوتێکی سەرنجڕاکێش لە وڵاتێکی ئابلۆقەدراو، سەبارەت بە قەیرانی کۆرۆنا ڕووی داوە. پەنجاودوو پزیشکی کووبایی، لە ناوچەی لۆمباردیدا جێگیر بوون تا یارمەتیدەری ئەندامانی پزیشکیی ئیتالیا بن کە لە ژێر گوشاری سەخت و ماندوویەتییەکی بەردوامدا خەریکی کار و تێکۆشانن. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەڵمانیا تەنانەت بە سیستەمە پزیشکییە پێشکەوتووەکانیشیەوە توانای یارمەتیدانی وڵاتی یۆنانی نەبووە. بێگومان، لەم قۆناغەدا، بەبوونی کارەساتگەلێک کە هەموو جیهانیان داگیر کردووە (وەکوو خنکانی هەزاران کۆچەر و پەنابەر لە زەریای ناوەڕاستدا (مەدیتەرانە)، بەکارهێنانی بەربڵاوی ئابلۆقە نامرۆییەکان، شەڕەماڵوێرانکەرەکان، پشتگیری لە ڕژێم و دەسەڵاتە سەرەڕۆکان و هتد)، لەم قۆناغەدا جیهانی ڕۆژئاوا وەکوو ڕووخێنەری مرۆڤایەتی دەور دەنوێنێت.

ئێستا ئەگەر دەمانەوێت لەبەرامبەری قەیرانی کۆرۆنادا بوەستین، دەبێ هەڵسوکەوت و ڕەوشتی سەردەمی شەڕ بەڕێوەببەین. دەبێ هەموو هێزەکان دابین بکەین تاکوو ئەم دوژمنە ون و نادیارە لەناوبەرن. دابینکردنی هێزە مادیەکانی ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی جیهانیی دووهەمدا وێنەیەکی باش بۆ ئەم بابەتەیە. کەوابوو، باشتر ئەمەیە کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان، وەکوو ئەمریکا،

بەجێی هێرش و سپاگەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ سەر وڵاتانی دیکە، یان ئەمەیکە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا، لەگەڵ هاودەستەکانیاندا شەڕئەنگێزی بکەن و داهێنەری شەڕ و تێکهەڵچوون بن، هێز و دەسەڵاتەکەیان بۆ وەدیهێنانی چاکبوونەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بەکاربهێنن.

کاتی بەسەرهاتنی قەیرانی کۆرۆنا، خەڵکی جیهان دەبێ بڕیار بدەن کە دیانهەوێ بەپێی چ سەرباشقە و بیروباوەڕێک بناغەکانی داهاتوویان ساز بکەنەوە. چونکوو دەزانین کە ژێدەر و سەرچاوەی هەموو بارووددۆخە قەیراناوییەکان و گیروگرفتگەلی قووڵی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، تەنیا بەکارهێنانی سیاسەتگەلی نیۆلیبرالیستی و بازاڕی جیهانییە. وەکوو وێنە، نیۆلیبێڕالیسم لە پێشتروە ئاگادار بوو کە نەخۆشییەکی بەربڵاو و تاڕادەیەک جیاواز لە نەخۆشیی سارس، کە تیرەیەک لە ڤایرۆسی کۆرۆنایە، هەموو جیهان داگیر دەکات. سیاسەتی نیۆلیبێڕالیسم دەیتوانی بۆ بەرگریکردن لەم نەخۆشییە وەکار بکەوێت و واکسێنەکەی دابین و ئامادە بکات. بەڵام لە ڕوانگەی کۆمپانیا دەرمانسازییەکانی کەرتی تایبەت و لۆبییە هاوبەستەکانیانەوە، دروستکردنی کرێم و پوودرگەلی جۆراوجۆری نوێ، بەقازانجترە لە سازکردنی واکسێنی کۆرۆنا. ڤایرۆسێک کە گیانی خەڵکی خستووەتە ژێر مەترسییەوە و هەمو ڕۆژێک خەروارێک کوژراوە لە سەرانسەری جیهاندا بەجێ دێڵێت.

ئاگادار بن کە هەڕەشە و مەترسیی شەپلەی منداڵان(polio)، بەهۆی واکسینی ساڵکەوە (SALK) چارەسەرکرا، واکسینێک کە لە لایەن دامەزراوەیەکی دەوڵەتییەوە دروست کرابوو و بەبێ بەڵگەی داهێنان و تۆماری چێکردن(Patent) کەوتە بەردەستی هەمووان. دەیانتوانی وەها هەوڵ و هەنگاوێک بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا جێبەجێ بکەن، بەڵام پەتای نیۆلیبێڕالیسم ڕێگریی لێ کرد. هەموو زانیارییە پێویستەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەبەردەستماندا بوو بەڵام بەهۆی هەمان بەڵگە پێشووەکان کە ئاماژەمان پێدا، کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە. بۆ وێنە، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩، هاوشێوەسازی بۆ ڤایرۆسێکی بەربڵاوی جیهانی، لە وڵاتی ئەمریکادا جێبەجێ کرا، بەڵام لە هەمان قۆناغی هاوشێوەسازیدا بەجێ ما و لەبیر کرا. لە ڕێکەوتی ٣١ی مانگی دێسەمبەردا، وڵاتی چین ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئاگادار کردەوە کە ڤایرۆسێک بوونی هەیە و یەک حەوتە دواتر، زانستڤانە چینییەکان، ئەو ڤایرۆسەیان ناسییەوە و زانیاریی پێویستیان لە ئاستی جیهانیدا خستە ڕۆژەڤەوە. هێندێک لە وڵاتانی ناوچە، وەکوو چین، کۆریای باشوور و تایوان، بەخێرایی دەست بەکار بوون و لە ئەورووپاشدا لەو بوارەدا تا ڕادەیەک هەوڵ درا. ئەڵمانیا کە خاوەنی سیستەمی تەندرووستی پێشکەوتوو و جێی متمانەیە، بەبێ یارمەتیدانی وڵاتانی دیکە، کارەکانی لەسەر وەخت جێبەجێ کرد و تا ڕادەیەک قەیرانەکەی ڕاپێچ و کۆنترۆڵ کرد. بەڵام وڵاتە ئەورووپییەکانی دیکە، هەوڵێکی زۆریان نەدا و تەنانەت هەندێکیان قەیرانەکەیان بە هەند وەرنەگرت. خراپترین وڵاتەکان، ئینگلیز لە

ئەورووپا و ولایەتە یەکگرتووەکان (United States) لە ئەمریکای باکووردا بوون.

دیسان دەبێ ئاماژەی پێ بکەین کە پاش تەواوبوون و چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە جیهانییە، دوو بەربژێری شیمانەیی دەبن بە دیاریکەری داهاتووی مرۆڤایەتی. پاش تەواوبوونی قەیرانەکە، یان ژمارەی حکوومەتە گشتخواز و سەرەڕۆکان، کە بەوپەڕێ بێبەزەییەوە گیان و ماڵی مرۆڤەکان دەخەنە ژێر مەترسییەوە، زیاتر دەبێتەوە، یان بەهۆی ویست و بەرخۆدانی جەماوەری خەڵکی سەرانسەری جیهان، داڕشتنەوەی بنەڕەتیی حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان دەست پێ دەکات تا بارودۆخێ ژیانی خەڵک بەرز ببێتەوە و گەشە بکات.

بەڵام لەم سەردەمەدا، مرۆڤایەتی لەگەڵ وەدیهاتنی شەڕی ناوەکی لە لایەک و کارەساتی وێرانکاریی ژینگە لە لایەکیترەوە بەرەوڕووە، کە دەتوانن هەموو مرۆڤەکان بەیەکجاری لە ناو بەرن. کەوابوو، کات و ساتی ئێستا، یەکێ لە گرینگترین کات و ساتگەلی مێژووی مرۆڤ دێتە ئەژمار.

گرینگایەتیی ئەم کات و ساتە، تەنیا بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا نییە، بەڵکوو ئاگاداری لە کەموکۆڕیی دامودەزگا جیهانییەکان و ناتەواویی کارکردی سیستەمە ئابوورییەکانیان شیاوی گرینگیپێدانە کە دەبێ بۆ چاکترکردنەوەی داهاتووی مرۆڤایەتی بگۆڕدرێن.

کەوابوو، ڤایرۆسی کۆرۆنا وەکوو هۆشدار و زەنگێکی مەترسی بۆ بەرگری‌کردن لە کارەساتگەلی داهاتوو وەبەرچاو دێت. بە واتایەکی دیکە، کەمتەرخەمی‌کردن بە ئەم هۆشدارە و هەڵنەسەنگاندنی بنج‌وبناوانی ئەم قەیرانە بەربڵاو و گشتگیرە، بێ‌شک داهاتوویەکی مەترسیدارترمان بۆ دیاری دەکات. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەمەیە کە دابڕگەیەک کە زیاتر لە دوو ملیارد کەسی خستووەتە گۆشەگیری و پەراوێزەوە، تەنیا تایبەت بە سەردەمی ئەمڕۆ نییە، بەڵکوو ماوەیەکی زۆرە کە مرۆڤایەتی تووشی چەشنێک گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی هاتووە و ئەمڕۆ لە ڕاستیدا هەستی پێ‌دەکات. دەبێ بەکەڵک‌وەرگرتن لە داهێنانەوەی بەڵگەی قەرزی کۆمەڵایەتی(Bonds)، لێقەوماوانی سەرانسەری جیهان یارمەتی بدەین.

بەڵام لە سەردەمێکدا کە کۆبوونەوە و دانیشتنی ڕووبەڕوو دەست نادات، پێوەندیی ئینتێرنێتی بۆ ڕێکخستن، پێکهێنان و پەرەپێدانی ڕێکخراوە مرۆییەکان، گەشەپێدانی شیکاریی کێشەگەلی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ و ڕاوێژکاری بۆ هەڵێنانی گیروگرفتەکانیان، شێوەیەکی گونجاو و مسۆگەرە. مرۆڤ لە ڕابردووشدا بەرەوڕووی دژواریگەلێکی ئاستەمتر بووەتەوە کە بەهۆی زانیاری، تێکۆشان و هاوگرتوویی، هەموویانی چارەسەر کردوە.

# بەخێر بێن بۆ ژیانی دابڕاوانە/ سێرجیۆ بێنڤێنتۆ

و. کاوە فاتحی

ئەگەرچی تەمەنم لە حەفتا تێپەڕیوە و ئێستە لە ڕیزی ئەو کەسانەدام کە بەرگە ناگرن و لاوازن و، هەروەها نە ڤایرۆسناسم و نە پەتاناسیش، کەچی لە بواری تەندرووستییەوە زۆر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا ناترسم. لای خۆم ئاوا بیر دەکەمەوە، ئەم پەتایەش وەکوو هەر ڕووداوێکی تر وایە، بۆ نموونە سەفەر بە فڕۆکە، کە ئەگەری ئەوەی هەیە فڕۆکەکە بکەوێ - ئەمەش بە دەگمەن ڕوو دەدات.



---

[1] Welcome to Seclusion
[2] Sergio Benvenuto

ئەوەی ڕاستی بێ، هەتا ئێستا نزیکەی سێ هەزار کەس بە هۆی ئەم ڤایرۆسەوە مردوون، بەمەشەوە هێشتا ڕێژەی مردووان، بەراورد بە مردن بە هۆی ئەنفلۆنزای باو و ئاسایی ساڵی ٢٠١٩ - کە گەیشتبووە ٨٠،٠٠٠ کەس- کەم دەنوێنێ. وەکی تر، بەراورد بە مردووانی ڕووداوی هاتووچۆ و ڕێژەی ئەو کرێکارانەی بە ڕووداوی ئیش و کرێکاری گیانیان لە دەست داوە، کەمترە (هەتا ئێستا ڕێژەی ئەو کەسانەی لە ئیتالیا بە هۆی کۆرۆناوە مردوون پەنجا کەسە[٣]).

پەرۆشییە سەرەکییەکە لە وڵاتەکەی من لە ئاکامە ئابوورییەکەوە دەست پێ دەکات، کە لە پاش نەوەدەکانەوە هەرەسی هێناوە. لە بەر ئەم هۆکارەیە، پێم وایە ئەوەی خەڵک دەکوژێت برسییەتی، داڕووخانی ئابوری و هەژارییە، ئەمەیە نیگەرانییە بنچینەیەکەی من، ئەگینا مەترسییەکی زۆر لە مەڕ کۆرۆنا نابینم.

وەکی تر، بە گوێرەی ئەقڵ، مەترسی و تۆقان لام بایەخێکی ڕێژەیی هەیە، بەڵام لە سۆنگەی مەدەنیی و شارستانییەتەوە باشتر دەرکی پێ دەکرێت، کە هەڵسوکەوتی من دەبێ بەو جۆرە بێ کە گوایە تۆقیوم و ئەمەش وا دەکات من وەك شارۆمەندێکی باش دیار بم. ئامانجی بەکردەوەی تێکڕای ئەو کارانەی لە ئیتالیا کران، وەکوو داخستنی قۆتابخانە، مۆزە، تیاتر و



[٣] ئەم بەراوردانە لە کاتی نووسینی بابەتەکەدا کراوە کە هێشتا ڕادەی تووشبوون و مردن لە ئاکامی پەتای کۆرۆناوە زۆر کەمتر لە ئێستا بوون.(وەرگێڕ)

ئێستادیۆمەکان و هتد... بە تەواوی پێشگرتنە، کە پێش لە تەشەنەسەندنی ڤایرۆسەکە بگرن، بەمجۆرە کاریگەری وباندۆڕی خۆی دانا و، لای خەڵکیش بەبایەخ بوو و گرنکییەکی زۆری پێدرا.

لە بنەڕەتدا ئەو کەشە تۆقێنەرەی کە لە ئیتالیا زاڵە، لە سەرەتاوە لە لایەن ڕێکخراوەی تەندرووستی جیهانییەوە[4] دەستی پێکرد و بە پێی قسەکەی ڕۆبێرتۆ ئسپۆزیتۆ[5]، بڕاردەیەکی سیاسی یان بیۆ-سیاسییە، ئەڵبەت وەها کەش و دۆخێک نەک بە تەنێ ئیتالیا بەڵکوو هەموو جیهانی تەنیوە.

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دێمۆکراسییە هەرە باشەکانی هەنووکەی جیهان کە ڕێبەرایەتی گرۆتسکئاسا وەبەرهەم دێنێ و بەرگی نوێی فاشیزم دەپۆشێ و مەراق بۆ گەڕانەوە بۆ فاشیزم دەکا؛ وەکی دیکەش لەناوچوونی دەور و سەربەخۆیی دەوڵەتەکان و دەرکردنی بڕیارە ڕاستەقینەکان لە لایەن ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی، سندووقی سەرمایەی نێونەتەوەیی، بانکی ناوەندی ئەورووپا و بانکە ناوەندییەکانی تری دونیا. کارگێڕی گشتیی ڕێکخراوەی تەندرووستیی جیهانی، تێدرۆس ئادهانۆم[6]، کە خەڵکی ئۆتۆپیایە، دەڵێ پێویستە خۆمان بپارێزین و بەرگری لە خۆمان بکەین. ئێستاکە کۆڤیدی- ۱۹، بە دوو ئاڕاستەدا دەڕوات: یان باش دەزانێ دەرەنجامی کارەساتباری لێ ناکەوێتەو و لەوانەشە لە کۆتاییدا وەکوو

[4] WHO- World Health Organization
[5] Roberto Esposito
[6] Tedros Adhanom

نەخۆشییەکی سادەی ئەنفلۆنزا دەستنیشان بکرێ، یان ئەگەری هەیە شێوە بگۆڕێ بۆ نەخۆشییەکی کۆشندە وەکوو ئەنفلۆنزای سپانی، کە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩١٨دا تووشی یەک لە سەر سێی جیهان بوو و ژمارەی مردووانی گەیشتە بیست تا بیست‌وپێنج ملوێن کەس -کە قوربانییانی ئەم پەتایە زیاتر بوو لە قوربانییانی جەنگی یەکەمی جیهانی. مەترسییەکە لەو ڕەهەندەوە دیارە کە زانیاریمان زۆر کەمە لەسەر ئەم ڤایرۆسە، ئەوەی لێی دەزانین زۆر کەمترە لەوەی نایزانین. بەڵام تادێت زانیاریمان لەسەر ئەم ڤایرۆسە پتر دەبێ و، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست‌بوونی پەرۆشی و دڵەڕاوکێ بەرامبەر شتێکی نەناسراو، کە لە بنچینەدا عەقڵانی نییە.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە لە حاڵەتی ئەنفلۆنزای سپانیدا، دەسەڵاتی سیاسی ڕێگای پێچەوانەی ئەمڕۆیان گرتبووە بەر، مادام وڵاتە گیرۆدەکان لە جەرگەی شەڕدا بوون. لە ڕاستیدا، ئەنفلۆنزای سپانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەستی پێ کرد، بەڵام یەکەم شوێن کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەی لە وڵاتەکەیدا ڕاگەیاند ڕۆژنامە و میدیا سپانییەکان بوون، ئەوەشمان لە بیر نەچێ لەو شەڕەدا سپانیا بەشدار نەبوو، لە بەر ئەو هۆیە ناویان نا ئەنفلۆنزای سپانی. لە دونیای ئەمڕۆدا، دەسەڵاتی سیاسی (دووپاتی دەکەمەوە دەسەڵاتی سیاسی بە تایبەت لە بواری ئابووریدا هەتا دێت سەروو-دەسەڵاتی پێناسە دەکرێت) تاقە ڕێکارێك بۆ زاڵبوون بە سەر پەتاکەدا گرتبێتییە بەر ڕێکاری تۆقلندنە، بۆ ئەم مەبەستەش پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت لێکتر جیاببنەوە. بە

ڕوونی دیاره، ڕێکاری جیاکردنەوە و هاوێرکردنی تووشــبووان هەتا چەند سەدەی تر وەکوو بەهێزترین ڕێکار بۆ لەناوبردنی پەتا چارەسەرنەکراوەکان گرنگی و دەوری بەرچاوی دەمێنێتەوە.کاتی بڵاوبوونەوەی تاعوون لە ئەورووپا، وەک چۆن فۆکۆ باسی دەکات، بە گوێرەی توانا دەسەڵاتی سیاسی ڕێکاری جیاکردنەوەی پەتاگرتووان و زۆر جاریش دوورخســتنەوەیان بۆ دوورگەیەکی دوورەدەســتی گرتبووە بەر. ناوی یەکێک لەو دوورگانە "مۆلۆکای"ە لە هاوایی، کە فیلمی زۆریشیان لەسەر ساز کردوون.

لە ئاگوســتی ٢٠١١دا لە ئەمریکا بووم، نزیکەی ســاتەوەختی هەڵکردنی گەردەلوولی ئێرینە[7] بوو، ئەو گەرەدەلوولەی پێشــتر لە ناوچەی ئانتیلیســی[8] دابوو و وێرانی کردبوو. شتە سەیر و سەرسووڕهێنەرەکە شێوازی دەرکەوتنی پســپۆڕ و ســیاســییەکان بوو لە میدیاکاندا، کە بێ دوو و ســێ پەیامی تۆقێنەرانەیان بڵاودەکردەوە. سەرقسەی هەموویان ئەمە بوو کە "لە بەر ئەوەی کە خەڵکی خۆویســت و لەخۆبایی نیویۆرک خەڵکێکی گوێڕایەڵ نین، کارەساتێکی تەواو دەبێت". لە ئەنجامدا، گەردەلوولەکە هات و لە نیۆیۆرک تێپەڕی و هیچ خەسار و زیانێکیشی بە جێ نەهێشت، بەڵام یەک شت لای من ڕوون بووەوە: ئەو ڕێوشوێنەی پسپۆڕ و سیاسییەکان دایانڕشتبوو بە ڕێکوپێکی جێبەجێیان کرد، جۆرێک تەنانەت من خۆم، بۆ ڕێزلێنان لەو فەرمانە، باخەکەی خۆمم بە جێ هێشــتبوو و چۆڵم کردبوو. بەم پێیە، ئەم



[7] Hurricane Irene
[8] Antilles

پرسیارانەم لا گەڵاڵە دەبێ، داخۆ پسپۆڕەکان بە هەڵە لە بابەتەکە تێگەیشتبوون یان تەنیا بۆ پێکەنین و گاڵتەجاڕی خەریکی تۆقاندنی خەڵکی نیۆیۆرک بوون؟ وەڵامەکە نا دەبێ، لە بەر ئەو هۆیە ڕێگە لە کارەساتەکە گیرا. لە زۆر نموونەدا، بڵاوکردنەوە و درووستکردنی کەشی تۆقێنەر لە لێدوان و شرۆڤە فەلسەفییەکان کاریگەری زۆرتر دادەنێ.

با ئەم کەشە وێنا بکەین، ئیتالیا بە گشتی –لە میدیاکانەوە بگرە هەتا بەرپرسە حکوومییەکان –لەسەر ڕێکارەکەی سپانیا چووبا واتە هیچ ڕێگرییێکیان نەکردبا و هیچ ئاگادارییێکیشان بڵاو نەکردبا، بەمجۆرە ڤایرۆسی کۆڤیدی ١٩ وەکوو ئەنفلۆنزاییێکی سادە بڵاو بووبایەوە. بە پێی ئەم دۆخە ویناکراوەیە، خێرا تێکڕای وڵاتەکان، بە تایبەت وڵاتە ئەورووپییەکان دەرگای پێوەندییان لەگەڵ ئیتالیا دادەخست و، هەروەها وەکوو ناوەندی تاوان و قەیران دیارییان دەکرد. لە ئەگەری وەها دۆخێکدا، زیانی زۆرتری لەوەی ئێستا بۆ ئیتالیا لێ دەکەوتەوە. ئێمە هەستمان بە مەترسییەکە نەدەکرد جگە لەو وەختەی بۆ چوونە ناو وڵاتانی دیکە ڕێگەیان نەدەداین، لە بەر ئەوە بۆ ئێمە قەدەغە دەکرا. هەندێ جار، مەترسی خۆی وەکوو کردەوەی هاندان بە دیار دەکەوێ. با وای وێنا بکەین، دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بیست ملوێن کەس تووشی دەبن، لە سەرجەم ئەوانەی هەڵگری ڤایرۆسەکەن، بەپێی زانست و بەو مەرجەی ڕاست بێ، دوو لە سەدی دەمرن کە دەبێتە هۆی مردنی ٤٠٠٠٠٠ کەس لە ئیتالیا، لە ژمارە و ڕیزی مردووواندا زۆربەی

هەرە زۆری بەتەمەنەکانن. بە گوێرەی ئەم گریمانەیە، مردنی بەتەمەنەکان و پیرەکانی کۆمەڵگا لای زۆر کەس بە نەرێنی دانانرێت، چونکوو پێیان وایە بەم هۆوە سیستەمی مووچەی خانەنشینکراوەکان وچانێک دەگرێ، لای ئەم کەسانەوە پرسیارێک دەورووژێت، ئەم پرسیارەی کە لە ولاتێکدا کە بایەخ بە تەمەن نادرێ و ڕێژەی بەتەمەنەکان چرکە بە چرکە ڕووی لە زیاد بوونە، بۆچی هەندێک لە بەتەمەنەکان کەم نەبنەوە. بە پێی دۆخی وێناکراو، ناکۆکییەکان دەستی پێ دەکرد و گەشەی دەستاند و بە تۆکمەیی دەوڵەت بەرەوڕووی بەرەنگاریی خەڵکی دەبووەوە، کە دەبووە هۆی لابردنی دەوڵەت لە لایەن خەڵکەوە و سەرەڕای ئەوەش لایەنی ڕاستخواز بە ڕابەری سالڤینی بەهێز دەبوو و لە ئاکامیشدا لە خولی هەڵبژاردندا بە بردنەوەی شەست لە سەدی دەنگەکان دەوڵەتی پێک دەهێنا. بە کورتی، هەرچەندە ئەو ڕێکارە هۆشدارەدەرانە کە ڕەچاو کراوە بێزارکەر و کوشندەیە، بە تایبەت لە لایەن خەساری ئابوورییەوە، بەڵام ناسۆر و مەینەتی کەمترە. کەوایە، ئەو ڕێکارانەی لە ئیتالیا بە کارهێنراون ئاکامی غەریزەی هێزخوازانە و دیکتاتۆرانەی چینی سەردەست یان حاکم نییە، کە هەمیشە مەراق بۆ دەرکردنی فەرمانی "دۆخی ئاوارتە"[9] بکەن، چەمکێک کە ئاگامبن[10]، فەیلەسووفە خۆشەویستەکەی من، پێداگری لەسەر دەکات.



[9] Exception State
[10] Giorgio Agamben

ئەگەر ئاوا بیر بکەینەوە کە ئەو ڕێوشوێنانەی لە وڵاتانی چین، کووریای باشوور و ئیتالیا ڕەچاو کران دەرئەنجامی پیلانێکن، ئەوا بەو واتایە دێتەوە کە ئەوان کەوتونەتە نێو ئەو شتەی فەیلەسووفان بە تیۆرییە پیلانگێڕەکانی مێژوو[11] پیناسەی دەکەن. لای من، ئەم جۆرە ڕوانین و شرۆڤە پارانۆییانە، ڕێک وەک بۆچوونی ئەو کەسانەیە کە پێیان وابوو ڕووداوی ١١ سێپتامبێر پیلانگێڕیی سیا بوو. خزمەتکارەکەی من، کە زۆریش ژنێکی نیهاتپاکە، هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە پیلانی ئەم پەتایە لە لایەن "عەرەبەکانەوە" داڕێژراوە کە پێم وایە مەبەستی موسڵمانانە. ئەم شێوازە بیرکردنەوانە بەندە بە کاریگەری ڕێکخراوە قەشەییە ناوچەییەکانی کەنیسە یان کارڵ شمیت لەسەرمان، داخۆ زانایی و نەزانی خۆمان بە هەند وەردەگرین یان نا؟ بەم بۆنەوە ئێمە پێویستمان بە گۆڕینی تاعوونی دەروونی خۆمان هەیە.

بە داڕشتنەوەی هەمڵێت دەبێ هەندێ لە فەیلەسووفان تێبگەن کە لەسەر ئەرز و ئاسماندا جۆراوجۆری سیاسەتکردن زۆرترە لەوەی لە فەلسەفەکانیاندا خەونی پێوە دەبینن. ڕوانینی من بۆ دۆخەکە گەشبینانەیە و کەچی چاک دەزانم ڕۆژانی داهاتوو بۆم دەردەکەوێ بەهەڵەدا چووبووم. لە بەر ئەو هۆیە کە لەم هەلومەرجەدا لێکەوتە و دەرەنجامی ئابووری بە نیسبەت پزیشکییەوە زۆر کارەساتبارتر دەبێ.



[11]Conspiratorial theories of history

سەرەڕای گاڵتەجاری، لە سبەینێوە لە ماڵەوە دەمێنمەوە و تەوقە لەگەڵ کەسیش ناکەم، وەکی دیکەش سەردانی کەس ناکەم و هەموو خزم و هاوڕێیانیشم کە لە باکووری ئیتالیا دەژین هان دەدەم سەردانم نەکەن.

زێدە تر لەمانەش، ئەم پەتایە کاریگەری بنچینەیی خۆی داناوە و هەتا دێت باندۆڕەکانی بەهێزتر و تۆکمەتر دەبێ. هەندێک لەو کاریگەرییانە بریتیین لە: بە دوورەمەودا و لە ماڵەوە ئیشکردن، هەروەها بۆ دەوام نەچوون. بەم پێیە، ماڵ دەبێ بە ئۆفیس و ئیشەکانمان بە کۆمپیوتێر ڕادەپەڕێنین، تێکڕای ئەمانە لەگەڵ لە خەو ڕابوونی بەیانییانی زوو و گەیشتنە دەوام بە هەر شێوازێک جێیان دەگۆڕدرێ. بۆ کڕینی شتوومەک، کتێب و دەرچوون لە ماڵەوە و چوون بۆ سالۆنی تیاتر چیدی پێویستمان بەوە نییە پێ لە ماڵ بهێنینە دەرەوە، چوونکوو ئامازۆن و نتفلیکس، کە لەم چەند ساڵەی دواییەدا سەریان هەڵداوە، ئەوانەمان بۆ دەکەن. گشت فرۆشگە و کتێبفرۆشییەکان دادەخرێن و شوێنی کاسبییان بۆ ماڵ دەگوازرێنەوە. چەمکی بە "بەماڵەوەکردن"[12] (پێویستە بیر لەوە بکەینەوە وشەی نوێی بۆ بخەملێنین) دێتە نێو قامووسی ژیانەوە. قوتابخانەکان دیار نامێنن، قوتابییان لە ڕێگای ئامێرگەلی وەکوو سکایپ لە ماڵەوە لەگەڵ مامۆستاکانیان پێوەندی چڕیان دەبێ و وانەکان بەم شێوازە دەڵێنەوە. بەم پێیە ژیان بەرەو ئاقاری لێکبڕاوەیی



[12] Homeized

دەڕوات و گشــتگیریش دەبێتەوە، جگە لەمەش هەڵمەت و هەوڵەکـان بۆ پێشگرتن دەبێتە شێوازی ئاسایی ژیان.

**سەرچاوە:**

https://www.journal-psychoanalysis.eu/coronavirus-and-philosophers/

## لەمەڕ شەهید و نەخۆشی:چەند بیرۆکەیەك سەبارەت به کۆرۆناڤایروس/ ئامیندا سمیت

و. باوەڕ مەعرووفی

کاتێك زانیم لی وێن لێنگ، پزیشکی چاو و ڕاستیدەرخەری تەمەن ٣٤ ساڵان مردووە، شەپۆلێك لە پەژارە و پاشان هەستێکی بەهێزی ترس و خۆف بەرۆکی پێ گرتم. ئەم دوو هەستە دایانچڵەکاندم. ئەگەرچی د. لی ناسیاوی من نەبوو، بەڵام بە وردی سەرنجم دابوویە ژیان و کارەکانی، ئەوەی کە بە هۆی ئاگادارکردنەوەی هاوکارەکانی و پاشان خەڵك لە پەتای پیسی پنومۆنیا(ئاوسانی سییەکان)، کە وێ دەچوو هەژمارێکی بەرچاوی کوژراوی لێ بکەوێتەوە، لەلایەن حکوومەتەوە ڕووبەڕووی سانسۆر بووەوە. تەنانەت دوای ئەوەی کاربەدەستانی سی. پی. سی. (حیزبی کۆمۆنیستی چین) دانیان

[١٣] پرۆفیسۆری هاوکار لە بەشی دیرۆك، زانکۆی میشیگان

بەوەدا هێنا کە جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کرۆنا خەڵك نەخۆش دەخا و دەیانکوژێ، هێشتا هەوڵەکان بۆ بێدەنگ‌کردنی لی لە گەڕدا بوون، کە خۆی و حەوت کەسی تر دەستبەسەر کران و فەرمانیان پێ درا تا دەست لە "بڵاوکردنەوەی قسە و قسەلۆك" هەڵبگرن. لی بوو بە قارەمانی خەڵکێکی تۆقاو و قەرەنتینەکراو؛ کەسێك کە بوێرانە لە بەرامبەر دەستەڵاتدا ڕاوەستا و حەقیقەتی درکاند. کاتێك ئەو ڤایرۆسەی لی هەوڵی دەدا پێشی پێ بگرێ، خۆیشی کوشت، دۆخەکە لە کارەسات خراپتر بوو، لەبەر ئەوەی بە تەواوی هاوئاڕاستەی هەم مەنتقی ڕژێم و هەم مەنتقی بەرهەڵستکارەکانی بوو. شەڕ لە دژی ڤایرۆسی کرۆنا، کە دەسەڵاتی لە پشت بوو، شەهیدی دا.

لەوەتەی ڤایرۆسی کرۆنا پەیدا بووە، زۆر کەس شوبهاندوویانەتە پەتای سارس کە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاو بووەوە. بەڵام چیرۆکی دوکتۆرە قارەمانەکان، حیکایەتی سیاسەتمەدارە ڕاستی-پۆشەکان و ئیستعارەی ڕەگەزپەرستانەی "پەتای چینی" خستمیەوە بیر تاعوونەکەی ساڵی ١٩٠٠ لە سانفرانسیسکۆ. ئەو کاتەش نەخۆشییەکی تازەناسراو وێڕای مێژوویەکی سامناك بوونە هۆکاری چێبوونی ترسی ڕەگەزپەرستانەی "ئەویدی"، ڕەخنەگرتن لە گەندەڵیی دەسەڵات و بایەخدارکردنی بەرخۆدان.

لە سەروبەندی دەستپێکی سەدەی بیستەمدا، چین (یان لانیکەم چینییەکان) وەکچۆن ئێستا، وەکوو هەرەشە – بۆ سەر کسموکاری ئامریکاییەکان، بۆ سەر شێوەژیانیان و پاش شۆڕشی باکسەر لە ساڵی ١٩٠٠، تەنانەت وەك هەڕەشە بۆ

سەری ژیانی ئامریکاییەکان سەیر دەکران. هەروەها شتێك کە وەبیرهێنەری شەڕی بازرگانیی سەدەی بیست و یەکەمە، هەڵقوڵی - یاسای بێبەشکردنی ساڵی ١٨٨٢، کە نەیدەهێشت کرێکاری چینی بچنە ناو خاکی ئەمەریکاوە؛ بووە هۆی بایکۆتکرانی کەلوپەلی ئەمریکی لە گوانگژۆ، شانگهای و شارەکانی دیکە. لەو سەروبەندەدا، پەتای تاعوونی خەیارۆچکە لە باکووری چین بڵاو ببووەوە و تا ساڵی ١٨٩٤ تەنیا لە شاری گوانگژوو زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ کەسی کوشتبوو. پێنج ساڵ دواتر، کاتێك کابرایەکی چینی-ئەمریکی لە چایناتاونی سەنفرەنسیسکۆ بەو تاعوونە گیانی لە دەست دا، کەم کەس ئەو ئیدعایەی دەخستە ژێر پرسیار کە ئەو نەخۆشیە بە ڕێگای کەشتی لە ڕۆژئاوا ڕا هاتووە.

پەتاکەی چایناتاونیش کە لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ تا ١٩٠٤، (لە ناو ١٢١ تووشبوودا) سەدونۆزدە کەسی کوشت، دوکتورێکی قارەمانی هەبوو، کە لە هەمبەر دەسەڵاتدا حەقیقەتی درکاند. د. ژۆسێف کین یون، ئەستێرەیەکی درەوشاوە کە لەگەڵ لویس پاستۆر کاری کردبوو، هەروەها لە نەخۆشخانەی بێڵ ڤیوی شاری نیۆیۆرك ماستەری وەرگرتبوو، پەی بە بڵاوبوونەوەی تاعوون لە شاری سەنفرەنسیسکۆ بردبوو. وەکوو د. لی وێن لێنگ، د. کین یون ویستبووی زیلی خەتەر بخاتە دەنگ، کەچی کاربەدەستانی شار هەواڵەکەیان سەرکوت کرد و ئەو قەرەنتینە کورتەی تازە ڕایانگەیاندبوو، هەڵوەشاندەوە –قەرەنتینەیەك کە تەنیا بۆ دانیشوانی بە ڕەگەز ئاسیایی دانرابوو.

هێنری گەیج، پارێزگاری کەلیفۆرنیا لە ڕاگەیەندراوێکی گشتیدا وتی کە ئەو تاعوونە گاڵتەیەکی فێڵبازانە بووە و کین‌یون دەرزیی تاعوونی باسیلووسی لە تەرمی چینییەکان داوە. هاوکات کە کاربەدەستانی حکوومەت هەبوونی وەها پەتایەکیان ڕەت دەکردەوە، ڕێگەیان بە چینییەکان نەدەدا بڕۆنە ناو کالیفۆرنیاوە و دانیشتووانی چایناتاون بە چەکی قورسەوە، ماڵ و حاڵی چینییەکانیان دەپشکنی و هەموو شتێکی "پیس"یان لێ زەوت دەکردن، یا لێیان دەسووتاندن. کاتێك "شەش کۆمپانیای چینی" ئەو شارەی بە هۆی ئەم هەڵسوکەوتەی لەگەڵ دانیشتووە چینییەکانی شەرمەزار کرد، ئەوانیش ڕایانگەیاند کە د. کین‌یون فێڵبازە و بە تەمای سازکردنی گیروگرفتە. تەنانەت کاتێك کاربەدەستانی حکوومەت لە شاری کالیفۆرنیا ڕایانگەیاند کە بێگومان پەتای تاعوونی خەیارۆچکە لە شاری سەنفرەنسیسکۆ بڵاو ببووەوە، ئەوان دیسان هەوڵیان دا کین‌یون وەك کەسێکی کێشەساز بناسێنن و لە ئەنجامدا لە ئەمریکا وە دەریان نا.

ڕێزگرتن لە ڕاستی-وێژان، دەشوبهێتە دادپەروەری و پارێزکاری. یادکردنەوەی قارەمانەتیی د. لی و د. کین‌یون، کە دەسەڵات بە ئامانجی ناڕوون هەوڵی دا بێدەنگیان بکا و بیانکاتە قۆچی قوربانی، وەك سەرکەوتنی ڕاستی بە سەر ناڕاستیدا وایە. بەڵام قۆچی قوربانەکان و شەهیدەکان دەرخەری پێچەوانەی هەمان بزاوتن –بزاوتێکی کتوپڕ کە دەستنیشانکەری وەحشەت، ناهومێدی و هەست بە ترس کردنن، کە هەموو ئەمانە لەو ئاگاییەی ئێمەوە

سەرچاوە دەگرن کە زۆربەی کاتەکان ئێمە لە هەمبەری تۆڕی تێکتەنراوی پاتۆژێنە کۆمەڵایەتی، سیاسی و بیۆلۆژیکەکاندا لاوازین (ئەو هێزانەی کە سرووشتی وە بەر چاو دێن، بەڵام دەکرێ دەستکردی مرۆڤ بن و دژوار فام دەکرێن، چ بگا بەوەی تیۆریزەیان بکەین). ئەگەر چەوساندنەوەی هێزی ژیان کە وێ دەچێ شکستی پێ نەیەت، بە زمانێکی ساکار شرۆڤە بکەین، واتە بیکەینە چیرۆکی زاڵبوونی ڕاستی بەسەر درۆدا، دەبێ کەسێکمان هەبێ تاوانباری بکەین و کەسێکیش کە خەمی بۆ بخۆین.

بەڵام بە هەمان ڕێژە کە هەستی ترسی خۆم لە مەرگی لە ڕادەبەدەر مەنتقیی لی وێن‌لێنگ دەردەبڕم، لەگەڵ ئەو گێڕانەوە کە بە تەواوی، لەگەڵ مەنتقی نیۆلیبراڵانەی ڕاستی، بژاردە و سەربەستیی تاکدا، گونجاوە؛ کێشەم هەیە. ڕۆژی ٧ی مانگی فێبریوەری، ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز ڕاپرسییەکی لە ژێر ناوی "سەرۆك مائۆ و کرۆناڤایرۆس: وڵاتی چین لە جیاکردنەوەی ڕاستی لە واقیعەکان خۆ دەبوێرێ" بڵاو کردەوە. دەیوید لیۆنهارد، نووسەری بابەتەکە ئاماژەی بە مشتومڕی "پێوانەی ڕاستی"ی ساڵی ١٩٧٨ کردووە، کە زۆرجار وەك خاڵێکی وەرچەرخان سەیر دەکرێ کە هۆکار بوو بۆ سەرکەوتنی سەردەمی دەنگ شیاوپینگ، "ئەزموونگەرایی"(empiricism) و کراوەبوونی ڕاستی بە ڕووی درۆ و گوێڕایەڵیی ئایدیۆلۆژیك، کە لە تایبەتمەندییەکانی ساڵانی مائۆ بوو. لیۆنهارد لە درێژەدا دەڵێ: "وڵاتی چین بە هەڵکەوت لە ساڵی ١٩٧٨ەوە وەك ئابوورییەکی هەرە بەرچاو ناوی تۆمار

کراوە." ئەم ئەستوون نووسەی ڕۆژنامەی تایمز وا دیارە "کاتی خوێندنەوەی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی لی وێن‌لێنگ لەو مێژوویە تێفکریوە،" و ئەمە وای لێکردووە سەری سوور بمێنێ کە "حکوومەتی ژێر دەسەڵاتی شی جین‌پینگ، سەرۆکی ئێستای چین، لە ڕوانگەی فەرماندەرانەی دەنگ (Deng) دوور بووەتەوە و بۆ دواوە، بەرەو ئایدۆلۆژیای سەخت و دژواری مائۆ ڕۆیشتووە. قەیرانی کرۆناڤایروس نموونەیەکە لە خەسارێك کە ئەو ڕوانگەیە دەتوانێ درووستکەری بێ. "هەرچەند لیۆنهارد هاوخەمیی خۆی بۆ شەخسی لی وێن‌لێنگ دەردەبڕێ، بەڵام دەرئەنجامی قسەکانی دەرخەری ئەوەیە کە خەمی سەرەکیی ئەو چینییەکان نین: "و بە پێچەوانەی نیو سەدە لەمەوبەر، چین وڵاتێکی بەهێزی هاوگرتووی جیهانییە، هەر بۆیە کارەساتەکانی زۆر بە ئاسانی دەتوانن ببنە کارەساتی جیهانی."

لیۆنهارد بە بەرزنرخاندنی "چین"ێکی سەرەتایی، "کارکردخواز"تر، بەڵام نە کەمتر نیۆلیبێڕاڵ – بە تایبەتی کاتێك ئەم بەرزنرخاندنەی تێکەڵ بە ترسی خۆی لە "چین"ی یەکپارچە و بەهێزی ئەمڕۆ دەکا – ئەو دژبەرییە گرینگە بەرجەستە دەکاتەوە، کە قەیرانی کۆڕۆنا پێشتر ئاشکرای کراوە. کە بە مانی مشتومڕی نێوان پێداگرییەکی نیۆلیبێڕاڵانەیە لەسەر سەربەخۆیی تاك و هەڵسووڕانی سەربەستی سەرمایە لە لایەکەوە، و سوودی گشتی و ئاسوودەیی جیهانی، لە لایەکی دیکەوە. گوزارشتەکان لە دەرەوە و ناوخۆی چین CCP[14]



---

[14] حیزبی کۆمۆنیستی چین

و PRC[15] بەرپرسیار دەکەن لە مەڕ بێدەنگ‌کردنی ڕاستی بە شێوەیەکی مەترسیدارانە و تەنانەت شەیتانی، کە دەتوانێ پەیوەندی هەبێ بە مەرگی کەسێکەوە کە هەوڵی دا ڕێگەیان لێ بگرێ. بە بێدەنگی، و دژایەتیی کارکردخوازانەتر لەگەڵ پێوانەکانی حکوومەت بۆ ڕەدکردنەوە، هەمان ئەو ڕاگەیاندنانە هەمان ئەو حیزب-دەسەڵاتە بەرز دەنرخێنن بۆ ئەوەی توانیویەتی لە کردەوەدا قەرەنتینە بە سەر میلیۆنان خەڵکدا بسەپێنێ. دیسکۆرسی ڕاگەیاندنێکی جیهانی کە دوو لایەنی دژبەری ڕاستگۆ و گەندەڵ، قۆچی قوربان و شەهید، حەقیقەت و درۆ دەخاتە هەمبەری یەکتری، وێ دەچێ تا ڕادیەك بە ئەنقەست ساز کراوبێ تا حەقیقەتێکی تر بشارێتەوە– کە جیهانی-کردنی پێداویستییەکان و تێکچوونی کەشوهەوای سەرمایەداریی نیۆلیبێڕاڵ دەبێتە هۆی درووست‌بوونی ڕکابەری بۆ ژێرخانە سنووردارەکان کە "ئێمە" دەخاتە هەمبەری "ئەویدی". نامۆ بوون، ترس و خۆفی ئەو دیمەنە دەتوانێ بە سانایی لە بازاڕە بازرگانییەکانەوە بگۆڕێ بۆ ژینگە ڤایرۆساوییەکان. ئەو نامرۆڤسازی و ئەو هێز لێ ئەستاندنەوەیە کە هۆکارەکەی ئەم ڕەوتانەن، یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی زاڵبوونی کاردانەوەی نەست و هەستی من و هەمووما‌ن لە مەڕ بە کورت‌مەودا زاڵکردنی فیگۆری شەهید، کە لە ئەنجامدا بە هۆی ئەوەی کە هەرەمرۆڤ بوو، مەحکووم کرا.



[15] کۆماری خەڵکی چین

# تێبینییەک لە دوو فەیلەسووفی هیندی؛ کۆمەڵگای بێبەشان: وەڵامێک بۆ ئاگامبێن و نانسی

دیویا دۆوی، شاج مووهان/ و. بەفرین بەهرامیان

وڵاتی هیند لە مێژە خاوەن خەڵکانێکی جیاوازە و دەستەواژەی "دەوڵەتی جیاواز" یان "پەرەسەندن" ئەم مەبەستە بێمانا دەکات. بەرەهمەنەکان توێژێکی جیاوازن؛ چونکوو تەنیا دەتوانن فەرماندەر و ڕێخەری شێوازێک لە ئایین بن کە تۆکمەی کۆمەڵایەتی نەترازێنێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە کەسانی چینی خواروو وەکوو مرۆڤانێکی پیس و پەست ناسراون بۆ چینی سەروو و مافی قەرەکەوتنی ئەم ئایینانەیان نییە؛ تەنانەت ناتوانن داواشی بکەن. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا بە کەموکورتی ئاودەستخانەی تایبەت بۆ ئەم چینە دابین کراوە. دالیتەکان کە لە زنجیرەی ئەم چینەدا نزمترین توێژن؛ ئەگەری نزیک

بوونەوەیان لە چینی سەروو نییە. لە بەر ئەوەی کە ئەوان پەسترین جۆری مرۆڤ دێنە ئەژمار. هەروەک دەبینین جیاوازی بەرەهمەن وەکوو تاراندنی دالیت نییە. یەکێک لە ئەندامانی دالیت بە ناوی "پاریا" لە لایەن ئارێنتەوە بوو بە تیپێک بۆ دەرخستنی نەهامەتی و رەنجی ئەم توێژە زۆرلێکراوە. لە ساڵی ١٨٩٦ ئەو کاتەی نەخۆشی تاعوونی بۆبۆنیک هاتە بەمبەئی؛ وڵاتی داگیرکەری بریتانیا بە بەکارهێنانی یاسای نەخۆشییە ئیپیدیمییەکان لە ساڵی ١٨٩٧ هەوڵی بەربەرەکانێی دژ بەم نەخۆشینە دا. بە هۆی بوونی لەمپەرە چینایەتییەکانی سیستەمی کاست(cast)ەوە کە بریتی بوو لە داواکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بۆ کاستەکان و هەروەها قبووڵنەکردنی یارمەتییە پزیشکییەکان لە لایەن ئەندامانی خواروو لە نێو پێرسێنێلی پزیشکی، بوو بە هۆی مردنی زیاتر لە ١٠ ملیۆن مرۆڤ لە هیندووستان. پەرەسەندنی کرۆنا ڤایرۆس لە ئاستی جیهانی خەڵکانێکی زۆری تووش کردووە کە پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئێمە بایەخی ڕزگاربوونمان هەیە و بە چ نرخێک؟ لە لایێکەوە تیۆرییەکانی پیلان لە "چەکە بایۆلۆژییەکان" و پڕۆژەیێکی جیهانی بۆ هێنانە خوارەی ئاستی کۆچکردن پێکهاتوون. لەولاشەوە هەندێ بۆچوونی ناڕاست هەیە کە بۆتە هۆی تێنەگەیشتن؛ هەروەک ئەوەی کە ئەم نەخۆشینە لە رێگای "بیرەی کۆرۆنا"وە بڵاو بۆتەوە یا لێکدانەوەی ڕەگەزپەرستانە دژ بە خەڵکی چین. بەڵام نیگەرانی سەرەکی لەم دۆخەدا کە مرۆڤی لە قەیرانێکی بێبڕانەوە سەبارەت بە بایەخی خۆی تووش کردووە مەرگی خودا و سەرهەڵدانی خودای میکانیکیە. ئێمە لە قەیرانی

نرخی ئینساندا ماوینەتەوە. ئەمەش لە وەڵامی قەیرانی کەش‌وهەوا و "زۆر و زەبەندی تەکنۆلۆژیا و ڤایرۆسی کۆرۆنا" بە دی دەکەین.

لە ئاوەها بارودۆخێکی سەرسووڕهێنەردا دەبێ دواین وتەکانی جۆرجیۆ ئاگامبێن بخرێتە بەرچاو کە دەست‌پێشخەرییەکانی راگرتنی covid 19 وەکوو دۆخێکی ئاوارتە بە کار دەهێنرێ تا دەرفەت بە هێزە دەوڵەتیەکان بدا بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر ببنە بەرگری ئازادی ئێمە. بە واتایەکی دی زۆربەی هەوڵە درەنگ‌کەوتە دەوڵەتییەکان لە بەرامبەری ئەم ڤایرۆسە کە بە شێوەی خۆڕست دەتوانێ لانی کەم یەک لە سەدی کۆی خەڵک بکوژێ؛ دەتوانێ ئاستی دیکەی "ئاوارتەیی" بدرکێنێ. ئاگامبێن دەیهەوێ لە نێوانی "ئاوارتە" و رێسامەندی یەکیان هەڵبژێرین. هەرچەندە نیگەرانی ئەو لەوەیە کە ئاوارتە ببێتە یاسا و رێسا.

بەڵام دواتر ژان لۆک نانسی بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئێستا تەنیا ئاوارتەکان بوونیان هەیە، بەم ڕەخنە وەڵام دەداتەوە. بەم جۆرە کە هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر رێسامەند بوون ئێستاکە تێک‌شکاون. دۆلووز لە دوایین نووسراوەی خۆیدا باس لە شتێک دەکا کە لە دوای هەموو کایەکانی یاسا و رێسا و ئاوارتەکان "ژیانێک بانگمان دەکا؛ واتە کاتێک کەسێک ژیانی کەسێ‌تر دەبینێ کە مەترسی مەرگی لە سەرە؛ بەرپرسیاریەتی خۆی ناشارێتەوە و بەمجۆرە مەرگ و بەرپرسیاریەتی وێڕای یەک بەرەو پێش دەچن".

ئێستا باسی ئاوارتە نەبوونی ئەو دۆخە ئاوارتە بکەین. تا دوایین دەیەکانی ١٨٠٠ زۆرێک لە ژنانی نەخۆشی دووگیان دوای سکووزا بە هۆی یاوی نزم و زووخی دوای منداڵبوونیان دەمردن. پزیشکێکی خەڵکی نەمسا بە ناوی Ignaz Semmelwies لە هۆکاری ئەم ڕووداوە تێگەیشت. ئەو بۆی دەرکەوت کە دەستی ئەندامانی پزیشکی بواری لەشکۆڵی بۆ نەخۆشی دواتر یان لە منداڵدانی ژنێکەوە بۆ ژنێکی دی دەبنە هۆی گواستنەوەی ئەم نەخۆشینە. پێشنیاری ئەو بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە شۆردنی دەستەکان دوای هەر جۆرە کارێکی پزیشکی بوو. هەر بەم بۆنەوە ئەو وەکوو ئاوارتەیەک ناسرا و لە لایەن کۆمەڵگای پزیشکیەوە تارێندرا. هاوکات کە تووشی زووخی خوێن ببوو لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی بە هۆی ئەشکەنجەدانی پاسەوانەکانەوە گیانی لە دەست دا. لە ڕاستیدا ماناگەلێکی زۆر لە ئاوارتەکان بەدی دەکرێن.

سەرچەشنێکی جیاواز و قوتار لەئارادا نییە. ڕێگای خەسارناسییەکی میکرۆبی لە ئاست ڕێگاکانی تر جیاوازە. بۆ نموونە ئێستافیلۆکۆکەکان لە نێو لەشی مرۆڤەکان بێ هیچ کێشەیێک دەژین؛ هەرچەندە کاتێک وەڵامی سیستەمی پاراستنی لەش لە ڕادەبەدەر بێت لەش تووشی زووخ دەبێت و چڵک هەڵدێنێت. ئەوەی کە گرنگە ڤایرۆس و باکتریاکان هەوڵی کوشتنی ئەو لەشەی وا لێی نیشتەجێ بوون نادەن؛ چونکوو هەموو کات بەرژەوەندییان لەوەدا نییە کە ئەو هۆیەی پێیەوە دەژین لە نێو بەرن. بە ملیۆنساڵی سرووشتی

دەخایەنێت کە بوونەوەرەکان فێر دەبن لە گەڵ ئەویدیدا بژین. یان لانیکەم بۆ ماوەیەکی درێژ هاوسەنگی لە ئاست یەکتر دەستەبەر بکەن. ئەوە هەستی بایۆلۆژیست بە کات و زەمەنمەندیی سرووشتە.

لە چەند ساڵی ڕابردوو بە هۆی شێوازە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ، ئەو میکرۆئۆرگانیسمانەی کە پێشتر لێک‌جیا دەژیان پێکەوە کۆبوونەوە و دەستیان بە ئاڵوگۆڕی مادە ژێنێتیکییەکان کرد. سیستەمی پاراستنی لەشی ئێمە ئەم میوانە نوێیە لە ناکاوە وەکوو شڵەژێنەرێک پێناسە دەکا و لە دواییدا یاو و گەرماییێکی فراوان درووست دەکەن کە زۆربەی کات ئێمە و میکرۆئۆرگانیسمەکان دەکوژرێین. لە باری ڕیشەناسییەوە وشەی "ڤایرۆس" پێوەندیی بە وشەی "ژەهر"ەوە هەیە. ئەمە بەو مانایە کە دەکرێ هەر شتێک لە مۆدێلی دەرمانساز(هەم ژەهر و هەم دەرمان)دا وێنا بکەین، بەو مەرجەی کە زەمەنی سرووشتیمان تێپەڕاندبێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە جیاوازیی نێوان دەرمان و ژەهر لە زۆربەی کاتەکان بە زەمەنی مرۆڤەکانەوە؛ ئەم ئاژەڵە نامۆیەوە، گرێ دراوە.

کێشەیەکی بنەڕەتی لێرەدا بوونی هەیە: ئێمە بە پێکهێنانی دابڕان و ئاوارتەگەلێ لە دڵی سروشتدا، هەروەک شۆردنی دەست و واکسیناسیۆن توانیومانە سوودی سیستەمی پاراستنی لەشی خۆمان دابین بکەین. لەولاشەوە ئێمەش بەوێنەی سرووشت تووشی هەڵەکانی کۆدنووسی و مۆتاسیۆن لە ڕێسای سرووشت دەبین و بە هەر جۆرە دۆخێکی قەیراناوی و هەستیار بە

باشترین شێوەی گونجاو وەڵام دەدەینەوە. بەو جۆرەی نانسی بۆ خۆی دەڵێ مرۆڤ وەکوو دانەری ئاوارتە-تەکنیکی کە خۆیلەخۆیدا بابەتێکی ڕازاوییە، لە مێژەوە لە قەسیدەکانی سۆفۆکلۆس بۆ مرۆڤدا ڕەنگی داوەتەوە. هەر بەم شێوە، مرۆڤ بە پێچەوانەی زەمەنی سرووشت، گیرۆدەی ئەم ساتەیە کە دەبێ بۆ ساتێکی دیکە ڕابنرێ؛ لە حاڵێکدا کە دەشزانێ بۆ خۆی وێڵ و وەیلان کراوە. واتە کەسانێکی بێدەرەتان کە لە هۆی بوونی خۆیان دەکۆڵنەوە بە بێ ئەوەی وەڵامێکیان بۆی هەبێ. یان هەر ئەو جۆرەی کە نانسی لە نووسراوەکانی خۆیدا بە ناوی "وێڵکراوی هیچ یان وەیلانی بێ مەبەست" ناودێری دەکا. تێگەیشتن لە هێزی ئەم وێڵکردنە وەکوو بەجێهێشتنی شتێک نییە کە بە بوون یان نەبوونی ئەو شتە پێناسە بکرێ. هەروەک ژیل دۆلووز شی دەکاتەوە کە ئەم وێڵکردنە خوازیاری بەرزنرخاندنی هەر شێوە ژیانێک وەکوو شتێکی پڕبایەخە. لەهەمان کاتدا دەزانین کە لە کۆمەڵگایەکی کراوە و وێڵکراودا بە بیستنی هاواری کەسێکی وێڵ، دەتوانین هەر بۆخۆمان لەو دۆخە لخێز و کراوەدا بەشداری بکەین. لە شوێنێکی تردا ئەم بانگهێشتی وێڵبوونە و هەروەها ئەگەری سەرهەڵدانی کۆمەڵگای هاوپێوەندی لە نێوان میتافیزیک و هیپۆفیزیکدا بە ئەنەستاز (*) ناوزەد دەکەین.

(*): ئەنەستاز: دەستەواژەیەکی سازدراوی نووسەران بۆ شرۆڤە و پێناسەی ئیلاهیاتی گاندی؛ ئەوەی کە سرووشت ئیلاهییە و بابەتی ئیلاهییش سرووشتییە؛ واتە چەشنێک ژیانەوە.

## دوای کارەسات :[16]

## لە سامویل بێکێتەوە بۆ سلاڤۆی ژیژەك/گریگۆر مۆدێر

و. ڕوشدی جەعفەر

**وتەی وەرگێڕ:**

ئەگەرچی بێکێت خۆی پێی وابوو تریلۆگیاکەی، سیانە ڕۆمانی *مالۆی*، *مالۆن دەمرێت* و *ناوهەڵنەگر*، گرنگترین کاری ئەون، بەڵام شانۆنامەیەکی دووپەردەیی کە بێکێت دەیوت وەك "پشوویەك" نوسیوێتی، دواتر لە لایەن کەسانێکی زۆرەوە، بە گەورەترین شانۆنامەی سەدەی بیستەم دادەنرێت، لەکاتێکدا، وەك گریگۆر مۆدێر لەم وتارەدا باسی دەکات، *لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا* باشترین نوێنەرەوەی کارەکانی بێکێت نییە. ئەگەرچی بەرهەمەکانی

[16] After Catastrophe

بێکێت بەرهەڵستی بەرامبەر ڕاڤەکردن دەنوێنن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە ناوەوە داوای ڕاڤە دەکەن "یان لانیکەم ئادۆرنۆ لای وایە کە هەموو بەرهەمێکی هونەری، بەهۆی ئەو شتەوە کە ئادۆرنۆ ناویدەنێ ناوەرۆکی حەقیقی(truth content)، پاڵمان دەنێ کە بە چەمك و فەزای سەر بە دەرەوەی بەرهەمەکە دەست بدەینە تەفسیری بەرهەمەکە( هەڵبەت پاش ئەوەی کە ڕەخنەی ناوەکی یان ناونشینی بەرهەمەکەمان تەواو کرد"[17]. ئەم ئیقتیباسەی فەرهادپوور لەبارەی شانۆنامەی *کۆتایی گەمە*(Endgame) ڕەنگە بۆ بەرهەمەکانی تری بێکێتیش ڕاست بێت. ناونیشانی وتارەکەی ئەدۆرنۆ سەبارەت بە *کۆتایی گەمە*، جێی سەرنجە: *هەوڵ بۆ تێگەیشتن لە کۆتایی گەمە*، نەك تێگەیشتنێکی بنجبڕ. بەڵام ئەو بەرهەڵستی نواندنەی کارەکانی بێکێت واتای ئەوە نییە دەبێت دەست لە ڕاڤەکردنیان هەڵبگیرێت، بە تایبەت بەهۆی ئەم هەمووە بەدحاڵیبوون و خراپ لێکدانەوەیەی دەربارەیان لە ئارادایە. بەکورتی" مەبەست ئەوە نییە ناتوانی بێکێت شیبکەیتەوە، بەڵام ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات لەدواییدا وای دانانێ ئیتر من بوومە بێکێت ناس یان لووتکەیەکم بڕی و کردمەوە. بێکێت شتی وای لەگەڵ ناکرێ. هەر کە بەراست قسەکەی خۆیتان کرد، خوێنەری زیرەك دەزانێ تۆ خەریکی بێکێت بازیی دەردێنی و لە قەشمەرەکانی بێکێت خۆی

[17] جوانیناسیی شکست، موراد فەرهادپوور، و مەنسوور تەیفوری، لا ١٦٤

گاڵتەجاڕتری، کە ئەوان هەموو ئەو شتانەیان تێپەڕاندووە"(ە.س.پ لا ٢٦٧).
ئەم وتارە هەوڵی خوێندنەوەی شانۆنامەی لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا وەك "کۆمیدیا"یەك نەك "تراژیکۆمیدیا"یەك دەدات. لە یەکەم نیگادا وادەردەکەوێت پۆلێنکردنی شانۆنامەکە بە تراژیکۆمیدی شیاو و ماقووڵە چونکە " ئێمە بە ڤلادیمێر و ئیستراگۆن پێدەکەنین، بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجەی کە تیایدا دەژین غەمگینییش داماندەگرێت"( بێکێت ئەم شانۆنامەیەی بە فەرەنسی نوسیوە، یەکەمجار لە ساڵی **١٩٥٣** دا لە پاریس نمایشکراوە، دواتر هەر بێکێت خۆی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، ڤێرژنە ئینگلیزییەکە ئەم ناونیشانە لاوەکییەشی هەڵگرتبوو "تراژیکۆمیدیایەکی دووپەردەیی"). نوسەری ئەم وتارە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەرچی ئەم ناونانە کەمتازۆر درووست و ڕەواشە، مادام بێکێت خۆیشی وای کردووە، بەڵام هەر ڕێك خوێندنەوەیەتی وەك تراژیکۆمیدیا کە ڕێگەی بۆ خراپ لێکدانەوەی زۆری شانۆنامەکە خۆشکردووە، وەکو، خوێندنەوەی وەك شانۆنامەیەکی بوونگەرا، مرۆیی و تەنانەت تیۆلۆژیش.
بەڵام بۆچی پاڵەوانەکانی بێکێت ناتوانن تراژیدی بن؟ چونکە شانۆنامەکە لە **دوای کۆتایی** ڕوودەدات، کارەساتەکە لەڕێگا نییە، بەڵکوو پێشوەختە ڕوویداوە،" و ناتوانێت وەك بناغەیەك بۆ هەوڵی نائومێدانەی پاڵەوانە تراژیدییەکان بۆ ڕێگەگرتن لێی، بەکاربێت". تاقە کرداری مومکین لە لای

پرۆتاگۆنیستەکان نا-کردارە. نوسەر خاڵێکی گرنگمان بیردەخاتەوە کە چۆنچۆنی دیوە کۆمیکەکەی کۆمیدیا فەرامۆشکراوە، کۆمیدیا ناچارە وەك فۆرمولەیەکی درککراوی تراژیدی دەمامك بپۆشێت تا بکرێت وەك ژانرێکی جدی ئەژمار بکرێت، بە گەڕانەوە بۆ ئەلێنکا زوپانچیچ، دەنوسێت کە " نابێت کۆمیدیا تا ئەو ڕادەیە بە جدی وەربگرین کە تراژیکە، بەڵکوو، ئەوە کرۆکە کۆمیکەکەیەتی دەبێت بە هەند وەریبگرین. هۆکاری ئەوەی بۆچی دەبێت لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا وەك کۆمیدیایەك- نەك وەك تراژیکۆمیدیایەك- بخوێنینەوە، کتومت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەبێت خۆمان لە وەسوەسەی کورتکردنەوەی نەبەزینە کۆمیکییەکەی بۆ گەواهیدانێکی تراژیك لەسەر کۆتاداریێتی و فشەڵی و شکستەیی مرۆیی بپارێزین". نوسەر دواتر چەمکی کارەسات لە لای سلاڤۆی ژیژەك دەپشکنێت و هەوڵدەدات ژیژەك لە چوارچێوە بادیۆییەکە دەربێنێت و بیخاتە نێو چوارچێوەی "کۆمیدیا"(هەڵبەت، کۆمیدیا بەو مانایەی مۆدێر بە گەڕانەوە زۆپانچیچ وڕۆبەرت فۆلەر بەکاردێنێت، نەك بە مانا باوەکەی...). کارەساتیش لای ژیژەک دیسان وەک ئۆبێکتی لەدەستچووی ئارەزوو وایە و پێشوەخت ڕوویداوە. ئەم ئیشە بەو مەرامەوە وەرگێڕدراوە کە کۆرۆنا لەڕووی لۆژیکییەوە پێش و پاشی نییە و پێشوەخت ڕوویداوە. هێند هەیە شێوازی مامەڵە و گۆڕینی ڕوانینمانە بۆ کارەسات. سەرەنجامیش گۆدۆ کەوتووەتە پێشەوە نەک پاشەوە, بۆیە کارەسات بونیادە نەک هەڵکەوتی ڕووت.

***

***لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا***، شانۆنامە کلاسیکییەکەی سامویێل بێکێت، بە گوێرەی وتەی خودی نوسەرەکەی، وەك جۆرە لادان و پشووەرگرتنێك لە کارە جدییەکەی لەسەر تریلۆگیا[سیانە ڕۆمانەکەی ]نوسراوە، ڕووداوەکانی لە شوێنێکی ناونەنراو و کاتێکی دیارینەکراودا ڕوودەدەن. هەموو ئەو زانیارییەی لە دەستپێکدا پێماندەدرێت ئەمەیە: درەختێك لە شوێنێکی نزیك لە جادەیەکی ئاوایی هەڵکەوتووە، کاتیش دەمەوئێوارەیە. بە خوێندنەوەی تێکستەکە، هەستدەکەین سەروکارمان لەگەڵ سەرزەمینێکی داڕووخاو، چۆڵوهۆڵ و فەرامۆشکراودا هەیە، بێبەش لە سەرچاوە[پێویستەکانی خواردن و...]، خەڵکانێکی زۆر کەم تیایدا دەژین، بێبەش لە هەموو شت، بە جۆرێك کە تیایدا تاقە گێزەرێك جۆرە نیعمەت و خۆشگوزەرانییەکە. هیچ تێگە و مەفهومێکی کاتی تیادا نییە، نە ڕابردوو، نە داهاتوو، تەنیا چاوەڕوانی لەگۆڕێدایە. دەکرێت بپرسین ئاخۆ کۆمیدیا لە شوێنێکی وەهادا ئەسڵەن چۆن ڕێی تێدەچێت، و ئاخۆ ئەوە چۆنە ئەم تەنگانە و کوێرەوەرییە زۆروزەبەندانە، و نەبوونی پێداویستییە بنەڕەتییەکان نەك لەڕێگەی ژانرەکانی تراژیدیاوە یان ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکوو لە ژانرێکی تەقریبەن سەیروسەمەرەی کۆمیدیا و هاوشان لەگەڵ نەغمەیەکی لێبووکانەی قۆشمەییدا وەسفکراون. ئاخۆ لەبەر ئەمەیە ڤێرژنە ئینگلیزییەکەی،

شانۆنامەکەی بە تراژیکۆمیدی پۆلێن کردووە- واتە چونکە ئێمە بە ڤلادیمێر و ئیستراگۆن پێدەکەنین، بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجەی تیایدا دەژین غەمگینی‌یش داماندەگرێت؟

پشکنینی دیاردەیەکی ئەمدواییەی ئەنتەرنێتی بە ناوی "نوکتە لاتڤیاییەکان"[18] لە تێگەیشتنێکی باشتری هاوپەیوەندی نێوان کۆمیدیا و ئەوپەڕی بێبەشی نزیکمان دەکاتەوە. بەر لە هەموو شتێك، ئەم لێشاوەی نوکتە، کە هەموویان شوێنپێی هەمان لۆژیك هەڵدەگرن و لەنێو هەمان چوارچێوەی ئوستورەیی و خەیاڵییدا جێی خۆیان گرتووە، هیچ پەیوەندییەکیان بە لاتڤیا، ئەو وڵاتە بەڵتیکییەی تاکو ساڵی ١٩٩١ بەشێکی یەکێتیی سۆڤیەتی پێکدەهێنا، نییە. لاتڤیا[ی نێو نوکتە لاتڤیاییەکان] دایم سارد و تاریکە، خەڵکەکەی هەمیشە بە دەستی برسێتییەوە دەناڵێنن، تێکڕای سەربازەکان لاقەی ژنان دەکەن، مناڵان هەموو شین و شەپۆڕیانە، تاقە پەتاتەیەکیش گەورەترین خۆشییەکە بوونی هەبێت. ئەم تایبەتمەندییە هێجگار زبر و قێزەونەی سەرزەمینەکە، بە جۆرێك لە جۆرەکان، لە زمانەکەیشیدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە زمانەکەی نەك تەنیا ئینگلیزییەکی تێکشکاوە، زۆر زیاتر، یان وردتر، زۆریش کەمترە لەوە: ڕێزمانەکەی هیچ تێگەیەکی ڕاشکاوی ڕابردوو و داهاتووی تیادا نییە، وشەدانەکەی تەنیا لە چەند وشەیەکی کەم پێکدێت. لە لاتڤیا تروسکایی



[18] Latvian jokes

ئومێدێك دیار نییە، و ناشكرێت تاقە ئومێدێكیش بوونی هەبێت. ڕەنگە كورتترین نوكتەی لاتڤیایی ئەمەی خوارەوە بێت:

لاتڤیایی یەكەم: تا بڵێی ساردە.

لاتڤیایی دووەم: چەندە ساردە؟

لاتڤیایی یەكەم: زۆر. هەروەها تاریكیشە.

دەكرێت سەرجەمی نوكتە لاتڤیاییەكان لە دەمەوئێوارە، لە جادەیەكی لادێیدا، لەكاتێكدا خەڵكی چاوەڕێی ڕوودانی هیچ شتێك ناكەن[ هاوشێوەی فەزای شانۆنامەكەی بێكێت]، ڕووبدەن. ناوی كارەكتەرە سەرەكییەكانی شانۆنامەكەی بێكێت، ڤلادیمێر و ئیستراگۆن، وەك ناوی خەڵكی خۆرهەڵاتی ئەورووپا دێنە بەرچاو، ڕێی تێدەچێت لاتڤیاییش بن. لە نوكتە لاتڤیاییەكان پەتاتە ڕۆڵی گێزەری[ لە ***لە چاوەڕوانیی گۆدۆ***]دا گرتۆتەوە، بەڵام ڕوونوئاشكرایە هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت: بچووكترین خواردن كە كرۆكی تێكڕای تەماح و ئارەزووە مرۆییەكان دەنوێنێتەوە.

لاتڤیاییەك فانۆسێك خاوێندەكاتەوە، جنۆكەیەكی تیادا دەدۆزێتەوە.

جنۆكەكە دەڵێت: " ئەو سێ خواست و ئارەزووە چین كە دەتەوێت بۆت بێنمە دی؟"

لاتڤیاییەکە دەڵێت: "پەتاتەم دەوێت!"

پەتاتە پووف! لەپڕ پەتاتەکە دەردەکەوێت!

لاتڤیاییەکە هێجگار شادومانە و دەڵێت: " ئاە! ئەمە پەتاتەیە! پەتاتە!"

جنۆکەکە دەڵێت: " خواستی دووەمت چییە؟"

لاتڤیاییەکە دەڵێت: "دەمەوێت لەبەرچاوم لاچیت تاکو بتوانم چێژ لە پەتاتەکە وەرگرم"

پووف! کتوپڕ جنۆکەکە وندەبێت. لاتڤیاییەکە زۆر دڵتەنگە. تەنیا فانۆسەکە ماوەتەوە.[١٩]

تەبعەن، ناتوانین واخۆمان نیشان بدەین کە هیچ جۆرە چێژێکی سادیستانە[٢٠](ی ئەمریکی، خۆرئاوایی) لەنێو ئەم چەشنە نوکتانەدا لەگەڕدا نییە؛ ئەم نوکتانە، لانیکەم بە شێوەیەکی لاوەکی و بەشەکی، وادێنە بەرچاو لەسەر باڵایی کەلتوری، ڕەگەزی یان چینایەتی وەرگری[ نوکتەکان ]بەند بن. لەڕاستیدا، کازاخستانی نێو فیلمی **بۆرات** دەقاودەق لەسەر پێشگریمانەی[٢١]

[١٩] دەبێت خوێنەر سەرنجی ئەوە بدات کە ئەم نوکتەیە خۆی بە ئینگلێزییەکی تێکشکاو نووسراوە، بۆیە لە کوردییەکە کەمێك دەستکاریمان کرد، تا شتێك لە ناوەڕۆکی نوکتەکە بگات.

[20] Shadenfreude

[21] Premise

هەستێکی نەبڕاوەی باڵایی کەلتوری لە ئەمریکا بەندە، لە چەندان دیوەوە هاوشێوەی "لاتڤیا"یە. بەهەرحاڵ، هاوشێوەی فیلمی **بۆرات**، ئاشکرایە کە وەرگری ڕاستەقینەی نوکتە لاتڤیاییەکانیش ئەو کەسە نییە کە بەڕاستی باوەڕی وابێت خەڵکی وڵاتێکی دوورەدەستی باکووری یەکێتیی سۆڤیەتی جاران ناچارکراون تا لە وڵاتێکی هێند چۆڵوهۆڵدا بژین. تەنانەت لە **بۆرات**یشدا، وەرگری حەقیقیی فیلمەکە بە ڕوون و ئاشکرایی لەوە تێدەگات کە "کازاخستان" [نێو فیلمەکە] وڵاتێکی تەواو دروستکراو و خەیاڵکردە کە تەنیا وەك شاشەیەک خزمەت بەو شتە دەکات کە ئێمەی (ئەمریکی، ئەورووپی- خۆرئاوایی) وەك پێش‌کەلتوری، پێش‌مێژوویی، پێش‌مۆدێرن وێنای دەکەین، واتە بۆ ئەو شتەی کەلتوری ئێمە وەك تاریکترین مۆتەکەی خۆی وێنای دەکات.

کەواتە، ئەوە چۆنە ئەوپەڕی بێبەشی، نەبوونی تەواوەتیی خواردن، کەلتور و زمان وەك شتێکی کۆمیدی دەکەونەوە؟ چۆنچۆنی پێکەنین لە هەلومەرجێکدا بەرهەمدێت، کە بەشێوەیەکی بابەتی و ئۆبێکتیڤ، تەنیا دەکرێت بەرەو بەڵایەکی تەواوەتی، بەرەو کارەسات سەربکێشێت؟ بۆ دەستدانە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، لێگەڕێن ئەوە بیربهێنینەوە کە لە تیۆری کۆنی دراما‌دا، زاراوەی کارەسات تەنیا مانای یەکلابوونەوە و دەرەنجامی کۆتایی گرێچنەکەی دەگەیاند، ئاخۆ کۆتاییەکی خۆشە یان

ناخۆش. بۆنمونە، ئەرستۆ مشتومڕی ئەوە دەكات ئاخۆ چ شتێك زیاتر لەگەڵ تراژیدیادا دەگونجێت: ئەوەی پرۆتاگۆنیستەكە بە دەست بەڵایەكەوە ئازاربكێشێت یان چێژ لە بەخت و چارەنووسێكی باش ببینێت، باسیش لەوە دەكات كۆتایی خۆش و شاد زۆر گونجاوترە لەگەڵ كۆمیدیادا. بە هەڵگرتنی ئەم مانا دێرینەی زاراوەكە لە زەینماندا، ئەو شتەی مەبەستمانە كاتێك پرسیار لە پەیوەندیی نێوان كۆمیدیا و كارەسات دەكەین ئەمەیە: چۆنچۆنی كۆمیدیا لە كۆتایی هەموو كۆتاییەكاندا ڕێی تێدەچێت، كە تێكڕای كردارەكان تیایدا بڕاونەتەوە، سەرجەم ئومێدەكان بێهوودەن و كۆی ترسەكانیش پووچ و بەتاڵن؟

دیارە، خاڵەكە ئەوەیە نەك تەنیا ***لە چاوەڕانیی گۆدۆدا***، بەڵكوو زۆربەی شانۆنامەكانی بێكێت كتومت لەكاتێكدا ڕوودەدەن كە دەكرێت وەك دوای كۆتایی [22] وەسفیان بكەین. دەكرێت بڵێین شانۆنامەكانی بێكێت، بەگشتی، كتومت بەو مانایە "كارەساتبار"ن كە لە كۆتایی تەنانەت لەودیوی كۆتاییەوە ڕوودەدەن. ئەگەر بەوردی بدوێین، بەپێی پۆیەتیكای تەقلیدی، ئەم زنجیرە ناكۆتا و نا-كاتمەندەی ڕووداوەكان، بەوپێیەی نە لەگەڵ تراژیدیا و نە لەگەڵ كۆمیدیاشدا دەگونجێن، دەكەونە دەرەوەی بواری دراماتیكییەوە. لەڕاستیدا، بێكێت ماوەیەكی دوورودرێژ، تا ئێستاش لای كەسانێك، وەك ئوستادی



[22] After the end

مومارەسەی دژە-شانۆ سەیردەکرێت. ئەگەرچی ئامانجی ڕاستەقینەی تیۆری شانۆیی، بە وتەی مارتین پوچنەر، لە داڕشتنەوە و دەستکاریکردنی تێگەیشتنمان لەوەی شانۆیی دەبێت چ شتێك لەخۆبگرێت، پەنهانە، یان ڕەنگە تەنانەت لە تیشکخستەسەر ئەوەی لە کارەکانی بێکێت(و زۆرێکی تر لە شانۆنوسە مۆدێرنەکان) دەرخراوە؛ پوچنەر مشتومڕی ئەوە دەکات ئەو شتەی زۆرجار وەك دژە-شانۆیی لێی دەڕوانرێت، لەڕاستیدا بە شێوەیەکی باشتر وەك ڕیفۆرمکردنی شانۆ دەکرێت ڕوونبکرێتەوە.

دیارە، ***لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا*** لە بلّقە بۆشاییەکی ناکاتمەند(دەرە-کات) و ناکۆتادا ڕوودەدات. ئەو کاتەی ڤلادیمێر و ئیستراگۆن سەبارەت بە ڕابردوو دەدوێن ئیدی بە تەواوەتی نادڵنیان لێی، مەحاڵیشە بتوانین ئەوە دیاریبکەین ئاخۆ ئەو ڕووداوانەی ئەوان ئاماژەیان پێدەکەن ڕۆژێك یان دەیەیەك لەمەوبەر ڕوویانداوە. هەمان شت دەربارەی داهاتووشیان درووستە. هاتنی گۆدۆ نەك تەنیا بە تەواوەتی نادڵنیا و نامسۆگەرە، [بەڵکوو] سەرتاپا ناڕوون و تەمومژاویشە ئاخۆ گۆدۆ قەرارە ئەم ئێوارەیە یان سبەی ئێوارە یان دەساڵی تر بگاتە جێ. چاوەڕوانییەکەیان هێند بریتی نییە لە چاوەڕێکردنی گەیشتن [و پاشهاتێك]ی داهاتوو، بەڵکوو تەنیا چاوەڕوانییە بە مانای پڕاوپڕی وشەکە، چاوەڕوانییەك کە هەرگیز دەستیپێنەکردووە و هەرگیزیش دوایینایەت، چاوەڕوانی لە ئێستایەکی ئەبەدیدا. زۆرێك لە ڕاڤەکاران لە پەیوەندیی

پێگەی چاوەڕوانیی ناکۆتای دیدی و گۆگۆ[٢٣] بە چەمکە هایدگەرییەکەی **وەڕەسی** یان بوونگەراییەکەی هەڵدران (**Thrownness**) ڕاماون، هەر بەو جۆرەی لە کتێبە ناودارەکەیدا، ***بوون و کات***، پەرەی پێداوە. لە ئاستێکدا، مشتومڕکردن لەبارەی هایدگەریزمی شاراوەی نێو شانۆنامەکە درووست و ڕەوایە، مادام لای هایدیگەریش بوون نە خاڵی دەستپێك و نە خاڵی کۆتایشی هەیە؛ دەکرێت تەنیا بەو جۆرەی پێشوەختە لە جیهاندا هەین، بوونمان هەبێت. بەهەرحاڵ، ئەم هاوشێوەییە ترسناکە تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت بەرەو ئەو دەرەنجامگیرییە ڕامانبکێشێت کە کلیلی کردنەوە و تێگەیشتنی تێکڕای شانۆنامەکەمان دەخاتە بەردەست. لە لای پرۆتاگۆنیستەکانی شانۆنامەکە، چاوەڕوانی نەك تەنیا بێ‌کۆتایە، بەڵکوو بێ مەبەستیشە، کە دیارە ناکرێت ئەم شتە لەمەڕ دازاینی هایدیگەری بگوترێت. لە حاڵەتی وەڕەسی و دڵەڕاوکێی قووڵدا، کاتێك دازاین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوپەڕی ئیمکانی خۆی (ئیمکانی نە-بوون[٢٤]) ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ بوونە ڕەسەنەکەی وەك ئیمکانێك. [بەڵام] ڤلادیمێر و ئیستراگۆن، لە چاوەڕوانییەکەیاندا، بە هیچ جۆرێك ڕووبەڕووی ڕەسەنایەتییەکەیان نابنەوە؛ ئەوان تەنیا بوونیان هەیە.



[٢٣] دیدی و گۆگۆ ناوی کورتکراوەی ڤلادیمێر و ئیستراگۆنن لە شانۆنامەکەدا.

[24] Non-existence

ئا لێرەدا، ڕەنگە پێویست بێت سەرنجێکی تر سەربار بکەین. سەرەڕای ناوبانگ و دانپیانان و ئیعتیباری جیهانیی ***لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا***، ڕەنگە باشترین نوێنەرەوەی کارەکانی بێکێت نەبێت. لەمەش زیاتر، دەقاودەق لەبەر ئەوەی شانۆنامەکە وادەردەکەوێت ژمارەیەکی بێشومار کلیل و سەرەداوی سادە بۆ هەڵماڵین و تێگەیشتن لێی دەخاتە بەردەستی خوێنەران، واتە بەکارهێنانی ئەو بابەت و مۆتیفانەی وادیارە ئاگاییەکی باشمان دەربارەیان هەیە- لە پرسەکانی مردن و بوون بە بێ خوداوە بیگرە تا پرسی ئازارکێشان لەنێو جەستە شکستە و کۆتادارەکان و ڕۆحە ناکامڵەکانەوە- ئەمەش ڕەنگە سەر بۆ ئەوە بکێشێت خوێنەرێکی بێئەزموون و ناشارەزا تێکڕای ئەم ڕەگەزانە زۆر بەپەلەپڕووزکێ و لەخۆوە لێکبداتەوە. بەم پێیە، لەوانەیە هەندێك لە لێکۆڵەرانی بێکێت تەنانەت دەستنەدەنە شیکردنەوەی کارەکە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆر سەرکێشانە یان ناپێویستە. بەهەرحاڵ، لە گۆشەنیگای ئەم وتارەوە، ئەم بەدحاڵیبوون و خراپلێکدانەوە بەربڵاوە خۆی هۆکارێکی ماقووڵ و سەرومڕە بۆ هەوڵدان بۆ سەرپێخستنی شیکردنەوەیەك بۆی.

بە تێڕوانینی خۆم، هۆکاری ئەوەی بۆچی ***لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا*** تەنیا دەتوانێت کۆمیدیایەك بێت لە کاتمەندییەکەیدا[٢٥] شاراوەتەوە: چونکە لە

[25] Temporality

"**دوای کۆتایی**" ڕوودەدات، کاتێك کارەساتەکە پێشوەختە ڕوویداوە، ناتوانێت وەك بناغەیەك بۆ هەوڵی نائومێدانەی پاڵەوانە تراژیدییەکان بۆ ڕێگەگرتن لێی، بەکاربێت. وەکئەوەی تێری ئیگڵتۆنیش دەیڵێت: "ئەگەر فیگەرە تراژیدییەکان تووشی کەوتن ببن، ئەوا فیگەرەکانی بێکێت شکستدێنن لەوەی بەرەو بەرزاییەك هەڵبکشێن کە کەوتن تیایدا مومکین بێت". تاقە کرداری شیاو و ڕێتێچوو بۆ ئەوان بریتییە لە نا-کردار[26]، کردارێکی بێهوودە و پووچ و بێ‌مانا، کە نەك بەهۆی دەستتێوەردانی هێزێکی بەرهەڵستکاری دەرەکی یان ناوەکی، بەڵکوو بەهۆی خودی بێهوودەیی و بێ کەڵکێتی‌یەوە پووچەڵکراوەتەوە. شتانێکی زۆر هەن بوترێن کە بە سوودی ناونانی بارودۆخ و حاڵەتێکی وەها بە تراژیکۆمیك بشکێنەوە، بە تایبەت مادام خودی نوسەرەکەش لە ڤێرژنە ئینگڵیزییەکەی شانۆنامەکەدا هەمان شتی کردووە. بەهەرحاڵ، من پێداگرم لەسەر ئەوەی بە "کۆمیك"ی ناوبنێم، ئەمەش لەبەر ئەوە نا کە بمەوێت دەرگیری مشتومڕێك ببم دەربارەی ئەوەی کتومت چ شتێك کۆمیدیا لە تراژیدیا جیادەکاتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەمەوێت نەکەومە نێو داوی خراپ‌خوێندنەوەیەکی ترسناکی شانۆنامەکەوە کە پێموایە هێشتاش زاڵ و باوە. وادیارە ناونانی شانۆنامەکە بە تراژیکۆمیدیا دەرفەتی بە زۆرێك لە خوێنەران داوە ئەم دەرەنجامگیرییە بکەن: لە کاتێکدا



[26] Non-action

(نا-)کردارەکانی کارەکتەرەکان دەمانخەنە پێکەنین، کەچی هێشتاش، بە جۆرێك لە جۆرەکان، هەقیقەتی بارودۆخێکی تۆقێنەر و هێجگار غەمهێنی مرۆیی دەدرکێنن. بە دەربڕینێکی تر، پێموایە دەقاودەق ئەم زاراوەیەیە کە ناسینەوە و دیاریکردنی ڕەگەزە بوونگەرا، تیۆلۆژی یان بەگشتی "مرۆییەکان"ی شانۆنامەکە هێند ئاساندەکات.

دوو چەشنە ڕاڤەکردن هەن دەکەونە نێو ئەم داوەوە. یەکەمیان هێجگار ساویلکانەیە، بە تێبینیکردنی خولیا گشتییەکانی بێکێت بۆ مینیماڵیزم، پەککەوتن و نوقسانییە جەستەییەکان، برین و ڕیسواییە زەینی و فیزیکییەکان ئەم دەرەنجامگیرییە دەردەهێنن کە ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێت: "بەشی مرۆڤایەتی هەر ئازار و مردنە". یان کاتێك ئیستراگۆن خۆی لەگەڵ مەسیحدا بەراورد دەکات، دەڵێن: " بێگومان، بێکێت هێڵگەلێکی هاوشێوە لەگەڵ مەسیحدا دەکێشێت، تا گوژمی ئازارچەشتنمان لەسەر زەوی بۆ ڕوونبکاتەوە". ئەم خوێندنەوانە بۆیە ساویلکانەن چونکە بە سادەیی تێبینیی کۆمەڵێك وشە، تێما و مۆتیف دەکەن و دەریدەبڕن کە هاوتان لەگەڵ حەکایەتێکی ئاسان درککراو و ناسراودا، بەڵام شکستدێنن لەوەی لە ڕۆڵ و کارکردەکانی ئەوانە لە هەناوی کارەکەدا تێبگەن. دیارە، ئەم تەرزە خوێندنەوەیە تەنیا لە خوێندنەوەی کارەکانی بێکێتدا کورتنابێتەوە؛ بەداخەوە، ئەم شێوازە لە خوێندنەوە بنبەستێکی گرفتسازی زانستە مرۆییەکان نیشاندەدات کە تا

ئێستاش لەژێر باری تێکەڵوپێکەڵییە چەمکایەتی و کۆنسێپچواڵ و میتافیزیکییەکەیاندا هارە دەکەن. لەم گۆشەنیگایەوە، بەشێکی بەرچاوی زانستە مرۆییەکان لە هەلومەرجێکی پێش‌هایدگەری، ڕەنگە تەنانەت پێش‌سێکولاریش، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێش‌مۆدێرنە دەمێننەوە.

دووەمین جۆری ڕاڤەکردن زۆر سەرنج ڕاکێشترە، ئەگەرچی کەمتر بەلاڕێدابەر نییە. لەم حاڵەتەنانەدا، ڕاڤەکار وا بەسادەیی کارەکانی بێکێت ناخاتە نێو ئەو سیستەمە بەهاییە تەقلیدی و میتافیزیکییەی کە نوسەر، پێشوەختە لە ئاستی مومارەسەی هونەری‌دا، خۆی لێ جیاکردۆتەوە. [بەڵکوو] ڕاڤەکار دەمودەست دان بەوەدا دەنێت کە گۆڕانێکی گەورەی پارادایمیانە لە کۆبەرهەمی بێکێتدا لە گۆڕێدایە، پرۆتاگۆنیستەکانی بێکێت بە ڕوون و ڕاشکاوی هاوشێوەی پاڵەوانە تراژیکە دێرینەکان نین؛ نا-چالاکی[27]، تێکڕای کردارە دراماتیکییەکانیان پێکدەهێنێت. لێرەدا، ئەرگۆمێنتەکە ئەوەیە کە فۆرمولەی تراژیدیای(مۆدێرنیستی) ڕێك بریتییە لە غیابی تراژیدیای(پاڵەوانێتی، کلاسیکی). گونتەر ئەندریاس کە لە خوێندنەوەکەی بۆ گۆدۆ پشتی بە شەرحێکی هایدگەر بەستووە، دەنوسێت: " تراژیدیای ئەم چەشنە لە بوون[28] لەو ڕاستییەدا شاراوەتەوە کە تەنانەت هەلی



[27] Non-activity
[28] Existence

بوونبەتراژیدیاشی نییە، کە دەبێت هەمیشە، هاوکاتیش، لە گشتێتیی خۆیدا ببێتە کۆمیدیا". [بەڵام] تێزەکەی من دەکرێت کتومت پێچەوانەی بانگەشەکەی ئەندریاس دابڕێژرێتەوە: گرفتەکە لەمڕۆدا ئەوە نییە کە تراژیدیا بەزۆر خراوەتە نێو پەیوەندییەکی هاوبەش و"ناسرووشتی" لەگەڵ کۆمیدیا تا بشێت ببێتە کۆمیدیا. تەواو بە پێچەوانەوە: گرفتە هەنووکەییەکە ئەوەیە، کۆمیدیا هێشتاش ناچارە وەك فۆرمولەیەکی درککراوی تراژیکی دەمامك بپۆشێت و خۆی بگۆڕێت تا بکرێت وەك ژانرێکی جدی بناسرێت. بەم دوا دواییانە، سایمۆن کریچلی تەقریبەن ئاماژەی بە هەمان خاڵەکەی ئەندریاس داوە، دەنوسێت: " گرفتی پارادایمی تراژیك- پاڵەوانانە ئەوەیە بە ڕادەی پێویست تراژیك نییە، تراژیدیای ڕاستەقینە تەنیا لە کۆمیدیادا بەدیدەکەین". ڕەنگە جیاوازیی کریچلی لەگەڵ ئەندریاس‌دا تەنیا ئەو خاڵە بێت کە لە لای کریچلی، کۆمیدیا بریتی نییە لە خراپەیەکی زەرووری کە تراژیدیا دەبێت فێری ئەوە بێت چۆنچۆنی لەگەڵیدا هەڵدەکات، بەڵکوو فۆرمێکی بەرهەمهێن و ویستراوە، دەقاودەق ئەو فۆرمەیە کە تراژیدیا بەهۆیەوە دەستی بە دەنگە ڕەسەنەکەی لە مۆدێرنەدا ڕادەگات. سایمۆن کریچڵیش لە ئایدیاکەیدا لەبارەی کۆمیدیاوە پشتی بە چەمکی کۆتادارێتی[29]ی هایدیگەر بەستووە، و ستایشی پێکەنینەکەی بێکێتیش دەکات بەوەی کە "لە هەستێکی ئاشکرا و



[29] finality

بەردەستی بێتوانایی، نارەسەنی، لاوازی و مەحاڵێتی‌یەوە سەرچاوەدەگرێت".

ئەگەرچی دووەم جۆری ڕاڤەکردنەکەی گۆدۆ و بێکێتیش، بە گشتی، ئەرگۆمێنتێکی زۆر کەمەندکێشتر تەرحدەکات، بەڵام هێشتاش لەژێر چنگی ئایدیۆلۆژیای "هیومانیست"ی نەریتی میتافیزیکی ئەورووپی دەربازی نەبووە. ئەگەر بێتو کۆمیدیای (بێکێت) وەك فۆرمێکی هاوچەرخی تراژیدیا، بەو جۆرەی سایمۆن کریچڵی دەیخاتەڕوو، یان وەك "کۆمیدیایەکی ئۆنتۆلۆژی" وەکئەوەی گونتەر ئەندریاس خستوێتییە ڕوو، شیبکەینەوە، ئەوا بەفیعلی هێزە کۆمیکییەکەی هەڵدەپەسێرین و پووچەڵیدەکەینەوە، و وەك تراژیدیایەك، وەك تراژیدیای-دوای- تراژیدیا ڕاڤەیدەکەینەوە. بە دەربڕینێکی تر، ئەم چەشنە ڕاڤەکردنە تەنیا تا ئەو ڕادەیە ستایشی کۆمیدیا دەکات کە "تراژیك"ە، تەنیا تا ئەو ڕادەیەی، بە جۆرێك لە جۆرەکان، تەعبیر لە "ئازاری زۆرزەبەندی مرۆیی لەسەر زەوی دەکات" بە ژانرێکی جدی ئەژماریدەکات. ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە، بەهۆی بەهەندوەرنەگرتنی دیوە کۆمیکییەکەی کۆمیدیا[30]، پێگە میتافیزیکی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە ڕەسەنەکەی کۆمیدیا پشتگوێدەخات. لەڕاستیدا، ئەوە خودی



[30] The comic of comedy

کریچڵییه کە فۆرمولەیەکی کۆمیدیا دەخاتەڕوو کە دەبێت بە هەر نرخێك بووە، دووربخرێتەوە: کۆمیدیای کۆتادارێتی[٣١].

وەك دیارە، ئێمە، لە ڕووی نەریتییەوە، ژانری تراژیدیا بە ئایدیای کۆتادارێتیی مرۆییەوە دەبەستینەوە- واتە، بە ئایدیای تاقانەیی و لەرزۆکی و شکستەیی بوونمان و بێبەری و بێ‌کەڵکێتی دوایینی کردار: بەم پێیە، "کۆمیدیای کۆتادارێتی" لای کریچڵی دەقاودەق ویستراوە وەك شێوازێك بۆ دانان و هەڵکۆڵینی کرۆکی تراژیدیا لەنێو کۆمیدیادا بخرێتەڕوو. دژ بەم هەوڵە، من بە تەواوەتی پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەم کە ئەلێنکا زوپانچیچ لە کتێبەکەیدا لەبارەی کۆمیدیاوە هەڵیگرتۆتەوە، و تیایدا پێداگری دەکات لەسەر "فیزیکی ناکۆتا[٣٢] دژ بە میتافیزیکی کۆتا[٣٣]". زوپانچیچ، لە پەیوەندیدا بە پاڵەوانەکەی بێکێتەوە، وتەکەی ئەلفرێد سایمۆن قەرزدەکات:" ئەو ڕەنگە نەمر نەبێت، بەڵام نەشکێنراوە". زوپانچیچ ئەم لەناونەچوون و نەشکێنراوی و نەبەزینە[٣٤]، کە نابێت لەگەڵ نەمریی ڕۆحدا تێکەڵی بکەین، دەداتە پاڵ کۆمیدیا بەگشتی. ئەگەر مەسەلەکە لە کورتی ببڕێنمەوە: نابێت کۆمیدیا تەنیا تا ئەو ڕادەیە بە جدی وەربگرین کە تراژیکە، بەڵکوو، ئەو ڕێك کرۆکە کۆمیکییەکەیەتی



[31] The comedy of finitude
[32] physics of infinite
[33] Metaphysics of finite
[34] indestructibility

دەبێت بەهەند وەریبگرین. هۆکاری ئەوەی بۆچی دەبێت ***لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا*** وەك کۆمیدیایەك- نەك وەك تراژیکۆمیدیایەك- بخوێنینەوە، کتومت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەبێت خۆمان لە وەسوەسەی کورتکردنەوەی نەبەزینە کۆمیکییەکەی بۆ گەواهیدانێکی تراژیك لەسەر کۆتادارێتی و فشەڵی و شکستەیی مرۆیی بپارێزین.

ئارۆن شوستەر وتارەکەی لەبارەی فەلسەفەی گلەییکردن بە هێنانەوەی ئەم نوکتەیەی خوارەوە دەستپێدەکات:

لە شوێنێکدا، لە ڕووسیا، موسافیرێك سواری شەمەندەفەرێك دەبێت و لە تەنیشت پیرەپیاوێکی جوولەکەوە دادەنیشێت. ماوەیەکی زۆری پێناچێت، پیرەپیاوەکە دەستدەکات بە منگەمنگکردن:" ئۆی، تینوومە". موسافیرەکە ماوەیەك گوێی پێنادات، بەڵام پیرەمێردەکە هەر دەست هەڵناگرێت: "ئۆی تینوومە. ئۆی تینوومە". سەرەنجام، موسافیرەکە چیتر ناتوانێت بەرگەی بگرێت. هەڵدەستێتە سەر پێ، دەچێتە ئەو شوێنەی خواردنەوەی لێ دەفرۆشرێت، بوتڵە ئاوێك دەکڕێت. پیرەمێردەکە بە سوپاسگوزارییەوە لێی وەردەگرێت، ئاوەکە دەخواتەوە، کڕوکپ لێی دادەنیشێت. چەند خولەکێك تێدەپەڕێت، موسافیرەکە هەستدەکات گرژییەك لە هەناوی پیرەپیاوەکە هەڵدەکشێت. دواجار، گرژییەکە بەسەریدا زاڵدەبێت و ئەمەی لەدەمدەردەچێت:" ئۆی، من تینوو بووم!".

ئارەزووی پیرەمێردەکە بە تەواوەتی وەك ئارەزوویەکی بچووك دێتەبەرچاو، بەڵام تەنانەت ئاوخواردنەوەش ناتوانێت بەکردار ئارەزووەکەی تێربکات. شتێك لە ئارەزووەکەیدا هەیە کە بەرهەڵستی دەنوێنێت- شتێك ڕەنگە بتوانین ناوبنێین نەبەزین و نەشکێنراویی کۆمیك.[35] ئاخۆ ڤلادیمێر و ئیستراگۆنیش سەر بە هەمان لۆژیکی کۆمیکی گلەییکردنی ناکۆتا و بێ بڕانەوە نین؟ ئاشکرایە، چاوەڕوانییەکەیان لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و بە شێوەیەکی لەدەستدەرچوو درێژە بە خۆی دەدات. شتێکی ناکۆتا لە چاوەڕوانییەکەیاندا هەیە. ئەو گریمانەیەی زۆربەی ڕاڤەکاران خستوویانەتەڕوو، ئەگەرچی بەدەگمەن بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان، ئەوەیە کە گۆدۆ هەرگیز نایەت، یان دەبێت تەنیا لە کۆتایی زەمەندا چاوەڕوانی هاتنەکەی بین. ئەمەش شتێکی سەرتاپا سرووشتییە، چونکە ئێمە مەبەستمان لە چاوەڕوانی عادەتەن چاوەڕێکردنی ڕووداوێکی داهاتووە، لەڕاستیشدا، ڕوون و ئاشکرایە لە شانۆنامەکەدا هیچ ڕووداوێکی وا ڕوونادات. بەڵام لەوانەیە لەم حاڵەتەدا، ئەم گریمانەیە، بە جۆرێك لە جۆرەکان، هەڵە و نادرووست بێت، یان لانیکەم کەموکوڕ و ناتەواو بێت. ڕەنگە بنبەستی ڕاستەقینەی پرۆتاگۆنیستەکان ئەوە بێت کە گۆدۆ پێشوەختە هاتووە. گۆدۆ پێشوەختە هاتووە، بەڵام هاتنەکەی هاوشێوەی بوتڵی ئاوەکەیە لە لای پیرەمێردە تینووەکە، کە تەنیا مانیفێستبوون



[35] The indestructibility of the comic

و دەرکەوتنی گلەییکردنە ناکۆتا و نەبڕاوەکەی دەگۆڕێت. ئەمە ئەو شتەیە لە دەروونشیکاریدا پێی دەوترێت پێداگریی "پاڵنەر" کە دەبێت بە ڕوونی لەوەی ناونراوە "ئارەزوو" جیابکرێتەوە. لەبری ئەوەی هایدگەریزمێکی خۆڕسکانە بدەینە پاڵ ڤلادیمێر و ئیستراگۆن، و چاوەڕوانییەکەیان بخەینە نێو ڕەهەندی داهاتوویەکی بنەڕەتییەوە(چونکە ئەمە ئەو شتەیە هایدگەر لە شیکارییەکەی بۆ دازاین دەرەنجامگیری دەکات: کاتمەندیی بنەڕەتیی بوونی ئێمە(ی مرۆیی) کەوتۆتە داهاتووەوە، ئێمە وەك خودی هاتنەناوەوەمان-بۆنێو- بوون هەین)، دەبێت بانگەشەی ئەوە بکەین کە کۆتایینەهاتنی چاوەڕوانییەکەیان ئاماژە بۆ نەشکێنراوییەکەی دەکات، ئەوەی کە کاتە گونجاوەکە پێشوەختە و بە شێوەیەکی لەدەستچوو تێپەڕیوە، ئەوەشی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان، لە دوای کۆتایی دەمێنێتەوە، بەرهەڵستی دەنوێنێت.

- چەمکی کارەسات لە لای سلاڤۆی ژیژەك

وانەیەکی سیاسیی گرنگ هەیە کە لە لادانی کۆمیدیانەی مەفهومی باو و ڕۆژانەی پێشکەوتنی زەمەن فێری ببین. بەر لە هەموو شت، پێگەی سیاسانەی گشتیی کۆمیدیا ئەو شتەیە، هاوشان لەگەڵ ڕۆبەرت فۆلەردا، دەتوانین پێیبڵێین ماتریاڵیزمەکەی، واتە، بەرهەڵستینواندنی بۆ هێنانەئارای بەدیلێك لەنێوان ئایدیا شکۆمەندەکان و بەکارهێنان و جێبەجێکردنە هەژارەکاندا. لە کۆمیدیادا چۆنێتیی دەرکەوتنی شتەکان هێجگار گرنگە-

ئایدیاکان چۆنچۆنی بەکاردێن- تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی کە حەقیقەت تەنیا بەرهەمێکی ڕواڵەتە. فۆلەر وەك پرەنسیپی سەرکەوتن ئاماژە بۆ ئەمە دەکات. سەرباری ئەمەش، زوپانچیچ، لە بنەڕەتەوە، لەڕێگەی پشکنین و کەشفکردنی تێکدەرییە سیاسییەکەی یان کۆنەپارێزییەکەیەوە، کۆمیدیای ڕاستەقینە و ساختە لەیەکتر جیادەکاتەوە. ئەگەر بێتو کۆمیدیا ئەوە نیشان بدات فیگەرە دەسەڵاتدار و خانەدانەکە نەك تەنیا ئایدیاڵێك بەڵکوو مرۆڤێکی ئاسایی، جەستەمەند و کۆتاداریشە، ئەوا کۆمیدیاکی کۆنەپارێزە. ئەو کاتەشی ئەوە دەربخات کە فیگەرە دەسەڵاتدار و خانەدانەکە مرۆڤێکی ئاساییە کتومت لەبەرئەوەی باوەڕی وایە کە بەڕاستی [و بە شێوەیەکی خۆڕسکانە] کەسێکی دەسەڵاتدار و خانەدانە و هەر واش ڕەفتار بکات، ئەوا کۆمیدیایەکی تێکدەر[و شۆڕشگێڕانەیە]. زوپانچیچ، ئایدیا لاکانییەکە دادەڕێژێتەوە و دەنوسێت:" نەك ئەو پیاوە هەژار و لانەوازەی خۆی بە پادشا دەزانێت کۆمیدییە(ئەو زیاتر کەسێکی داماو و جێبەزەییە)، بەڵکوو ئەو پادشایەی پێیوایە بەڕاستی پادشایە، کۆمیدییە". بەهەرحاڵ، کاتمەندی لاپرەسەنانەی پۆستکارەساتی (هەندێك) لە کۆمیدیاکان گۆشەنیگایەکمان لەبارەی دەلالەت و پاشهاتە سیاسییەکانی کۆمیدیا دەخەنە بەردەست کە ناکرێت بە تەواوەتی وەك ماتریالیزم یان تێکدەری، بە مانا ئاماژە بۆکراوەکە، ڕوونبکرێنەوە.

دەتوانین لە هەندێك لە کتێبەکانی ئەمدواییەی سلاڤۆی ژیژەكدا پەی بە هەڵکشانێکی بەرچاو ببەین دەرهەق بە گرنگیی چەمکی کارەسات، چەمکێك کە تەقریبەن لە کتێبەکانی سەرەتاییدا ونە، بەڵام هاوکات بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بە پرسی پرۆبلەماتیکی کۆمیدیای سیاسی، کە لێرەدا دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرمدەکەین، پەیوەستە. دەستبدەینە هەر کامێك لەم کتێبانە ***داکۆکی لە ئایدیاڵە لەدەستچووەکان***(٢٠٠٨)[٣٦]، ***سەرەتا وەك تراژیدیا، دواتر وەك کۆمیدیا***[٣٧](٢٠٠٩) ***یان کەمتر لە هیچ***[٣٨](٢٠١٢)، ئەگەر ناوی هەندێك لەو کتێبانە بێنین کە لەم ماوەیەدا بڵاوبوونەتەوە، ئەوا ئەرگۆمێنتەکەی ژیژەك وەك خۆی دەمێنیتەوە. جیهان وادەردەکەوێت لە لێواری کارەساتێکی ئیکۆلۆژی یان کۆمەڵایەتیدایە؛ تەبعەن، پرسیارەکەش ئەوەیە چۆنچۆنی خۆمان لەو کارەساتە بپارێزین یان ڕێگریی لێ بکەین.

دەکرێت ڕەخنەگرێك تەنانەت لەگەڵ ئەم خاڵی دەستپێکەشدا کۆك و هاوڕا نەبێت، و باس لەوە بکات کە هەڵسەنگاندنەکەی ژیژەك لاوازە و هیچ کارەساتێکی چاوەڕێکراو، بە مانا گشتییەکەی، لە بەردەم مرۆڤایەتیدا نییە، بەڵکوو مەسەلەکە بە سادەیی کۆمەڵێك "ئاڵنگاری"ـی جیاجیا و ناپەیوەستە کە دەبێت ڕووبەڕوویان ببینەوە. لێرەدا، هێندە بەسە جەخت لەسەر ئەوە

[36] In defense of lost causes
[37] First as tragedy, Then as comedy
[38] Less than nothing

بکەینەوە کە ژیژەك لەڕاستیدا دەرگیری ئەم ڕەخنە ڕێتێچووە دەبێتەوە، و ڕەتیشی دەکاتەوە. ژیژەك ئەم کارە نەك تەنیا لەڕێگەی دەرخستنی توانای مرۆڤایەتی بۆ لەناوبردنی خۆی(بۆمبی ئەتۆمی) کە لە ڕووی ئەزموونی و ئیمپریکییەوە تەواو بەڵگەنەویست و ڕێتێچووە، و ڕیزکردنی داتاکانی تری وەکو ناجێگیریی ژینگە، کەمبوونەوەی سەرچاوەکان، هەڵکشانی گەشەی دانیشتوان و هتد دەکات، بەڵکوو لەمەش گرنگتر، لەڕێگەی ورووژاندنی ئەو ئەرگۆمێنتە فەلسەفییەشەوە کە ناکرێت بیر لە مرۆڤایەتی بکەینەوە بە شێوەیەکی دابڕاو لە تواناکەی بۆ کۆتایی[و خۆلەناوبردن]. ڕەنگە ئەمە ئاسەوارێکی هایدگەریزم بێت لە سەر ژیژەك. بەڵام شتێکی تریش ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە ژیژەك بە ڕاشکاوی ڕێگەچارەی گۆڕانکاری و چاکسازییە بچووکەکان و پینەوپەڕۆکردنی کەلێنە هەرە ئاشکرا و تۆقێنەرەکانی سیستەمی کەپیتاڵیستیی(جیهانی) ڕەتدەکاتەوە. ئەو، لە کتێبی ***سەرەتا وەك تراژیدیا، دواتر وەك کۆمیدیا***، وا وەسفی ئەم جۆرە هەوڵانە دەکات کە لە بەرەنجامی کارەساتە کەپیتاڵیستییەکان دەدرێن کە داهاتوویەکی سۆسیاڵیستی لەبری داهاتوویەکی کۆمۆنیستی هەڵدەبژێرن. ئاخۆ ژیژەك دوای ڕەتکردنەوەی چاکسازییەکان لە سیستەمێکدا کە بەرەو کارەسات ملدەنێت، چ ڕێگەچارەیەك دەخاتەڕوو؟ ژیژەك، بە شێوەیەکی هەماهەنگ و یەکانگیر، لە هەر یەکێك لەو کتێبانەی ناومانبردن، ئاماژە بۆ "کارەساتگەرایی درەوشاو و

ڕۆشنگەر"[39]ی ژان پیێر دوپوی دەکات، و جووڵەیەکی پارادۆکسانەش تەرحدەکات کە تاقە ڕێگەی ڕاستەقینە بۆ ڕێگەگرتن لە کارەسات ئەوەیە حەتمییەتەکەی قبوڵبکەین.

"دوپوی ڕێگەچارەیەکی ڕادیکاڵ دەخاتەڕوو: مادام تەنیا کاتێك کارەساتەکە بەڕاستی ڕوویدابێت ئەوسا باوەڕدەکەین (و ئیتر زۆر درەنگە بۆ نواندنی کردە و ئەکت) ، دەبێت وایدابنێین سەروکارمان لەگەڵ بەرەنجام و پاشهاتەکانی کارەساتەکەدایە، **واقیعییەتی شتێك کە پێشوەختە ڕوویداوە بدەینە پاڵ کارەساتەکە**. هەموومان شارەزای ئەو جووڵە تاکتیکییەین: هەنگاوێك بگەڕێوە دواوە تا زیاتر بەرەو پێشەوە بازبدەیت؛ دوپوی ئەم ڕێکارە هەڵدەگەڕێنێتەوە: دەبێت بازبدەینە نێو پاشهات و بەرەنجامەکانی کارەسات تاکو بتوانین هەنگاوێك لە لێواری کارەساتەکە بگەڕێینەوە دواوە. بە دەربڕینێکی تر، دەبێت کارەسات بە چارەنووسی خۆمان دابنێین". (جەختکردنەوەکە زیادکراوە)

گرنگترین خاڵی گفتوگۆکەمان لەو دێڕەدا، کە لە کەوانە وەرگیراوەکەدا بۆڵدمانکردووە، بەدیدەکەین: بە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆتایی کارەساتبار، جووڵەی ڕاستەقینەی سیاسی، یان لانیکەم دەستپێکی جووڵەیەکی وەها،



39 Enlightened catastrophism

دەکرێت وا وەسفی بکەین ئەوەیە" واقیعیەتی شتێك کە پێشوەختە ڕوویداوە بدەینە پاڵ کارەساتەکە." ئەوەی من جەختی لێ دەکەمەوە ئەوەیە: ئەگەر بێتو ڕەتکردنەوەکەی ژیژەك بۆ چاکسازییە بچووکەکان لە هەناوی کایەی سیاسیدا قبوڵبکەین، و سەرمایەگوزاری لەسەر گۆڕانێکی زۆر ڕادیکاڵتر بکەین، ئاخۆ ناتوانین بڵێین کە ئەوەی ژیژەك وەك جووڵەیەکی سیاسیی گونجاو تەرحیدەکات... جووڵەیەکی کۆمیدییە؟ ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستودرووست قسە بکەین ئایا ناتوانین بڵێین سیاسەت، کۆمیدیایە؟

من بەباشی ئاگام لە مەترسییەکانی بانگەشەیەکی وەهایە. سیاسەت، بە تایبەت سیاسەتی پەرلەمانتاری و هەڵبژاردنگەرا، و سیاسەتی میدیای جەماوەری، لەڕاستیدا شتانێکی زۆریان ناوناوە- قۆشمەیی، گاڵتەجاڕی، سێرك، لێبووکی، پێشبڕکێی پۆپولار و جەماوەریبوون و کۆمیدیا- واتە هەموو شتێك بێجگە لەوەی چالاکییەکی جدی بن. بە ڕاست و درووستیش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەر بەم چەشنەیە: سیاسییەکان لەڕێگەی نمایشکردنیان لە ژانرەکانی میدیای جەماوەرییدا وەکو تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت، بە شێوەیەکی حەتمی، لانیکەم لە دیوێکەوە، دەبنە کەسانی سەرگەرمکەر و کۆمیدی، یان درووستتر، ئەو سیاسییەی کە سەرگەرمکەرێکی باش نەبێت شانس و چانسێکی کەمی هەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە سیاسەتی فەرمییدا بە سەرکەوتوویی بمێنێتەوە.

بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە مەبەستەکەی منەوە نییە کاتێك دەڵێم سیاسەتی ڕاستەقینە، کۆمیدیایە.

**یەکەم**، چونکە کاتێك دەڵێم سیاسەت بە هیچ جۆرێك ئاماژە بۆ سیاسەتی پەرلەمانتاریی هاوچەرخ و سەرگەرمکەر ناکەم. **دووەمیش**، لەبەر ئەوەی مەبەستم لە کۆمیدیا شتێکی ناجدی نییە، مەبەستم لە شتێك نییە کە بێبەشە لە هەر جۆرە گرنگی و پەیوەستییەکی ئیتیکی یان کۆمەڵایەتی... باشە، لە گرنگیی سیاسی.

مەبەستم لە جووڵەی سیاسی شتێکە دەکەوێتە پێش هەر سیاسەتێکی پەرلەمانتاری و نا-پەرلەمانتاریش، شتێك کە پەیوەستە بە کایەیەك کە پێش هەر فۆرمێکی بەرهەمهێنانەوەی نەزمی سیاسی، هەڵبژاردنگەرا یان بۆماوەیی بێت، دەکەوێت. کتومت بەو مانایە جووڵەی سیاسی بەکاردێنم کە ساتەوەختی دروستکردن و پێکهێنانی ئەو شتەیە کە "دواتر" دەبێتە مۆدێلی سیاسیی گشتیی کۆمەڵگای (جیهانی). بۆیە وشەی دواترم خستە نێو وێرگوڵەوە چونکە ڕوون و ئاشکرایە کە ساتەوەختێکی پێکهێنەر و فۆرمەتیڤی لەم چەشنە تێکڕای مێژووی ئەم مۆدێلە سیاسییە دیاریکراوە دەستنیشاندەکات، و لەنێو ئەو مێژووەشدا دەمێنێتەوە. ئەم ساتەوەختە کە مۆدێلە سیاسییەکە دیاریدەکات تەنیا بە مانا لۆژیکییەکەی، نەك بە مانا زەمەنییەکەی، "دەکەوێتە پێش" مۆدێلەکە. بە کورتی، کاتێك ئاماژە بە سیاسەت دەکەم ئەو شتەی کە

لە زەینمدایە ڕێك بریتییە لە توانای پێکهێنان یان گۆڕانکاری لە کایەی سیاسیدا. لە پەیوەندی بە کۆمیدیاشەوە، دەبێت لای هەمووان ئاشکرا بێت مەبەستم لەو شتەیە فۆلەر پێیدەڵێت ماتریالیزمی کۆمیدیا یان زوپانچیچ پێی دەڵێت تێکدەری[و شۆڕشگێڕیی] کۆمیدیا. دەبێت ئەوە ڕوون و ئاشکرا بێت کە مەبەستم لە کۆمیدیا شتێکە کە بەرپرسیارێتییەکی ئاشکرای تیایە، شتێك کە یارمەتیی هێنانەئارای پێکهێنانی کایەی سیاسی دەدات(نەك تەنیا لاقرتێ بە کایەکە بکات یان بە شێوەیەکی لاواز و دەستەپاچانە لە دەرەوە لەبارەیەوە بدوێت). لەڕاستیدا، ئەگەر ئەو وانەیەی لە تێگەیشتنی فۆلەر و زوپانچیچدا لەبارەی کۆمیدیا فێری دەبین ئەوە بێت کە کۆمیدیای ڕاستەقینە کۆمیدیایەکی سیاسی-پێکهێنەرە(فۆرمەتیڤ)، ئەوا ڕەنگە هەموو ئەو شتەی بمەوێت لەم خاڵەدا، لە پەیوەندیدا بە تێگەیشتنی ژیژەك لە کارەسات، بانگەشەی بۆ بکەم ئەوەیە کە شرۆڤەکەی ژیژەك بۆ سیاسەتی ڕادیکاڵ، شرۆڤەی شتێکە کە بە شێوەیەکی قووڵ کۆمیکاڵ و کۆمیدییە. تا ئەو ڕادەیەی بکرێت بوترێت سیاسەت و کۆمیدیا پەیوەستن بە کاتمەندی لاپرەسەنانەی دوای-کۆتایی، ئیدی هەردووکیان پەیوەستن بە یەکترییشەوە.

دەبێت خوێنەر ئاگاداری ئەوە بێت کە دارشتن و فۆرمولەکردنی کتومتی ئەرگۆمێنتەکە لە لای ژیژەك ناجێگیر و هەمەڕەنگە. لە برگەکەی سەرەوەدا، تێکڕای پرسی پرۆبلەماتیکی دەرگیربوون لەگەڵ کارەساتێکی چاوەڕێکراودا

بەهۆی تێگەی باوەڕکردن داڕێژراوە: هۆکاری ئەوەی بۆچی دەبێت واقیعیەتی شتێك بدەینە پاڵ کارەسات کە پێشوەختە ڕوویداوە لەبەر ئەوەیە "تەنیا ئەو کاتە باوەڕدەکەین کارەساتەکە بەڕاستی ڕوویدابێت". ئەم تێما هەمەگیرەی باوەڕ هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو شتەی وا ئالان بادیۆ پێی‌دەڵێت "ڕووداو" و باسەکەشمان دەخاتە پەیوەندییەکی نزیکەوە لەگەڵیدا. لەڕاستیدا، ژیژەك هەندێکجار وەها ئاماژە بۆ دوپوی و بادیۆ دەکات، وەکئەوەی بەفیعلی هەمان شت بڵێن: "لای بادیۆش، کاتی وەفاداری بۆ ڕووداو داهاتووی پێشووترە[40]: تێپەڕاندنی خودی خۆی لە بەرامبەر داهاتوودا، ئێستا بە تەرزێکی وەها دەجوڵێینەوە وەكبڵێی ئەوەی دەمانەوێت ڕووبدات پێشوەختە ئا لێرەیە [و ڕوویداوە]". ژیژەك ئەوە دەردەخات کە هەم بادیۆ و هەم دوپوی ئایدیای پارادۆکسیکاڵی داهاتوویەك کە پێش خۆی کەوتووە دەوروژێنن، ئەمەش دژ بە پارادایمی هێرمۆنۆتیکی کە گریمانەی چاوەڕێکردنی داهاتوو لە ئێستادا دەکات. بەهەرحاڵ، بە نیسبەت خودی ژیژەکیشەوە، بە تەواوەتی ڕوون و ئاشکرا نییە ئاخۆ ئەو داهاتووەی دەکەوێتە پێش خۆی، بەو مانایەی کە کرداره(سیاسییەکانمان) قاڵبڕێژ و دەستنیشاندەکات، وەك **ڕووداو** یان وەك **کارەسات** بیری لێ بکەینەوە. ژیژەك بە لە چوارچێوەدانان و تێکەڵکردنی پرسی پرۆبلەماتیکی ئەو داهاتووەی-کە-پێشوەختە- لێرەیە لەگەڵ تێگەی



40 Futur anterieur

باوەڕ، لەویەوەش داڕشتنەوەی تا ڕادەی دانانی پرسی گرفتسازی کارەساتی چاوەڕێکراو لەنێو پرسی پرۆبلەماتیکی وەفاداری، وادەردەکەوێت جارِ بۆ هاوشێوەیی نێوان **ڕووداو** و **کارەسات** دەدات. بەڵام ئایا ئەمە تاقە جووڵەی تیۆریی مومکینە؟ بۆ ئەوەی کەمتازۆر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، لێگەڕێن جیاکارییەکی کاتی بخەمەڕوو: لەکاتێکدا ئایدیای ژیانکردن لە دەرە-کات[41]، واتە زەمەنی دوای کارەساتێکی تۆقێنەر کە پێشوەختە ڕوویداوە، ئایدیایەکی کۆمیدییە، کەچی ناتوانین هەمان شت لەبارەی وەفاداربوون بۆ ڕووداوی بادیۆیی یان بۆ ئایدیای ڕووداوێك کە پێشوەختە ڕوویداوە، بڵێین. وەفاداربوون بۆ ڕووداو کۆمیدی نییە، لەکاتێکدا قبوڵکردنی کارەسات کۆمیدییە. ئاخۆ "وانەی کۆمیدیا"، جیاکردنەوەی کرداری سیاسی-فۆرمەتیڤ لە کرداری سیاسی-کۆنسەرڤاتیڤ، ئەوەمان فێرناکات کە نابێت بە کەم بڕوانینە جیاوازیی نێوان ڕووداو و کارەسات؟ ئاخۆ گرەو و جووڵەیەکی سیاسی کە کۆمیدی نەبێت، کتومت بە مانا پۆستکارەساتییەکەی، ئەسڵەن دەتوانێت بەشداری لە پێکهێنانی کایەی سیاسیدا بکات؟ ئەگەر ئەمە وابێت- ئایا تەواو ڕەوا و درووست نییە کە تێزە سیاسییەکەی ژیژەك لە چوارچێوە بادیۆییەکە جیابکەینەوە و بیخەینە نێو چوارچێوەی کۆمیدیاوە؟ بە کورتی، ئەمە ئەو شتەیە کە لە زەینمدا بوو کاتێك



41 Idea of existing in the extra-time

لە تێکستەکەی ژیژەکدا جەختم لەسەر ئەو ڕستەیە کردەوە کە هەر کردارێکی سیاسی-فۆرمەتیف سەرەتا دەبێت وای دابنێت ئەو کارەساتەی دەیەوێت ڕێگەی لێبگرێت یان خۆی لێ لابدات پێشوەختە ڕوویداوە. بانگەشەکە تەنیا ئەوە نییە کۆمیدیای ڕاستەقینە بە شێوەیەکی ئیمانێنت و خۆنشین سیاسییە، بەڵکوو سیاسەتی ڕادیکاڵیش، بە مانا فۆرمەتیڤەکەی، دەبێت شێوەی کردارێکی کۆمیدی بگرێتەخۆی، واتە، کردارێك کە نەك لە پرۆسەی خۆبەدیهێنانی، واتە، وەك پاشهاتی ئەم پرۆسەیە، نەزۆك و بێکەڵکی دەسەلمێت، بەڵکوو لە سەرەتای سەرەتاوە نەزۆك و بێکەڵك یان بێمەبەستە. بە دەربڕینێکی تر، هەم کرداری سیاسییانەی ڕەسەن و هەم جۆرە تایبەتەکەی کۆمیدیا دەبێت وایدابنێن و قبوڵی ئەوە بکەن کە خراپترین شت پێشوەختە ڕوویداوە، گەمەکە پێشوەختە کۆتاییهاتووە. زوپانچیچ، لە پەیوەندیدا بەو تەشویقەی[42] شانۆگەرییە کۆمیدییەکانەوە بەگشتی بەکاریدێنن، دەنوسێت: "پرۆتۆتایپی تەشویقی کۆمیدی بریتی نییە لە مەسەلەی ئەگەر و کاتی ئەوەی مێرد، دۆستی هاوسەرەکەی لە ژوورەکەیدا کەشفدەکات؛ بەڵکوو ئەو شتەیە کە دوای ئەو کەشفکردنە ڕوودەدات. بە دڵنیاییەوە، کۆمیدیا وەك ژانرێکی دراماتیکی دەکرێت بە باشی ڕێکارەکانی تەشویقی کلاسیکی لەخۆبگرێت، بەڵام دەبێت ئەم ڕێکارانە لە تەشویقی کۆمیدی جیابکرێنەوە، کە لەڕاستیدا

[42] Suspense

تەشویقێکی "پارادۆکسانەی دوای فاکت[ و ڕووداوە ]": تەنیا ئەو ساتەوەختە دەستپێدەکات کە کارەساتەکە (یان چەند بەشێکی) پێشوەختە ڕوویاندابێت.

دەبێت لەڕێگەی ئەو بەرچاوڕوونییانەی زوپانچیچ لەبارەی تەشویقی کۆمیدی پێماندەڵێت، لە چەمکی پرسی سیاسی لە لای ژیژەك تێبگەین. ئەمە مەسەلەی باوەڕکردن، پاراستنی باوەڕ یان ڕەفتارکردن بە گوێرەی باوەڕ نییە- ئەگەرچی تەنانەت، دیارە، ژیژەك مەبەستی لەو شتە نییە کە ئێمە بە شێوەیەکی نەریتی و گشتی وەك باوەڕی دینی لێی تێدەگەین، بەڵکوو شێوەیەکی چەمکە بادیۆییەکەی وەفاداربوونە. هیچ پەیوەندییەکی بە باوەڕ، هیوا، ترس یان هیچ چەمکێکی تر نییە کە پێشگریمانەی ماوەیەکی زەمەنی دەکات کە تیایدا دەکرێت ڕێگە لە ڕوودانی شتە حەتمییەکە بگیرێت. بەڵکوو کردارێکی سەرتاپا ئازادە، واتە، کردارێك کە لە کۆتوبەندەکانی ماوەی زەمەنی دەربازبووە، چونکە خراپترین شت پێشوەختە ڕوویداوە، نە هیچ شتێك هەیە لێی بترسین، نە هیچ شتێکیش کە هیوای بۆ بخوازین، ئەگەر بۆ کۆتاجاریش بە زمانی بێکێت بدوێین، هیچ شتێکیش بوونی نییە کە چاوەڕوانی بکەین. ئەوەی دەمێنێتەوە، ناکۆتایەکی پەتییە، پێداگرییەکی ئەبەدی و نەمر نا، بەڵکوو پێداگرییەکی نەبەزیو. وانە سیاسییەکەی ***لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا*** بە تەواوەتی لەگەڵ وانە کۆمیدییەکەی سیاسەتی فۆرمەتیف هەڵدەکەوێت:

**" ئێمە خۆمان ئەو کەسانەین کە چاوەڕوانمان دەکردن".**

**سەرچاوە:**

After Catastrophe: From Beckett to Žižek: Gregor Moder. www.http://www.lineofbeauty.org

# ټېرامان

# ڕامان لە سەردەمی کۆرۆنادا

د. بەیان کەریمی

**پێشەکی**

دۆخی کۆرۆنایی بۆ بیرمەندانی سەردەم بە گشتی هەلێکی گرینگە بۆ تێڕامان و بیرکردنەوەی جیدی و پێداگرانە دەربارەی ئەو دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕامیارییانەی کە بە هۆی پەرەسەندنی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بە سەر جیهاندا زاڵ بووە. "ڤایرۆسی ئایدیۆلۆژیکی بیرکردنەوە" لە سەردەمی قەیراندا زیاتر لە هەر بژاردەیەکی دیکە بەستێنی سەرهەڵدانی دۆخی ئاوارتە (State of *Exception*) لەقاو دەدات. لەم سۆنگەیەوە شیکاری و خەسارناسیی هەنگاوەکانی دەوڵەت و میکانیزمی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە بەردەوامبوون و پاتەبوونەوەی دۆخی ئاوارتە

یەکێک لەو مژارە بەرچاوانەیە کە لەم ماوەیەدا مشتوومڕێکی زۆری لەسەر کراوە. لەم نووسینەی بەردەست هەوڵدراوە نەرینگەلی هەندێک لە بیرمەندانی سەردەم دەربارەی پاشهاتی سەردەمی کۆرۆنا و پاش کۆرۆنا بخرێتە بەر ڕاڤە و لێکدانەوە. ئاگامبێن، نانسی، ڤێرنۆ و ژیژەک دەربارەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دۆخی ئاوارتەدا چەندین وتار و نووسراوەیان ئاڕاستە کردووە کە تێیدا هەر دوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنی وەها دۆخێکیان ڕەچاو کردووە.

ئاگامبێن دوو وتاری دەربارەی دۆخی کۆرۆنایی نووسیووە کە تێیدا باس لە بەرهەمهێنانەوە(Reproduction)ی دۆخی ئاوارتە دەکات. وتاری دووهەم پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر ئەو ڕەخنە توندانەی کە بەرەوڕووی وتاری یەکەمی کرایەوە. بە گشتی لە هەر دوو وتارەکەدا کۆرۆنا وەک دۆخێکی ئاوارتە ناوزەد کراوە کە تێیدا دەوڵەت بە شێوازێکی زێدەڕۆیانە دۆخەکە مەترسیدار و نائاسایی لەقەڵەم ئەدات. مەبەستی دەوڵەت لە سازدانی ئەم دۆخە سڕینەوەی ماف و ئازادییەکانە و هەروەها پێکهێنانی مرۆڤێکی داڕووخاوە بۆ ئەوەی جەغز و بازنەی هێز و دەسەڵاتی خۆی سەرلەنوێ بەرهەمبهێنێتەوە. نانسی، ویرنۆ و ژیژەک سێ بیرمەندی ناسراوی سەردەمن کە کۆی نووسینەکەیان دەربارەی دۆخی کۆرۆنایی بەشێوەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵوێستەکانی ئاگامبێن لەم بوارەوە ئاخێز دەگرێت. هەر بەو

مەبەستەش دەتوانین هەڵوێستی سەرەکیی ئاگامبێن لەو دوو وتارەیدا لەسەر دوو ڕەهەندی دژبەر پۆلێن دەکرێن:

ڕەهەندی یەکەم سێ نەرینی ڕەخنەئامێز دەربارەی بۆچوونەکەی ئاگامبێن لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە: یەکەم، بە پێچەوانەی باس لە بەرژەوەندی دەوڵەت لەم دۆخەدا، لە ئێستادا داڕووخاوە خەمبارەکانی دۆخی ئاوارتە دەوڵەتانن (نانسی). دووهەم، لە سەردەمی کۆرۆنادا هێزی کار و هەنگاوەکانی دەوڵەت دەربارەی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار (Labor-Power) پێویستی سەرەکییە، نەک پاتەبوونەوەی چەمکی ئاوارتە کە ئاگامبێن شێلگیرانە لە هەموو دۆخێکدا پێداگریی لەسەر دەکات (ویرنۆ). سێهەم، نواندنەوەی ئاسایی‌بوونی پەتاکە نە تەنیا ڕێگای دەربازبوون لە دۆخی هەنووکە نییە، بەڵکوو قەیرانەکە بەرەو ئاقارێکی مەترسیدارتر دەبات (ژیژەک و نانسی). لێرەدا سێ پرسیاری سەرەکی دێتە گۆڕێ کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دژەکردەوە ناوبراوەکانەوە هەیە: ئایا لە دۆخی کۆرۆناییدا ئاوارتە دەبێتە ڕێسا؟ لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕاگەیاندنی دۆخی ئاوراتە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە کامانەن؟ هەنگاوەکانی دەسەڵات بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار چییە؟

ڕەهەندی دووهەم باس لە شرۆڤەی لایەنە ئەرێنییەکانی هەڵوێستی ئاگامبێن دەکات، ئەو بۆچوونەی خەسارەکانی بزربوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەروەها سنووردارێتی داسەپاو لە لایەن دەوڵەتەوە لەقاو دەدات (ژیژەک).

هەروەها دۆخی ئاوارتە بیرمان دەهێنێتەوە کە مرۆڤ هەمووکات پێویستی بە کارەسات هەیە تاکوو لەم ڕوانینەوە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای خۆی بناسێت. هەر لەم سۆنگەیەوە ژیژەک لە پرسیارەکانی ڕەهەندی دووهەمدا هاوڕا و هاودەنگی ئاگامبێن دەپرسێت: داخۆ هەڵاوێردە(Quarantine) خۆلیای ڕاستەقینەی دەسەڵاتە توتالیتەرەکان نییە؟ ئایا ئێمە خەریکی چوونە ناو دۆخی ئاوارتەین؟ لە کام لایەنی تەریکێتی(Isolation)دا دەتوانین دەلاقەی هیوا و ڕزگاری ڕەچاو بکەین؟

**ئاگامبێن: بەرهەمهێنانەوەی دۆخی ئاوارتە**

جۆرجیۆ ئاگامبێن(Giorgio Agamben) دەربارەی دۆخی کۆرۆنایی دوو وتاری بڵاو بۆتەوە کە جەخت لەسەر چەمک و تیۆری دۆخی ئاوارتە دەکات کە ساڵانێکە لێدوان و شیکاریی لەسەر ئەنجام دەدات. دۆخی ئاوارتە دۆخێکی نائاساییە کە تێیدا دەوڵەتان لەژێر ناوی بەرژەوەندی و قازانجی گشتی لە دانانی ڕێسا و بەربەستەکان زێدەڕەوی دەکەن و بەم چەشنە دیسانەوە هێز و دەسەڵاتیان زیاتر دادەسەپێنن. دۆخی ئاوارتە گۆڕەپانێک بۆ بەرگری کردن لە دیمۆکراسی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەردەوام لە بەرژەوەندی پانخوازەکاندا بووە. دۆخی نائاسایی چەشنێکی تایبەت لە یاسا نییە، بەڵکوو ناسێنەری سنووری چەمکی یاسایە. ئاگامبێن بۆ پێناسەی ئەم چەمکە ڕەچەڵەکناسیی مێژووی سیاسی ئەورووپای لێکداوەتەوە. لە دۆخی هەنووکەدا و بە سازبوونی هەلێکی دیکە بە نەرینی ئاگامبێن دەوڵەتان

توانیویانە بە چەواشەکردنی دۆخەکە چەشنێک مەترسی و تۆقان ساز بکەن و لەم هەلە پڕ لە قازانجەدا دیسانەوە دەسەڵاتی خۆیان نۆژەن بکەنەوە و شێوازێکی نوێ بۆ هەڵپەساردنی (Suspension) مافە گشتییەکان دابهێنن. دەسەڵات بە گەورەکردنەوەی دۆخی کۆرۆنایی هەنگاوی بەرەو تەسککردنەوەی ئازادی تاکەکان هەڵێناوە. ئاگامبێن بەپێی پەیامی ناوەرۆکی ڕاگەیاندراوی ئیتالیا پێی وایە هیچ جۆرە جیاوازییەک لە نێوان کۆرۆنا و هەڵامەتی ئاسییدا نییە کە هەمووساڵێک وڵاتانی جیهان ڕووبەڕوویی دەبنەوە[١].

هەر وەک ئاماژەمان پێکرد وتاری دووهەمی ئاگامبێن پەرچەکردارێکە بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی کە لەسەر وتاری یەکەم هاتۆتە گۆڕێ. ڕەخنەی سەرەکی لەم لایەنەوە، تووشبوونی ئاگامبێن بە جۆرێک وەهمی پیلانگێڕانەیە بەو بۆنەوە کە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان کۆرۆنا و نەخۆشیەکی ئاسایی دانەناوە و لە بەستێنی تیۆریدا بابەتەکەی بە لارێدا بردووە. ئاگامبێن لە وتاری دووهەمیدا بێ لە بەر چاوگرتنی ڕەخنەکان و هەروەها بێ هەڵسەنگاندی چەندێتی و چۆنیەتی پەتاکە، دیسانەوە شێلگیرانە لە ئایدیا سەرەتاییەکەی خۆی بەرگری دەکات. ئەوەش ڕاستەوخۆ لەم ڕستەدا بەرچاو دەکەوێت: ترس ڕاوێژکارێکی خراپە، بەڵام هۆکاری لەقاودانی گەلێک بابەتە کە ئێمە وادەنوێنین نابینرێن. [٢] دەرهاوێشتی ئەم دۆخە پێویستە ببێ بە

مژاری بیرکردنەوە، کاتێک مرۆڤ دەتوانێ بە شێوازێکی بەرهەست دۆخی ئاوارتە پێناسە بکات.

یەکێکیتر لە خەسارەکانی ئەم دۆخە جێگیربوونی ماشین لە جیاتی مرۆڤە کە تێیدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی توندئاژۆترین داڕووخان بە خۆیەوە دەبینێت. بە گشتی نکۆڵی ئاگامبێن دەربارەی گرینگایەتی دۆخەکە بە واتای بە هێندنەگرتنی ڕەخنەی جیدی و شێلگیرانەی ئەم بیرمەندە لە دەرەنجامە ئەخلاقی و سیاسییەکان نییە. بەڵکوو پاتەبوونەوەی ئەم بۆچوونەیە کە کۆمەڵگایەک کە هەمووکات لە دۆخی ئاوارتە بەسەردەبات، شیاوی ئەوە نییە کە بە کۆمەڵگای ئازاد ناوزەد بکرێت. داڵغەی سەرەکی ئاگامبێن بریتییە لەم پرسیارە: کۆمەڵگایەک کە تەنیا بەها و بایەخی زیندوومانە، دەبێ چۆن کۆمەڵگایەک بێت؟

**نانسی: ئاوارتەی ڤایرۆسی**

ژان لووک نانسی (Jean-Luc Nancy) یەکێک لە بیرمەندانی فەرەنسییە کە هەمبەر بۆچوونەکانی ئاگامبێن هەڵوێستی نەرێنی گرتووە. نانسی بە پێچەوانەی ئاگامبێن لەسەر ئەم باوەڕەیە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا پەیوەندی و لێکدانەوە تەکنیکییەکان بە هەموو چەشنەکانییەوە بە ڕادەیەکی بەرز و چاوەڕواننەکراو گەیشتووە و هەر لەم سۆنگەیەوە ئاوارتە دەتوانێ ببێتە ڕێسا (Rule). جگە لەوەی کە لە سەردەمی ئێستادا کۆی شارستانییەتێک ڕووبەڕووی تەنگەژە بۆتەوە و هەبوونی جۆرێک ئاوارتەی ڤایرۆسی لە

هەموومان‌دا حاشاهەڵنەگرە. لە دۆخی کۆرۆنایی‌دا حکوومەتەکان لە دۆخێکی نائاسایی و قەیراناویدان، بۆیە بەڕێوبەرانی خەمناکی دۆخی ئاوارتە سەرەتا دەوڵەتانن. [٣] نانسی سەرەڕای ئاماژە بە گرینگی چەمکی دۆخی ئاوارتە پاتەبوونەوەی ئەم ڕوانینە لە وەها دۆخێکدا نەهزراو و نەگونجاو دەزانێت. [٤] دۆخی ئاوارتە پێش تەشەنەسەندنی کۆرۆنا، ڤایرۆسی و جیهانگیر بووە و لەم نێوانەدا حکوومەتەکان خەسارێکی لە ڕادەبەدەریان بەرکەوتووە. بە نەرینی نانسی تۆڵەسەندن و هەڕشە لە حکوومەتەکان بەم بیانووە پێش ئەوەی کە ڕامانێکی ڕامیاری بێت، مانۆڕێکە بۆ بە هەڵەدابردنی زەینییەتەکان و لەم نێوانەشدا تەنیا دەرهاوێشتەی نەرێنی لێدەکەوێتەوە کە دۆخی بەرهەست چەواشە دەکات. نکۆڵی لە گرینگی و جیاوازی کۆرۆنا ناکرێ و ناتوانین وەک هەڵامەتێکی ئاسایی سەیری بکەین. هەموو زانیارییەکان دەیسەلمێنن کە هەتا ئێستا هیچ جۆرە دەرمان و کوتانێک بۆ نەخۆشییەکە نەدۆزراوەتەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە ئاوارتە خودی ڤایرۆسەکەیە.

### ڤێرنۆ: بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار

پائۆلۆ ڤێرنۆ (Paolo Virno) بیرمەندی ئیتالیایی یەکێکیتر لەو کەسانەیە کە شێلگیرانە لەقاوی دژوازییەکانی هەڵوێستی ئاگامبێن دەدات. ڕەخنەی سەرەکی ئەم بیرمەندە دەربارەی چەمکی ژین-سیاسەتە(bio-politics)، چەمکێک کە ئاگامبێن بە درێژایی مێژووی هزری خۆی پێداگری لێدەکات. بە نەرینی ڤێرنۆ، هەڵوێستی ئاگامبێن هیچ چەشنە بەرپرسیارەتییەکی سیاسی

لێ ناکەوێتەوە و بابەتی ژین-سیاسەتی تا ئاستی چەمکێکی بوونناسانە (ontological)دابەزاندووە. بەڵام کارتێکردنی ئەرێنی لە گۆڕەپانی ڕەخنەی سیاسیدا بە هەبوونی کەرەستەکانی کار بەرهەمدێت. چەمکگەلی دەرهەست لە وەها دۆخێکدا بانگەشەو و ڕاگەیاندنێکی نەشیاون. هەر بەو مەبەستە ڤێرنۆ هێزی کار بە بنەڕەت و بنچینەی ژین-سیاسەت ناوزەد دەکات و پێی وایە کە ژین-سیاسەت تەنیا یەکێک لە ڕەهەندەکانی کاریگەریی هێزی کار دێتە ئەژمار. [٥]

بەڵام کێشەی سەرەکی ئاگامبێن لێرەدا ئەوەیە کە هێزی کار وەک یەکێک لە لایەنەکانی ژین-سیاسەت ڕەچاو دەکات و ژین-سیاسەت وەک تاقە ویستگەیەکی هەمیشەیی سەیر دەکات کە بە ناچار هەموو ڕووداوەکانیتر دەبێ بۆ ئەو بگەڕێنەوە. هەر لەم ڕەهەندەشەوە ئاگامبێن لە پەرچەکرداری خۆیدا بۆ بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا دیسانەوە ژین-سیاسەت بە سەرچاوەی سەرەکی دەزانێ. بێ ئەوەی دۆخی داینامیکی هێزی کار و سەرمایەداری تاوتوێ و شیکاری بکات، وەک منداڵێکی تۆقاو کە لە کاتی ترساندا بەردەوام بانگی دایکی دەکات، دەڵێ: ژین-سیاسەت. [٥] جگە لە مژاری ناوبراو، ئاگامبێن هیچ چەشنە ئاماژەیەکی بە هەنگاوەکانی دەوڵەت بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار نەکردووە. هە روەها لە لایەکی دیکەوە ناتوانین تەنیا بە ڕوانینێکی ڕەشبینانە باسی بەرژەوەندی و دەسکەوتەکانی دەوڵەت لە دۆخی ئاوارتە بکەین. هەندێک جار دۆخی نائاسایی دەتوانێ بە پێچەوانەوە ڕەچاو بکرێت و خەسارەکانی تووشی دەسەڵات و سەرمایەداری ببێتەوە.

## ژیژەک: ڕزگاری لە ناخی تەریکێتیدا

سلاڤۆی ژیژەک(Slavoj Zizek) یەکێکیتر لەو بیرمەندانەیە کە دەربارەی دەرەنجامە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی دۆخی کۆرۆنایی چەندین وتار و لێکدانەوەی جیاوازی نووسیوە. ژیژەک جگە لە شرۆڤە و پەسەندانی دۆخەکە، هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دۆخی کۆرۆنا و پاش کۆرۆنا پۆلێنبەندی دەکات. پرسیاری سەرەکی ژیژەک ئەمەیە کە چۆن دەتوانین دژی ڤایرۆسێک شەڕ بکەین کە بە چەشنێکی نادیار لە ژیانێکی مشەخۆرانە بە شێوازێکی نەناسراو، شێلگیرانە بڵاو دەبێتەوە و پەرەدەستێنێت. بەرسیڤی ژیژەک بۆ ئەم پرسیارە گرینگە یەک وشەیە: تەریکێتی (Isolation). بەڵام تەریکێتی دەتوانێ لە دۆخی ئێستا و پاش کۆرۆناشدا لایەنی نەرێنی و خراپی لێبکەوێتەوە کە تەنانەت بیرکردنەوە لێشیان مرۆڤ تووشی تۆقان و تاسان دەکات. بە تایبەت خاڵی مەترسیدارتر ئەوەیە کە مرۆڤ لە دۆخی پاش کۆرۆناشدا گەڕانەوەی بۆ ئەم جۆرە ئەزموونانە لا ئاسایی بێت. تەنانەت پاش ئەوەی شەپۆلی کۆرۆنا بنیشێتەوە هەڕەشەکان بە شێوازی نوێ و تەنانەت مەترسیدارتریش سەرهەڵدەدەنەوە. بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین کە پەتا ڤایرۆسییەکان سەرەتایترین هەڵسووکەوتەکانمان لە گەڵ مرۆڤەکان و هەر وەها شتوومەک و کەلووپەلی دەورووبەرمان لە ژێر کارتێکردنی خۆیان دابنێن. ژیژەک بە نەرینی خۆی هەنگاوێک لە سەرووی ئاگامبێنیشەوە هەڵدەگرێت و پێی وایە تەنانەت جەستەی خۆشمان بەشێک دەبێ لەو گۆڕەپانەی کە دەبێ بەردەوام کۆنترۆڵی بکەین. بۆیە تەنیا دەوڵەت یان

ڕێکخراوەکانیتر نین کە بەرپرسیاری پشکنینی ئێمەن، بەڵکوو خۆشمان پاسەوان و چاودێری خۆمان دەبین[٧].

ژیژەک پێی وایە کە مانەوە لە ئاستی پەسندانی نەرێنی دۆخەکە ناتوانێ ڕێگا چارەی ڕزگاری بێت. هەر بەو مەبەستەش شرۆڤەیەک ئاڕاستە دەکات کە پێچەوانەی ڕەخنە پێشوەکان، بە تایبەت نەرینی ئاگامبێن ڕەچاو دەکات. هەندێک جار دەبێ هەڵپەساردن و لەمپەرە ئاوارتەکان ڕامانی جیدیمان تێدا ساز بکەن و ئاکامی ئەرێنی پاش خۆیان بەجێ بهێڵن. واتە لە دۆخی مەترسیدار و نائاسایی گەڕان بە شوێن دەلاقەکانی ڕزگاری مرۆڤ لە دڵی تەریکێتیدا، بەرپرسیارییەکی پێویست و گرینگە و دۆخە تۆقێنەرەکان هەمووکات ڕێگاچارەی ئاوارتە بەرهەم دەهێننەوە. بەو مەبەستەش ژیژەک سێ لایەنی ئەرێنی دۆخی کۆرۆنایی ڕەچاو دەکات: یەکەم نواندنەوەی شاری ووهان وێنەیەکی یۆتۆپیایی و چاوەڕواننەکراوی دژە سەرمایەداریی خولقاندووە کە بە دەگمەن لە ڕابردوودا بەم شێوازە بیندراوە. جیهانێکی خاڵی لە هێماکانی مەسرەفگەرایی و جوانی مەخولیایی شەقامەکان، پەیامێکی واتادار و دەگمەن ئاڕاستە دەکەن[٧]. دووهەم پەرچەکرداری هاودەنگ لە ئاستی جیهانیدا لە زۆربەی وڵاتان و یەکێتی و یەکگرتووی گۆڕەپانی گشتی زیاتر لە هەر بژاردەیەکی دیکە لە دەرهاوێشتە هێماییەکانی دۆخی ئاوارتە دێتە ئەژمار. هەر لەم سۆنگەیەوە گرینگترین ئاکامی دۆخی هەنووکە بە گۆڕانی پێکهاتەی حکوومەت و کۆمەڵگا کۆتایی دێت. سێهەم خاڵێکی

بەرچاوی دیکەی جیاوازیی ژیژەک لە گەڵ ئاگامبێن باس لە بەرژەوەندیی دەسەڵات لە دۆخی ئاوارتەدایە. ژیژەک دۆخی کۆرۆنایی لە بەرژەوەندی و قازانجی حکوومەتەکاندا ڕەچاو ناکات و پێی وایە دەرکەوتنی ڕەهەندگەلی ناکارامەیی و نەشیاوی کارکردی دەسەڵاتەکان بەرامبەر دۆخەکە نکۆڵی لێ ناکرێت. جگە لەوەی بەرهەمهێنانی سامان و سەروەتیش لە زۆربەی وڵاتان ڕاوەستاوە[٧].

پێویستە ڤایرۆسێکی ئایدیۆلۆژیک وەک ئەم پەتایە هەموومان تووشی خۆی بکات: ڤایرۆسی بیرکردنەوە و ڕامان دەربارەی کۆمەڵگایەکی جێگرەوە و دژبەر لە گەڵ دۆخی هەنووکە، کۆمەڵگایەک کە تەواوی ماکەکانی یەکێتی و هاریکاری جیهانی تێدا ڕەچاو بکرێت.

**دەرەنجامەکان**

١. دەربارەی دۆخی ئاوارتەی ئاگامبێنی، سەرەڕای هەڵە یان ڕاستبوونی ئاستی پەتاکە، دەبێ نەرینی ئەو لە سۆنگەیەکی دیکەوە شرۆڤە بکرێت. ئاگامبێن پێی وایە دۆخی ئاوارتە بۆتە پاڕادایمێکی ئاسایی بۆ دەوڵەتان کە بەرامبەر بە هەموو ڕووداوێک بە بیانووی ڕۆنانی یاسا و ڕێسای نوێ بۆ قازانجی گشتی، شێلگیرانە هێز و دەسەڵاتی خۆیان بەرهەمدەهێنێتەوە. تەنانەت بە داهێنانی چەمکگەلی دۆخی نائاسایی یان مەوادای کۆمەڵایەتی ئاوەز و مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگاش چاودێری دەکەن و بەرچاوترین دەرەنجامی ئەم کردارە سەرهەڵدانی سوژەی نیۆلیبڕاڵە کە تەنیا قازانج و بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆی ڕەچاو دەکات. بەڵام دەبێ ئەم پرسیارە

ڕووبەڕووی ئاگامبێن بکەینەوە کە داخۆ ڕاگەیاندنی ئاسایی دۆخەکە لە لایەن هەندێک دەسەڵاتدارانەوە تووشی هەمان دەرەنجامی نەرێنیمان ناکات کە لە دۆخی ئاوارتە ڕووبەڕووی دەبینەوە؟ وەک دەزانین هەندێ لە وڵاتان دۆخی ئاواراتەیان بە مەبەستی سیاسی یان بە هۆکاری دانەبەزینی پاشخانی ئابووری ڕانەگەیەندووە. پێویستە ئەم چەشنە هەڵوێستەش لە ئاستی دۆخی ئاوارتە لەقاو بدرێت و ڕەخنەی جیدی ئاڕاستە بکرێت. دژەکرداری دەوڵەتان لە هەر دوو ڕەهەندی ناوبراودا بە واتای هەڵپەساردنی ئازادی و مافی خۆپاراستن دێتە ئەژمار.

٢. دەکرێ لێکچوویی نانسی، ویرنۆ و ژیژەک لە چەند ڕەهەندەوە تاوتوێ بکرێ. سەرەتا دەربارەی پاتەبوونەوەی دۆخی ئاوارتە پێیان وایە سەرەڕای گرینگی چەمکەکە، ڕێگاچارەی دەربازبوون لەم قەیرانە، نواندنەوەی ئاساییبوونی دۆخی ئاوارتە نییە. پاشان دەرەنجامەکانی دۆخی ئاوارتە بە پێچەوانەی لێکدانەوەی ئاگامبێن بریتین لە: دەوڵەتان وەک بەڕێوەبەرانی خەمباری دۆخی ئاوارتە (نانسی)، سەرێتی کەرەستەی کار و بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار بە سەر چەمکی ژین- سیاسەت لە دۆخی ئاوارتەدا (ویرنۆ)، ڕزگاری لە چنگی سەرمایەداری جیهانی و ڕێکخستنەوەیەکی نوێی ئابووری جیهانی (ژیژەک).

٣. ژیژەک و ئاگامبێن دۆخی کۆرۆنایی وەک نموونەیەکی دەگمەن بۆ نواندنەوەی دۆخی ئاوارتە ناوزەد دەکەن. قەیرانەکان باشترین دەرفەتن بۆ سەرهەڵدانی بارودۆخی جیاواز و لەم سۆنگەیەشەوە ترس و ڕامان لە

سەردەمی کۆرۆنادا دەبنە هۆکاری لەقاودانی هەموو ئەو کێشە و لەمپەرانە کە هەمووکات وادەنوێنن کە نایانبینین.

٤. لە کۆتاییدا گرینگترین ئاکام و هەنگاوی ڕامانی ڕەخنەئامێز لە دۆخی کۆرۆناییدا دەبێ ئەم پرسیارە گرینگە بێت کە دروشمی خۆپاراستن و لە ماڵمانەوە دەبێ لە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسییەکانەوە شرۆڤەی بۆ بکرێت و خودی دروشمەکە بکرێتە مژاری شیکاری و ڕەخنەی جیدی. پابەندبوون بە ڕێنوماییەکان و خۆپارێزی، یەکەم گورزی خۆی لە جەستەی هەژاران دەدات. مەخابن هەموو نەهامەتییەکان لە شەڕ و کارەساتە سرووشتییەکان هەتا پەتا و نەخۆشییەکان هێرشی دڕندانە دەکەنە سەر کرێکاران. لەم سۆنگەیەوە هەنگاوەکانی دەوڵەتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ وەها پرسێکی جیدی بە چ شێوازێک دەبێت؟ دەرەنجامی بیرکردنەوە و تێڕامان لە دۆخی کۆرۆنایی و قەیران بە گشتی، دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگا و هەموو ئەو ئاڕاستانە بکات کە دەرفەتی بەهێزکردنی گۆڕەپانی گشتی دەڕەخسێنن. لەم سۆنگەیەشەوە جیهانی دۆخی کۆرۆنایی پێویستە مرۆڤانەتر بکرێتەوە.

## سەرچاوەکان:

- Giorgio Agamben: *The invention of an Epidemic,* http://www.journal-psychoanalysis.eu/cornavirus-and-philosopher/
- Giorgio Agamben: “Clarification”, http://www.journal-psychoanalysis.eu/cornavirus-and-philosopher/
- Jean-Luc Nancy: *Viral Exception,* http://www.journal-psychoanalysis.eu/cornavirus-and-philosopher/
- Jean-Luc Nancy: *A Much Too Human Virus,* http://www.journal-psychoanalysis.eu/cornavirus-and-philosopher/
- Paolo Virno: Interview with Paolo Virno, *General Intellect, Exodus, Multitude, https://www.generation-online.org/p/fpvirno2.htm.*

- Slavoj Zizek, Th*e End of the World as We Know It: https://www.welt.de/kultur/article206269547/Corona-Epidemic-The-End-of-the-World-As-We-Know-It.html*

- Slavoj Zizek: *My Dream of Wuhan, https://www.reddit.com/r/CriticalTheory/comments/f04j3f/slavoj_zizek_my_dream_of_wuhan/*

# ناشوێنی کۆرۆنا و شوێنی ئێمە

د. مەسعوود بینەندە

**(١)**

لە سەردەمی سەرشێتیی دەیتا و زانیارییەکاندا پێویستە بە خاکەڕاییەوە بڵێین کە تووشی نەزانینێکی دووچەندان و ئاپۆریک هاتووین[٤٣]. ئەگەرچی ئێمە هەمیشە لە ژێر گوشاری بوولێڵ و نادیارێتیی مەیلی ئەویدیی مەزندا ڕاهاتووین بەڵام تەمی ئەم سەردەمە و ڕادەی نادیارکەوتنەکانی ئەویدی، دیاردەیەکی ئێجگار جیاوازە و گێژاو و تەنگژەکان تا دێت بەرین و بەرینتر دەبنەوە. زانای مەزن و شۆڕەسواری ئەم گۆڕەپانە گوتاری زانستە کە لە



[٤٣] **ئاگنۆستیزم**؛ کەس‌نەزانی یان نازانمگەریی، بە گشتی ڕەوتێکی فەلسەفییە کە سەرەڕای قبووڵکردنی جیهانی واقیع و هەندێ لە ڕاستییەکانی، خۆی لە ئاست حەقیقەتە مەزنەکان و دیاردە ئاڵۆزەکان بە نەزان دەداتە قەڵەم و گومان و ئەگەرمەندی لە جێگای بڕوای ڕەها و دۆگما ڕەچاو دەکات.

ڕاستیدا جێگرەوەی **چاوی هەمەبینی خودا**(all-seeing-eye of god)ی سەردەمی ڕابردووە. گوتاری زانستی بڕیاری داوە بەپێی چاوە دووربەڕ و وردیلەبینەکانیەوە لە شێوازی سیستەمێکی **سەرانسەربین**(panopticon)دا هەر چەشنە جووڵە و گۆڕانکارییەک چاوەدێریی بکات و هەموو فاکتێک لە ڕەوتی نواندنەوە و پرۆسێسینگی خۆیدا واتادار و هۆکاردۆزیی بکات. فەشەلی سەرەکی و پارادۆکسی بنەڕەتیی گوتاری زانستی لە بانگەشەی هۆش و لێزانیندا ئەوەیە کە ڕەگەزی نەزانین و بێهۆشیی ناودڵی خۆی نابینێتەوە و ناتەواویی خۆی هەست پێ ناکات. ئادۆرنۆ دەڵێت ئەوەی کە هوشیاری(بەهۆشی) دەبێ بە دەبەنگی، لە ڕەوتی مێژووییدا دیاردەیەکی بنەڕەتییە؛ بۆ نموونە گوتاری عەقڵی بۆرژوازی و حسێبگەرانەی بازاڕ بانگەشەی تەواوکۆیی و ئالۆویێری بەرابەر دەکات بەڵام نابەرابەریی و مەودای چینایەتی لێ دەکەوێتەوە[44]. بانگەشەی تەواوکۆیی عەقڵی بۆرژوازی لە سەرهەڵدانی فاشیزمدا وەکوو **دەردئاماژە**(symptom)ی ئەو عەقڵە پاوانخوازە فەشەلی هێنا و ناتەواوییەکانی ئەو گوتارەی زەقتر کردەوە. لەم سەردەمەدا **نیگای تێڕاماوی**[45] (gaze)ی فاشیزمی کۆرۆنایی، ناتەواوییەکانی

---

[44] **ئادۆرنۆ** و **هۆرکهایمێر** لە کتێبی **دیالێکتیکی ڕۆشنگەری**دا ئەم باسە دەورووژێنن.

[45] **لاکان** جیاوازی دادەنێ لە نێوان **چاو** و **نیگا**، و پێی وایە نیگا لە لایەنی سووژەوە نییە بەڵکوو نیگای تێڕاماو لە لایەنی ئۆبژەوە دەهاوێژرێ. نیگا هێمای خاڵێکی کوێر و نەبینراوە کە لەوێوە وێنە، خودی بینەر دەکێشێتەوە. هیچ هاوسەنگییەک لە نێوانی چاوی سووژە و نیگای تێڕاماوی ئۆبژەدا بەدی ناکرێ. ئۆبژە لەپێشدا سووژەی خستۆتە داوی نیگای خۆی، کەوایە خەیاڵگەردانی

"چاوە-خودای زانست"ی بۆ جارێکی دیکە ڕوون کردۆتەوە و کوێرایی ئەم گوتارەی دەرخستووە. پارادۆکسی چاوی زانستی لێرەدا ئەوەیە هاوکات کە ڕووداو دەبینێ و دەتوانێ بە زمانی خۆی لەسەری بدوێ بەڵام ناتوانێ ڕەگەزی **ڕووداوەمەندیی ڕووداو** بناسێت و لایەنی ئاڵۆز و پەڕیوەی، لە بەزمی هێماییینی خۆیدا واتاچن و گیرۆدە بکات. نیگای تێڕاماوی سرووشت کە لە خاڵێکی کوێر و نادیارەوە دەڕوانێت "چاوی زانست"ی تووشی شەوارە کردووە، هەر بۆیە ئەم چاوە بەتەواوی چەتەیی و چنۆکییەکانییەوە ناتوانێ ئەو گۆشەنیگایە بۆخۆی دەستەبەر بکات و لەوێوە ئۆبژەی خۆی ببینێتەوە. مەیلی تەواوگرانەی چاوی زانست، بۆشایی و سیاچاڵی نیگای سرووشت بە ڕێتۆریکی فرەبێژانەی خۆی پڕ دەکاتەوە و لە ڕێگای وەهمی ئاکادێمیک و **توندووتیژیی هێمایین**[٤٦] (symbolic violence)، خۆی لە ئاست کەلێن و ناتەواوییەکانی، نابەرپرسیار و نەبان دەکات. سووژەی زانست کە توانای نواندنەوەی ئۆبژەی سرووشتی پێ نەماوە، پەنا دەباتە **دیهاوێژی**(projection)یەکی **کەرەسەمەندانە**(instrumental) و پارانۆیید، و بە عەقڵێکی فاشیستی و هەمەخۆر لەگەڵ سرووشت ڕووبەڕوو

بریتی نییە لە ڕاکێشران بەرەو دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بەڵکوو نیگایەکی وەهمی و نادیارە کە چاوی بڕیوەتە ئێمە؛ واتە نیگای ئەویدیی مەزنە.

[٤٦] چەمکێکی **بۆردیۆیی**؛ بەواتای چەشنێ توندووتیژیی شاراوە و هەستپێنەکراو کە بە شێوەیەکی پێکهاتەیی ڕەوایی پێدراوە و لەلایەن بکەر و وەرگریەوە بە ئاسایی و پێویست دادەنرێ. سیستەمی پەروەردە و هەروەها میدیاکان مەکۆی نواندنی ئەم چەشنە توندووتیژییەن.

دەبێتەوە. لەم دۆخەدا سووژەی پارانۆییدی زانست، بە وتەی ئادۆرنۆ، تێڕامان لەسەر خۆی دۆڕاندووە و لە جێگای دەنگی ویژدان دەنگی وەهم و **ئەوانییەکان**(outsiders)ی بەگوێدا دەچرپێ. هەرچی سووژە لە تێگەیشتن و تێڕامان لەسەر خۆ، دوورتر دەکەوێتەوە، زۆرتر لە لیتاوی دەبەنگی و پراگماتیزمی پەتی و نەخۆش‌ئاسادا ڕۆ دەچێ. کاتێ ستەیتەکانی داگیرکاریی سروشت و کۆمەڵگا، پەرەدەستێنێ و هاوکات ڕادەی ئاڵۆزکاوی و پێچهەڵپێچییان بەرفراوانتر دەبێت، خاڵە نەبینراوەکان و ناشوێنە سەربزێوەکانی ئۆبژەی سرووشت تەشەنە دەکەن و بەشێوەیەکی ڕیزۆماتیک لە جەستە و هەناوی دەزگاکانی دەسەڵاتەوە دەئاڵێن. لە هەڕەتی سەرهەڵدانی کارەساتدایە کە ئەم ڕاستییە سەرەکییە ئاشکرا دەبێت: عەقڵی ئامێرمەند و **پەڕزمانی زانست**[٤٧](meta language)، لە لایەن هۆش و زیرەکی خۆیەوە تووشی شکست هاتووە.

**(٢)**

کارەسات لە ناهاوسەنگیی بنەمایی سووژەی فاشیستیی داگیرکار و ئۆبژەی سرووشتیی داڕووخاودا دێتە ئاراوە؛ بە دەربڕینێکی کلاسیک واتە کاتێ کۆیلەیەک بۆ ناسینەوەی سەروەریی ئەرباب لەئارادا نامێنێ. چیدی

---

٤٧ **زانست** زمانێکە کە بانگەشەی پەڕزمانبوون دەکات واتە پێگەی خۆی لە سەرووی هەموو زمانێکەوە ڕەچاو دەکات و بەم چەشنە ڕەوایی بنەڕەتیی بۆ خۆی لەبەرچاو دەگرێت.

فۆرموولّی کلاسیکی ئەرباب-کوێلە و مشتومڕی بێ کوتاییان ناتوانێ پێوەندی ستەیتەکانی دەسەڵاتدار و ئۆبژەی سرووشت لەم سەردەمەدا بنوێنێتەوە. مرۆڤی سەردەم بە دەستێوەردانی پێگەی لەجیهانبوون( being in the world)ی خۆ، بەرەو نەمان و برزکردنی ئەویدییەک دەڕواتە پێش کە تا ئێستا وەکوو چەشنێک پشتیوانی بوونناسانە دەوری نواندووە. ئەم بزربوونە سەرووتر لە "مردنی بابی مەزن"ی ئاماژەپێدراوی نیچە و "توانەوەی هەموو شتە پتەو و تۆکمەکان[48]"ی بەرئاماژەی مارکس، بزربوونێکی بنەڕەتییە کە هیچ جێگرەوەیەکی بۆ ڕەچاو ناکرێت. نە سەرهەڵدانی ژەقەرمرۆڤ و سەنگاندنەوەی بایەخەکان، و نە مرۆڤی داهێنەر و ڕزگاربووی کۆمەڵگەی یەکسان، بەرگەی ئەم شاڵاوە نانیشتووە ناگرن کە لە بۆشایی و نەمانی "ئەویدیی سرووشت"[49]ەوە سەرچاوەی گرتووە. غیاب و بزربوونی ئۆبژەی سرووشت لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکی مەزندا هاتۆتە ئاراوە. بەڕای من پارادایمی **ژین-سیاسەت**(bio-politics) گۆڕدراوە بۆ **فەزا-سیاسەت**(space-politics)؛ واتە چیدی **جەستەی ئاناتۆمیکی مرۆڤ** و **جەستەی دیمۆگرافیکی جەماوەر** وەکوو یەکەیەکی خاوەن پێگە و سنووری دیاریکراو لەئارادا نەماون. ئەگەر لە قۆناغی ژین-سیاسەتدا هەموو **هەبوونایەتی**(entities)یەک ڕۆ دەچێتە قاوغی جەستەی بایۆلۆژیک و هەرچەشنە سیاسەتێک دەبێ بە بایوسیاسەت؛ لە سەردەمی فەزا-سیاسەتدا



---

[48] All that is solid melts into air (Karl Marx).

[49] سرووشت واتە سرووشتی هاوبەشی مرۆڤ و تەبیعەت.

کۆمەڵگای جەستە(کان) لە جەستە-کۆمەڵگایەکی **سایبۆرگ**[٥٠](cyborg)ی و **سایبێرسپەیس**(cyberspace)[٥١]یدا دیهاوێژی و هاوشێوەسازی دەکرێن. لەم ڕەوتەدا کە دەکرێ بە **کۆتایی سرووشت**[٥٢] ناوی بهێنین جەستە لە پێوەندی لەگەڵ سایبێرسپەیس و **هۆشی دەسکرد**[٥٣]دا سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە و لە نەرمەئامێرێکی مێتابوولیکی و پرۆگرامێکی سایبۆرگیدا دەنووسرێتەوە. جەستە-کۆمەڵگا دەبێتە ئۆبژەی دەستێوەردان و گۆڕانکاری و لە ڕێگای تێکدان و پێکەربەندیی بەردەوامەوە شوناسێکی ناجێگرتووی دیجیتاڵی و ژێنێتیکی وەردەگرێت. ماتریسی فەزا-سیاسەت بەم چەشنە کۆمەڵگا لە شوێنکاتی کلاسیکی خۆی واتە هاوسەنگیی **خێزان-کۆمەڵگای مەدەنی-دەوڵەت** دەترازێنێ و لە فەزا-فراگمێنتێکی ناهاوسەنگ و بگۆڕدا دیهاوێژی دەکات. **دۆخی ئاوارتە**[٥٤](state of exception)ی ئێستا



---

٥٠ بوونەوەرێک کە لە پێوەندی و تێکەڵبوونی ئۆرگانیزمی زیندوو و ماشین بەرهەم دێت.

٥١ تۆڕێک لە پێوەندییەکان کە لە ڕێگای دەزگا پێوەندیگەرەکانەوە وەکوو کەمپیۆتەر و هەروەها لە فەزای ویرچواڵدا دەبەسترێ.

٥٢ **کۆتایی سرووشت** یان داڕشتنەوەی مرۆڤ و سرووشت لە شوناسێکی جیاوازدا؛ شوناسێکی بزربوو ونادیارکەوتوودا

53 Artificial intelligence

٥٤ **ئاگامبێن** لە تێزەکانی **شمیت** و **بێنیامین** بۆ پێناسەی دۆخی ئاوارتە کەڵک وەردەگرێت و پێی وایە دۆخی ئاوارتە نە بۆشاییەکی ڕووی ناوەوەی قانوون و نە شتێکی دەرەوەی قانوون بەڵکوو مەودایەکی نادیارە کە تێیدا جیاوازی قانوون و پەرقانوون، ناوەوە و دەرەوە، یاسا و توندووتیژی بەتاڵ دەبێتەوە. کەوایە دۆخی ئاوارتە لە ڕێگای میکانیزمی سڕینەوە-تێکەڵکردنەوە، ئاوارتەی ژینەوەریی ڕووتەڵ، مەرگ و توندووتیژیی تێکەڵ بە بازنەی قانوون و پانتایی سیاسەتی سەردەم دەکات.

بەئەنجامگەیشتنی ڕاستەقینەی فەزا-سیاسەتێکە کە جەستەی تێکچڕژاو و هەلاهەلای کۆمەڵگای مەدەنی لە کوولاژێکی فرانکشتاینیدا بەرهەم دەهێنێتەوە. **ئەندامە بێجەستەکان**[55](organs without body)ی کۆمەڵگا کە ئاکامی دەستێوەردانی سرووشت و کاردۆژەکردنی کرۆکی مرۆڤەکانن، لە شێوازی زامبییە زامدار و نەخۆشەکاندا دەگەڕێنەوە و ژینی کۆمەڵگا لە شێوازی دۆخی ئاوارتە و **ژینەوەریی ڕووتەڵ**[56](bare life)دا بەردەوام دەکەن. مێردئەزمەی ڤایرۆسی وەکوو سیپمتۆمی فەزا-سیاسەت، لە پاتەبوونەوەیەکی بێکۆتاییدا هێرش دەکاتە سەر دوو ڕەهەندی سەرەکیی بابەتی سیاسی واتە **شوێنی بەگشتیبوون** و **ساتی ڕووبەڕووبوونەوە**، و بەم چەشنە شوناسی یەکگرتوو و پراکتیسی کۆمەڵایەتی بەرەوڕووی تەنگژە



[55] **دۆلووز** باسی "**جەستەی بێئەندام**" دەکات و پێی وایە ئەم جەستەیە شێوازێکی دیاریکراوی نییە و بەپێچەوانەی جەستەی ئۆدیپی کە ئاڕاستەی هەست و کردەوەکان دیاری دەکات، کۆمەڵێک هێزەکیبوونە کە بە بێ هەرچەشنە کرۆک و ڕێسایەکی دیاریکراو لە حاڵی گۆڕانی بەردەوامدایە. **ژیژەک** فالۆسی لاکانی بە "**ئەندامی بێجەستە**" و دالی کاستێرەیشن نێودێر دەکات و بە ڕاڤەیەکی پۆستئۆدیپیی کارکردی جیاکاری و بەستێنسڕینەوەی بۆ ڕەچاو دەکات. مەبەستی من لێرەدا هیچکام لەو خوێندنەوە پۆزەتیڤانە نییە بەڵکوو ئەندامی بێجەستە لای من چەشنێک لەخشتەبردنی یەکگرتوویی کۆمەڵگا و هەلاهەلاکردنی بابەتی گشتی و هاوگرتووە.

[56] لە پێناسەی **ئاگامبێن**دا سنووری نێوان پۆلیس و ئۆیکووس، مەودای نێوان بایوس و زۆئە؛ فەزایەکی لیمیناڵ کە مرۆڤ تێیدا تا ئاستی جەستەی بایۆلۆژیک دادەشکێت و گیرۆدەی دۆخی ئاوارتەی حاکم و توندووتیژیی قانوون دەبێت. جەستە لە پێگەی ژینەوەریی ڕووتەڵدا بەردەوام لەهەڕەشەی مەرگدا دەژیت و سنووری نێوان کوشتن و قوربانیکردن تێیدا تێکەڵ دەبێت.

دەکەنەوە. لەم هێرشەدا شوێن و **دیشوێن**(heterotopia)[57]ەکانی ژیانی ئاسایی دەبن بە **خراپەشوێن**(dystopia)[58]ەکانی ڕوودانی کارەسات؛ و ساتی ڕۆژانە و کارناواڵی دەگۆڕدرێن بۆ زەمەنی مەرگەسات و **مۆمێنتی قەرەبوونەکراوە و بێئامانجی ڕەنج**(dysteleological suffering)ی ژێردەستە و چەوساوەکان. داو و بۆسەی گیرۆدەبوون-مردنی ڤایرۆسی، جەستەداربوونی دۆخی ئاوارتە و ڕووخسارمەندبوونی ژینەوەریی ڕووتەڵە، کە مرۆڤەکان لە جەغزی ڕەنجی جەستەیی و ئازاریی هێماییندا ئابلۆقە ئەدات. مرۆڤی کۆرۆنایی لە مەرگی هێماییەوە بەرەو بزربوونێکی تەواو ڕادەنرێت و لە ئەزموونی ڕێسامەندی مەرگ بێوەری دەکرێت. لێرەدا ئەو بڕیارە دژە هایدگێرییە بەشێوەیەکی دژواز خۆی دەنوێنێ کە ئەوە نامومکینی مەرگ و ژینەمەرگی بەردەوامە کە بڕگەکانی ئازاری ژیان تۆمار دەکات نەوەک ئیمکانی مەرگ. مرۆڤی کۆرۆنایی هاوکات مافی ژیان و مافی مەرگی لێ زەوت دەبێ و بەم چەشنە چارەنووسێکی تراژیک نومایش دەکات کە تێیدا فۆرمی تراژیک پووچەڵ دەبێتەوە و هیچ فۆرمێکی دیکەش ناتوانێ ڕەوتی گێڕانەوەی ئازاری قوربانی وەئەستۆ بگرێ. ئەم کارەساتە **ڕابوونی**



[57] هێترۆتۆپیا لە پێناسەی فۆکۆدا بە پێچەوانەی یۆتۆپیا کە لەهیچ شوێنێکدا بوونی نییە بریتییە لە حوزووری حەقیقەتی یۆتۆپیا لە پێگەیەکی شوێنمەند و دیاردا. دیشوێن شوێنێکی واقیعییە بەڵام بۆ جۆرێ لە پەراوێزی کۆمەڵگای فۆرماڵ و جێگرتوودایە. زیندان، ئاسایشگەی بەساڵاچوان، بار و خواردنگەکان و هتد هەندێ لەو دیشوێنانەن کە ئاماژەیان پێ دراوە.

[58] دیزتۆپیا واتە شوێنێک کە هەموو شتێ تێیدا خراپە.

**فالۆسی جەستە**[59] یان تۆڵەسەندنەوەی دەستی سرووشت نییە بەو واتا باوەی کە هەبوونایەتییەکی زیندوو و ئامادە(present) بەنێوی سرووشت لە ئارادابێت و بۆ هێنانەوەی هاوسەنگی و بەڕێوەبردنی **عەداڵەتی ئیلاهی**(theodicy) سزامان بدات. بەپێچەوانەوە کارەساتی کۆرۆنایی لە نەمان و بزربوونی سروشتی مرۆڤ و تەبیعەت ئاخێز دەگرێت، بۆشاییەک کە وەکوو **دەنگی بێدەنگدەر**[٦٠](voice acousmatique) کە لە مەودای نێوان دوو مەرگدا جێگای گرتووە، بۆسە و هەڕەشەیەکی ناشوێندار و هەمیشەیی بەسەرماندا زاڵ کردووە. بۆشایی و بزربوونی سرووشت مەترسییەکی هەرەمەزنە کە لە گەڕانەوەی هەتاهەتایی ترۆمای ڤایرووسیدا، جەستەی لەسیاسەتداماڵراوی کۆمەڵگا بەردەوام دەکاتە ئامانج، و لۆژیکی زامبیایی پاتەبوونەوەی مەرگ و زیندووبوونەوی بەردەوام بەسەریدا دەسەپێنێت.

**(٣)**

کارکردەکانی ژین-سیاسەت لە پانتایی فەزا-سیاسەتدا کۆتایی نایەت بەڵکوو لە بەستێنێکی فەزایی(spatial) و بێسنووردا بڵاوەیان پێ دەکرێ و بەپێی مەنتقی فەزایی چالاکتر و بەربڵاوتر دەبنەوە. ئاپۆریای جەستە-سیاسەت لە

[٥٩] **ئاگۆستین** پێی وایە **فالۆس**(زەکەر) ئەو بەشە لە جەستەی مرۆڤە کە لەژێر کۆنترۆڵیدا نییە، ئەو شوێنەیە کە جەستە بۆ هۆی خۆبایی نابەجێی مرۆڤ، تۆڵەی لێ دەکاتەوە. کەوایە **ڕابوونی فالۆسی** جەستە واتە داڕووخانی دەسەڵات و شکۆی پڕووپووچی مرۆڤ.

[٦٠] **دەنگی بێدەنگبێژ** دەنگێکی سەرگەردانە و تاکوو جەستەمەند نەبێتەوە؛ واتە زاری خۆی نەدۆزێتەوە، وەکوو هەڕەشەیەکی مەترسیدار بەردەوام لە بۆسە و کەمیندایە.

ژین-سیاسەتدا خۆی لە فیگۆری هۆمۆساکێر و ژینەوەریی ڕووتەڵدا دەنوێنێ؛ واتە سیاسەت دادەشکێتە ئاستی جەستەی بایۆلۆژیک، و دۆخی ئاوارتە و توندووتیژیی قانوون جێگیر دەبێت. لە فەزا-سیاسەتدا جەستەی ئۆرگانیکی بڵاوەی پێ دەکرێ و فراگمێنتی و پچڕپچڕ دەبێتەوە؛ واتە بەشێک لە جەستە لە دەرەوەدا و لە فەزای مەجازی، ئامێری پیزیشکی، کۆدی بایوژێنی، وێنە سینەمایی و فۆتۆگرافییەکاندا ڕۆ دەچێت. ئەم فەزا بگۆڕ و ناسەقامگیرە بەردەوام هەبوونایەتیی مرۆڤ بەرەو وەهمئاژنی **و شەبەنگەیی**(spectral) ڕا دەنێ و بەم چەشنە ئیمکان و توانستەکانی سووژە لە ماتریس و تۆڕە ناڕاگیرەکاندا پرژوبڵاو دەکاتەوە. دۆخی کۆرۆنایی کارکردی فراگمێنتیزەکردن و فۆرماڵیزەکردنی جەستەکانی لە توندئاژۆترین شێوازدا سەلماند و واتای دەرمانگەریی و **پزیشکیئاژنبوون**(medicalization)ی کۆمەڵگای سەردەمی لە واتایەکی نوێدا هێنایە ڕۆژەڤەوە. تەنێ بڵاوەی گوتاری دەرمانگەریی و سەپاندنی ئۆتۆریتەی پزیشک لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیاندا نییە کە ئێمە قایل بەم دیاردەیە دەکات؛ بەڵکوو فەزاییبوونەوەی سیاسەت لە گوتاری پزیشکیدایە کە دەلالەتی نوێی میدیکالێزەبوونمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. نەتەنیا بڕیاری درەنگوەختی وڵاتان بۆ پێشگریی لە بڵاوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵکوو بڕیاری قبووڵکردنی بەترۆپکگەیشتنی شاڵاوی پەتا، کە مەرگی زۆرتر و خەساری ئابووری کەمتری بەدواوەیە، ئەم ستراتێژییەمان بۆ ئاشکرا دەکات. جەستەی پەرستار و پزیشکەکانیش هەم لە ئەرک و زەحمەتی بێوچانیاندا و هەم لە تووشبوون و قوربانیبوونیان لە

ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی کۆرۆناییدا بەدەر لەم ڕێسایە نین و وەکوو زۆربەی بەساڵاچوو و نەخۆش و بێدەرەتانەکان قوربانیی پاکتاوی کۆرۆنایی فەزا-سیاسەتی سەردەمن. هەروەها کە سەرمایەداری فیگۆرەکانی خۆی لە قەیران و دژوازیدا ڕۆ دەبات، فەزا-سیاسەتی هەڵگری ستراتیژیی پیزیشکئاژنکردنی کۆمەڵگا، لە گۆڕەپانی سڕینەوە و پاقژکردنەوەدا سنوورەکان ناپارێزێ و سەرووتر لە ئاکاری سۆبژێکتیو و هەستی ئەخلاقی کردار دەنوێنێت. دۆخی کۆرۆنایی ئەو ڕاستییەی ڕوون کردەوە کە فەزا-سیاسەت هاوکات لۆیاتانی دەوڵەت و پێگەی نیوەسەربەخۆی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە جەستەی خۆیدا ڕۆ بردووە و لە ڕێگای بەڤایرۆسیکردنی جەماوەر و پاکتاوکردنی کۆرۆناییەوە دۆخی ئاوارتەی وەکوو دۆخێکی واقیعی ژیانی هەررۆژە و ئاسایی سەپاندووە. ئاپاراتووسەکانی فەزا-سیاسەت بەشێک لە جەستە-ئاگایی مرۆڤیان لە فانتازیای وێنە و دەزگاکاندا دیهاوێژی کردووە و پاشماوەکەیان لە شێوازی لەشی ڕووتەڵ و بێئاماندا هێشتۆتەوە. جەستە-ئاگایی مرۆڤەکان لە ڕەوتی ڕۆچوون لە جەستە-کۆمەڵگادا و لەژێر کاریگەریی فۆرمالیزەبوون و بێناوەرۆککرانەوەی بەردەوامدا هەرچەشنە هەستی جەستەمەندی و ئاگایی بەسووژەبوون دەدۆڕێنن و بەتەواوی تەسلیمی کۆمەڵگای نومایشی کۆرۆنایی دەبن. پاشماوەکانی ئەم دۆخە لەشی فڕێدراوی کۆمەڵانی خەڵکە کە بۆ وەرگرتن و لەکۆڵکێشانی ناتەواوی و عارزەکانی سیستەم سنووربەندی کراون. نومایشی کۆرۆنایی وادەنوێنێ کە ڕەنجی ئەم دۆخە قەیرانئاوییە، یەکسانخوازە و جیاوازی ڕەچاو ناکات.

هەروەها وا دەنوێنێ کە قارەمان و ڕزگاریدەری کۆتایی چ لەسەر تەختی دەرمانگە و چ لە کونجی ماڵەکاندا دەزگاکانی بڕیاردەری دۆخی ئاوارتە و ستراتیژیستەکانی دروشمی مانەوە لەماڵن. بەڵام لە ڕاستیدا قارەمانی سەرەکی دۆخی ئاوارتەی سەردەم ئەو پاشماوە نەفرەتکراو و فڕێدراوانەن هاوکات کە ئایدۆلۆژیای فەزا-سیاسەت نایانخوێنێتەوە، تەواوی ترۆما و دەردئاماژەکانی سیستەم ئەستۆگریان دەبێت. لەشی بەکۆمەڵی ئەم بێدەنگکراوانە ئۆبژەی برسییەتی، ڕەنج، شەرم، توندووتیژی، مەرگ و بەکاڵابوونن؛ دۆخێک کە لە ڕیتۆریکی فەزا-سیاسەتدا تووشی دەستێوەردان و بەرئاوەژووکردنەوە دەبێت و هیچ زمانێ بۆ واتاچنکردن و دەربڕین نادۆزێتەوە.

**(٤)**

تێڕامان لەسەر دۆخی کۆرۆنایی لە **گۆشەنیگایەکی خواروخێچ**(anamorphic)ەوە چۆنیەتی پرۆبلێماتیکبوونەوە و وەڵاموەرگرتنی پرسە گرنگەکان بەدەستەوە ئەدەن، ئەو پرسیارانەی کە لە ئاسۆی فەزا-سیاسەتی سەردەمدا تەنیا ئاڕاستەی مومکینی خۆیان لەم وەڵامانەدا دەبیننەوە:

- سەبارەت بە دۆخی کۆرۆنایی کێ دەزانێ چ خەبەرە؟
*کارناسان و پسپۆڕان.*
-کێ دەتوانێ بڕیاری دۆخی ئاوارتە بدات؟
*دەوڵەت و پێگەی ئێکسێپتۆی حاکم.*

-کێ دەتوانێ نەخۆشی چارەسەر بکات؟

*پزیشک و دەزگا دەرمانگەرەکان.*

-کێ دەتوانێ یارمەتی ئابووری بدات؟

*دەوڵەت و کارتێلەکانی سەرمایەداری.*

-کێ ئەم دۆخە دەنوێنێتەوە و شرۆڤەی دەکات؟

*میدیا و کارناسانی باوەڕپێکراوی سیستەم.*

وەک لەم ڕوونکردنەوەدا دەردەکەوێ ئاپۆرەی جەماوەر تەنیا وەکوو سووژەی چاولێکردن و باوەڕکردن دەور دەگێڕن. ئەڵبەتە باوەڕکردنی حیکایەتێک کە ستەیتەکانی ئەرشیو و فەرامۆشیی دەیگێڕنەوە و چاوی مەعریفەناسانەی فەزا-سیاسەت دیدەوەرانەی دەکات. ئەم چاوبەستەکردن و هەڵخڵەتاندنە ئەگەرچی وەکوو چەشنێ **هوشیاریی درۆیینە**( false consciousness) خۆی دەسەپێنێ بەڵام لە دۆخێکدا کە پارادۆکسەکانی ئەم گوتارە بەردەوام دەردەکەوێ و هاوکات ئاگایی و بیرمانی دژبەر لە لایەن کۆماخەڵکەوە بەرهەم دەهێنرێ، ناتوانێ تەنێ لە پێگەی ئاگایی درۆیینە و بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان کاریگەریی دابنێ. هەر بۆیە پێویستمان بە مودێل و نەخشەیەکی جیاواز لە مۆدێلی کلاسیکی مارکسیستی هەیە تا چۆنییەتیی کارکردی ئایدۆلۆژیای فەزا-سیاسەت لێکبداتەوە. بە وتەی ژیژەک کاتێ **سلۆتێردیک** میکانیزمی **کەلبیمەسلەکی**(cynicism)ی سەردەمی بە نیشانەی کۆتایی ئایدۆلۆژیا ناساند تووشی ئەو هەڵەیە بوو کە شوێنی

ئایدۆلۆژیای بە هاوشوێنی ئاگایی دانا؛ واتە ئەم بۆچوونە کە "**خەڵک ئێستێ دەزانن چ خەبەرە و ڕووبەندەکانی ئایدۆلۆژیا بەباشی دەناسنەوە بەڵام دیسانەوە بەپێی درۆی ئایدۆلۆژیا هەڵسووکەوت دەکەن**"، دیسانەوە خوێندنەوەیەکی ئاگاییتەوەر بۆ پێناسەی ئایدۆلۆژی دەستەبەر دەکات. ژیژەک کە پێی وایە هێشتا سەردەمی ئایدۆلۆژیا کۆتایی نەهاتووە دەڵێ ئایدۆلۆژیا لە دەڤەری واقیع و شوێنی ژیانی بەرهەستی مرۆڤەکان تێکئالاوە؛ بۆیە تەنیا بە وەرگرتنی ئاگایی جیاواز نارەوێندرێتەوە. ئایدۆلۆژیای فەزا-سیاسەت تەنیا لە پانتایی ئاگایی و هوشیاریدا کردار نانوێنێ بەڵکوو لە بەستێنی واقیع و بە تێکدانی هاوسەنگیی نێوان سیانەی "خێزان-کۆمەڵگەی مەدەنی-دەوڵەت" دەتوانێ هەژمۆنی خۆی جێگیر بکات. خانەنشین کردن و گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی خێزان دیاردەیەکی نوێ نییە و تەنیا لە دروشمی **لەماڵدا بمێننەوە**(بەشێوەیەکی ئایرۆنیک)ی دۆخی کۆرۆناییدا خۆی نیشان نەداوە؛ ئەم دیاردەیە لەمێژە لە ئاکامی دەستێوەردانی فەزا-سیاسەت لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دامالینی سیاسەت لەم بەستێە هاتۆتە ئاراوە. یۆتۆپیای فەزا-سیاسەت کۆمەڵگایەکی بێکۆماخەڵک و مەودایەکی بێجووڵە و بۆش (volkloser raum)ی مەبەستە؛ واتە وەبەرگرێکی بێ گرێ و سیمپتۆم، جەستەیەکی بێسووژە و بیرمان. ئەم دۆخە لە بەستێنێکی تایبەت و سنووردار کە هەموو شتێ تێیدا لە چوارچێوەی چێژی پەسیف و مۆنادی داخراوی

تاقەکەسدا بەراورد دەکرێت بەئەنجام دەگات. مەسرەف‌کردن، چالاکی‌نواندن، ژیانی هاوبەشی و بەگشتی ڕەنج‌کێشان و مردن لە کەرتی تایبەتیی تاکەکەسدا سەرچەشن و ئایدیالی سەرەکیی پارادایمی سەردەمی کۆرۆنایە. کۆرۆنا ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە هاوچەشنیی یۆتۆپیای فەزا-سیاسەت و قووڵایی کارەسات لە جەستە-کۆمەڵگای بێ کۆماخەڵکدا دەربکەوێ و لەشی فڕێدراوی سووژەی بەکۆمەڵ(کە هیچماڵێک جێگای نابێتەوە) لە ژینەوەریی ڕووتەڵ و شەرمی قوربانیدا بەرەوڕوومان ببێتەوە.

(٥)

جەستەی دزراوی کۆمەڵگا لە ڕیزبەندیی هێمایینی فەزا-سیاسەتی سەردەمدا تووشی چەمکاندن و ڕووتاندنی بێکۆتایی هاتووە و دەرکەوتن و دەنگهەڵبڕینی لە هەڵپەساردنێکی هەمیشەیی و گەمەگۆڕکێی بێسنووری دالەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا بەرەو شەبەنگەیی و نادیاری ڕانراوە. یەکێ لە پارادۆکسەکانی دیموکراسیی مودێرن ئەوەیە کە دەنگی ژێردەستەکان لە ڕێتۆریکی هەمیشەهەڵپەسێردراوی قانووندا قت دەبێت و هەروەها قانوون لە ئیرادەی حاکمدا تێگلاوەی ئاوارتەی ڕێسابەزێن-ڕێساپێکهێنەر دەکرێت. وەک شمیت و دواتر ئاگامبێن ئاماژەیان پێداوە هیچ یاسایەک بە بێ بابەتی ئاوارتە سەقامگیر ناکرێت، کەوایە سەپاندنی دۆخی ئاوارتە بەشێکە لە سیاسەتی ئاسایی قانوون. هەروەها قانوون نە پێگەی بەئەنجام‌گەیشتنی عەدالەت بەڵکوو پێگەی ئاوارتەی بڕیاری حاکمە کە

لەوێوە سنووری دۆست و دوژمن و قانوون و سەرووقانوون دیاری دەکرێت. کەوایە قانوون بە نێوەنجیی پێگەی نادیاری حاکم یان دەسەڵاتدار پێوەندیی بنەمایی خۆی لەگەڵ توندووتیژی بەرهەمدەهێنێتەوە. سیستەمی فەزا-سیاسەت لە ڕێگای میکانیزمی **سڕینەوە-تێکەڵکردنەوە**( inclusive exception)، لەشی فڕێدراوی خەڵک هاوکات وەدەردەنێ و ڕادەگرێ، واتە بۆ ئەوەی وەدەری دەنێ کە بەردەوام ڕای‌بگرێ. ئاکامی ئەم دۆخە دژوازە دەرکەوتنی شوێنێکی ناشوێنمەندە بەنێوی فەزای بەیناوبەنی(liminal) و سنووری. لەم ناشوێنەدا قەدەری سەرەکیی هۆمۆساکێر، واتە ژینەوەریی ڕووتەڵ، لەژێردەستی بڕیاری ئاوارتەی حاکم و توندووتیژیی قانووندا تۆمار دەکرێت.

ئێمە لە ناشوێنی جومگەبەندی سێ شوێنی سەرەکی "خێزان، کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت"دا دەژین؛ واتە پێگەی کۆماخەڵک داناشکێتە ئاست هیچکام لەو شوێنانە؛ بەڵکوو وەکوو غیاب و هاوکات پێکهێنەر و مۆتۆربەی ئەو بەشانە دەور دەبینێ. دۆخی کۆرۆنایی تێکدانی ئەم هاوسەنگییە و سەرهەڵدانی فاشیزمی فەزا-سیاسەتی ئاشکرا کرد؛ فاشیزمێک کە کارکردە کلاسیکەکانی دەوڵەتی بەتاڵ کردۆتەوە و کۆمەڵگای مەدەنیی تا سووچی نێومالان و ئاستی چارەنووسی تاکەکەس ڕاماڵ داوە. دۆخی کۆرۆنایی ناشوێنی ئێمەی لە شوێنی بەرتەسکی ژینەوەریی ڕووتەڵی نێومالان قەتیس کردووە و دەوڵەتی بە جێگرەوەی کۆمەڵگای مەدەنی ناساندووە. دابڕانی

کۆماخەڵک لە پێگەی ناشوێن، و شوێندارکردنی لە پێگەی پچڕپچڕ و داخراودا ئەرکی سەرەکی فەزا-سیاسەتی سەردەمە کە لە دۆخی ئاوارتەی کۆرۆناییدا بە باشی جێبەجێ کراوە. جیهانی پاش-کۆرۆنایی لەسەر سنووربەندیی سەرەکیی فەزا-سیاسەت واتە پارادایمی سنوور بەرەوپێش دەچێت کە تێیدا دابڕانێکی ڕیزۆمی بۆ تێکچڕژاندنی بەردەوامی پێگەی کۆماخەڵک درێژەی دەبێت. جیهانی پاش‌کۆرۆنایی سەردەمی هێزگرتنی سووژەکانی فەزا-سیاسەت واتە سووژە سنوورئاژنکراوەکانی **نارسیسیست**، **بەرژەوندیپەرست** و **دەسەڵاتخوازە** کە لەدژی هەرچەشنە حوزووری بابەتی گشتی و هاوبەش لە پێکەرەی بێناونیشانەکان، بێدەرەتانەکان و بێدەسەڵاتەکاندا دەوەستنەوە. پارادایمی سنوور، بەشێوەیەکی دژوازانە لە ڕەوتی سڕینەوەی سنوورەکاندا هێڵ و سنووری نابەزێن بەرهەمدەهێنێتەوە. سنوورئاژنکردنی کۆمەڵگا لە پەرەپێدانی وەهمەکانی زانست‌وکارناسی، فتیشیزمی کاڵایی، نیهیلیزمی دەسەڵاتدا بەردەوام دەبێت و پراگماتیزمی نەخۆش خۆی لە جێگای گوتاری ڕادیکاڵ و سەربزێو دەناسێنێ. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ناشوێنی کۆماخەڵک شوێنی ڕزگارییە، کۆرۆنا لە پێگەی ناشوێندا بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ زایەڵە و ڕەنگدانەوەی پێگەی خۆمانە، واتە پێگەی ئاوارتەی ڕاستەقینە. هەر بۆیە گفت و ئەزموونی سەرەکیی کۆرۆنا بۆ ئێمە ئەوەیە کە هاوشوناسی لەگەڵ ئەم ناشوێنەدا بنوێنین و دۆخی ئاوارتەی ڕاستەقینە بخولقێنین.

# وێنای «کارەسات» بۆ کوردێک

وەلید عومەر

کارەسات خۆی زاراوەیەکی گشتییە، بۆیە پتر بە نێوانگریی بەش و کۆنکرێتی دیکە تێیدەگەین. کارەساتی ئەمڕۆی مرۆڤ، بەسەر لۆکاڵ و بەشی جیاجیادا دابەشبووە. ئەوەی سرووشتی کارەساتەکان لێکدی جیادەکاتەوە، بەش و لۆکاڵەکانە. لە دۆخێکی بەڕواڵەت گشتی و یونیڤێرساڵی وەک کۆرۆناشدا، دیسان کارەساتەکە لۆکاڵیزە بووەوە. کۆرۆنایەکی کوردی و کۆرۆنایەکی چینی و سویدی بەتەواوی یەکێک نەبوون. مەبەست لە یەکنەبوونەکە، نرخێکی مرۆیی نیە. بەڵکوو بیرخستنەوەی ئەو پرەنسیپەیە کە

لۆکاڵ و گلۆباڵ (یونیڤێرساڵ) بەڕەهایی نابنە یەکێک و هەریەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لەنێوان بەش و گشت، لۆکاڵ و گلۆباڵدا تراومایەک هەیە و ناهێڵێت سەداسەد ببنە یەکێک. دۆخی جیهان و دۆخی ناوخۆ، پەیوەندییان هەیە، زۆرجار یەکتری دادەپۆشن، بەڵام لە یەکتردا ناتوێنەوە و سنوورێکی ڕەق و تراومایی و بەزەبریان هەیە(هاوشوناسکردنی تەواوەتیی لۆکاڵ و گلۆباڵ هەڵەیەکی تیۆرییە). هەر لێرەشەوەیە پێموایە کارەسات بۆ ئێمە، پێشوەخت مانایەکی لۆکاڵی و کۆنکرێتیی هەیە و لە کات و شوێن و کۆمەڵێک بەهای دیاریکراودا گەمارۆ دراوین و ناچارین بەپێی ئەم ڕەگەزانە بیر لە "کارەسات" بکەینەوە.

کارەسات لە زەینی کەسێکی ئاسایی کورددا، تێکەڵەیەکە لە کارەساتی سرووشتی و بەشێک لە ژیانە مۆدێرنەکەی کە لەدەستدانی کاسپی و نەهاتنی مووچە و جێمانی لە هاوتوێژ و هاوماڵ و هتدە. کارەسات بەو مانا مۆدێرنەی کە لە عەقلانیەتی خۆرئاوایی و هزر و هونەر و ئەدەبی مۆدێرندا هەیە غایبە. کارەسات بۆ تاکی کورد، هێشتاش هەر سنوورێکی زۆر کۆنکرێتیی هەیە. ناوی جۆرێک پووچیی وجودی و نیهیلیزمی هزری و نامۆیی کۆمەڵایەتی نییە. لە ئاستی تاکدا کارەسات ئەو ترۆما کۆمەڵایەتییە بەرجەستەیەیە کە یان بەر شوناسە کۆمەڵایەتییەکەی دەکەوێت یاخود قەوارە بایۆلۆژییەکەی دەکەوێتە مەترسییەکی نزیکەوە. لە ئاستی کۆیشدا، ڕاکەڕاک و هەڵهاتنە لە

دەسەڵاتی ئەویتری داگیرکەر کە دەبێت ئەم بوونەوەرە بەکۆمەڵ لە شوێنە قەرەباڵغەکان هەڵکەنێت و بەرەو پەناگە و شوێنانی تری ببات. گەر لە ئاستی ئاگاییدا، وایدابنێت نیشتەجێی شارە و بەپرۆسەی هاوڵاتیبووندا ڕۆیشتووە، ئەوا لە ئاستی نەست و نائاگاییدا شپرزەیە و ئامادەی هەڵاتنە. ئەم ناسەقامگیرییە، وادەکات فەزای هاوبەش زۆر درووستنەبێت و شتەکانیش بە هی خۆت نەزانیت: «ساڵانی درێژی ژێردەستەیی هەستی "لەخۆبێگانەبوون"ـی لەلای کورد، چ وەکوو تاك و چ وەکو کۆمەڵ خولقاندوە. وای کردوە کورد لەناو دەرونی خۆی دا، لە ناو ئەو کۆمەڵەی تێیدا ئەژی، لەناو ئەو نیشتمانەدا کە تیا ئەژی، خۆی بە بێگانە بزانێ. ئەم هەستە بە جۆرێکی بینراو لە بوارەکانی ژیاندا هەستی پێ ئەکرێ: بگاتە هەر مەلێکی کێوی، بۆی بکرێ ئەیکوژێ، بگاتە هەر دەعبایەکی کێوی، گۆشتی بخورێ یا نەخورێ، بتوانێ ئەیکوژێ. بگاتە هەر گوڵ و گژوگیایەکی کێوی، دەستی بیگاتێ، هەڵی ئەکەنێ. بگاتە هەر داروودەوەنێ، بۆی بکرێ، لقەکانی ئەشکێنێتەوە و دارەکە ئەبڕێتەوە...»[61]. ئەم ڕەفتارە کە هێشتاش بە شێوەی جیاجیا بەردەوامە، لەڕواڵەتدا ڕەفتارێکی بەدەوی و سرووشتییە، بەڵام خۆی ڕەفتارێکە لەنێوان دوو جۆر بوونەوەری ناو شارستانیەتدا درووستبوە کە سەردەستە و ژێردەستەن. لەپاش ڕاپەڕینەوە ئەم دابەشکارییە، بەرەیەکی تر



[61] . بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەرگی ١

لەناو خۆیەوە دەکاتەوە و خەڵک ئینتیمایەکی ئەوتۆی بۆ خاکوئاوی وڵاتەکە نەماوە. لە ساڵانی پاش پرۆسەی بەناو ئازادیی عێراقەوە، گەنجان ئەو ڕستەیەی شاعیری سووری (محەمەد ماغووت)یان دەوتەوە کە: ئەوەی من بە نیشتمانەوە دەبەستێت، بنی پێڵاوەکانمە. ئەمجارەیان دەسەڵاتی کوردی، ئەم لەخۆبێگانەبوونەی بۆ مرۆڤی کوردی درووستکرد و "کارەسات" دیویێکی خۆماڵیی وەرگرت و تێگەیشتین کوردیش زۆر بەئاسانی کوردێکی تر دەچەوسێنێتەوە. بەسەر خاکوئاوی کوردستانەوە، شوێنەواری دڵسۆزی نابینرێت، ئەوەی هەیە پتر وێرانکارییە. دڵسۆزی ڕەنگە زاراوەیەکی بنەڕەتی و دێرین بێت هێشتاش پەیوەندییمان بە کارەساتەوە بپارێزێت. یان دڵسۆزی بە مانا کۆنەکەی، یان دڵسۆزییی ئۆبێکتیڤ کە سۆزی دەروونناسییانە نییە و بەرەنجامی گرێبەست و ئیدارەی مۆدێرنە. کاتی خۆی ڕۆشنبیری کۆچکردوو مەسعوود محەمەد نوسیی: «چەند لەسەر حەق بووم کە دەمگوت، ئەگەر چارەنووسی کورد لە دەست مندا بێت حکومەتی کوردی بە قۆنتەرات دەدەمە شەریکەیەکی سویدی، نەرویجی، سویسرەیی... بە نیوەمەسرەف دەمحەسێنێتەوە. لەگەڵ ئەم ڕاستییە تفتوتاڵەشدا "دەوروبەر"ی کوردەواری پێم دەسەلمێنێ دوعاگۆ و ئاواتەخوازی ئەو پێشمەرگانە بم کە خەریکن بە خوێنی خۆیان دەماری "کورد" هەڵدەبڕنەوە»[٦٢]. لێرەدا مەسعوود محەمەد بە



---

٦٢ .

شێوەیەکی کاڵ و شاراوە، هێڵی حیزب لەو شتە جیادەکاتەوە کە ناوی "کورد"ـە و بیانییەک بە باشتر دەزانێت وەک نوخبەی بەڕێوەبردن و هاوکات درک بە پێگە و دۆخی کوردیش دەکات و دەست شل دادەگرێت. ڕەنگە پاش دوو دەیە، زیاتر بۆمان سەلمابێت ئەو قسەیە میسداقیەتی هەیە و جۆرێک لە بوێرییش. "کارەسات"یش وەک ژانۆس، دوو دیو و دوو دەمی هەیە کە دەمە تیژەکەیان لە هەناوی کورد خۆیەوە درووستدەبێت.

ئەمڕۆ کە لەناو جیهانیشداین، بەڵام ناتوانین دیدمان بۆ چەمکگەلی وەک "کارەسات" جیهانی بێت و لێرەشەوە بەجۆرێک ناهەقییەکە تەواو ناخەینە ئەستۆی مرۆڤێکی ژێرووی کۆمەڵگای کوردی. هۆکاری دەرەکی و ناوەکی بەیەکداچوون و درێژەشیان دەبێت. کاتێک دەنگۆی پەتای کۆرۆنا دەگات، یەکسەر هاوتا دەکرێتەوە بە تاعوون لە ئاوایی و دەڤەرە دێرینەکاندا و بە لای مەدلوولە تازەکانی "کارەسات"دا نابرێت. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک خۆی قوتکاتەوە و بڵێین کەس نییە هەروا ئاسان کۆرۆنای نەبەستبێت بە کارەساتێکی جیهانییەوە، ڕەنگە درووستیش بێت. بەڵام ئەمە کێیە کە ناومانناوە "ئەم کوردە" و هەموو هەڵوێستێکی پیا هەڵدەواسین و پاشانیش خۆمانی لێ دەردەکەین؟ "ئەم کوردە" هەر خۆمانین بەڵام لە فۆرمێکی گریمانەکراو و ئەبستراکتدا نەک تاکەتاکەی کەسە واقیعییەکان- واتە هەموومانین بەبێ هەموانە کۆنکرێتییەکە. ئەو شتەین کە ژاک لاکان

ناویدەنێت "ئەویتری گەورە". واتە ئەو سنووورە گریمانەیی و خۆکردانەین کە هەر خۆمان بەسەر خۆمانەوە درووستمانکردووە و حوکمیشمان دەکات. بەپێی ئەویتری گەورەی کوردی، کارەسات مانایەکی کوردییانەی بۆ ئێمە هەیە. کارەسات بەو دەلالەتەی کە دەستەبژێری ڕۆشنبیری بەکاریدەهێنێت لە ژیانی ڕۆحی و دەروونی و هزریی تاکی کورددا تەواو نیشتەجێ نییە و خۆنشین نەبووەتەوە. بۆنمونە چەمکی "بەڕێوەبردن" بە مانا مۆدێرنە بابەتییەکەی، گەشەی سرووشتیی نەبڕیوە و گەر بۆ ساتێکی کورت میقاتی کۆرۆنا جیهانییەکە بووبێتەوە ئەوا لە ناوەوە پتر ڕووبەڕووی خۆمانی کردەوە. واتە دەرەوەی ڕووت، تا ئاستێکی زۆر بەرەو ناوەوەی ڕووتی هێناین: پێکداچوونی سیانەی حیزب و خێڵ و ئایین.

لە ئاستی گشت و گلۆباڵدا، دەسەڵاتەکان ڕووی هاوبەشیان هەیە و لە ساتەکانی «نزیک» لە کارەساتیشدا میکانیزمی هاوبەشیان هەیە. گەر درمێکی گشتی و گلۆباڵ وەربگرین ئەوا هیچ دەسەڵاتێک نییە لەم ساتانەی دونیادا کەیف بە ئۆتۆریتەی خۆیەوە نەکات، یان ژویسانس و چێژە جڵەوبڕەکانی خۆی تێکەڵ بە ڕەهەندە سرووشتییە سەروو-دونیاییەکان نەکات. وەکبڵێی پەیمانێکی شاراوە و ژێرەوانکێ لەنێوان «سرووشت»ی سرووشتی و «سرووشت»ی دەسەڵاتدا هەبێت: بەڵاکان دەچنە سەر حسێب و باڵانسی دەسەڵاتە سیاسییەکانی دونیا. ئێمە لەڕێگەی ئەوانەوە دەترسین. ئەمە وانەیەکە بۆ پاش بەڵاکان باشتر تێی دەگەین. لەم ساتانەشدا، مرۆڤەکان یەکسان نین.

ڕاسته چەمکی ژیان وەک دارایيەکی هاوبەش دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام ژیان هەمیشە بەهۆی ژیانێکی کۆنکرێتی و بەرجەستەترەوە مانا وەردەگرێت. ژیانی کۆنکرێتی و واقیعیی مرۆڤەکان جیان لە یەک. ئیدی لەڕووی مادییەوە بیگرە تا مەعنەوی و کەلتوری و شەخسی و هتد. بەڵاکان عەدالەت نین وەک باسدەکرێت، بەڵکوو کەمێک لە عەدالەت تیژترن. هەموان لە ساتێکی ئارامدا نین کە یەکسانیی خۆیان بە یەکتر بپێون، بەڵکوو ژیانە کۆنکرێتییەکە لەولاوە دادەنێین و دەستکاریی ناکەین تا بەڵاکە تێدەپەڕێت. بۆیە بەم مانایە، بەڵاکان دەستکارییەکی ئەوتۆی پرسی عەدالەت ناکەن. هاوکێشەکان هەروا دەمێننەوە(مەگەر لە حاڵەتێکدا کە ترۆمای ڕاستەقینە لە بەڵاکە بکەوێتەوە). هێندە بەسە هەرکەسە لە ژیانی خۆی وردبێتەوە کە چۆن پێوەر و پارامەترە دێرینەکان لەژێرەوە هەر ئیشدەکەن. بەجۆرێک ئیشدەکەن کە سنوورەکانی ژیان و مانەوەش تێدەپەڕێنێت: هەموومان (ئاگایانە بێت یان نائاگایانە) ئامادەین بمرین و دەست لە کۆمەڵێک هێڵی داڕێژراوی نێو ژیانمان هەڵنەگرین- وێناکردنی مردن ئاسانترە لە زۆرێکیان. بەم پێیە، کارەسات شتێک نییە بەسەریەکەوە و لەجێیەکدا دانرابێت و چاوەڕێ بین ڕووبدات، بەڵکوو شتێکە لە شیرازەی کۆمەڵایەتییماندا نیشتەجێکراوە، لە واقیع هەڵژەنراوە، شتێکە پێشوەخت ڕوویداوە. بەڵام نابێت لێرەشدا پەیوەندیی گشت و بەش لەبیرکەین: کارەسات وەک دۆخێکی گشتی و لە وێنای گشتییدا ڕوویداوە، بەڵام بۆ ئەوەی بە فیعلی ڕووبدات پێویستە بەشەکی و کۆنکرێت ببێتەوە و خۆی بنوسێنێت بە واقیع و مێژوو و بەرواریکەوە. لە ئاستی کۆنسێپتدا کارەسات هەمیشە لێرەیە و ڕوویداوە، بەڵام وەک ئەکچواڵبوونەوە

و خۆدەرخستن بیانوویەکی جوزئی و بەرجەستەی دەوێت و داوای جۆرێک لە پۆزەتیڤیتبوون و تۆخبوونەوە دەکات.

بەڵام لە ئاستی بەش و کۆنکرێت و لۆکاڵدا، چیرۆکی ئێمە بڕێک جیاوازترە. ئیشکردنی چەندین دەیەی حیزبی کوردی لەسەر کۆنەستی مرۆڤی کورد، وایکردووە دۆخەکە ناوبنێین حیزب-نەتەوە نەک دەوڵەت-نەتەوە. حیزب، هێشتاش بەدیلی نەتەوەیە، هاوکات کەرتکەری نەتەوەشە. جۆرە حەکایەتێکە بۆ ئێمە کە گشتێتیی کارەساتەکانیش لەتدەکات و دابەشیدەکات بەسەر هەردوو ڕەنگی لەمێژینەی «سەوز و زەرد»دا. دوو ڕەنگ، کە بۆ بەشێک لە کۆمەڵگا وەک «بوونناسی»یان لێهاتووە و بۆ ڕەتکەرەوە و ڕەخنەگرەکانیشی خەریکە دەبنە مەحاڵ. دوژمنایەتیی ئەم دووانە بۆ یەکتر، جگە لەوەی مۆدێلێک بووە بۆ مایکرۆ-دوژمنایەتییەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاش، هاوکات چەمکی "دۆستایەتی"یشی لێڵ کردووە. دۆستایەتیی ئەوان لەگەڵ وڵاتانی بیانی، دووجا و سێجای هەر دوژمنایەتییەکی ناوخۆییە. کۆرۆنا، ناوی کارەساتێکی لۆکاڵی بوو بۆ ئێمە، چونکە لەوە گەورەتر ئێمە هیچ سەنگ و قورساییەکمان لەناو هاوکێشە جیهانییەکانیشدا نییە- ئەو پارە و پاداشتە نەبێت کە لە گلۆباڵەوە بۆ لۆکاڵ و بەدیاریکراوییش حیزبەحکومەت گەڕاوەتەوە. «مووچە» سەمپتۆمی پوخت و پاراوی حکومڕانیی ئەم حیزبەحکومەتەیە کە تەفسیری ئابوری و سیاسی بەتەنیا ناتوانن بونیادەکەیمان بۆ هەڵدەنەوە. دوا چیرۆک کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەیبیستین شتێکی لەم جۆرەیە: «لە

ڕووبەرێکی بچووکدا براکان بەرامبەر بەیەکتر راوەستاون و دەستیان لەسەر میلی چەکەکانیانە، فڕۆکەکانی تورکیاش لە ئاسمانەوە تەماشایان دەکەن، ئەمە ململانێی قەڵەمڕەوییە لەزەمەنی کۆرۆنادا، یەکێتی داوا دەکات لیوای (١٢٢) لەناوچەکە جێگیربکرێت، پارتی ڕەتیدەکاتەوە، پەکەکەش هەڕەشەی شەڕ دەکات، لەم نێوەندەدا خەڵکی ناوچەکە لە ڕێگەی ئەنجومەنێکەوە دەیانەوێت مەترسی شەڕ لەناوچەکەیان دوور بخەنەوە، ئەمە چیرۆکی (زینی وەرتێ)یە کە ئەم رۆژانە لەپاڵ قەیرانی کۆرۆنادا بووە بە ناونیشانی تەنگژەیەکی نوێ[٦٣]». نە ئاوەڵکاری "لەپاڵ" لێرەدا دەقیقە و نە تەنگژەکەش نوێیە. تەنگژەکە لەسەرەتاوە بە ترۆما ناومانبرد و تەنگژەیەکی بونیادییە و ستراکتۆری وەرگرتووە و ڕۆژی لەدایکبوون و ڕۆژی ڕوودانی تەواوەتییشی هەر دەمێنێت.

ڕەنگە چەمکی کارەسات بە مانا مۆدێرنەکەی لە زەینی ئێمەدا چەکەرەی نەکردبێت و پێنەگەیشتبێت. کارەسات یان لە سرووشتدا ڕوودەدات یان لە شار و شارستانیەتدا. ئاشکرایە ئەم دووانە پەیوەندییان زۆرە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کارەسات بە مانا شارستانییەکەی بۆ مرۆڤی کورد چەندە ڕوویداوە و چەندیش لە زەینیدا فۆرموولە بووە. گەر بومەلەرزە کارەساتی سرووشتی بێت، ئەوا قەیرانی ئابووری کارەساتی ناو شارە. ئاخۆ زەینی



[63] www.rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=1607&fbclid=IwAR3daw4z7qVIWns63Sj5rDgy2zYoJ-t88rnL3AwIVhcP04jFYWD_XtysHQU

کوردی دەتوانێت ناکۆکی و تەناقوز (contradiction) لەنێوان کارەساتی سرووشتی و شاریدا بخولقێنێت؟ یان ئاخۆ کارساتەکان دەتوانن ئەم ناکۆکییە بەسەر زەینی کوردییدا بسەپێنن؟ کە کارەسات لە ژیانی شاردا ڕوودەدات، ناکۆک دەکەوێتەوە بە کارەساتی ئاسمانی و سرووشتی؟ کاتی خۆی لە ساڵی ١٧٥٥ کە بومەلەرزە دای لە شاری لیشبۆنە (Lisbon) لە ئەورووپا و دەیان هەزار کەسی کوشت، لانیکەم ناکۆکییەکی لە زەینی نوخبەی ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەریی ئەودەمدا درووستکرد. لەپێش هەمویانەوە ڤۆڵتێر کۆمەڵێک پیتک و پرسیار ڕووبەڕووی خودا و عەقڵی تیۆلۆژیی ئەو سەردەمە دەکاتەوە. لە *لاوانەوە*کەیدا بۆ لیشبۆنە، سەرباری کۆمەڵێک باس تیشکدەخاتە سەر چەمکی خراپە (evil) و بە «تێکەولێکەی سەیروسەمەرەی ناکۆکییەکان» ناویدێنێت. چەمکی خراپە کە تا ئەودەم پتر لەلایەن کڵێساوە پێناسەکراوە، لە ئایدۆلۆژیا ئاسمانییەکەی پاکدەکرێتەوە و وەک فاکتێک دەخرێتەڕوو. خراپە، هیچ حیکمەتێکی نەشاردووەتەوە. بومەلەرزەی لیشبۆنە زۆرجار وەک یەکەم کارەساتی مۆدێرن[٦٤] سەیردەکرێت کە ڕێ بۆ مشتومڕی عەقڵانی خۆشدەکات. واتە لەرزینەکە تەنیا زەوی نالەرزێنێت بەڵکو نەریت و سونەتیش لەناوەوە دەلەرزێنێت و پرسیاری نوێ دێنێتەدەرێ. سرووشت



[64] The Dialogue Between Voltaire And Rousseau On the Lisbon Earthquake: The Emergence of a Social Science View: https://www.researchgate.net

ڕاپێچی ناو شارستانیەتی مۆدێرن دەکرێت و لە ڕازی زیادە دادەماڵێنرێت. ئیدی ئەوە دواترە کە ناکۆکی و دژگۆییەکانی نێو شارستانیەتی مۆدێرن خۆی لەلایەن بیرمەندانی ترەوە شیدەکرێتەوە و چەمکگەلی وەک سەرمایە، بەها، ڕەچەڵەک، هێز، بوون دەکرێنە چەمکگەلی مرۆیی. بەڵام ئاخۆ بۆ زەینی کوردی، کە ئێستا نیشتەجێی ناو کات و زەمەنی مۆدێرنە، ئەم ناکۆکییانە دروستبوون یان دەبن؟ ئاخۆ ڕووداوگەلی وەک پەتای کۆرۆنا دەتوانن زەینمان کەمێک لە مانا زەمینییەکانی کارەسات نزیکبکەنەوە؟ کاتێک ئەمە دەڵێین، ئەوا دەزانین لەڕووی تیۆرییەوە زەمینیکردنەوە و عەلمانیکردنەوەی زەین کارێکی هێندەش ئاسان نییە کە دەردەکەوێت، چونکە پشتخانێکی مێژوویی دوورودرێژ لەپشتمانەوەیە و وێنا و زاراوە و تۆپۆلۆژیای زەینی داڕشتووین: بۆنمونە چەندین جاری تریش لەڕووی زانستییەوە بیسەلمێنین کە پرۆسەی دروستبوونی باران بەهۆی بەهەڵمبوونی ئاوی دەریاکان و ساردبوونی لە ئاسمان و کێشی زەوی و هتدەوە دەبارێت، ئەوا خڵتەی ئەو وێنایە لە زەینماندا هەر ماوەتەوە کە باران لە «قووڵاییەکی نادیار»ـەوە دێت و جۆرێک لە ڕێکەوتی تیایە. کە دەگاتە لای زۆرینەی خەڵک ئەوا هێشتاش باراننەبارین نەک هەر نائاگایانە بەڵکوو بەشێوەیەکی ئاگایانەش بەستراوەتەوە بە ئیرادەیەکی «سەرووتر»ەوە. ئاشکرایە نوێژەبارانە، بەرهەمی ئەم ئاگاییە دینییەیە کە ڕیشەی کارەسات دەباتەوە بۆ دەرەوەی زەوی. واتە

ئەم ئاگاییە هێشتا ناتوانێت و ڕەنگە نەشیەوێت کارەسات بگۆڕێتە سەر پرسێکی زەمینی و ئەوڕۆیی.

ئێمە شاری گەورە و پیشەسازیی گەورەمان نەبووە تا چەمکی قەیران هەروا ئاسان وەرگەڕێت بۆ کارەسات. "مووچە" هێشتاش لە پارووبەکی ئاسمانی-خێرەومەندانە دەچێت کە نە بەرهەمی پیشەسازییەکی بەرهەمهێنە و نە بەرهەمی چینی *کۆمەڵایەتی*یشە بە مانای تەواوی وشەکە. هەڵقەیەکی ونبوو لەم نێوانەدا هەیە و ڕووی کارەسات بە مانا شاری و مۆدێرنەکەی دەشارێتەوە: گەر قەیرانی ئابووری لە ئاکامی ئابووریی کرێخۆرییەوە بۆنی کارەساتی لێ بێت، ئەوا یەکسەر کۆمەڵێک نێوانگر لەلایەن ئەم عەقڵیەتە کۆمەڵایەتییەوە درووستدەکرێت تا کارەسات ڕوونەدات؛ بۆنموونە، پرۆژە خێرخوازییەکان و ڕاکێشانی دەوڵەمەندان بۆ ناو دۆخەکە و هتد. خێرخوازی گەرچی لەڕواڵەتدا ئەرێنی دەردەکەوێت، بەڵام خۆی نیشانەی نەخۆشیی ئیدارەدانی کوردییە. واتە بەر لەوەی چەمکی خەڵک وەک «خەڵک» لەدایک ببێت، خەڵک خۆی ناهێڵێت چەمکی کارەسات و ئیدارەدان و هتد گەشەی سرووشتیی خۆی ببڕێت و دێنە هانای نەخۆشییەکەوە. وەکبڵێی سۆزێکی شاراوە لەلایەن خەڵکەوە بۆ دەسەڵات هەیە و پێیانوایە هەر هێندەی پێ دەکرێت. ئەم سۆزە ژێرەوانکێیە ڕیشەی دەچێتەوە سەر ئەوەش کە مرۆڤی ئێمە ڕیشەی خۆی لە چارەنووسە میتافیزیکییەکە نەبڕیوە و لێدەگەڕێت ژیان خۆی

بسوورێت و بڕوات. هەتا لە شار و شارۆچکە پەراوێزییەکاندا، مرۆڤ لە مردنەوە خۆی بە نزیکتر دەبینێت تا چەمکی ژیان بە مانای مۆدێرنەکەی. گەرچی دەسەڵات چەمکی "ژیان"ی لەڕێگەی بایۆپۆلەتیکەوە بەرهەمهێناوەتەوە، بەڵام ئەمە بەتەواوی نەبووەتە خودئاگاییەکی سیاسی و مەدەنی لای زۆرینەی خەڵک. گۆڕستانەکان وەک قەدەر و کارەساتی پێشمۆدێرن دەمێکە لە چەقی شارەکانداان و مەیخانەکان نەفیکراونەتە دەرەوەی شارەکان. ئەم شوێنناسی و تۆپۆلۆژییە، ڕێی لەوە گرتووە کارەسات بە مانا تەواو مۆدێرنەکەی لەدایک ببێت. سێبەری مردن وەک دواچارەنووس خۆی بەربەستە لەبەردەم ئەوەی قورساییەکە بخرێتە سەر چەمکی ژیان بە مانا ئیدارییە-مۆدێرنە-شارییەکەی. ئەم وێنایە لە قووڵایی دەروونی خەڵکدا ئیشدەکات و هیچکام لەو بۆچوونانەی خۆیشیان وا دەیڵێن هیچ لەم ڕاستییە کەمناکاتەوە. دۆخی کۆرۆنا، ئیمکانێکە بۆ ئەوەی ئەم پرسانە ڕاتەکێنێت و مردن ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بە دەسەڵاتەوە. واتە گەرچی سرووشت مردن دەسەپێنێت، بەڵام ئەوە دەسەڵاتە سیاسییەکانن ناوبژیی هەموو ئەم چەمکانە دەکەن و بەشی مرۆڤی لێ دادەتاشن. واتە سیاسەت و دەسەڵات، چەمکە سرووشتی و میتافیزیکییەکان بە نێوانگریی خۆیان بەرهەمدێننەوە و مۆری مرۆیی لێ دەدەن.

کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان ڕوویندا، ئەوەی ڕوویدا "هیچی" بوو، ڕوودانی هیچی: بەڵام ئەم هیچییە و ئەم فۆرمە، لە ناواخنی ململانێی حیزبی ئاخنرا. ئەو گوڕەی بۆ نەخۆشییەکە هێنرایەوە، چووە سەر ململانێکە. ئەمە ڕێسایەکی تیۆرییە کە ئەگەر هاتوو شتێک بەو جۆرە ڕوویندا کە چاوەڕێ دەبین، ئیدی ناوەڕۆکەکەی بە توخمگەلێکی تر پڕدەبنەوە. کۆرۆنا، کاتالیزۆر و خێراکەرەوەی بوغزی سیاسی و حیزبی بوو. واتە کۆرۆنا تا ئەوپەڕ سیاسی بووەوە، سیاسەتیش بەو سیما نیوەناچڵە تەواو بنەماڵەییەی کە هەڵگری ترۆمایەکی بنەڕەتییە و هەمووجار بەر لەوەی ترۆماکە ڕووبدات ململانێی جووتبنەماڵە هەمان دوالیزمی سەدە بەرهەمدێننەوە: مەلایی و جەلالی و ڕیشەکانیان. ئاسۆی کارەسات لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەم دوالیزمە دەپێورێت. چونکە ئەم دوالیزمە، کۆکەرەوەی زۆر ڕەهەندە، ئیدی لە ڕەهەندی ئەبستراکتی وەک "سەرمایە"ـەوە بیگرە تا ڕەهەندی کۆنکرێتیی وەک دابونەریتی ڕۆژانەی ئایینی و کەلتوری لە کۆمەڵگاکەدا. چەمکی کارەسات سەرەتا لەنێو ژینجیهان و دۆخی کۆنکرێتیی کوردەوە خۆی دەنێت بەیەکەوە(هاوشان بەو تێبینییەی کە کورد خۆی چەمکێکی زۆر یەکانگیر و پتەو و بێ گرژی نییە). یەک دیدگا بەتەنیا ناتوانێت کارەسات بەسەر زەوینی کوردییدا بسەپێنێت و یەکسەر مرۆڤی کوردی ببەستێت بە مێژووی جیهانەوە. لەڕاستیدا سەرمایەداری خۆی ناوێکی گشتییە شتێکە ڕاستەوخۆ بوونی نیە، هەمیشەش لەڕێگەی کۆمەڵێک بەش(جوزء)ـەوە

بوونی خۆی دەردەخات. قسەکردنی ڕاستەوخۆ لەسەر سەرمایەداری بۆ ئێمە، قسەکردنێکی ئەبستراکتە. واتە چەمکێکی پەتی و بێناوەڕۆک و دەرەواقیعییە. سەرمایەداری بۆ ئێمە خۆی گشت(کل)ـە و بەبێ وردکردنەوەی بۆ بەشەکانی، وەک وشەیەکی گشتی و فۆرماڵ و موجەڕەد دەمێنێتەوە. ڕەنگە زۆر قورس نەبێت گەر بڵێین سەرمایەداری لە کوردستان بەرهەمی سێکوچکەیەکە، بەرهەمی سێ بەشی واقیعییە: حیزب، ئایین، خێڵ. بۆ گەنجێکیش هەر ئەم بەشانە گرنگن. سەرمایەداری وەک گشتێکی هەمەکی، خۆی پنتی کۆبوونەوەی ئەم سێ بەشەیە. ئەم سیانە پەیوەندییەکی ناوەکیان بەیەکترەوە هەیە و یەکدی بەرهەمدێننەوە. بە لابردنی یەکیان، سێ بازنەکە هەڵدەوەشێتەوە. سەرمایەدارییەکەی ئێمە، چەندە جیهانی بێت هێشتا لە لۆکاڵەوە چەمکی ژیان دروستدەکات. لە سەرمایەداریی جیهانییدا، مرۆڤێکی کورد و کەلتورێکی دی جیاوازن. لێرە تەنیا پارە مرۆڤ ناچەوسێنێتەوە بەڵکوو کەلتوری خێڵ و ئایینیش دەیچەوسێنێتەوە کە حیزب وەک ناوی سێیەم دێت و سێکوچکەکە سیاسی دەکاتەوە و مۆری خۆی لە مێژووەکە دەداتەوە. حیزب لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە بۆ بیستویەک، هاوپەیوەست یان بەرهەمهێنەری چەمکی کارەسات بووە، چ ئەوانەی بەسەر خەڵکدا هاتوون و چ ئەوانەشی خۆیان دروستیانکردووە. چ ئەو کاتەی وەک فریادڕەس دەرکەوتووە و چ ئەو کاتەشی بە بیانووی حیزبێکی کوردییەوە خەڵکی کورد لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەر مەترسی

کەوتوون. چەند دەیەیەکە لە سەرووی سێ بازنەکەوە، چەمکی کارەسات بەستراوەتەوە بە میزاجی حیزب و بەرژەوەندییەکان و دانپیانەکانیانەوە. گەر ئەم گرژییەی ئێستا وەربگرین لەنێوان پارتی و یەکێتی دا، ئەوا دوا جێکەوتی زەینی و ئیتنتیباعی زەینی لەمەڕ کارەسات لای هەر کوردزمانێک بیردەخاتەوە و کارەسات بۆ ئێمە ئەمەیە نەک کۆرۆنا. سێکوچکەکە پرسی لۆکاڵ دادەڕێژن و گلۆباڵ خۆی زیادە(surplus)یەکە کە دەچێتە سەر ئەم سێکوچکەیە. پریشکەکانی گلۆباڵ و جیهان هەر لە پانتاییە مادییەکانەوە تا پانتاییە مەعنەوییەکان بەر ئێمە دەکەون و بە دەوری ئەم سێکوچکەیەدا هاموشۆ دەکەن و جاریش هەیە سێکوچکەکە دەڕووشێنن و دزەی تێدەکەن. بەڵام وێڕای ئەمەش، غەریزەی سیاسی و ناسیاسیی مرۆڤەکان لەم سێکوچکەیەوە ئاودەخواتەوە و هەر هەڵاتنێک بەرەو دەرەوەی سێکوچکەکە بریتییە لە جۆرێک سڕکردنی ڕێڕەوی کۆنکرێتیی ژیان و لەوێشەوە کشان بەرەو جۆرێک لە بڵندبوونەوە(sublimation)، واتە لەبری شتێک، شتێکی تر دەژین.

دیارە گرفتەکانی حیزب لە مێژووی ئێمەدا بونیادی(structural)ن و شێوازی کێشەکانی بەتەواوی هەمان کێشەی چەمکی حیزب نییە لە خۆرئاوا. ڕەنگە دانپیانەنانی ئەویتری سەردەست، وای کردبێت ئەم دانپیانەنانە بۆ حیزبی کوردی ناواخن ببێتەوە و لێرەوە دان بە یەکتریدا نەنێن. بەڵام بەشێوەیەکی

دراماتیکی، دیسان لەڕێی حیزبەوە نەک نەتەوەوە، دانپیانان لە ئەویتری سەردەست وەردەگرنەوە و دەبنەوە بە نەیاری بنچینەیی یەکتر. ئەم دانپیانانەش، لە ڕووداوەکاندا بە فۆرمی تر و سیمای ترەوە بۆ مێژووی حیزبەکان دەگەڕێتەوە. ئەم گرژییەی ئێستا، هەردوو چەمکی کارەسات و دانپیانان لێکدی گرێدەدات. دانپیانەنان بۆ دۆخی کۆنکرێتیی ئێمە تەنیا چەمک و وشەیەک نییە بەڵکوو چارەنووسێکە. بۆنمونە پارتی دان بە سەرکردایەتیی تازەی یەکێتییدا نانێت و دوایدەخات. ئەمەش ئەو شتەیە کە ئەویدی شێت و هاردەکات. بۆنمونە دانپیانان و ناسین لە یەکێک لە وشەکانی ئینگلیزیدا دەچنەوە سەر یەک لۆژیکی زمانەوانی: recognize، کە بتناسن جۆرێکە لە دانپیانان. کاتێک بە کەسێک دەڵێیت ببورە ناتناسم، واتە هەروا ئاسان دانت پیانانێم و تۆش بەر شڵەژانێک دەکەویت. دانپیانان واتە ناساندنی تۆ بە ڕێسا و یاسا جێکەوتووەکانی نێوان مرۆڤەکان لە یەک سەردەمدا. هێندە بەس نییە بەشاراوەیی لە بەرامبەر بترسیت و حیسابی بۆ بکەیت، بەڵکوو دەبێت ئەم حیسابکردنە بێنیتە ناو زمانەوە و لە پانتایی ڕەمزی و لەبەردەم ئەویتری گەورەدا گۆی بکەیت. کاتێک دان بە کەسێکدا دەنرێت، ئەویش بڕی لیبیدۆی هەڵدەکشێت و لەڕێگەی وشەکانەوە ئابووریی دەروونیی دەچێتەسەرەوە و قبوڵکردنی ئەو لە زماندا قبوڵکردنیشیەتی لە پانتاییە ڕەمزی و کۆمەڵایەتییەکەدا. نوخبە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و بازرگانییەکانی کورد فۆبیای دانپیانانیان هەیە. ئێستا کە سەرەتای ململانێکانی

نەوەیەکی تازەی حیزبییە، دانپیانان ڕۆڵێکی هەستیاری هەیە. چەمکی کارەسات، لەپاڵ هەر کارەساتێکی تردا کە بەو زووانە یان درەنگ بێتەوە بەردەممان، بەستراوەتەوە بەم بازنە ناوەکییانەوە کە حیزب سەنتێزەکەیەتی.

سەرەنجام، بیری گۆڕانکاری لە دونیادا وەها لێڵ و تەمومژاوی بووە کە مرۆڤ هەستدەکات گەر نەبەسترێت بە کارەساتێکەوە ئەوا ناڕەخسێت. وەک بڵێی کارەسات خۆی ڕزگارکەرە و هەر خۆی دەتوانێت ڕەهەندە مردووەکانی خۆیشی زیندووبکاتەوە: واتە کارەسات خۆیشی شۆکێکی ئەوتۆی نەماوە و ڕەهەندی نێگەتیڤیتە و نەفیکارانەی دۆڕاندووە و یەکسەر دەڕەمزێنرێت و شوێنەکەی پڕدەکرێتەوە و «ساڕێژدەکرێت». بە دەربڕینێکی تر، کارەسات خۆی دەبێت لەڕێی ڕوودانیەوە شۆک و هەژانەکانی خۆی تازەبکاتەوە و بیرمانخاتەوە باسکردنی کارەسات بەتەنیا بەس نییە. بەڵام گەر کارەساتیش بە هەمان گوژمەوە بەر هەموو کۆمەڵگاکان نەکەوێت ئەوا هەریەکە پشکێکی لێ دەبات کە ڕەنگە پەیوەندیی بە مانای کارەساتەوە بگۆڕێت لە ئاستە گشتی و گەردوونییەکەیدا. هۆیەکەش ڕوونە: هەر کۆمەڵگایەک لەناوەوە کۆمەڵێک مانا و بەها دەیبەنەڕێوە کە لەوپەڕی گەردوونیبوونیاندا، لێکدەپچڕێن و لۆکالی دەبنەوە و تەنیا مانای بۆ دانیشتوانی نێو ئەو کۆمەڵگایە هەیە.

# کۆرۆنا و پێکهاتەی پزیشکی-سیاسی دەسەڵات

د. ئەحمەد غوڵامی

درووست لەو کاتەدا کە دەزگای سیاسی-ئابووری چین و بەگشتی بەرەی چەپ سەرقاڵی تیتاڵیکردن و گاڵتەن بە لاوازییەکانی جیهانی نیۆلیبراڵ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا، جیهانی سوسیالیزم ئەمەی لە بیر کردووە کە لە ئەنجامدا ئێمە هەر هەموومان ناڕاستەوخۆ کەوتووینەتە داوی پرۆسەیەکی نوێ لە داڕشتەی پزیشکی-سیاسی نیۆلیبراڵیزم. ڤایرۆسی کۆرۆنا دوای ئەوەی لە چینی پاش ئابلۆقەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ووهانەوە

بەخێرایی تەواو جیهانی گرتەوە و بۆ ماوەی کورتتر لە چەند مانگ بووە دێوەزمە و دەستی ناوەتە ئەوکی تەواوی خێڵ و جەماوەر، لە خۆیدا بووەتە هۆی بازێکی ئابووری و ئایدۆلۆژیک بۆ شێوازێکی نوێ لە بەرهەمهێنان کە بە تایبەت تێیدا سیستەمی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی پزیشکی لە پەنای مەترسی گیرۆدەبوون بە ڤایرۆسەکان بووەتە سەرەکیترین شێوازی بەرهەم و بەرخوران لە ئێستادا(بۆ وێنە بەردەمامک کە تاکوو ئێستا چین چوار ملیارد دانەی لێ هەناردە کردووە، و لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان کارخانەکان، شێوازی بەرهەمی خۆیان گۆڕیووە بۆ بەرهەمهێنانی ماسک و بەردەمامک). ئەم بازدانە ئابووری-ئایدۆلۆژیکە چەند لایەنی سیاسی-کۆمەڵایەتیشی ئاشکرا کرد، یەکەم ئەوەی کە سیستەمی ئابووری نیۆلیبراڵ نەیتوانیووە هاوکات لە گەڵ بە بازاڕکردنی جیهان، ڕێگە خۆش بکا بۆ پەرەسەندوویی ئیش و پیشەکان و هەر بۆیە ترامپ ڕاشکاوانە پەنا بۆ چین دەبا بۆ هەناردەکردنی بەردەمامک کە ڕەنگە درووستکردنەکەی پێویستی بە تکنۆلۆژیایەکی ئەوتۆش نەبێ. دووهەم ئەوەی کە بەپزیشکیکردنی جیهان ئەگەر لای نیۆلیبراڵەکان سەرچاوەیەک بووە بۆ دروستکردنی دەزگایەکی زاڵ بە سەر مرۆڤەکان بۆ شێوەیەکی نوێ واتە دارشتەی سیاسی-کۆمەڵایەتی و زاڵبوون بە سەر مرۆڤ بە ولتای بوونەوەرێکی جۆرەکی، لە سەردەمی پاش کۆرۆناوە، بەپزیشکیکردن وای کردووە جەماوەر لە قەوارەی بوونەوەرێکی جۆرەکی تەواو، وەها پێناسە بکرێتەوە کە لە سەرانسەری جیهان خاوەن یەک چارەنووس بێ و کێشەکانیشی ئیدی تایبەت بە ناوخۆ و

پێکهاتە ناوچەییەکان نەبێ؛ ئەمە بە باشترین شێوە نیشانەی زەقتر بوون و پەلهاوێشتنی زیاتری ئەو دامودەزگا نیۆلیبراڵییە کە خۆی بووەتە هەنگاوێک بۆ ڕێکخستنی نیگایەکی پزیشکی-سیاسی کە ئیدی جیاکردنەوەی دەزگای پزیشکی لە دەزگای سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەمە. سێهەم ئەوەی کە ئەو چەمکانەی وا سوسیالیزمی سەرەتایی و نیۆلیبراڵیزم هەرکام بە شێواز و دیسیپلینی تایبەت بە خۆیانەوە، بەگشتی ڕەچاویان دەکرد واتە ئازادی، دادوەری، سەرخۆشی و حەسانەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆرۆناوە ئیدی هیچکام وەکوو بەشێک لە دەزگای سیاسی-ئایدۆلۆژیک کاری پێ ناکرێ، هەڵبەت ڕەنگە لە بەر ئەوەش بێ کە ئەوندە ژەندراون کە ئیدی تامیان نەماوە. بەڵام لەم شێوە دارشتە و ڕێکخستنە نوێیەدا ئەوەی باوە مەیلێکی سەرانسەرییە بۆ مانەوە نەک ئازادی و حەسانەوە و فرازینی. تەواوی ئەو دەزگا فیکری و باوەڕیانە کە هەمیشە ئاگایی لە مردن و پێشوازی لە مردنیان بە نیشانەی جیاوازی مرۆڤ لە نا-مرۆڤ دانابوو، لەژێر ئەم شێوازە نوێیە لە ژیان، چیتر بڕست و هێزێکی ئەوتۆیان نەماوە.

مەرگ-ئاگایی بە ڕاشکاوی جێگەی خۆی داوە بە خۆپاراستن و وریابوون بۆ ئەوەی کە کەس نەمرێ و نەبێتە هۆی مردنی کەسیش. ئەوەی لە سەردەمی کۆرۆنا وای کردووە تاک تا ئەم ڕادەیە ئاگای لە خۆی بێ و خۆی بپارێزێ، ئەم گۆڕانکارییە لە مردن کە تێیدا تاک دەتوانێ بمرێ بەڵام ناتوانێ سەرچاوەیەک بێ بۆ تووشکردنی تاکەکانی دیکە و هەر ئەمەش وای کردووە کە دەزگای دەسەڵات، تاکی تووشبوو نەک وەکوو تووشبوویەکی

ئاسایی و ڕوو لە مردن، بەڵکوو وەکوو هێرشبەرێک ڕەچاو بکا کە دەتوانێ ببێتە هۆی پەرەسەندنی مردن یان بە زمانێکی ڕەخنەگرانەتر، ببێتە ماشینێک بۆ مردن لە دەرەوەی چاوەدێریی دەسەڵاتی پزیشکی-سیاسی. واتە تووشبوونی تاک بە کۆرۆنا و هەر چەشنە نەخۆشی و بە تایبەت پاندێمیەک[65][66]، وا دەکا کە ئیدی تاک نە وەک ئەندامێکی سیاسی، بەڵکوو بە واتای هێرشبەرێک بێتە ئەژمار کە ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئاسایش و هێمنی جەماوەر و هەر ئەمە وا دەکا دەزگای سیاسی، قەڵافەتێکی پزیشکی بە خۆوە بگرێ و ببێتە دەرمانگەیەکی سیاسی. دەنا جگە لە مردن بە کۆرۆنا، ڕۆژانە دەیان شێواز و جۆری مردن هەیە کە هیچکام ئاوا نەیانتوانیوە جیهان بەم شێوە تا ئاستی ئامادەبوویی ڕێک بخەن. لە مردنی منداڵانی ڕەش‌پێست بە هۆی برسێتیەوە بگرە تاکوو مردن بە هۆی ڕووداوی هات‌وچۆ و مردن بە شەڕ و مردن بە خنکان و لافاو و بوومەلەرزە و هتد، کە هەر هەموویان ڕۆژانە سەدان و هەزاران ناوی مردووی تێدا تۆمار دەکرێ، هەمووی ئەمانە مردنی تاکەکەسین و لە تاکێتی‌ترین ئاستی خۆیاندا ڕوو دەدا؛ بەڵام مردن بە هۆی پاندێمیەکان و بە تایبەت کۆرۆنا، گۆڕینی تاکی تووش‌بووە لە کەسێکی نزیک لە مەرگەوە بۆ دەزگا و بوونەوەرێکی مەرگ‌ساز. لێرەدایە کە دەزگای بیۆپالیتیک، بە تەواوی خۆی ڕێک‌دەخاتەوە و بە خێراییەکی زۆرەوە لە سەرانسەری جیهان بە یەک شێوە و یەک

[65] pandemic
[66] communicable

ڕێگەچارە و یەک فۆرمەتی ڕووبەڕوو بوونەوە، پێشی ئەم تاکە مەرگسازە دەگرێ تا کێشە لە مەرگەوە ڕابگوێزێتە کێشەی ئێپیدیمیک. واتە کێشە لە خودی مردندا نییە، چون شتێکی ئاسایی نییە کە پێمان وابێ دەوڵەتان لەوە دەترسن ئاستی جەماوەر کەم ببێتەوە، بەڵکوو کێشە لە ئێپیدمیکبوونی تاکە کە دەبێتە دەزگایەک بۆ کوشتن. تاک لەم ئاستە یەک کەسی تووشکەرەوە[٦٧]یە. وشەی تووشکەرەوە بە مانای کامیونیکەیبلی ئینگلیزی جگە لە مانای تووشکردنی جەماوەر بە جۆرێک نەخۆشی، دەتوانێ بە مانای پێوەندیگرتن بێ. واتە نموونەیەک لە درووستکەرەوەی پێوەندی. ئەمە خۆی بە هەمان مانای تووشکەرەوە دەتوانێ دژی ئەو سیاسەتە بێ کە هەر چەشنە پێوەندیەکی تاک لە دەرەوەی قەبارەی داڕێژراو یان لە دەرەوەی کایە و گەمەی دابینکراو، نموونەیەکە لە نەخۆشی و دەبێ دەستەو بەجێ سەرکووت بکرێ. ئەگەر پێشتر دەزگای پۆلیس ئەم پێوەندییەی دەسڕیەوە و تاکی پێوەندیسازی دەهێناوە ناو کایەی دیاریکراو، ئێستا ئەم هەوڵە لە لایەن سیستەمی پزیشکیەوە دەکرێ؛ تاکی پێوەندیساز هەمان تاکی تووشبووە کە ئەگەری تووشکردنی خەڵک بە نەخۆشی، دەزگای سیاسی/پزیشکی ناچار دەکا بە توندترین شێوە دووری بخاتەوە. ئیدی لێرە دایە کە دەزگای پۆلیس و پزیشکی وەها تێکەڵ دەبن کە ڕەنگە جیاکردنەوەیان ناموومکینیش بێ؛ نموونەکەی هەڵوێستەکەی دەوڵەتی

کۆریای باکوور لە گەڵ تووشبووانێک کە لە نەخۆشخانە ڕایان کردووە یان دەستووری پاشای تایلەند، واجیرئیلۆنگ کۆرن بۆ کوشتنی ئەوانەی تووشی کۆرۆنا بوون.

لەم دەزگا نوێیەدا تاک دەتوانێ بمرێ، بە هەموو جۆرە تاقی کراوەکان کە سرووشت بۆی دیاری کردووە، بەڵام ئەوەی کە خۆی ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆی و بە تایبەت کەسانی دیکە، لێرە بە دوا تاوانی کردووە. تاوانی هاتنە دەرێ لە ماڵ و شکاندنی قەرەنتینە، تاوانی بێ ڕێزی بە یاساکان، تاوانی هەڕەشەکردن بۆ سەر ژیان و سلامەتی جەماوەر و هتد؛ لە هێند بە ناحەزترین شێوە دارکاریی خەڵک لە لایەن پۆلیسەوە لەسەر شەقامەکان دەبینرێ تاکوو پێمان بڵێ تۆ دەتوانی بمری، بەڵام ناتوانی ببیە هەڕەشە بۆ مردنی کەس. هەمووی ئەمانە مرۆڤی کردووە بە سادەترین و داماڵراوترین بوونەرێک کە تاکوو ئێستا بوونی هەبووە. بوونەوەرێکی تاکی پەتی، کە ڕەنگە ئەم جۆرە تاکە ناوەرۆکی سەرەکی ئەو خولیایە بێ کە هەمیشە لای نیۆلیبراڵەکان باو بوو. تاکێک کە تەنیا تا ئەو کاتە ڕێگە پێدراوە کە تاک بێ، بەڵام هەر کە لە تاکەوە بوو بە کۆ، یان لە تاکی چاوەڕوانی مەرگەوە بوو بە تاکێکی مەرگاوی، واتە تاکێک کە مەرگ‌ئاژن کراوە، ئیدی ئەمە سەرەتای تاوان و بە دوای ئەوەش مەرگە. لێرەدا مەرگ بە واتای مانای تووڕدران و لە ناوچوونی هەر شتێکە کە ڕووداوی مەرگ، ئێپیدیمیک و پاندمیک دەکاتەوە. نموونەی ئەم کارانە بە ڕاشکاوی لە فیلمەکانی28 ڕۆژ

دواتر (سازکراوی دەنی بۆیل[68] 2002) یان فیلمی سەرزەویی نائارام (سازکراوی جیم میکل[69] 2010)، دەبینرێ کە جیهانی پاش ئاخرزەمانی لە قەوارەی کۆمەڵگەیەکدا وێنا دەکەن کە مرۆڤ بووەتە تاکێکی مەرگئاژن یان بڵێین تاکێکی تووشکەرەوە و کامیونیکەیبڵ. ئەم فیلمانە نموونەیەکن لە وەلانانی بەزەیی لە بەرامبەر ئەو تاکانەی کە تووشی نەخۆشی هاتوون و بوونەتە زامبی و لە خۆیدا چەشنێک دەزگایەکی سیاسی-پزیشکی دەخاتە بەردەست کە لەم فیلمانەدا بە ڕاشکاوی دیارە. لەم وێنانەدا کۆمەڵگە لە هەر جۆرە بنەمایەکی ئەخلاقی داماڵراوە و هاوکات چەشنێک لە ئەخلاق بنیات نراوە کە ڕێگە دەدا بە لە ناوبردنی هەر تاکێک کە بووەتە تووشبوو و کامیۆنەیبڵ و مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە.

هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدانی ئەم ئەخلاقە نوێیە، ڤایرۆس و نەخۆشی تاقە چەمکێکە کە دەتوانێ واقیعەتی ئەم دەسەڵاتە سیاسی-پزیشکییە ڕێک بخاتەوە و هەر بۆیەش بە شێوەیەکی فونکسیۆناڵ و بە زمانی دۆسۆسۆری بە شێوەی جێنشینی چەمکی قەیران بەردەوام ئاستێکی نەخۆشی بە خۆیەوە دەبینێ و کێشە، شێوازی پزیشکی لە خۆ دەگرێ و لە قەوارەی نەخۆشیدا بنیات دەنرێتەوە. بەرجستەکردنی قەیران بە واتای نەخۆشی، باشتر دەتوانێ چەمکی قەیران لە ڕووداوەوە بکاتە هەلێک بۆ خۆتێوەردانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی دەزگای حاکمییەت. کاتێک میلتۆن فریدمەن دوای



[68] Danny Boyle
[69] Jim Mickle

ڕەشــەبای نیۆئۆرلێیان کوتبووی ئەم کارەســاتە لە خۆیدا هەلێک بووە، لە ڕاستیدا بە باشترین شێوە ئەم کایە زێدەڕەوانەی نیۆلیبراڵیزمی ڕەچاو کردبوو کە قەیران دەتوانێ هەلێـک بێ بۆ دەســتێوەردان لە کـاروبـاری گشــتیی جەماوەر. هەر چەند مەبەســتی ســەرەکی فریدمەن چەمکی ماڵی و بەرهەم بوو، بەڵام نیۆلیبراڵیزم لەم کاتەدا ئیـدی تەواوی کۆبەنـد و دەســکەوتەکان نـابەســتێ بە چەمکی بەرهەمهێنـانەوە، بەڵکوو دەســتێوەردانی پزیشــکی-سیاسیش بە بەشێکی سەرەکی لە دەسەڵاتی خۆی دادەنێ. واتە نەخۆشی و بەرهەم لە یەک قەوارەن. بەرهەم بۆ ڕێکخســتن و وەگڕخســتنی ســەرمایە ماڵیەکانە و نەخۆشــیش بۆ داســەپلندنی دەســەڵات و پەرەدان بە پانتایی زاڵبوون. بەم پێیە قەیران و نەخۆشــی هەمان تایبەتمەندیی بەرهەمی هەیە لە دەزگای ئابووریدا.

نەخۆشی و بەرهەم چوارچێوەی ئەو گەمەیە بنیات دەنێن کە دەتوانێ بنەمای ئەم سیستەمە سیاسی-پزیشکییە دابین بکا؛ مەرگ و بە تایبەت ئەم شێوازە لە مردنی پاندێمیک بە باشــترین شــێوە کەنارەکانی ئەم چوارچێوەیە دیاری دەکا. ئەمە هەمان گەمەیە کە لە گۆڕەپان و فیلدی ســەرمایەدا وێنا دەکرێ. مەرگ تـا ئەو کـاتەی بەشــێکە لە چوارچێوەی دابینکراوی دەســەڵاتی پزیشکی-سیاسی بابەتێکی فونکسیۆناڵە، بەڵام کاتێک لەم چوارچێوەیە پای نایە دەرێ، نەک شتێکی فۆنکسیۆناڵ بەڵکوو هەڵمەتێکە بۆ سەر داڕشتەی سەرمایە. ئەم شێوە ڕوانینە لە مردن لە مانای مۆدێڕنەکەشی جیاواز بووەتەوە. مردن لە ســەرەتای ســەردەمی مۆدێڕن وەکوو چەمکێکی تاکەکەسی ڕەچاو

دەکرا و بە وتەی ئێلیاس "هەر کەسێک بۆ خۆی بوون و ژیانی خۆی بە شێوەی سەربەخۆ لە خەڵکی دیکە و لە تەواوی جیهان دیاری دەکا و هەر کەسێک دەبێ بۆخۆی بە تەنیایی مانایەک بۆ ژیانی خۆی بدۆزێتەوە"(ئێلیاس،1395: 80)، بەڵام لەم کاتەدا مردن بابەتێکە کە تەنیا لە ناوخۆی ئەم گەمە سیاسی-پزیشکییە ڕێگە پێدراوە، بەڵام لە دەرەوە، هەڕەشەیە. تەنیا شتێک کە دەتوانێ ئەم گەمەیە تووشی کێشە و فەشەل بکا، بەبارمتەگرتنی خودی گەمەکەیە. واتە سەرهەڵدانی گەمەیە لە دەرەوەی گەمەدا. بڕیار نییە هیچ کایە و گەمەیەک کە پێشتر دەزگای سیاسی-ئابووریی نیۆلیبراڵیزم لە خۆیدا تواندوویەتیەوە و ئاستی سەمبۆلیک-ئایدۆلۆژیکی خۆی پێوە گرێ داوە، لە دەرەوەی ئەم کایە و گۆڕەپانەدا بوونی هەبێ. چونکوو سیستەمی نوێ، نموونەیەکە لە تەواوی کارامەییەکانی سیستەمانی پێشووتر لە حکوومەتانی سەرەتاییەوە بگرە تا دەگاتە سیستەمی توتالیتەر و سیستەمە یەکسەر ئایدۆلۆژیکی-خوداناسییەکانی مۆدێڕنەوە. هەر چەشنە ئەکت و کردارێکی کۆمەڵایەتی-ژینەوەرانە لە دەرەوەی ئەم بازنەدا بێ، جۆرێک ڕەفزکردنەوەی گشتێتیی بازنەکەیە؛ درووست وەکوو شیرک و خودناباوەڕی لە دەزگای ئایین‌دا. مەرگاوی بوونی تاکی کۆرۆنایی، نموونەیەکە لە سازبوونی کایەیەکی نوێ لە دەرەوەی کایەی ژیان/مەرگی سیستەمی بیۆپالێتیکی مۆدێڕن کە ڕاستەوخۆ دەسەڵات دەبەستێ بە دوو چەمکی جەستە و شوێنەوە.

ئەم داڕشتە سیاسی-پزیشکیە هەتا ئەو کاتەی شێوازێکی جەستەیی و شوێنی لەخۆ نەگرێ، تەنیا دەسەڵاتە لە ئاستێکی ئابستڕەدا. سەرەکی‌ترین ڕوخساری ئەم دەســەڵاتە کە خۆی لە نـاو دڵی قەیران و نەخۆشــی‌دا دەبینێتەوە، ڕەنگدانەوەی جەســتەیە بە واتای جەســتەیەکی ئاناتۆمیک کە تێیدا جەســتە هیچ نییە جگە لە داڕشتەی کۆی ئەندامەکان. ئەم نیگایە جەستە دابەش دەکا بە کۆی ئەندامەکان و ئاناتۆمی جێگەی ســووژەکان دەگرێتەوە. دەزگای پزیشــکی کاری ســەرەکیی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ کێشــەی ئاناتۆمیکی جەســتەدا دیاری دەکا و هەر ئەمە دەبێتە هۆی دەســتەبەندیی نەخۆشییەکان کە بە تایبەت لە سەدەی هەژدەوە دەستی پێ کردووە(وۆڵف و هاوکارەکانی، ١٣٨٠: ١١٣)؛ ئەم دابەشــکارییەی جەســتە بۆ ســەر نەخۆشــییەکان بوو کە هەروەها بوو بە سەرەتای دابەشکاریی سووژەکان. دواتر دابەشکارییەکانی دەزگای پزیشــکی بەپێی خوێندنەوەی فیزیۆلۆژیک و لە ئەنجامیشــدا بەپێی میکرۆب‌ناسی، باشتر بوونە هۆی دابەشکردنی سووژەکان. ئەم هەڵوێستەی دەزگای پزیشــکی لە خۆیدا بووە هۆی بنەمایەکی تۆکمە بۆ هەڵوێســتێکی سیاسی کە تێیدا جەستەی تاکەکان تا نزمترین ئاست دابەزیووە و هاوکات بووەتە بەشــێک لە پڕۆگرامێکی ئابووری لە ژێر ناوی فرۆشــتنی دەرمان و کەل‌وپەلی پزیشکی و سڵامەتی. بە شێوەیەک کە مارکیز ناوی دەنێ دەرمان فرۆشگەی گەورە(مارکیز، ٢٠١٨: 54).

ئەم هەڵوێستە تۆکمەیە سەرەتایەکە بۆ سیستەمێکی سەرتاسەری سیاسی-پزیشــکی کە جەســتە بە تەواوی دەکاتە پانتاییەک بۆ داڕشــتنی پڕۆگرامە

سیاسییەکان و هاوکات پزیشکییەکان. ئەم هەڵوێستە، دابینکردنی پڕۆگرامی ماکرۆئیکۆنۆمیک هەموارتر دەکاتەوە. شتێک کە خۆسۆدۆفسکی ناوی دەنێ گۆڕان لە لیبڕالیزمی بازاڕەوە بەرەو لیبڕالیزمی خاوەن پڕۆگرام. واتە لە جیات دابەستنی سیستەمێکی وردەئابووری (میکرۆئیکۆنۆمیکی) ڕێگە بۆ کردنەوە سیستەمی ماکرۆئیکۆنۆمیکی لە قەبارەی پڕۆگرامە دەوڵەتییەکان دەکرێتەوە و لێرە بە دوا دەوڵەت یان دەزگای سیاسی دەبێتە میراتگری ڕاستەقینەی میراتی ئابووری. تەنیا لەم ڕێگەوە دەکرێ ئەم سیستەمە لە دەسەڵات، دڵ خۆش بکا بە پەرەسەندوویی بەرخوران لە ئاستی جیهانیدا بە تایبەت هەمەگیرکردنی بەکارهێنانی کەلوپەل و دەرمانی پزیشکی. جەستەیەکی جۆرەکی کە تا ئاستی دارشتەیەکی ئاناتۆمیک دابەزیووە، ناوەرۆکی ئەم بازاڕە جیهانییە کە تێیدا نەخۆشی و بە لاڕێداچوونی لەشساخی و مەرگ سەرەکیترین ماکەکانی گرێدرانی ئەندامەکان و بەشەکانی ئەم ئاپاراتووسەن.

جیا لە چەمکی جەستە، سیستەم و دەزگای پزیشکی و سیاسی، هەروەها لە ڕێگای "شوێن"ەوە کۆمەڵگە دەخاتە ژێر دەسەڵات و چەپۆکی خۆی و لە ڕاستیشدا ئەمە شێوازێکی کۆن، بەڵام کارامەیە کە تێیدا دەسەڵات بە باشترین شێوە دەتوانێ شێوە حکوومەتی کۆن کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە شوێنەوە، دابسەپێنێ. مەرگ بە هۆی ڤایرووسی کۆرۆنا بەشێکە لەم چوارچێوە بە ڕەچەڵەک کۆنە کە پێویستی بە دەستەبەرکەرەوەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی-ئایدۆلۆژیکە کەوا باشترین شێوەی ڕاهێنان و ڕامالینی

کۆمەڵگەی بە دواوە بووە. ئەم باشترین شێوە بووەتە نموونەیەک لە قەدەغەی هاتووچووی نوێ کە تەنانەت لە ناو حکوومەت نیزامییەکانی وڵاتانی دیکتاتۆریشدا هاوتای نەبووە. دەوڵەت لە ڕێگەی داسەپاندنی دەسەڵات لە سەر شوێنەکان، توانیویەتی زۆر بە ئاسانی و بە مەیل و ویستی خودی خەڵک، کۆمەڵگە داگیر بکا و مەشقی خۆلەژووردابەستنیان پێ بکا. جۆرێک قەدەغەی هاتووچووی سەرخۆشانە کە لێرەدا لە جیات دەوڵەت ئەمە خەڵکن کە خۆیان بڕیاریان داوە خۆ لە ماڵێ ببەستنەوە. ئەم ژیانە ئوردووگایی و کەمپنشینییە، چ نیە جگە لە واقیع و ئەنجامی ڕاستەقینەی ئەم دەسەڵاتە نوێیە.

سیستەمی نوێی سیاسی بۆ دابەستنی سازوکاری ماکرۆئیکۆنۆمیک پێویستی بە دارشتن و وێناکردنێکی گشتی و سەرتاسەریی چەمکی ترس و شۆکی ئەم ترسەیە. ئەم ترسە خۆیلەخۆیدا داسەپانی سیاسەتە چاوەدێرییەکانی ناو کۆمەڵگە زیاتر زەق دەکاتەوە. بەم پێیە ژیانی ئەم سەروبەندەی کۆمەڵگە، ژیانێکی ئوردووگاییە کە بەرەیەکی تازە لە دێنزینەکان یان نیشتەجێکان[70] بە وتەی هابز، یان هۆمۆساکێر[71]ی ئاگامبێنی جێگەی چەمکی شارۆمەندی گرتووەتە؛ بە شێوەیەک کە هەندێک لە رەخنەگران دەڵێن، فرەبوونی ئەم چین و توێژانە واقیعی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەی مۆدێرنە(ئاگامبێن 1995، نێگری 1999، ژیژەک 2008). ژیانی کۆرۆنایی وای کردووە، کە ئەم چەشنە



[70] denizens
[71] Homo-Sacer

له قه‌ده‌غه‌ی هاتووچوو هۆی له‌ناوچوونی گشتییه‌تی ژیان. به شێوه‌یه‌ک که ژیژه‌ک ده‌ڵێ، له به‌رامبه‌ر چه‌مکی کلاسیکی پرۆڵتاریا که "هیچیان نییه له کیسیان بچێ جگه له زنجیره‌کانیان، ئه‌مڕۆ له‌و مه‌ترسییه داین که هه‌موو شتێکمان له ده‌ست داوه؛ مه‌ترسی لێره دایه که ئێمه بووینه‌ته سووژه‌ی ئابستره و به‌تاڵی دیکارتی که ته‌واوی ناوه‌ڕۆک و زاتی سه‌مبۆلیکمان له‌کیس چووه و بنه‌مای ژنێتیکمان ده‌ستکاری کراوه و له شوێنێک که بۆ ژیان نابێ، سه‌رقاڵی ژیانێکی گژ و گیایین"(ژیژه‌ک، هه‌مان: ٥٥).

سه‌رهه‌ڵدانی ئه‌م چه‌شنه له ژیان که سووژه‌ی تا ئاستی بوونه‌وه‌رێکی گژوگیایی دابه‌زاندووه و ژیانێکی نامرۆڤانه‌ی بۆ ده‌سته‌به‌ر کردووه، شوێنی ژیانی کردووه به شوێنی پاراستن و دوورگرتنی ژیان که تێیدا ته‌واوی ده‌وڵه‌ت و ده‌زگای سیاسی به ده‌وری ئه‌و شته‌ی ناوی سیسته‌می پارێزگاری له ژیانی گشتییه، ڕێک ده‌خرێ. سووژه له‌م دابه‌ستن و دوورخرانه‌وه له شوێنه گشتییه‌کان به تایبه‌ت دوای سه‌رهه‌ڵدانی کۆرۆنا، به ته‌واوی بووه‌ته سووژه‌ی وه‌لانراو. ئه‌مه تایبه‌تمه‌ندیی دۆخی هه‌ڵاواردنه که تێیدا سووژه به هۆی هه‌رچه‌شنه وه‌لانانێک له‌ناو سه‌رپه‌نا و شوێنێکدا ده‌ژی که خۆی سه‌رچاوه‌ی وه‌لانانه. ئه‌م ژیانه درووست وه‌کوو فیلمه‌که‌ی منداڵانی پیاوان[٧٢] درووست کراوی ئاڵفۆنسۆ کوارۆن[٧٣](٢٠٠٦) ده‌چێ که تێیدا ژیان به شێوه‌یه‌کی گه‌مارۆدراو شێوازێکی قه‌ره‌نتینه‌یی به خۆوه گرتووه و کۆمه‌ڵگه



[72] Children of Men
[73] Alfonso Cuarón

بەرەو نەزۆکبوون چووە و دەزگای دەسەڵات بە گشتی کۆمەڵگەی وەها لە دۆخی قەدەغەی هاتوچۆدا ڕاگرتووە کە کەس بۆی نیە نە منداڵی ببێ و نە بیریشـــی لێ بکاتەوە. ژیانی ناو کەمپی بێکســـهیل[74] لەم فیلمەدا نموونەی ڕاســـتەقینەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جۆر مرۆڤە؛ یەکەم مرۆڤی پاکژکراوە و ئیســـتریلیزەکراو واتە ئەندامانی کەمپ، و ئەویدیش ئەندامانی چینی مام ناوەندە کە نەختەنەختە خەریکە لە ناو دەچن و نەزۆک کەوتوونەتەوە. ئەم فیلمە نموونەیەکە لە کۆمەڵگەی گەمارۆدراوی ســـەردەمی کۆرۆنا کە تێیدا قەرەنتینە و بەکەمپ کردن نە بۆ گەڕانەوەی ژیان بۆ ناو کۆمەڵگە، بەڵکوو بە وتەی ژیژەک بۆ لە ناوبردنی ئەو چینی مام ناوەندەیە کە ئیدی کاپیتالیزم هێزی نەماوە لەوە زیاتر ڕاگیری بکات(ژیژەک، ١٣٨٩: ٤٠).

بە گشـــتی بـە وتـەی ئـاگـامبێن، "ژیـان لێرەدا لە جیـات ئەوەی کە ببێتە ســـەرپەنایەکی پارێزەر و بەدیهێنەری بوونێکی مانایی بۆ مرۆڤ، پڕ بووە لە ترس و دڵەڕاوکێ؛ و تاک تێیدا بووەتە کەســـێکی تەنیا و بێخانومان کە لە هەر چەشـــنە مافێکی تاکەکەســـی و شـــارۆمەندی بەتاڵ کراوە"(ئاگامبێن، 1995: ٦). کۆرۆنا و سیستەمی زاڵی پزیشکی-سیاسی، نموونەی ڕاستەقینەی ئەم ژیانە ســـەرتاســـەر تەنیا و بێســـەرپەنایەی بنیات ناوە کە تێیدا تاک لە قەرەنتینە کراوە و بە شێوەیەکی سەخت و دژوار، ژیانی لێ بووەتە دۆخێکی ترسناک و تاقەتپڕووکێن.



[74] Bexhill

**سەرچاوەکان:**


- الیاس، نوربرت(۱۳۹۵) تنهایی دم مرگ، ترجمەی امید مهرگان و صـــالح نجفی، تهران: گام نو
- ولف، هنریک، آندرپدرسـون، اسـتیگ و روزنبرگ، ریبن(۱۳۸۰) درآمدی بر فلسـفەی طب، ترجمەی همایون مصلحی، تهران: طرح نو

- Giorgio Agamben (1995) Homo Sacer: Sovereign Power and Bare Life. Stanford University Press,

- Marques, Tiago, Pires (2018) illness and The Politics of Social Suffering: Towards a Critical Research Agenda in Health and Science Studies, Open Edition Journals, Revista Critical ae Ciencias Dociais, Numero Especial, P: 141 – 164

- Negri, Antonio (1999) Insurgencies: Constituent Power and the Modern State, translated by Maurizia Boscagli. Minneapolis: University of Minnesota Press

- Žižek Slavoj (2008) The Sublime Object of Ideology, London: Verso

# میتافۆرەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕاگەیاندنەکاندا

## (بەپێی میتۆدی شیکاریی ڕەخنەیی میتافۆر)

د. عادڵ محەمەدی/ و.ئارەش مێهرەبان

گوایە هزری میتافۆریک بە هەموو لایەکدا سێبەری کێشاوە و تێکئاڵاوی زمان بووە، بە واتایەکی دیکە، میتافۆر ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوە و هەستەکانمانە لە دونیادا. بەم پێیە تێگەیشتنی زیاتر لە میتافۆر، کەرەستەیەکی لەبارە بۆ بیردۆزیی مرۆڤەکان. بەو جۆرەی کە سمینۆ دەڵێت لێکدانەوەی وردبینانەی میتافۆر دەتوانێت:" یارمەتیدەری ئاگاییمان بێت تا لە دەستەواژە و چەمکەکانی بەستێنی کەلامی باشتر تێبگەین و بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە بیر لە ڕێکی و دروستییان بکەینەوە. بەم پیاهەڵدانە، ئەگەر زمان کەرەستەی

سەرەکی بێت بۆ کۆنترۆڵی خەڵک، میتافۆریش ئەو کەرەستەیە کە خەڵکی دەتوانن بەکەڵک وەرگرتن لێی، زمانی پێ کۆنترۆڵ بکەن و ئافەرێنەری گوتاری خۆیان بن. لە ناخی شیکردنەوی گوتاردا، میتافۆرەکان، بەردەوام وەکوو کەرەستەیەکی زمانی دەناسرێن کە لە بەستێنیکی کەلامیدا جێگایان گرتووە. لەم ڕۆچنەوە شیکارانی گوتار لەو باوەڕەدان کە بەکارهێنانی میتافۆر بۆ بەڕێوەبەردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە نێو ئاخێوەراندایە، بە قەوڵی چارتریس:

Analysis of metaphor constitutes an important weapon in the armoury of the critical discourse analyst.

شیکردنەوەی میتافۆڕ، چەکێکی گرینگە لە جبەخانەی شرۆڤەکارانی گوتاری ڕەخنەییدا.

شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار (**Critical discourse analysis**) لە هەوڵدایە تا نیشان بدات چلۆن کرداری گوتاری، ڕەنگدانەوەیان بۆ پێکهاتەی هێزە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، بەو مەبەستەی کە بارودۆخی دژوار و ناجێگیری ئێستای خەڵکی کۆمەڵگا، بگۆڕێت و باشتری بکات. ئەم بۆچوونە بە ڕاشکاوی و بێ پەردە دەنەدەرە سیاسی و ئایدۆلۆژیاییەکان قەبووڵ دەکات کە جێ‌پێی لە مەکتەبی فڕانکفۆرت و بۆچوونی ڕەخنەییدا بەدی دەکرێت. بە پێی بۆچوونی ئەم مەکتەبە

"سەرانسەری مێژووی ڕابردوو، دابەشکردنی نادادپەروەرانەی ئازار و ڕەنجە".
لەم ئاڕاستەیەدا یەکەمین ئامانجی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار، ئاشکارکردنی ئایدیۆلۆژیکە کە بە بێ شیکردنەوەی گوتاری، وەها ئایدۆلۆژیایک شاراوە و داپۆشراو دەمێنێت. بانگەشەی ئیدیعای سەرەکیی شیکاریی ڕەخنەیی میتافۆریش (**Critical Metaphor Analysis**) هەر وەکوو ڕێگەی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار دەچێتە پێش. چونکە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار شێوەیەکە بۆ ئاشکرکردنی ئایدیۆلۆژی و بیرۆکە و هزرە بنچینەییەکان، لەم ڕووەوە ئەمە تیۆرییە بۆچوونێکی بنەڕەتییە بۆ تێگەیشتنی زۆرتر سەبارەت بە پێوەندیی نێوان زمان و هزر و بەستێنی کۆمەڵایەتییەکان.

لەم نووسراوەدا سەرنج دەخەینە سەر ئەو میتافۆرانەی کە لە دەوروبەری "ڤایرۆسی کۆرۆنادا" و لە چاپەمەنییەکاندا خولقێندراون. ئەو سەردێڕانەی کە لە لایەن ئەم چاپەمەنییانەوە هەڵبژێردراون ئەوە نیشان دەدات کە ڤایرۆسی کۆرۆنا زیاتر لەگەل وشەکانی "شەڕدا" چەمکاندنی بۆ کراوە. لە سەردێڕەکانی خوارەوەدا وەها هاتووە:

| English | فارسی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| In war against coronavirus, health experts suggest abstinence over indulgence | جهادی‌ها مقابل کرونا «روزنامه جوان» | بەیەکەوە دژی کۆرۆنا، سەردەکەوین |
| Spanish PM Says EU Survival at Stake in War against Coronavirus | *سفیدپوشان در خط مقدم «روزنامه رسالت»* | بۆ فریشتە سپی پۆشەکان |
| Beware of Trump Using the Coronavirus as a Cover for War with Iran | *رزمایش بزرگ جهادگران و مدافعان سلامت «فارس»* | شەڕی کۆرۆنا بە کاکە کاکە و نەرمی و بەعاتیفە ناکرێ |
| Are We Really Fighting Coronavirus 'Like A War'? | *کادر درمانی خط مقدم مبارزه با کرونا «مهر»* | سەنگەرگرتن دژی کۆرۆنا |
| China-Thailand coronavirus social media war escalates | *لاله‌های سپید در جنگ با کرونا «روزنامه جام جم»* | داعش و شەڕی کۆرۆنا دوانەیەکی سەرکەش و چەموشن لە سیستەمی نوێگەریی جیهاندا |

| | | |
|---|---|---|
| **Coronavirus: If we are in a war against COVID-19 then we need to know where the enemy is** | *بسیج ملی مقابله با کرونا «روزنامه قدس»* | دوای جەنگی کۆرۆنا، چیبکەین؟ |
| **Officials keep calling the coronavirus pandemic a 'war'.** | *مجاهدان کرونا «آفتاب»* | جەنگی مرۆڤایەتی دژی کۆرۆنا جیاواز لە هەموو جەنگەکان |
| **Hackers Have Some of the Best Ideas in War Against Coronavirus** | *جدال سخت با کرونا «روزنامه جوان»* | سەرجەم هێزەکانمان لەئەرکدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا |
| **Spies Are Fighting a Shadow War Against the Coronavirus** | *سرداران سلامت «روزنامه ایران»* | ئاگری نەورۆز کوردستان دژی کۆرۆنا |
| **New Zealand is winning the war on coronavirus.** | *همه باهم علیه کرونا «ایران»* | جەنگی کۆرۆنا دەست پێ دەکات |
| **China steps up western media campaign over coronavirus crisis** | *آمادگی کامل برای شکست کرونا «روزنامه حمایت»* | جەنگی باشوور بەرامبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا |

| | | |
|---|---|---|
| **Coronavirus: who will be winners and losers in new world order?** | *مبارزه همگانی با کرونا «همشهری»* | هەنگاوی بوێرانە بۆ روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا |
| **Europe's future is at stake in this war against coronavirus** | *قربانیان سفیدپوش «صنعت»* | لەنێوان پەتایەکی سروشتی و شەڕێکی بایۆلۆجیدا |
| **The horror of coronavirus is all too real. Don't turn it into an imaginary war** | *مبارزه گیلان با کرونا «سازندگی»* | کۆرۆنا سەرکردایەتی جیهان لە ئەمریکا دەستێنێتەوە ؟ |
| **Health workers' worst fears confirmed as Covid-19 reaches war-torn Yemen** | *چهار تاکتیک نبرد با کرونا «دنیای اقتصاد»* | کۆرۆنا هەڕەشە لەبارسێلۆنا دەکات |
| **We are at war with coronavirus. Everyone will have to muck in** | *بسیج عمومی برای مقابله با کرونا «همدلی»* | ڤایروسی کۆرۆنا جگە لە هەڕەشەی تەندروستی، شەڕێکی گەورەش لەسەر ئابوری وڵاتان |

لە ڕوانگەی میتافۆری و لە سیاسەت و هەروەها زۆرێک لە ڕاپۆرتی چاپەمەنییەکاندا، شەڕکردن لە دەستەواژەی "شەڕ و بەربەرەکانێی فیزیایی" چەمکاندنی بۆ دەکرێت. لەم ڕووەوە دەتوانین لەسەر شەڕی هەڵبژاردنەکان، شەڕکردن بە مەبەستی نەڕووخان بۆ پلەیەکی خوارتر، یا شەڕکردن بۆ مانەوەی ئابووری باس بکەین. شەڕ بە واتای هەوڵدان یا کەڵک وەرگرتنی وزەیە، بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا. ئەم واتا بنەڕەتییە  لەگەل ئەم بەشانەدا گرێ دەخوات.

لە زۆر بابەتدا، هەڵبژاردنی میتافۆر لە ژێر ئاڵای ئایدیۆلۆژییەکاندا شکڵ دەگرێت، سمینۆ و ماسکی لە توێژینەوەیەکدا دەڵێن: "سەرجەم میتافۆرەکان چ بە هاندەرێکی سیاسییەوە شکڵ بگرن چ دوور بن لە هاندەری سیاسی، بەڵام  هەندێ لە لایەنە ڕاستییەکان زەقتر دەکەنەوە و هەندێکی دیکەیش دەشارنەوە."لێرەدایە کە بۆچوونی ڕەخنەیی بەرانبەر بە زمان، ئەم ڕێگەمانە پێ نیشان دەدات کە چ پێکهێن گەلێک بەسەر هەڵبژاردنی وشەکان و دەقە سۆزدارییەکانەوە کاریگەریی دادەنێت. لە ڕوانینی لیکاف و جانسۆن، ئێمە ڕاستی و حەقیقەتی خۆمان لە میتافۆرەکاندا دەڵێینەوە و دواتر بە پێی ئەم میتافۆرانە دەچینە پێش.

وشەکانی «بەرەکانی شەڕ، شەڕ، بەرگریکاران، هێڵی پێشەوە، نەرمەئامێری شەڕ، سەنگەر و هتد» کە لەگەل کۆرۆنادا دروست دەبن، لەو دەستە

میتافۆرانەن کە مرۆڤ دەکوژن. لە کتێبی "رومایین"دا وەها هاتووە:" گرینگ ئەوەیە کە چ میتافۆرگەلێک بۆ ژیان هەڵبژێرین. ئەگەر میتافۆرەکان بە بێ بیرکردنەوە هەڵبژێرین و یا لە تێگەیشتنی واتای دەروونییاندا تووشی کێشە ببین، بە دەستی خودی ئەو میتافۆرانە دەمرین." لە وتاری پڕ بە پێستی چارتریس وەکوو وتاری رومایین دەڵێت:" زیاتر لەوەی کە میتافۆرەکان کەرەستەی ژیانەوەی ژیانی مرۆڤە، ئەگەری هەیە کە ببێتە کەرەستەی لە بەرچاونەگرتنی مرۆڤایەتیی مرۆڤەکان و مردن بە پێویستییەک و تەنانەت چێژبەخشیش وێنا بکات." یرنیچ و یاسپالیش لەسەر ئەو باوەڕن کە هەڵبژاردنی هەڵەی میتافۆر ئەگەری لەناوبردنی مرۆڤایەتیی هەیە. بۆ وێنە نرلیچ و هاوکاران کاتێک کە پێکهاتەی نەخۆشینی یاوی بەفرەکیی لێکدەدەنەوە، لە دەقی "قاڵب و میتافۆرەکان" کەڵکیان وەرگرت. حکوومەتی بەریتانیا و چاپەمەنیی، کەم تا فرە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ یاوی بەفرەکی بە پێی بنەمای ئەم قاڵب و میتافۆرانە چەمکاندنیان بۆ بابەتەکە کرد. نووسەران، ئەم دیاردەیە وەها پێناسە دەکەن:

“When the UK experienced a outbreak of FMD in 2001, politicians and the press used words like ‘battle’, ‘enemy’, ‘defeat’, ‘combat’, ‘front line’ and ‘task force’, setting up a metaphor of DEALING WITH FMD IS WAR. This metaphorical construction led to drastic solutions such as

the killing and burning of thousands of animals, with severe consequences for animal welfare and the environment: ‘Although the war against FMD was metaphoric in nature, its consequences were real and tangible’ (Nerlich et al. 2002: 93).”

کاتێک کە بەریتانیا لە ساڵی ٢٠٠١ یاوی بەفرەکیی تەجروبە کرد، سیاستڤانان و چاپەمەنیی لە وشەگەلی وەک ""پێکداداان"، "دوژمن"، "دۆڕان"، "شەڕ"، "هێڵی بەرگری" و "گرووپی زەربەت" لە ئافراندنی میتافۆری:(یاوی بەفرەکی شەڕە) کەڵکیان وەرگرت. دروستکردنی وەها گوتارێک بووە هۆی هەڵوێستی توند وەکوو کوشتن و سووتاندنی هەزاران جۆری ئاژەڵ، کە لێکەوتێکی دژواری بۆ خۆش بژێوی ئاژەڵان و ژینگە بە دوای خۆیدا هێنا: "ئەگەرچی شەڕ لە بەرابەر یاوی بەفرەکییەوە سروشتێکی میتافۆریکی هەبوو، بەڵام ئاکامەکەی ڕاست و هەست پێکراو بوو."

کەوایە پەس بەو جۆرەی کە وەرتان گرت نەخۆشینی یاوی بەفرەکی بە پێی دەستەواژەی "شەڕ" چەمکاندنی بۆ کراوە و وشەکانی دوژمن، چەک و کوشتن، لە زەیندا دادەکوتێت. ئەم جۆرە میتافۆرانە لە جۆری مێتافۆری پێکدادانە (conflict metaphor)ـە. خوێنەر ئەگەری هەیە بە بێ ئاشناییەک لەگەل ئۆپەراسیۆنی جەنگی، واتای ڕستەکان بدۆزێتەوە. بەکاربردنی ستراتێژیی تەیارکردنی چەک و چۆڵ (militarization) لە نووسراوەکان و

گوتراوەکانی مرۆڤدا، دەتوانێت کوشندە بێت؛ چونکە هەڵوێستێکی شەڕەنگێزی (war-like) لەگەڵدایە. سەرەڕای ئەوە سانتاگ دەڵێت، واتای شەڕ لە گوتاری تەندروستیدا کارایییەکی بەرینی هەیە: لەو کاتەوە تا بە ئێستا، میتافۆرە چەکدارییەکان بە زۆریی هەموو ڕۆژێک لایەنی پیاهەڵدانەکانی بارودۆخی پزیشکییان خستوەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. نەخۆشین وەکوو هێرشی ئۆرگانیزمەکانی بێگانە دەبینرێت کە جەستە بە چالاکییەکی چەکدارانەوە وەڵامی دەداتەوە، وەکوو دەقەکانی "تەیارکردنی بەرگریی لەش"، "هێزی بەرگری" و "دەرمانی هێرشبەرانە" کە کەوتووەتە سەر زمانی بەشێک لە پزیشکانی چارەسەری کیمیایی. چوارچێوەی میتافۆری تایبەت کە لە گوتاری پزیشکیدا باوە، هەوڵە پزیشکییەکان بە شەڕێک دەشوبهێنێت کە لەوێدا پزیشک یا نەخۆشەکان لە شەڕدان و نەخۆشەکانیش بە پێی ڕێنماییە پزیشکییەکان، سەرقاڵی شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی دەروونیانن. نەخۆشەکان ئەو هونەروەرانەن تا لە "ناوچە داگیرکراوەکاندا" ڕۆڵ بگێڕن، کە لەوێدا نەخۆشین چالاکییەکی چەکدارانەیە و لە کۆتایدا نەخۆشەکان و نیگەرانییە تایبەتەکانیان کەوتووەتە پەراوێزەوە و کەشەکە بۆ بەربەرەکانێی نێوان پزیشک و نەخۆشەکان دەگونجێت. وودز لە کتێبی گوتاری پزیشکیدا دەڵێت: "نەخۆشخانەکانی فێرکاریی پزیشکی، بە کەڵک وەرگرتن لە تەنزی ڕەش (black humour) بە ناوبانگن و وشەگەلی سووکایەتیی نەشیاو لە

ناویاندا زۆرە. بۆ وێنە کاتێک پزیشکەکەمان لە وشەی "شەهید، بەرەکانی شەڕ، هێڵی بەرگری و هتد" کەڵک وەردەگرن و نەخۆشینی ڤایرۆسییەکە بە تایبەت دادەنن کە "دوژمن" لە دەروونی زاتیدایە و بێگومان ئەمەیش دەبێتە هۆی لەدەستدانی هیوای نەخۆشەکە.

بە پێی بۆچوونی وودز، ئەو جۆرە ناتۆرە، سیفەتە مرۆڤییەکانی نەخۆش لەناو دەبات. بەم پێیە مێتافۆرەکانی پێکدادان، بیرکردنەوەیکی سەرەکی بۆ پەرەپێدان بە ئایدیۆلۆژیای گوتارە جیاوازەکانە و ئامێرێکە بۆ چەمکاندنی بابەتە سیاسییەکان و وێناکردنی ڕۆنانی جیهانبینی. لە کۆتاوشەدا، میتافۆرەکان ئەوەندە کاریگەرییان هەیە کە بە شێوازی تایبەتەوە ئێمە بەرەو بیرکردنەوە سەبارەت بە جیهان هان دەدەن. بەو جۆرەی کە چارتریس دەڵێت:"لێک‌تێگەیشتنی باشتر لەمانە، بنەڕەتی ئافراندنی کۆمەڵگایەکی باشترە. و ئەم فرمانە تەنیا لە ژێر سێبەری بۆچوونێکی ڕەخنەیدایە کە لەوێدا خەڵکی دەبێ بە شێوازێک فێر بکرێن کە توانای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتیان ببێت. بێ ئەم تواناییانە، هیچ دێمۆکراسییەک بوونی نابێت، چون هیچ هەڵبژاردنێک لە ئارادا نییە.

لە ئاکامدا شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار بۆچوونێکی گرینگ بۆ ئەو کەسانەیە کە لایەنگری تاوتوێ کردنەوەکانی نێوان زانستین، چون هانمان

دەدات تا لە پەیوەندیی نێوان بەشە ناپەیوەندییەکانی لێکۆڵینەوە مرۆییەکان تێبگەین.

**سەرچاوە:**


- Brown T.L.(2003). Making Truth: Metaphor in Science, University of Illinois Press, xiv + 215 pp.
- Cameron, L. (2003). Metaphor in Educational Discourse. London: Continuum.
- Charteris-Black, J. (2004). Corpus approaches to critical metaphor analysis. New York: Palgrave MacMillan.
- El Refaie, E. (2001). Metaphors we discriminate by: Naturalized themes in Austrian newspaper articles about asylum seekers. Journal of Sociolinguistics 5(3): 352–71.
- Lakoff, G. & M. Johnson (1980). Metaphors we live by. Chicago: University of Chicago Press.

Nerlich, B., Hamilton, C. and Rowe, V. 2002. Conceptualising foot and mouth disease: the socio-cultural role of metaphors, frames and narratives. Metaphorik.de 2: 90–108.

- Romaine, S. 1996. War and peace in the global greenhouse: metaphors we die by. Metaphor and Symbolic Activity 11(3): 175–94.
- Santa Ana, O. (2002). Brown tide rising: Metaphors of Latinos in Contemporary American public discourse. Austin: University of Texas Press.

Semino, E. and M. Masci, ‘Politics is Football: Metaphor in the Discourse of Silvio Berlusconi in Italy’, Discourse and Society, 7/2 (1996), 243–69.

Sontag, S. (1989) AIDS and its Metaphors.London: Allen Lane.

# کۆرۆنا لەنێوان کانت و فۆکۆدا
## (دۆخی کۆرۆنایی وەکوو پرسێکی ئاکار)
### سامان ئەمجەدی

هەمووی لەبەر ڤایرۆسێکی ئێجگار ورد؛ ڤایرۆسێک کە لەپاش ئەم هەموو قەڵغان و کوشتنەی، بە پێی ئەژمارەکان کێشی نەگەیشتۆتە پێنج گرام؛ بەڵام کێشی کێشەیەک کە سازی کردووە ئەوەندە زۆر و بەرچاوە کە قەت لەبیر ناکرێ. درمی کۆرۆنا بە شێوەیەکی زۆر جیدی مرۆڤی لەگەڵ خۆی و ئاستی توانستەکانی ڕووبەڕوو کردۆتەوە. هەرکەس بە جۆرێک لەسەر دۆخی ئێستامان ڕۆچووە. بەدەر لە ڕێنومایيەکان، بەجیدی پێویستە لەسەر لایەنگەلی جۆراوجۆری ئەم دیاردە و ئەم کارەساتە کە بە پاندێمی دیاری کراوە بدوێین،

بەتایبەت لەمەڕ ئەو پرسە فەلسەفییانە کە ئەم درمە بۆمانی سازکردووە یان دەبێ ئاڕاستەی خۆمانی بکەین. ئەم وتارە تێدەکۆشێ کە بە زمانێکی سانا بەڵام نەک ڕووکەشیانە لەسەر هەندێ لایەنی ئاکاری و سیاسی بدوێ کە کۆرۆنا هێناویەتە پێش.

لە ئاستی جیهانیدا جەماوەر و دەوڵەتەکان لەسەرەتا هەڵوێستێکی یەکسیانیان نەگرتەبەر تاکوو زەبری نەخۆشیەکە و ژمارەی زۆری تووشبووان و مردووەکان و دەستەوەستانی زانست لەهەمبەر لێشاوی ئەم درمەدا وەهای کرد کە زۆربەیان مل بدەن بە دابڕگە (قەرەنتینە) و تەنیا چارەسەر لە نەهاتنە دەر و مانەوە لە ماڵدا ببینن. بەدەر لەوە کە هەڵوێستی دەوڵەتەکان و بەتایبەت دەوڵەتی ئێران چلۆن بنرخێنین دەمانەوێ خوێندنەوەیەکی فەلسەفیمان بۆ هەڵوێستەکان و کردەوەکان بێ. دەوڵەتەکان و جەماوەر بنەمای کردەوەکانیان –ئاگا یان بێئاگا- بۆ کامە ڕێباز و بیرۆکەی فەلسەفی هەڵدەگەڕێتەوە. کۆمەڵگا هەر لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا بە دوو تاقمە دابەش بووە. یەکێکی ئەوانەی کە بە تەواوی پابەندی ڕێنوماییەکانن و لە ماڵەوە لە دابڕگە(قەرەنتینە)دا ماونەتەوە. تاقمی دووەم ئەوانەن کە ئەگەر نا وەکوو پێشوو، بەڵام ژیانی ئاسایی خۆیان تێک نادەن و ڕێنوماییەکانیان بەلاوە گرینگ نییە. ئەمە کە بۆچی حکوومەت لە هەڵوێست و کارێکی جیدی و بەرپرسیارانە خۆ دەشارێتەوە باسێکی گرینگە بەڵام هەڵسووکەوتی ئەو لایەنەی خەڵک کە بە هیچ شێوەیەک ڕێنوماییەکان ڕەچاو ناکەن و پابەندی

نین، جێگەی تێڕوانینێکی قووڵە کە نە نووسەر ئەو مەودای هەیە و نە لە دووتۆی دەقێکی وەهادا جێگای دەبێتەوە، بەڵام بەش بە توانی خۆم و دەرفەتێک کە هەیە لەسەر ئەم باسەدا ڕۆدەچمەوە. پرسەکە ئەوەیە کە چلۆنە مرۆڤێک ئەو ڕێنومایانە وا سەلامەتی و گیانی خۆی و ئەویدییەکان دەپارێزێ لەبەرچاو ناگرێت؟ باسەکە بەگشتی و وەڵامی ئەم پرسیارە بەتایبەتی پێوەندیی بە پرسی "ئاکار"[٧٥]ەوە هەیە. بەڵام بۆ ئەوەی کە مرۆڤ پەیڕەویی فرمانەکانی ئاکار بکا دەبێ سەربەست بێ و بۆ دەستەبەرکردنی سەربەستی پێویستە مرۆڤ ئازاد بێت. ئەوەیە کە چەمککەلی ئازادی و ئاکار دەستبەجێ قوت دەبنەوە و ئەو کێشەیەمان بۆ ساز دەکەن کە واتایان چیە و شێوە ڕوانینەکان بەم چەمکانە چ کاردانەوەیەکی لەسەر کردەوەکانی تاکەکان هەیە یان باشترە ببێژین کە چلۆن دکارین کردەوەی تاکەکانی پێ بخوێنینەوە.

ڕوانین بۆ ئاکار لە نێوان بیرمەنداندا بە دوو دەستەی گشتی دابەش دەبێ؛ یەکێکی ئەوانەن کە باوەڕیان بە بوونی یاسا و ڕێساگەلێکی گشتگیر و ڕەها هەیە و دەکرێ بە لایەنگرانی **ڕەهاباوەڕی**[٧٦] ناویان لێبەرین. ئەم ڕوانگەیە کە زۆرینەی بیرمەندان و ڕێبازە فەلسەفییەکان دەگرێتە خۆ و لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفە و فەلسەفەی ئاکارەوە دەست پێدەکات. تاقمەکەی دیکە ئەو بیرمەندانەن کە جەخت دەکەنە سەر بیرۆکەی ڕێژەییبوونی ئاکار و باوەڕیان ئەوەیە کە هیچ یاسایەکی گشتگیر و جیهانی لە ئارادا نییە؛ ئەم

75 . Ethics
76 . Absolutism

ڕەوتە بە **ڕێژەییباوەڕی**[٧٧] نێودێر کراوە. تاقمێک کە وەکوو دەستەی پێشوو مێژوویەکی کۆنیان هەیە و هاوتەریب لەگەڵ ڕەهاباوەڕەکان سەریان هەڵداوە و بە درێژایی ئەم مێژووە ململانێیان لەگەڵ یەک بووە و ئێستاش لایەنگرانی هەر دوو لایەن لە نێو بیرمەندان و خەڵکی ئاساییدا بە بیر و بە کردەوە بەردەوام بەرپەرچی بیروبۆچوونی لایەنی دیکە دەدەنەوە. بەهێزترین و بەرچاوترین ڕێبازی نێو لایەنگرانی ڕەهاباوەڕی، **کانتباوەڕی**[٧٨] یان بڵێین کانتیزمە کە لەسەر ئاکارێکی ئەرکتەوەر پێداگری دەکا و ڕوانگەیەکی گشتگیری بۆ چاکە و خراپە هەیە کە پێوەندییان بە شوێن و کاتەوە نییە. بەرچاوترین ڕێبازەکانی ڕوانگەی بەرانبەر، **بەرژەوەندیباوەڕی**[٧٩] و **پۆست-مۆدێرنەن**[٨٠] (و لەنێو ئەم بزوتنەوەش گۆشەنیگای فۆکۆ بەرچاوترە). ئەم دوو ڕەوتەش لە ناوەرۆکدا پێوەندییەکیان پێکەوە نییە بەڵام بەهۆی ئەوە کە ڕێژەباوەڕ و **ئەنجامباوەڕن**[٨١] دەکەونە نێو یەک ڕیز. هەرچەند هەمووی ئەم ڕێبازانە لەگەڵ یەکدی ناکۆکن بەڵام هەموو مرۆڤ تا ڕادیەکی زۆر ئازاد دەبینن.

کانت لە پێشەنگەکانی ورووژاندن و شیکردنەوەی چەمکی ئازادییە. لای کانت عقل تاکەیە و تەنیا لە ناولێناندا جیاوازە و لە دوو جۆردا دەردەکەوێ کە



---

77 . Relativism
78 . Kantism
79 . Utilitarianism کە دەکرێ بە کەڵکخوازی یان سوودباوەڕییش وەربگێڕدرێتەوە،
80 . Post-Modernism
81 . Consequentialism

بریتین لە **عەقڵی بیردۆزی**[٨٢] **و عەقڵی کردەکی**[٨٣]. عەقڵی بیردۆزی مەڵبەندی زانست و یاساکانی خۆیەتی کە هەموو سەلمێنەری زەبر و ناچارین[٨٤]. لەم ئاقارەدا ئازادی بەدی ناکرێ و لە مەڵبەندی عەقڵی کردەکیدا دەبێ بیدۆزینەوە کە دەڤەری ئاکار و سەربەستییە. لەم ئاقارەدایە کە کانت دەیسەلمێنێ، مرۆڤ بە پێچەوانەی ئاقاری عەقڵی بیردۆزییەوە ئازاد و سەربەستە. بە بڕوای کانت مرۆڤ بەهۆی ئەوەی کە هێزی عەقڵی هەیە، خاوەن هەستی ئاکاریشە. لە ڕوانگەی کانتەوە ئازادی تایبەت بە ویستە[٨٥] و ویستیش بە شێوەیەکی هۆیی[٨٦] پێوەندیی بە عەقڵەوە هەیە. تەواوی هەوڵی کانت ئەوەیە کە لە نێو جیهانی دێتێرمینیستی و ناچارییەوە جێگا بۆ ئازادی و سەربەستی مرۆڤ دیاری بکات کە بتوانین چاوەڕوانیی کردەوەی ئاکارمەندانەی لێ بکەین. کانت دەڵێ لە سرووشتدا ئازادی واتای نییە و سروشت مەڵبەندی پێویستییە[٨٧]. هەروەها دەڵێ ئەگەر ویستی تاکێکی عاقڵ، ئازاد وێنا دەکرێ دەبێ بەو واتایە بێ کە هۆکارێکی دەرەکی ویست و حەزەکانی دەستەبەر ناکەن. مرۆڤ دەبێ ئازاد بێ دەنا ئاکار بێمانا دەبێ. مرۆڤی عاقڵ و خاوەنی سەربەستی چونکوو لەژێر کاریگەری پێوەندییەکانی



---

82 . Theoretical reason
83 . Practical reason
84 . Deterministic
85 . Will
86 . Causal
87 . Necessity

دەرەکی نییە، خاوەنی خۆبەڕێوەبەرییە[٨٨] و بۆ خۆی دانەری یاسایە و هاندەری خۆیەتی لەمەڕ کردەوەکانیدا. لە بەرامبەردا چەمکێکی دیکە قوت دەبێتەوە کە بەپێچەوانەی خۆبەڕێوبەرییە و لە کاتێکدایە کە مرۆڤ نە بەپێی ویستی خۆی کە بە زەبری یاسای شت یان کەسێکی دەرەکی هەڵدەسووڕێ کە ئازاد نییە و کانت بە ژێردەستی (گوێڕایەڵی)[٨٩] ناوی لێدەبا. ئەم دوو چەمکەی ئازادی لای کانت دواتر لەژێر ناوی ئازادی ئەرێنی و نەرێنی لەلایەن کەسانی دیکەوە بە پوختی گەڵاڵە دەکرێن.

لە ئازادی دوو چەمکی سەرەکی دەوەشێتەوە کە ئازادیی **ئەرێنی**[٩٠] یان ئیجابی و ئازادیی **نەرێنی**[٩١] یان سەلبییە؛ یان بە وتەیەک **ئازادی بۆ**[٩٢] و **ئازادی لە**[٩٣]؛ لەوەی یەکەمدا کە **تۆماس هیل گرین**[٩٤] فەیلەسووفی ئینگلیزی یەکەم جار بەکاری بردووە کە وەکوو کانت دەڵێ، ئازادی بە واتای مافی بژاردنی سەربەخۆ و بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی و بەند و مەرجە. چەمکی دووەمی ئازادی، دانراوی فەیلەسووفێکی ئینگلیزی دیکە، واتە **جێرێمی بێنتامە**[٩٥] کە جەخت دەکاتە سەر ئەو بابەتە کەسێک کە هەڵئەبژێرێ، تا چ



88 . Autonomy
89 . Heteronomy
90 . Positive
91 . Negative
92 . Freedom For
93 . Freedom From
94 . Thomas Hill Green
95 . Jeremy Bentham

ڕادەیەک بۆی هەیە بە دڵی خۆی ببژێرێ و چ بژاردەگەلێکیش لە ڕاستیدا لەبەردەستیدا هەیە. بێنتام پتر لە دووسەد ساڵی پێش ئێستا وای دەربڕی کە ئازادی بریتییە لە نەبوونی شتێک، یانی نەبوونی هەر جۆر زۆرەملێ و زەبرێک. گرین دەڵێ ئازادی هەر ئەوە نییە کە ئازادی لە زۆرەملێ یان سنووردارێتی بێ، بەڵکو ئازادی ئەو هێزە ئەرێنییە یان توانستی بەڕێوەبردن یان کەڵک‌وەرگرتن لە شتێکە کە شیاوی بەڕیوەبردن و قازانج‌گرتنی هەبێ. ئەمە هەر هەرمان بیرۆکەی کانت لەسەر خۆبەڕێوبەرییە.

کانت دانەری ئاکارێکە کە بنەماکەی لەسەر ڕێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی مرۆڤ دامەزراوە. مرۆڤی ئازاد لای ئەو پلە و پێگەیەکی بەرزی هەیە و مرۆڤ وەکوو ئامانجە سەیر دەکرێ. مرۆڤێکی وەها ئازاد، ژێردەست و پێبەستەی هیچ شتێک و هیچ کەسێکی دیکە نییە و تەنانەت نابێ کە گوێڕایەڵی ئیرادەی خوداش بێ. چونکوو ئەگەر مرۆڤ گوێڕایەڵی ئەو ویستە بوو ئیدی ناکرێ ناوی بنین ئازاد و بەو هۆیەوە سەربەستییەکەی تێکدەچێ؛ بەوبۆنەوە مرۆڤ کردەوەی ئاکاریی خۆی بە چاوەڕێتی پاداشت و خەڵات و تەمای ڕەزایەتی خودا گرێداوە کە ئەوە دەبێتە ژێردەستی. بەپێی وتەی کانت ئازادی ئیرادە و ویست هیچ نییە جگە هەڵسووڕان بەپێی فرمانەکانی عەقڵ. بە بڕاوی کانت مرۆڤی سەربەست پێڕەوی یاساکانی عەقڵە. تەوەری سەرەکیی یاسای ئاکار لە ڕوانگەی کانتەوە **فرمانی ناچارەکی**[٩٦] یەکە بۆ هەر کەسێک درووستە و

[96] . Categorical imperative

بەڕێوەبردنی بەپێویست دادەنێ. کانت دەڵێ فەلسەفەی ئاکار لە چەمکی هاوبەشی **ئەرک**[٩٧] و یاساگەلی ئاکار[٩٨] دەکەوێتەوە. دەبێ هەموو مرۆڤێک دانی پێدا بنێ کە گەر یاسایەک بە یاسایەکی ئاکار دابنرێ، واتە بنەمایەکی پابەندبوون بێت، ئەوە دەبێ سرووشتێکی ناچارەکی[٩٩] هەبێ. کەوایە کانت باس لە یاسایەکی ڕەها و گشتی دەکا کە هەرکەس دانی پێدا بنێ و بە ئەرکی خۆی بزانێ کە پێی پابەند بێ. کانت لە کتێبی **دانانی بنەمای متافیزیکی ئاکاردا**[١٠٠] دەڵێ: یەک، تەنیا بەپێی ڕێسایەک بجووڵەوە کە بتهەوێ ببێتە یاسایەکی گشتی. لە هەمان حاڵدا دەڵێ با کردارەکەت بە جۆرێک بێت، وەک ئەوەی تۆ مرۆڤایەتی لە خۆتدا و لە هەموو کەسێکی‌تردا هەموو کاتێک وەک ئامانج نەک وەک ئامراز بەکار دێنیت. ئەم گشتگیریی و جەخت‌کردنە سەر ئەرکی ئاکاری، کاریگەری زۆری لەسەر بیرمەندانی پاش کانت هەبوو و بەرپەرچدانەوەی زۆریشی لێ کەوتەوە.

گرینگترین ڕوانگەی بەرانبەری ڕەهاباوەڕیی ئەندێشەی کانت، بەرژەوەندباوەڕیی بێنتامییە. بەرژەوەندباوەڕی یان بەکەڵکێتی، بەو واتایە کردەوەیەک کاتێک چاکە کە ببێتە هۆی زێدەکردنی بەختەوەری و چێژ؛ خراپەش ئەویە ببێتە هۆی تەشەنەکردنی ڕەنج و ئازار. لە کۆمەڵگای خوازراودا، ڕێژەی چێژ زۆرتر لە ئازارە. لەم کۆمەڵگایەدا زۆرینەی تاکەکان

97 . Duty
98 . Moral laws
99 . Absolute necessity
100 . Grundlegung zur Metaphysik der Sitten

بەختەوەرن. بێنتام جیاوازییەک لە هۆکارەکانی هەستی بەختەوەری بەدی ناکا. هەرچێک کە هەستی خۆشی بەدی بێنێ، لە چێژێکی جەستەییەوە بگرە تاکوو ئۆقرەییەکی گیانی، لە خۆشییەکی کاتییەوە بگرە تاکوو خۆشحاڵییەکی درێژخایەن، هەمووی لەم هەستی بەختەوەرییەدا جێگایان دەبێتەوە. پاش بێنتام، **جان ستیوارت میڵ**[101]، بە پێڕەوی لە بێنتام و بە مەبەستی هاوسەنگ‌کردنی بەرژەوەندباوەڕی، دوو ئاڵووگۆڕی بەسەر ئەم بیرۆکەدا هێنا. یەکەم ئەوەی کە بەختەوەری دۆخێکی تێپەڕە و نە شتێک وەکوو پارە کە بتوانی پاشکەوتی بخەی و هەمیشە بتبێ. دووەم ئەوەی کە پێگەی پێگەیشتووی تاک لەنێوان دۆخگەلی بنەمایی خۆشبژێوی مرۆڤانەدا دیاری دەکا. بەرژەوەندباوەڕەکان بە گشتی، بەشباوەڕن[102] و لەسەر ئەو بڕوایەدان کە درووستی و نادرووستی کردەوە بە تەڤاری[103] کۆمەڵایەتی یان بە باروودۆخەوە بەستراوەتەوە. بۆ بەرژەوەندباوەڕ ئەزموونگەلی بەرچاو هەمیشە لەپێش ڕێساگەلی ئاکاریدایە. ئەوەیە کە بەپێی بۆچوونی ئەمان، یاساگەلی ئاکاری ئاوارتەهەڵگرن و بەپێی دۆخ و بوار دەبێ هەڵوێستی تایبەتی خۆی بۆ ڕەچاو بکرێ. ئەم ڕێژەییباوەڕییە لە دەستەی سێهەمی بیرمەندانی ئاماژەپێکراوی ئەم دەقەشدا واتە پۆست-مۆدێڕنەکان بەدی دەکرێ.



---

101 . John Stuart Mill
102 . Partial
103 . Context

پۆست-مۆدێرنیزم بزووتنەوەیەکی گشتگیرە کە زۆر بابەت و بیرمەندی جیاواز دەگرێتەوە خۆ. لێرەدا هەوڵ ئەدەین پاش-پێکهاتەخوازەکان[١٠٤] و بە تایبەت کەسایەتییەکی تەواو ڕەخنەگر وەکوو **فۆکۆ**[١٠٥] بخەینە بەر باس. فۆکۆ بەپێچەوانەی زۆرینەی بیرمەندانی پێش خۆی دژ بە سازدانی سیستەم و پێکهاتە و دەربڕێنی بیردۆزییە. ئەو دانانی هەر چەشنە بیردۆزییەک بە دەربڕینی حوکم دادەنێ و بەو هۆکارەوە دژایەتی ئەم کارە دەکا. فۆکۆ لەژێر کاریگەری هایدیگەردا[١٠٦] دژ بە هەر جۆرە سووژەیەکە[١٠٧]. فۆکۆ دەسبەرداری هەر چەشنە مەعریفەناسییەک[١٠٨] دەبێ و بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لە گوتار[١٠٩] کەڵک وەردەگرێ. فۆکۆ لەسەر ئەو بڕوایە بوو لە هەر سەردەمێکدا ڕێساگەلی گشتی بوونی هەیە کە تاکەکان بەشێوەیەکی ناهوشیار لە بازنەی تەکووزی پەیڤ[١١٠] و نەزمی دەربڕینی ئەو ڕێسایانەدا هەڵدەسووڕن. فۆکۆ لە پێناسە و لێکدانەوەی گوتاردا، دەڵێ: کۆمەڵێک ڕێساگەلی مێژوویی نەناسراوە کە هەمیشە و لە هەر کاتێک و شوێنێکدا دەبنە ناسێنەری سەردەمێکی دیاریکراو و کارکردی پێوەندیگەلی زارەکی[١١١] لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جوگرافی یان زمانی بەمەرجی بوونی

---

104. Post-structure
105 . Michel Foucault
106 . Martin Heidegger
107 . Subject
108 . Epistemology
109 . Discourse
110 . Speech order
111 . Verbal communication

ئەوانە بەئەنجام دەگات. بە بڕوای فۆکۆ ئەم ڕێساگەلە نەناسراون، یانی بەچەشنێک نین کە کەسێکی تایبەت ئاگاداریان بێت. ئەوەیە کە سووژەیەکی ئاگا و هوشیار لە پشتییەوە بوونی نییە کە ئەم گوتارە لەژێر ڕکێفیدا بێ.

فۆکۆ لەژێر کاریگەری **نیچە**[١١٢] و هایدیگەردا بە جیدی ڕەخنە لە نەریتی فەلسەفی ڕۆژئاوا دەگرێت، بەتایبەت کانتیزم و ئەو ڕەهاباوەڕیە کە ئەم فەلسەفەیە بانگەشەی بۆ دەکات. فۆکۆ دژ بە نەریتی ئاکاریی ڕۆژئاوا کە لە ژێر کاریگەری ئایینی کریستیان و پاشان ڕێبازی کانتدایە و فۆکۆ بە دەستووریێکی زۆرەملانە و داسەپێنەرانەی دەزانێ، باوەڕی بە چەشنە ئاکارێکە کە بە ئاکاری ئەستەتیکی[١١٣] دەینرخێنێ و تایبەت بە سەردەمی کۆنی یۆنانە. لەنێو ئەم ئاکارەدا کە کاریگەری بەرچاوی نیچەی تێدا دیارە، مرۆڤ دکارێ بە ئازادی و سەربەستی لە پێوەندییەکی دەروونیدا بەسەر سەرکەشییەکانی نەفسی خۆی زاڵ بێ و مل بە ویستەکانی خۆی نەدات. چونکوو لەوێدا هیچ چەشنە سەرکوت و سەرکۆنەکردنێکی نەفسی بەدی ناکرێ، بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە کە پاش سەرهەڵدانی ئایینی کریستیان باو دەبێت. هەر وەها کە باسی کرا، ئاکاری کریستیان و هەروەها ئاکاری عەقڵانیی مۆدێرنیتە بە هۆی ئەوەی کە یەکسانخواز و ڕەهاباوەڕن، هەروەها بەهۆی ئەوە کە پابەند بە فرمانن، لە چەشنی ئاکاری دەستوورین و لەهەمبەر

112 . Frederick Nietzsche
113 . Aesthetic ethics

ئاکاری ئەستەتیکی دادەنرێن. لە ئاکاری ئەستەتیکی‌دا سەرکوت و سەرکۆنەکردنێک لە ئارادا نییە و تاک خۆیەتی کە بە ئازادی و سەربەستی بەسەر نەفس و ویستەکانیدا زاڵە. لە واقیعدا تاک ئاگای لە خۆیەتی و چاوەدێری لە خۆ دەکا و ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی تاک هەڵوێستێکی باشی لەمەڕ تاکەکانی دیکە وەکوو ئەویدی بگرێ بەو ئامانجە کە خۆشی و سەلامتیی ئەویدییەکان دەستەبەر بکا. فۆکۆ لەگەڵ بنەماکانی ڕاستی[114] و ئاکاری مۆدێڕنیتە تەبا نییە. بەبڕوای ئەو ڕاستییەکی دەرەکی، نەگۆڕدراو و جیهانی بوونی نییە کە بتوانرێ وەکوو پێوەرێک بۆ مەڵبەندی ئاکار دابنرێت. ڕاستی و ئاکارێک کە مۆدێڕنیتە بانگەشەی گشگیریی بۆ دەکا، بە وتەی فۆکۆ بەرهەمی دۆخی مێژوویی مۆدێڕنە کە مۆدێڕنیتە بە ئافراندنی دەیەوێ زاڵێتی خۆی بسەپێنێ. فۆکۆ دەڵێ کە ڕاستیی لە پێوەندی لەگەڵ جیهاندایە و بە شێوەی زاڵێتی و زۆرەملێ خۆ بەدیدەهێنێ. هەر کۆمەڵگایەکیش ڕژێمی ڕاستیی[115] تایبەت بە خۆی هەیە. ڕاستی وەکوو دارایی وەبەرهەم دێ. فۆکۆ دژ بە هەرچەشنە گشتێتی و جیهانێتییە و بەم هۆیەوە دژ بە عەقڵباوەڕیی کانتی و هەر ئاکارێکی جیهانییە و لەسەر ئەو بڕوایەدایە کە هیچ شێوەژیانێکی ئاکاری پێی ناکرێ وەڵامدەرەوەی کێشەکانی هەمووان بێ. ئێستا ناچارین ڕوو بکەینە شێوەگەلی ناوچەیی، چکۆلە و کەمینە. ئاکاری فۆکۆ ئاکارێکی



114 . Truth
115 . The regime of truth

ئەزموونی[116]، دەروونی، ئەنجامباوەڕ و ڕێژەییە و زۆر لە ئاکاری بەرژەوەندباوەڕەکان نزیک دەبێتەوە.

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسی سەرەکی ئەم نووسراوە کە پەتای کۆرۆنا و کاردانەوەی لەسەر کۆمەڵگایە، ڕەنگە تۆزێک باسەکە ڕوونتر و بەرهەستتر بێتەوە. زۆربەی دەوڵەتەکان دۆخی قەرەنتینەیان ڕاگەیاند و هەندێکیان دۆخێکی مامناوەندیان گرتەبەر، بەڵام زۆربەی دەوڵەتان مانەوە لە ماڵیان وەکوو باشترین ڕێگە بە خەڵک ڕاگەیاند، هەندێک بە زەبر و زۆری یاسا و کەرەستەکانی، هەندێکیش بە زمانێکی نیانتر. پەرستگەکان وەکوو مزگەوت و کلێسەکان داخران. پرسەکە ئەوەیە کە ڤایرۆسێک هاتووە و پەتایەکی سازداوە و بە جیدی گیانی خەڵکی دەستێنێ. عەقڵ دەڵێ دەبێ پێشی پێ بگیرێ، بەڵام تا ئێستا تاکە چارەسەر قەرەنتینیە بووە. زانست و زانستڤان بەردەوام لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک. چوونە نێو قەرەنتینە و مانەوە لە ماڵ ئەویش لەم بەهارە دڵگیرە، بە دڵنیاییەوە پرسێکی ئاکارییە. ئەوەی کە ڕادەسپێرێ و حوکم دەکا کە دەبێ هەموو خەڵک تاکوو کاتی چارەسەرکردنی کێشەکە بچنە نێو قەرەنتینە، پێگەیەکی ئاکاری و عەقڵپەسەندی بۆ ئەم داخوازییەی خۆی هەیە و لە بەرانبەردا ئەوەش کە لەگەڵ قەرەنتینە تەبا نییە بە هەمان شێوە بڕوای بە ڕاگەیاندنەکان و بنەما ئاکاریی و هزرییەکانی پاڵپشتی نییە و هەندێ ئارگیۆمێنتی لۆژیکیی بۆ



116 . Experimental ethics

ڕەتکردنەوەی پێگەی بەڵگەکانی لایەنی بەرامبەر دەردەبڕێ. ئێستا وێڕای هەموو ئەم باسانە دەبێ لە لق‌وپۆی بابەتەکە بگرینەوە تاکوو پرسی سەرەکیی و کاکڵەی باسەکە کە پرسێکی ئاکارییە دەربکەوێ. پەتاکە هاتووە و کەس ناتوانێ ڕەتی کاتەوە و مەرگ و نەخۆشی پەرەی‌سەندوە و بە پێوەندی و نزیکێتی خەڵک دەگوازرێتەوە و چارەی ئەم قەیرانە پارێز و دوورگرتنە. ئێستا تاک دەبێ خۆی ڕووبەڕوی ئەم پرسیارە ئاکارییە بکاتەوە کە داخۆ پێکهێنانی مەترسیی مەرگ و نەخۆشی بۆ ئەویدی کارێکی شیاو و درووستە؟ بێگومان درێژەپێدانی ژیان بەشێوەیەکی ئاسایی ئەگەری تووش بوون بە کۆرۆنا زۆرتر دەکاتەوە، کەوایە تاک خۆی دەکەوێتە بەر مەترسی و لە هەمان حاڵدا گوازێنەری ڤایرۆسەکەیە و ئەگەری تووش‌کردنی خەڵک بە نەخۆشی و مەرگ لەئارادایە.

کانتییەکان دەڵێن ئاکار و بڕیارگەلی ئاکاری بەدەر لە هەر هۆکارێکی دەرەکی و ئەنجامێک کە لێی دەکەوێتەوە، دەبێ بەو شێوە بێ کە لەلایەن هەموانەوە ڕەچاو بکرێ و بە وتەیەکی دیکە تاک دەبێ بەجۆرێک هەڵبسووڕێ کە چاوەڕێی ئەوەی هەبێ ئەگەر هەمووان وەکوو ئەو بجووڵێنەوە، ڕەتی نەکاتەوە و پێی باش بێ. کەوایە پابەندبوون بە دەستووری زانست دەبێ هەڵوێستی کەسێکی کانتی بێ و مانەوە لە ماڵ بگرێتەبەر. کانتییەک دەڵێ هەروەها کە پێم خۆش نییە بەهۆی هەڵسووکەوتی نابەرپرسیاری کەسانی دیکەوە تووشی ئەم پەتایە ببم، کەوایە منیش نابێ بەم

شێوەیە بجووڵێمەوە و کەسی دیکە تووشی ئەم مەترسیە بکەم. کەوایە حکوومەتەکان لە دانانی ڕێوشوێنی تایبەت و سزادانی کەسانی نابەرپرسیار مافیان بە دەستە و کردەوەیەکی دروست و دادپەروەرانەیان گرتۆتەبەر. کانت پێشێل کردنی بڕیارەکانی ئاکار بەشیاوی سزادان دەبینێ.

بەرژەوەندباوەڕەکان لەم ڕۆژانەی کۆرۆنادا دۆخەکە هەڵدەسەنگێنێ و چاو لە قازانج و زیانەکانی هەر هەڵوێستێک دەکا و لە کۆتاییدا ئەوە هەڵدەبژێرێ کە زۆرترین خێروخۆشی بۆ کۆمەڵگا دەستەبەر دەکا. کەوایە لێرە مەرگ و نەخۆشی زۆرترین زیانی بۆ کۆمەڵگا هەیە و مەترسییەکی گەورەیە. ئەوەیە کە لایەنگرانی ئەم ڕوانگەش لەگەڵ کانتییەکان لەسەر ئەو مژارە کە قەرەنتینە باشترین ڕێگای پاراستنی هاووڵاتیانە تەبا و هاودەنگن. ئەم هەڵوێستەی ئەوان هەروەها سزادانی کەسانێک کە بە ڕێنومایییەکان پابەند نابن دەگرێتەوە؛ بەهۆی ئەوەی کە بەرژەوەندیی گشتی دەخەنە ژێر مەترسییەوە.

بەڵام ئەوانەی کە وەکوو فۆکۆ بیردەکەنەوە دەڵێن کە کۆرۆنا هەیە و نکۆڵی لێ ناکرێ و تاک دەبێ خۆی لێ بپارێزێ، بەڵام ناکرێ حوکمێکی گشتیی بۆ دەربڕین و پێویستە بەپێی دۆخی تاکەکان بڕیار بدرێ. لێرەش بەهەمان شێوە و ڕەواڵەتی پێشوو ئەو پێوەندییە گوتارییانە بەردەوام بۆ سەرکوت‌کردنی ویستەکانی دەسەڵات و زاڵێتیی زۆرتر لەسەر کۆمەڵگا و تاکەکان بەڕێوە دەچێ. ئێستاش کە کۆرۆنا هاتووە گوتارگەلی دەسەڵات هەموو دەیانهەوێ نکۆڵی بکەن لە نسکۆیەک کە تووشی هاتوون و هەوڵ ئەدەن وەکوو هەلێک

بۆخۆ بیقوازنەوە. دەسەڵات، ئایین و زانست بە تەواوی شێوەگەلی داسەپاندنی زاڵێتییانەوە دەیانهەوێ درێژە بە پێوەندییەکانی باوی پێشوو بدەن. قەرەنتینە وەکوو شێوە دەرمانێک ئەگەرچی دەوری باش دەگێڕێ لە هەمان حاڵدا سەپێنەری گوتاری زاڵە. دەسەڵاتی مۆدێڕن لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە بەندیخانەی سازداوە و ئێستاش هەر بە داسەپاندنی زاڵێتیی خۆی بەسەر کۆمەڵگا لە دووتۆی پێوەندییەکی ناهاوسەنگدا تاک بە ویستی خۆی یان بە زۆر بەرەو بەندیخانەیەکی دیکە ڕەوانە دەکا کە بە پێچەوانەی بۆچوونی کانتییەکان و بەرژەوەندباوەڕەکان بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی کۆمەڵگا نییە و زۆرتر دەسەڵات کەڵکی لێوەردەگرێ. فۆکۆ لە هەرجۆرە تەکووزییەک بەگومانەوە دەڕوانێ بەو هۆیەوە کە ناهەوسەنگی پێوەندییەکان لە ئاستێکدایە(لەلایەکەوە چالاکی و بکەری[117] و لەولاوە داماوی و کارتێکەری[118]) کە تاک بۆ خۆی نازانێ چی بەسەردا هاتووە. لایەنگرێکی فۆکۆ قامک بۆ سەرەتا و بنەڕەتەکانی ئەم کێشە ڕادەکێشێ کە کێشەکە وەها ببێتە قەیرانێکی گشتگیر و جیهانی؛ و لە ڕاستیدا کۆرۆنا ئەگەر بەرهەمی مۆدێڕنیتە نەبێ، بە دڵنیاییەوە گەشەسەندن و شێوەی گواستنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەکان لەژێر کاریگەری عەقڵی مۆدێڕندان. شێوەژیانی مۆدێڕن و عەقڵی گشتبینی مۆدێڕن بە پێکهێنانی گوتارگەلی دەسەڵات خولقێنەری ئەم دۆخەی ئێستان.

117 . Activity
118 . Passivity

هەڵوێستی کانتی لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی فۆکۆ ڕەنگە تەبا بێ کە دەسەڵات چەوسێنەری تاکە و ڕادەی ئازادی مرۆڤ بەرتەسک دەکاتەوە. لێرەدا ئازادییەک کە لەئارادایە ئازادی نەرێنییە و تاک دەبێ دەست لە ژیانی ئاسایی خۆی بەهۆی پێکهێنانی مەترسیی بۆ ژیانی خۆی و ئاسایشی کۆمەڵگا هەڵبگرێ. لایەنگری کانت لە وەڵامی هۆگرێکی فۆکۆدا دەڵێ هەڵوێستی من نە بە زەبری دەسەڵات کە لەسەر ویستی خۆم بووە و بەپێی عەقڵی خۆم وەرسووڕاوم و لەسەر گوێڕایەڵیی هیچ کەس و دەسەڵاتێکی دیکە ئەو بڕیارەم نەداوە؛ بڕیارێکی ئازاد و لە ڕووی سەربەستییەوە، بڕیارێک کە تەنانەت کەسێکی وەکوو فۆکۆ ئەگەر نە لەڕووی تیۆرییەوە، بەڵکوو بەهۆی لایەنە گشتییەکەی ئەم حوکمە هەست بە هاوڕابوون لەگەڵیدا بکات، بەڵام لانیکەم بە کردەوە شوێنی دەکەون و خود[119] یان بڵێن تاکی فۆکۆیی بۆ پێکهێنانی ژیانێکی ئەستەتیکی دانی پێدا دەنێ.

دۆخی پاش کۆرۆنا زۆر هەستیارە و لە ڕووی کردەکییەوە دەبینین زۆر شوێن کە پێکهێنەری پێوەندیگەلی گوتاری دەسەڵات و سەپاندنی زاڵێتیی بوون لەکار کەوتوون و هەروەها سیستەمی ئابووریی هاوتەریبی ئەم دەسەڵاتە کە پاڵپشتی بووە بە نیوەچڵی و داماوی خۆی لەسەرپێ هێشتۆتەوە. تەنیا بەو هۆکارە کە هێزەکانی بەرهەمهێنانی، واتە هێزی کار، کەوتۆتە مەترسی و بۆ مانەوەی دەبێ ماوەیەک دەست لە کار بکێشێتەوە. بۆ دەسەڵات یاسای



119 . Self

گشتیی ئاکار حاکم نییە، بەڵام زەبری کۆرۆنا ناچاری کردوون کە لەگەڵ ئەو بڕیارە ڕێکبکەون. بێگومان لە ئاکامدا ئەم هاوڕێیەتییە کورتخایەن دەبێ و ڕێگەیەکی جیاوازی بۆ دەبینێتەوە. گرینگ هەڵسووکەوتی دەسەڵات و گوتاری زاڵ نییە، گرینگ ئەو حوکمە ئاکارییە یە کە کردەوەی من و هەرکەس وەکوو من دەبێ تەیار بکا[١٢٠].



[١٢٠] . زۆرکەس دۆخی هەژاران و تەنگدەستەکان وەکوو میناکێک بۆ ڕەتکردنەوەی قرەنتینە باس دەکەن. ئەم نموونانە نەک پووچەڵکەرەوەی هەڵوێستی دوورەپەرێزی بن، کە ڕەخنەیەکی جیدین لە دەسەڵات و ڕووبەڕووی حکوومەتەکان دەبنەوە کە کاتێک وەها بڕیارێک دەردەبڕن دەبێ بیر لە دۆخی هەژارانیش بکەنەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە لانیکەم لە ئێراندا ئەوانە پابەند بە ڕێنوماییەکان نەبوون لەوپەڕی بێنیازی و ساماندارێتیدا دەژیان کە دۆخی قەرەنتینە و پشوودانەکەیان بۆ سەفەرکردن بە هەلێک دەبینی و کەوتبوونە نێو ڕێگا. ئەم دەستە بەپێی خوێندنەوەی هەر سێ ڕێبازەکە کەسانێکی بێئاکار و نابەرپرسن. حکوومەت بە پێچەوانەی ڕەوتی پێشووی لەگەڵ ئەمان و لەگەڵ ئەم دۆخە بە شێوەیەکی نیان مامەڵەی کرد و هیچ قەدەغەیەکی بۆ دانەنان؛ و بەشێوەی زارەکی ڕاسپاردەی ئاڕاستەیان دەکرد کە لە جێگای ئەوەی ڕێگر بێ هاندەریان دەبوو.

# کۆرۆنا و تۆندتربوونەوەی سنووربەندیی حاکمییەتەکان
## (بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕاوبۆچوونەکانی فۆکۆ و ئاگامبێن)

ئاسۆ(عوسمان) هێدایەت

ئەم نووسراوەیە هەوڵی سەلماندنی ئەم بیرۆکەیە دەدات کە ئەو دۆخەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا سازاندوویە دەکرێ بە تۆندتربوونەوەی سنووربەندیی حاکمییەتەکان ناوزەد بکرێت. بیرۆکەی ئەم نووسراوەیە لە ڕاوبۆچوونەکانی کۆمەڵێک لە فەیلەسووفە هاوچەرخەکان -لەوانە جۆرجیۆ ئاگامبێن- سەبارەت بە کۆرۆنا و دەرەنجامەکانی، سەرچاوەی گرتووە[١٢١].



121 .https://www.journal-psychoanalysis.eu/coronavirus-and-philosophers/ www.ilmanifesto.it/lo-stato-deccezione-provocato-da-unemergenzaimmotivata/?Fbclid=IwAR71ciygOzmIpolNxACx8WMoRzrPpePxJMN0Tns1ni96ZfwO_QzmHYeYXVk%5C.

گریمانەی بنەڕەتیی ئەم نووسراوەیە ئەمەیە کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا پەیوەندی نەبڕاوەی سیاسەت، ئەمنیەت، جەستە و پزشکییبوونی کۆمەڵگەکان و بە دەربڕینێکی گشتیتر، ژین سیاسەت (Bio-politics) لە چێوەی ئەمنیەت-جەستەی لێکەوتووەتەوە. ئەوەی دەبینرێت باڵکێشانی تەنگەتاوتری دەوڵەتەکان بەسەر حاکمییەتی خۆیان بە نێوەنجێتی میدیاکان، رێخراوەکان و کادرە پزیشکی و دەرمانیانیەکانە. ئەو چەمکانەی کە دەتوانن دەربڕێنەری ئەم دۆخە بن، حکوومەتمەندی و دەوڵەت-ئەمنیەتە. ئەم دوو چەمکە لە ڕوانینی فۆکۆ و ئاگامبێندا ڕوونکەرەوەی ئەوەیە کە سیستەمی زاڵ بە نێوەنجێتی ئاڕاستەکان، خواستەکان، هزرەڤانییەکان، رێکخراوەکان و تاکتیکەکان خەڵک و جڤاکیان داگیر کردوە. لە ڕاستیدا، بە بۆچوونی ئەم بیرمەندانە هێز لە خۆیدا بابەتێکی تۆقێنەر و سەرکوتکار نییە، بەڵکوو ئەوە چەمکی "زاڵێتی"یە کە هەر چەشنە بەرەنگارییەک لە هەمبەر دەسەڵاتدا پەلکێش و لابردە دەکات. ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە دەسەڵاتە بریتییە لە جڤاک و فۆرمی سەرکیی زانست، ئابووریی سیاسی و ئامرازە تەکنیکییەکانی سایتی ئەمنیەت (کەسرایی و هاوکاران، ١٣٩٠: ٦٠). بەڕای ئەم دوو بیرمەندە ئەوەی دەبێتە هۆی ژێرڕکێف کەوتنی کۆمەڵگا-خەڵک لە لایەن سیستەمی زاڵەوە، پێداگریی سیستەم لەسەر نەزم و ڕێسایەکی هاوگرتوویە کە لە رێگەی چەمکەکانی حاکمییەت، دیسیپلین و ئیدارەی دەوڵەتی دێتە بەرهەم (فۆکۆ، ١٣٩٢: ٢٦٩) و لە چێوەی رێکخراوەی دەسەڵات، یاسا و دامودەزگای پۆلیسەوە لە پێناو زاڵێتی و دەستبەسەرداگرتنی ژیان و بابەتی کۆمەڵایەتی

خۆی دەنوێنێت. بەڕای ئەوان دەستبەسەرداگرتنی ژیان و بابەتی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەت-نەتەوە مۆدێڕنەکاندا زەروورەتێکی سیاسییە تاکوو سیستەم لە سۆنگەی سنووردارکردنەوەکان و هەروەها دیاریکردنی سیاسی و مەکانی سەقام بگرێت. ئەم جورە لابردەکردن و زاڵێتیە تەنیا لە ڕێگەی دیوی شاراوەی سیستەمی زاڵێتی واتە دامودەزگای ئەمنیەتەوە دەستەبەر دەبێت. لە ڕاستیدا، ئەم دەستبەسەرداگرتن و لابردەکردنە نیشان لە دۆشمانی سیستەمە لە کارکردن بە بێ بوون بە ماشینێکی مەرگ‌هێنەر(ئاگامبێن، ١٣٨٧: ٥١). ئێستاکە ئەم دامودەزگای ئەمنیەتە، نە لە چێوەی پۆلیسەکان بەڵکوو لە لایەن پزیشکان و پەرەستارەکان –بەگشتی نەخۆشخانە و بنکە و ناوەندە دەرمانییەکان- دەست بەسەر هەندێ لەم بوارەانەدا گیراوە.

لە بەر ئەوەی کە چەمکی ژین‌سیاسەت بنەمای بەڵگاندن، وانەکان و شیکاریەکانی فۆکۆ و ئاگامبێنە پێویستە لێرەدا ڕوون بکرێتەوە. لای فۆکۆ، ژین‌سیاسەت بەگشتی بریتییە لە تێکەڵکردنی ژیان لە ناو مێکانیزمەکانی سیاسەتی مۆدێڕندا. فۆکۆ دەڵێ بە سەرهەڵێنانی مۆدێڕنیتە ژیانی سرووشتی بەرە بەرە لەناو سیستەمی سیاسیدا توایەوە و تەکنیکەکان و ستراتێژییەکانی پێوەندیدار بە ئێدارەی ژیان، ڕۆژ دوای ڕۆژ زۆرتر  لە هەوڵی تێکەڵکردنی ژیانی بایۆلۆژیک دان. بەڕای فۆکۆ مۆدێڕنیتە ئاوێتەی بازدانێکە لە ماهیەتی هێزدا: هێز چیدی تەنیا دەسەلاتی بەسەر خەڵک و هاولاتیان لەبەر ئەوەی کە لە پانتایەکی سیاسی-فەزایی تایبەت‌دان، توندتر ناکاتەوە؛ بەڵکوو بەسەر

بوونەوەرانێکی زێندوودا دەسەپێنرێت لەبەر ئەوەی سەر بە "جۆری بەشەر"ن. واتە مرۆڤ لە بەر ئەوەی کە هۆمۆساپیەنسە(Homosapiens)، ئامانج و ئۆبژەی سەپاندنی هێزە. کەواتە، لە سەرەمی مۆدێرندا، ئەمە لەشی زیندووی مرۆڤە کە جێگەی کارتێکردنی هێزە نە پێگەی یاساییەکەی. هەر بۆیە، هێزی دەسەڵاتیش نە یاسایی(حاکمییەتی سەرزەوینی)، بەڵکوو بایۆلۆژیکە. بە کورتی ژین‌سیاسەت بریتییە لە تێکەڵکردنی «زووە Zoe» (ژیانی سرووشتی) لە ناو «بیۆس Bios» (ژیانی سیاسی). ئاگامبێن لە هۆمۆساکێردا(HomoSacer) پەلکێش کردنی ژیانی سرووشتی و بایۆلۆژیک بەرەو پانتایی سیاسەت وەکوو «ڕووداوێکی دیاریکەری مۆدێرنیتە» پێناسە دەکات، ڕووداوێک کە «خەبەر لە وەرچەرخانی بنەڕەتیی چەمکە سیاسی/فەلسەفییەکانی هزری کلاسیک دەدات». ئاگامبێن لە ژێر کاریگەریی فۆکۆدا جەختێکی تایبەت لەسەر جەستە و ژیانی هاوڵاتیان دەکات و بەپێی بۆچوونی فۆکۆ پێی وایە کە ترۆپکی مۆدێرنیتەی بایۆلۆژیکاڵی کۆمەڵگا، هەر ئەو جێگەیە کە چەشن و تاک لە چێوەی جەستەیەکی زیندوودا دەبنە پانتایی قەیرانە ستراتێژییەسیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایە(ئاگامبێن، ١٩٩٨: ١٠). ئێستاکە، ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەم پرسگرەی دوو ئەوەندە قەیراناویتر کردووە. لەم دۆخەدا جەستەی تاکەکان گرنگایەتییەکی زۆری پەیدا کردووە و بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەش وەستێنراوە. بەڵام لە پانتایی دەوڵەتەکاندا، ئەم پرسە لە چەمکی دەوڵەت-ئەمنیەتدا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوەی هەڕەشەیە بۆ سەر دەوڵەت و ئەمنیەتی

حاکمییەت، بەردەوام لە ناوەوەی سنوورەکاندایە و ئامادەبوونی، بە جۆرێک ڕیشەی لە نیشتەجێکردنی بابەتی ئەویدی لە نێوان هاوشێوەییە ڕەگەزی/کۆمەڵایەتییەکاندا کوتاوە کە حاکمییەت لە ژێر ناوی «نەتەوە» پێکی هێناوە. سنوور لەم بۆچوونەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەبوونایەتی نەتەوە و خەڵک لە چێوەی ڕەگەزی-کۆمەڵایەتیدا جێگەی چەمکی خەڵک بگرێتەوە کە لە بوونی خۆی نامۆ بووە؛ چیدی خەڵک لە نشینگە سرووشتییەکانیاندا لە ناو کۆمەڵگادا ئاوارە کەوتوون و ئەو ئەزموونە ڕەسەنە لە ئەویدیدا کۆتایی هاتووە. ئەمە ئەو تەریک کەوتنی خەڵکەیە کە بە نێوەنجێتی سنوورەکان پەیوەندی نێوان من و ئەویدی دادەبەزێنێتە پەیوەندی نێوان خۆیی/ناخۆیی. ئاوا دۆخێک چەشنێک لە دابەزاندنی سیاسیی چەمکی خەڵک لەخۆ دەگرێت. واتە دەوڵەت-ئەمنیەت بەهۆی سیاسیکردنەوەی توخمی ناسیاسیی لێکچوونی ئێتنیکی و ڕەگەزی، خەڵک لە بیگانە و دۆژمن جیا دەکاتەوە. خاڵێک کە پێویستە سەبارەت بە دەوڵەت-ئەمنیەت لەبەرچاو بگیرێت ئەوەیە کە ئەگەر هاووڵاتیان تووشی سیاسەتسڕینەوە بکرێن تەنیا بە مەرجێک دەتوانرێ لە دۆخی پاسیڤبوون دەربهێنرێن کە بە چاوترساندن لە دۆژمنی دەرەکی کە دەکرێ لە دەرەوەی سنوورەکانیشدا نەبێت، کۆ بکرێنەوە (ئاگامبێن، ١٣٩٥: ١٥-١٦). ئێستاکە، ڤایرۆسی کۆرۆنا گرنگترین ئامرازی کۆکردنەوەی گشتیی مێدیاکانە. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵێنانی دۆخێک کە ئاگامبێن وەک دۆخی ئاوارتە باسی لێوە دەکات. لێرەدا ئەوەی دەتوانێ گرنگایەتی دووپاتە و چەندپاتەی هەبێ چەمکی مشتومرهەڵگری

سنووره. سنوور لە راستیدا سەقامگیرکردنی مانای نوێی خەڵک و لە هەمان کاتدا دالێکی مانابەخشە کە چەمکی سەرزەوین، لەدایکبوون و جێگیرکردنی ناجێگیری دیاری دەکات. بەڵام سەقامگری و سنوور بە وێنەی جێگەسازاندێک کار دەکات کە تێکدەری شوێنە. سەرزەوین/ژینگە لەم پێناسەیەدا چەشنێک لە کەمپە کە وەکوو جێگەسازاندنێکی تێکدەری جێگە دەجووڵێتەوە. کەمپ شوێنی بابەتی ئاوارتە و هەڵپەساردنە. سەرزەوین/ژینگەی نوێ هەروەکوو کەمپ پاژێک لە سەرزەوینە کە لە دەرەوەی سیستەمی یاساییدا نیشتەجێ دەکرێت. ئەم لە دەرەوەبوونە بەرهەمی سنوورەکانە کە سیاست و هاوشێوەیی ژیانیان لە چێوەی فورمەکانی سەرزەوینی/ژینگەیی بەرتەسک و سەرکوت کردووە. بەڕای ئاگامبێن، کەمپ باشترین جێگە بۆ ناسینی سەردەمی نوێیە، لە بەر ئەوەی کە لەم پەناگایەدا چیدی جیاوازیەک لە نێوان بابەتی تاکەکەسی و گشتیدا نامێنێت و جەستە لە گشتێتی خۆیدا لە لایەن حاکمییەتەوە کۆنترۆڵ و دەستبەسەر دەکرێت. بەم پێیە کەمپ ئەو پەناگایەیە کە یاسا تێیدا هەڵپەسێردراوە و ئاوارتە دەبێتە یاسا و ڕێسا و لە هەناویدا ژین‌سیاسەت سەرهەڵدێنێت و بەبێ ناوەنجی لەگەڵ ژیانی بایۆلۆژیکدا بەرەوڕوو دەبێتەوە(ئاگامبێن، ٢٠١٣: ٤٠). لە سەردەمی کۆرۆناییدا و ڕەنگە دوای ئەویش دەوڵەتەکان وەک کەمپێک پێناسە بکرێن کە ئەم دۆخەیان بە شێوە جۆراوجۆرەکان سازاندووە. لەم حاڵەتەدا، سنووردارکردنەوە و نیشتەجێ‌کردنە نوێباوەکان لە چێوەی کەمپدا ئایدیای نەتەوە، دەوڵەت و سەرزەوین کە نموونەی کلاسیکی ناسیونالیزم و

دەوڵەت-نەتەوە بوون وەلا نراون و نەزمێکی نوێیان بە نێوەنجێتی هەڵپەساردنی یاسا و ژینگەیەکی سیاسی تازەداهێنراو خولقاندووە. سنوورەکانی ئەم کەمپە سەرەڕای نیشتەجێکردنێک کە مانا دەبەخشیتە لەدایکوبوونی ڕەگەزپەرستیی نوێ، دەبێتە هۆی لە بن دەرهاوێشتنی ئەویدییەک کە لە دەرەوەی ئەم سنوورانە دەتوانێ نیشتەجێبوون تووشی مەترسی کاتەوە. بەگشتی هەرچەند کە سنوورەکان و سنووردارکردنەکان دەبوو لەگەڵ بزۆزیی جیهانی مۆدێرن ملیان بەرەو داکشان ڕانابا، بەڵام بەڕای ئاگامبێن بە شێوەگەلێ تەنگەتاوتر و ئاڵۆزتر بەردەوام دەبن. هەر بۆیە دەوڵەتنەتەوەی مۆدێرن و بیچمگرتنی کۆمەڵگای ئەمنیەتی فورمێکی نوێباوی دۆخی سنووردارکردنەوەیان ڕەخساندووە کە لەودا سنوورەکان پێناسێنەری پێگەی ئەمنیەت و زاڵێتین.

ئەم پرسگرە خۆی لە چەمکی ژیندەسەڵات(Bio-power) لەناو حاکمییەتیەکاندا نیشان دەدات. ژیندەسەڵات لەم دۆخەدا لە سەرووی مافی گشتی و دەسەڵات کردار دەنوێنێت. ئەم زێدەبایەی ژیندەسەڵات کاتێک خۆی دەردەخات کە سیستەمی حاکم سەرجەم مافەکانی ژیان و مەرگی لای خۆی قەتیس کردووە و بەم شێوەیە لە ناو سنوورەکاندا ڕەگەزخوازییەک سەری هەڵێناوە کە ئەوڕۆکە وەکوو میکانیزمی سەرەکی دەسەڵات دێتە هەژمار. ئەم ڕەگەزپەرستییە پێشمەرجێکە بۆ سەقامگیرکردنی درزی نێوان ئەوەی دەبێ زیندوو بمێنێت و ئەوەی دەبێ بمرێت. ڕەگەزخوازی

وەستانێکی بایۆلۆژیک لە نێوان جڤاکێک دایە کە پانتاییەکی بایۆلۆژیک پێک دێنێت. بەم شێوەیە دەسەڵات دەتوانێت لەگەڵ ئەم جڤاکە وەک تێکەڵاوییەک لە ڕەگەزەگان هەڵسوکەوت بکات یان بە دەربڕینێکی دیکە لە گەڵ چەشنەکان وەکوو ڕەگەز هەڵسوکەوت بکات و چەشنە کۆنترۆڵکراوەکانی بە وردەچەشنگەلێک دابەش بکات کە وەک ڕەگەز پێناسە دەکرێن (فۆکۆ، ١٣٩٢: ٣٣٧). ڕەگەزخوازی کردەیەکی مەرگ‌هێنەری دەوڵەتە بۆ مانەوەی خەڵک و تەفروتووناکردنی ناخەڵک، واتە ئەوانەی کە مەترسیەکی ناوەکی یان دەرەکی بۆ سەر جڤاک دروووست دەکەن.

ئاشکرایە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی لە شەڕی دژەکۆرۆنا دەدوێن، شەڕێکی دژ بە دوژمنێکی نەناسراو کە دەیانهەوێ خەڵکەکەیان لە ناخەڵک جوێ بکەنەوە. جیاکردنەوەیەک کە دەتوانێ دەرنجام‌گەلێکی هاوشێوەی کارەساتی بەدواوە بێت. یەکێ لە گرنگترینی ئەم دەرنجامانە سەرهەڵێنانی گوتاری شەڕێکی نوێ لە سیاسەتە کە دەوڵەتەکان کەڵکی لێ‌وەردەگرن. لەم دۆخە دایە کە دەتوانین بە وتەی فۆکۆ بڵێین سیاسەت شتێک نیە جگە شەڕی بەردەوام و هەمیشەیی کە ئامراز و تەکنۆلۆژییەکانی قۆرخ کردووە و بەشێوەیەکی تاقانە لە پاوان و ئێختیاری خۆیدایە. ئەم قۆرخ‌کردنەوە دەوڵەتیە بۆتە هۆی ئەوەی کە شەڕی ڕۆژانە و تاکەکەسی لە پانتایی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و گرووپەکان بسڕدرێتەوە و شەڕەکان، کردە شەڕانییەکان و ڕێکخراوەکانی شەڕ (بە کورتی) تەنیا لە سنووره درەکییەکانی

یەکە دەوڵەتییە گەورەکاندا وەکوو پەیوەندییەکی توندئاژۆی نێوان دەوڵەتان درێژەی پێ بدرێت (فۆکۆ، ١٣٩٠: ٩١-٩٠). کۆرۆنا ئەو دۆخەی شەڕەیە کە لەودا دەوڵەت، هەمووان(چ دەوڵەتەکانی دیکە و چە خەڵکەکەی خۆی) بە دۆژمن دادەنێت و بە پشتبەستن بە شێوەکانی قەناعەت پێکردن، کەرەنتینە، دابینکردنی پێداویستەیەکان و یارمەتییە یارانەییەکان بەتەمای هەڵپەساردن و هێشتنەوەی ئەم دۆخەیە.

**سەرچاوەکان**


ئاگامبێن، جۆرجۆ (١٣٨٧)، ئامرازە بێ ئامانجەکان، یادداشتگەلێک سەبارەت بە ڕامیاری، وەرگێڕانی ئۆمید مێهرەگان و ساڵح نەجەفی، تاران: چەشمە.

ئاگامبێن، جۆرجۆ (١٣٩٥)، بارودۆخی ئاوارتەیی، وەرگێڕانی پوویا ئیمانی، تاران: نەی.

فۆکۆ، میشل (١٣٩٠)، دەبێ لە کۆمەڵگا بەرگری بکرێت، وانە-وتارەکانی کۆلژ دۆفرانس ١٩٧٥_١٩٧٦، وەرگێڕانی ڕەزا نەجەفزادە، تاران: ڕوخدادی نوێ.

فۆکۆ، میشل (١٣٩٢)، تیئاتری فەلسەفە، وەرگێڕانی نیکوو سەرخۆش و ئەفشین جەهاندیدە، تاران: نەی.

کەسرایی، محەمەدسالار، مۆرادخانی، هۆمایوون و ڕەزایی، محەمەد (١٣٩٠)، فۆکۆ: حکوومەتمەندی، سووژەی ڕامیاری و کردەوەی ڕامیاری، زانستنامەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تەربیەت مۆدەڕس، کۆمەڵناسیی مێژوویی، خولی سێهەم، ژمارەی ١.

-Agamben, Giorgio (1991), HomoSacer: Sovereign Power and Bare Life, Trans by: Daniel Heller Roazen, Stanford University Press.

-Agamben, Giorgio (3112), the Highest Poverty: Monastic Rules and Form-of-Life. Translated by Adam Kotsko. Stanford CA: Stanford University Press.

# ئەو شتەی لە کۆرۆنادا زێدەتر لە کۆرۆنایە

ئارمان کاکایی/ و. سامان کاکەمەمی

هەندێک کەس پێیان وایە کۆرۆنا شەڕی بایۆلۆژیکی ئەمریکایە دژی وڵاتی چین، هەندێک پێیان وایە ئەو پەتایە دەرەنجامی بازدانی ڤایرۆسێکە لە ئاژەڵگەلێک وەک شەمشەمە کوێرە(چەک چەکی)، تاقمێک ڕێکاری تەندروستی و پاکژکەرەوە پێشنیار دەکەن، هەندێکی تریش ڕێوشوێنی مێتافیزیکی دەگرنە بەر. بە دوور لەوەی ئێمە چۆنی پێناسە بکەین یان چ ڕێگەچارەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشنیاربدەین، کۆرۆنا کاری خۆی دەکات و لە هەمبەر هەموو ئەو پێناسانەدا کەمتەرخەم و بێلایەن دەبێت.

کۆرۆنا بە خێرایی تەشەنە دەکا، دەگوازرێتەوە و قوربانی لێدەکەوێتەوە. کەواتە واوێدەچێ لە دوو بەستێندا بتوانین ئەم پرسە تاوتوێ بکەین: یەکەم،

لە بەســـتێنی نوانـدنەوە(representation)دا هەوڵ دەدرێ پێنـاســـە و هێمانوێنیی بۆ بکرێ، دووهەم لە بەســـتێنی نامومکینی(impossibility)ی نواندنەوەدا، کە بەستێنی بێلایەنی و کەمتەرخەمیی کۆرۆنا لە بەرامبەر هەموو هێمانوێنییەکـان و پێناســـەکانە. بە کەڵـک‌وەرگرتن لە چەمکگەلی لاکانی دەتوانین بەستێنی یەکەم بەسـتێنی هێمایین(symbolic order) و بەسـتێنی دووهەم وەکوو بەستێنی واقیع(real order) ناودێر بکەین.

لە پانتایی هێماییندا، کۆرۆنا ڤایرۆســـێکە کە لە ناو ئاژەڵ و مرۆڤدا پەتا بەرهەم دەهێنێتەوە و دەبێتە هۆکاری کۆمەڵێک برین و زنجکاوی هەناسەیی، دوو لە سەدی تووشبووان دەکووژێ و هتد و هتد. لەو پانتاییەدا بەرەوڕووی قەبارەیەکی زۆر لە زانیاری دەبینەوە کە بە مشـــت‌ومڕی ژمارە و دەیتاکان لە هەوڵی ئەوە دان کۆرۆنـا پێنـاســـە و واتـاکەی بچەســـپێنن. ئەم بوارە ئەو گۆڕەپـانەیە کە بەردەوام لە میـدیـاکـاندا مشـــتومڕی لەســـەر دەکرێ و دەسەڵاتداران و کارناسان لە بارەیەوە دەدوێن. بەڵام کۆرۆنا لە پانتایی واقیعدا گرێدراوی ئەو سیستەمی هێمایین، ناودێری و واتابەخشییە نییە و تێکەڵاو و گیرۆدەی نابێت. لەســـەرووی هەموو ئەو پێناســـە و زانیارییانە وێدەچێ زێدەییەک(excess) لە کۆرۆنادا هەبێ کە هێشـــتا نەناسراوەو بەردەوام لە دەستمان دەترازێ. زێدەییەکی لەفام بەدەر کە هەموو زانسـت و تەکنەلۆژیا لە هەوڵی ناسـین و ملکەچکردنی‌دان. پانتایی واقیعی کۆرۆنا هەر هەمان پاشـــماوەی شـــیی‌نەکراوە و هۆشـــداریی بێ‌قڕە و هەڵە( unmistakable

(reminder)یە کە تێکچوون و بۆشـایی لە هەموو نواندنەوەکاندا سـاز دەکا. خاڵی جێگەی سـەرنج ئەوەیە کە لە فام بەدەربوونی کۆرۆنا بەتەنیا بە هۆی هەبوونی کەموکوڕی لە زانسـت و تەکنۆلۆژیـای ئێمەدا نییە، بەڵکو لە کۆرۆنادا شـتێک هەیە کە لە هەمبەر تێگەیشـتندا بەربەرەکانی دەکات. ئەو شـتەی لە ناوەرۆکی کۆرۆنادایە زۆرتر لە خودی کۆرۆنایە، فاکتەرێک کە بەردەوام لەدەرەوە دەمێنێتەوە و دەبێ شـوێن‌پێی لە شـوێنێکی تر-ناشـوێن- هەڵگرین. ئەم زێـدەبەشـە کۆرۆنـای کردووە بە ئەویـدی(other)یەکی مەترسیدار کە لە ڕەگەز و پێگەی مرۆڤ نییە بەڵام ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی تێک داوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەم زێـدەبەشـە دەسـتەواژەی درەوشـاوەی ژیژەک لە پەرتووکی سـوژەی هەسـتیار(ticklish subject)دا دەتوانێ ڕێگە خۆشـکەر بێ: "زاڵبوونی بابەتی ئۆبژێکتیف یان ئەو شـتەی لە ئۆبژەدا لە دەسـتمان دەردەچێ چیتر زێدەبوونی ناوەرۆکی ئەو بەرامبەر بە توانای ناسـێنکارانەی ئێمە نییە بەڵکو بە پێچەوانەوە کەمبوون یان نەبوونی شـاراوە لە ناو ئۆبژەدایە واتە شـوێن‌پێ و ئاسـەواری شـکسـت یان هەمان نەبوونگەلێکی چەسپاو و تۆمارکراو، لە هەبوونی ئەرێنی و سەپێندراویدا".

کەواتە فـامی کۆرۆنـا لە پـانتـایی واقیعـدا لە ڕێگەی نـاوەرۆکی ئەرێنی و ئۆبژێکتیڤی ئەم ڤایرۆسەوە کوو پێکهاتەی سێلوولی، شێوازی هەڵسووڕان و شێوەی دەستخستنی دەوا و دۆزینەوەی دەرمان لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا نییە،

لە ڕاستیدا کۆرۆنا لەم پانتاییەدا شتێک نییە جگە لە شکستێکی بنەڕەتی، هەرەس و نامورادی لە بەرەنگاربوونەوەیدا. شوێنپێی ئەو شکستە دەبێ لە ناکارامەیی دەوڵەتان بۆ پێشگیریی لە تەشەنەی ئەو نەخۆشینەدا و هەروەها لە شکستی تەکنەلۆژیدا کە ساڵانێکە هەواڵی سەرکەوتن و سەروەریی مرۆڤ بەسەر گەردووندا ڕادەگەیێنێ ببینینەوە. لەو پانتاییەدا کۆرۆنا هەر ئەو زێدەبەشەی سرووشتە کە بەردەوام دەگەڕێتەوە و دونیای هێمایینی ئێمە ئاڵۆز دەکات. ئەم دۆخە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئەو شتەی هەموو کات وەکوو مرۆڤدۆستی و برایەتی و ئەڤین و لەخۆبردوویی لێی دەدواین تا چ ئاستێک لەرزۆک و بێ بنەمایە. لە پاوانکردنی کەرەستەی تەندروستی بگرە هەتاکوو تاڵانی دەواخانەکان و هەڵپەساردنی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان و پەنا بردن بۆ سووچی ماڵەکان و تاکایەتی خۆمان، هەر هەموو دەرخەری نەزۆکی و هەرەسی ڕەوشت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمەیە. کەواتە کۆرۆنا لە پانتایی واقیعدا دڕدۆنگی و بۆشاییەکی لە ناو دڵی هەموو بانگەشە و ئایدۆلۆژییەک وەکوو بەڕێوەبەریتی، چاوەدێری، تەکنۆلۆژیا و ڕەوشت و هتد خستووە و تەنیا لە ناو ئەو بۆشایی و کڕۆڵییەدا دەتوانین شوێنپێی بگرین.

با وەک میناکێک تاوتوێی کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر جیهانی نیۆلیبراڵ بکەین؛ لەو شوێنە کە لەگەڵ دالگەلێک وەک بەجیهانیبوون (globalization)، کەرتی تایبەتسازی (privatization)،

تـاکـخـوازی (individualism) و هـتـد سـەروکـارمـان هەیە. یەکەم بەجیهانیبوون: پاش تێپەڕبوونی سێ دەیە لە ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت و سەرکەوتنی سەرمایەداریی جیهانی کە هۆی سەرمەستیی کەسانی وەک فۆکۆیاما و ڕاگەیاندنی کۆتایی مێژووی بەدواوە بوو، ئەوڕۆکە دەتوانین بپرسین لە ڕەوتی بەجیهانیبووندا بە ڕاست چ شتێک جیهانی دەبێت؟ پێش داهاتنی کۆرۆنا لە کەس شاراوە نەبوو ئەوەی تاکوو ئێستا بەجیهانی کرابوو بەس بازاڕ و میکانیزمی ئاڵوێری سەرمایەداری بوو کە ئەو جۆرە بەجیهانیبوونەش شتێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە، جگە لە بەبازاڕیبوونی جیهان و بەرهەمهێنانی هەموو شتێک وەک کەرەستەیەکی (commodity) ئاڵوگۆڕ. بەڵام تەشەنەی کۆرۆنا لایەنێکی شاراوەی بۆ دەرخستین؛ واتە جگە لە بازاڕ، کارەسات و قەیرانیش کە لایەنی ترۆماتیکی بازاڕ و بەرهەمهێنانی لەڕادەبەدەری مرۆڤ لەسەر ئەرکی سرووشتە، دەتوانێ بە خێرایی بەجیهانی ببێت. لە ماوەی نزیکەی سەد ڕۆژ دووسەد وڵات لە ئاستی جیهاندا تووشی ئەو پەتایە هاتن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە وەرگرتنی ڤیزای هەندێک لە وڵاتان زێدەتر لە دووسەد ڕۆژ دەخایەنێت.

کەواتە ئەوەی ئایدۆلۆژیای نیۆلیبراڵ وەک دیاردەی بەجیهانییبوون نێودێری دەکرد لەکردەوەدا شتێک نەبوو جگە لە بەجیهانیبوونی کارەسات، قەیران و بەجیهانیبوونی ڤایرۆس. بەڵام ئایا ئەوە بەو مانایە کە پاش کۆرۆنا لە جیهانیبوون چاوپۆشی و نکۆڵی بکەین و بخزێینەوە سنوورەکانی

خۆمان؟ وڵامەکە بە دڵنیاییەوە نەرێیە. بەپێی ئاماژەی ژیژەک دەبێ هەوڵ بدرێ ئەو وزە زێدەییانەی لە بازنەی چاوەدێری بەدەرن هاوتەریبی گشتخوازییەکی بنەڕەتیی(radical universalism) دەکار کرێن. ئەو بەجیهانیبوون و گشتگیرییەی کە نیۆلیبرالیزم لێی دەدوێ تەنیا گشتگیرییەکی ئایدۆلۆژیکە کە بە بەهای نکۆڵیکردنی توندوتیژیی سەرمایەداریی جیهانی و لەپەراوێزخستنی لایەنی ترۆماتیکی ئەو پێک هاتووە. ئەو شەڕ و ئاژاوانەی کە هەناردەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت؛ هەژاری و نەخۆشین کە لە ڕووبەری ئەفریقا و زاغەنشینانی هیندی و بەنگلادشی بەردەوام قوربانی دەگرێت، هەر ئەو زێدەبەشانەن کە هاوتەریب لەگەڵ پێکهاتنی گشتگیرییەک بە نێوی سەرمایەداری جیهانی بەرهەم دەهێنرێن و هاوکات بەردەوام دەخرێنە پەراوێز و نکۆڵییان لێ دەکرێت. لە بەرامبەر ئەو گشتگیرییە ئایدۆلۆژیکەدا دەبێ بەرگریی لە تەواوکۆیی و گشتگیرییەک بکەین کە ئامانجی هێنانە ڕۆژەڤی ئەو زێدەبەشە پاترێندراو و سەرکوتکراوانەیە. کۆرۆنا هەر ئەو زێدەبەشەیە کە دەتوانین بە جەختکردن لەسەری وەک لایەنێکی کارەساتخوڵقێنی سەرمایەداری، هاودژییەکانی ناو دڵی ئایدۆلۆژی ئاشکرا بکەین و لە ئیمکان و گشتگیرییە نوێیەکان تەنانەت لە ئاستی وێناکردنی تیۆریک و سیاسیدا کەڵک وەرگرین. سەبارەت بە دەوڵەتەکانیش هەروەتر دەتوانین جۆرێک شیکاریی هاوشێوە بدەینە دەست کە هەر دەکەوێتە خانەی لۆژیکی ئەو گشتگیرییە ئایدۆلۆژیکەوە کە لە لایەکەوە کۆڵیان داوە بە ئابووری جیهانی و لە لایەکی

ترەوە هەوڵ دەدەن پێکهاتەی سیاسی- کولتووری خۆیان پتەو نیشان بدەن. لێرەش کۆرۆنا هەمان زێدەبەشە کە لە ستراکچێری بەڕێوەبەرایەتی و بۆرۆکراتیکدا تێکەڵاو نابێ و بە دەرخستنی هاودژیی و کەلێنەکانی هەناوی ئەو سیستەمانە، بانگەشەکانیان بەدرۆ دەخاتەوە.

سەبارەت بە کەرتی تایبەتیش هەر ئەوەندەی دەوڵەتە نیۆلیبراڵەکان لە هەوڵی دەستەمۆکردن و لەلایەکی دیکەوە لە کاری پاراستنی دان بەتایبەت لە سەردەمی ئاوقەدبوونی کۆرۆنا، فەشەلی سەربەخۆبوونی ئەو کەرتە ڕوون دەکاتەوە. سوژەی تاکەکەسخوازی نیۆلیبراڵ کە بەردەوام باس لە ڕزگاربوونی دەکرێ، لەم دۆخی قەرەنتینەدا دەبێ تێگەیشتبێ کە ئەویدییەکان چ ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی ژیانیدا هەیە. وەهم و خەیاڵی بەختەوەریی، سەرکەوتوویی و گەشبینیی درۆینە کە سوژەی نیۆلیبڕاڵ وەکوو تاک بەدوایدا دەگەڕا، ئەوڕۆکە فەشەلی هێناوە و دەرکەوتووە کە هەمووی ئەوانە تەنیا بە شێوەی بەکۆمەڵ و بە بەشداریی ئەویدی دێنە کایەوە.

هەر بەو شێوەیە کە کۆرۆنا لە ناو دوو بەستێندا ڕۆڵ دەگێڕێ، ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵیدا هەروەها بە هەمان شێوەیە. لە پانتایی هێماییندا دەکرێ کۆرۆنا بە چۆک دا بێنین، دەرمانی بۆ ببینینەوە یان لە کۆتاییدا بەدەم گەرمبوونی کەشوهەواوە بە یەکجاری بڕوا. لە ڕاستیدا ئەوەی لێی دڵنیاین و بێ سێ‌ودوو مسۆگەر دەبێت گەڕانەوەی بەردەوامی بابەتی ولقیعە. بە

دڵنیاییەوە کۆرۆنا بە ڕوخسارێکی تر و بە ناو و فیگۆرێکی ترەوە دەگەڕێتەوە. ئەو زێدەیە ڕەنگە لە قەیرانێکی‌تردا وەکوو شەڕ، ڤایرۆسێکی کوشندەتر و قەیرانی ژینگەیی دیسان بگەڕێتەوە. هەبوونی ئەو زێدەیە ئێمە ناچار دەکا کە لە بەستێنی واقیعدا ڕووبەڕووی کۆرۆنا ببینەوە؛ ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە بە کەڵک‌وەرگرتن لە دەستەواژەیەکی ژیژەک بە ئاکاری بابەتی واقع ( ethics of the real)ی نێودێر بکەین. لە بەستێنی واقیعدا ململانێ لەگەڵ ئەم پەتایەدا بابەتێکی بە ڕادە جیاوازتر و گرنگتر لە ڕەچاوکردنی کۆی ڕاوێژەکانی تەندروستی و ڕاسپاردەی پزیشکییە. ئەم ڕەوشتی ئەمری واقیعە گرێدراوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەمان لایەنی ترۆماتیکی دیاردەکانە؛ قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە شکست و هەرەس لە لایەنە دانەبڕاوەکانی هەر دۆخێکە. لەو ڕووەوە پێویستیمان بە پێوەرشکاندن و دۆزینەوەی ڕێگای نوێیە. کۆرۆنا بە دروستکردنی بۆشایی لە ناو تەواوی ڕەهەندەکانی هەبوونی کۆمەڵایەتی، پێویستیی سەرلەنوێ تێڕامان و قووڵبوونەوە لە ناخمان وەبیر دەخاتەوە. دەنگێک لە هەناوی مێژوودا کە لە ناو خودی ڕەوتی مێژوودا پچڕان ساز دەکات؛ هەر ئەو مێژوویەی کە لەمێژە گشتمان لە پەرەگرتن و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاکەی تووشی شاگەشکە هاتووین. پانتایی واقیع و بەستێنی کەتواری کۆرۆنا پێویستی پێداچوونەوە بەم مێژوویەمان وەبیر دێنێتەوە. پێداچوونەوە بە سیستەمی سەرمایەداری و هەموو لقوپۆپەکانیەوە؛ لە لیبراڵیزم و بەجیهانی‌بوونەوە بگرە هەتاکوو بازاڕەکانی بوورس و زانستی تایبەتی بیرمەندان و هەروەها پێشکەوتنە تەکنەلۆژیکەکان، پێداچوونەوە بە

دەوڵەت و سیستەمە بۆرۆکراتیکەکان و بەڕێوەبەرییەکەیان، پێداچوونەوە بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوشت و هەر شتێک تاکوو ئێستا وەک ئەڤین و هاوڕێیەتی و دلۆڤانی پێناسەمان کردووە. لە کۆتاییدا پێداچونەوە بە خۆماندا وەک مرۆڤ کە گیرۆدەی سەودای سەرووەری بە سەر جیهانداین کەچی جەستەمان ڕەق و کزتر لەوەیە کە بیرمان لێدەکردەوە. لە کۆتاییدا کۆرۆنا بیرمان دەخاتەوە ئەو دونیایەی تێیدا دەژین تا چ ئاستێک لەرزۆکە، دونیایەک کە تێیدا زەبەلاحەکان (سەرمایەداری، دەوڵەتە زلهێزەکان، بازاڕی جیهانی بوورس و هتد...) بۆیان هەیە دۆڕاوی بچووکترینەکان (covid 19) بن و ئەوە بنەمای سەرەکیی مۆڕاڵی بابەتی واقیعە، بنەمایەک کە هەموو کاتێک ئەو هیوایەمان پێ دەبەخشێ کە دەکرێ لەسەر بابەتی نامومکین مەرج ببەستین و قومار بکەین.

**سەرچاوەکان:**


1- Zizek, S., & Žižek, S. (1999). *The ticklish subject: The absent centre of political ontology*. Verso.

2- Stavrakakis, Y. (2002). *Lacan and the Political*. Routledge.

3- Zizek, S., & Žižek, S. (2012). *Less than nothing: Hegel and the shadow of dialectical materialism*. Verso Books.

# کۆرۆنا، تیرۆریستێکی دژە نیۆلیبیڕالیزم

زانیار شەریف

**پێوەندی دیالێکتیکیی نێوان جڤاک و سروشت**

لەو کاتەوەی کە گیاندار لە سەر ئەرد پەیدا بوو، چرکە بە چرکە بە پەرەسەندنی زیاتر، و گۆڕدران بۆ بوونەوەرگەلێکی تواناتر و هۆشمەندتر، بوو بە خاوەن ئەو ئیمکانەی کە بتوانێت دەست بخاتە نێو سرووشت، و زیاتر دەوری کارا ببینێت و خۆی لە دۆخی بەرکاریی سروشت زۆرتر ڕزگار بکات؛ واتە توانیی ببێتە سووژەیەک کە لە جێگەی پاسیڤیزم و ملکەچیی بۆ ژینگەیەکی مورِ و دەستئاژۆنەکراو، دەستی تێ بخات و گۆرانکاریی تێدا بەدی بێنێت. بە واتایەکی سادە، سروشت وردەوردە بوو بە ئۆبژەیەکی دەستلێدراوی مرۆڤی جڤاکی. خودی جڤاک(سووژە/ئۆبژە)، لە نێو خۆیدا

تووشی ناکۆکییەکی ناوەکی هاتبوو و سات‌بەسات کەلێنی زۆرتری تێ ئەکەوت. "ململانێی کۆمەڵایەتی"، "زیادبوونی کۆمەڵەی مرۆڤ"، "پێشکەوتنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان"، "خواستی هێز" و "پاڵنەری نەستیی" و "کونجکۆڵیی"ی لە باری دەروونییەوە، هۆکار بوون بۆ ئەوەی مرۆڤ زۆرتر دەست بخاتە نێو سرووشت و بیگۆڕێت. پەرەسەندنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و گۆڕدرانی حەزەکانی مرۆڤ لە حەزگەلێکی زیندەوەرانە و بیۆلۆژیک بۆ حەز و ویستی "هەڵکشاو"(بە واتای فرۆیدی) و فانتێزیک، دیسان هاندەری مرۆڤ بوون بۆ ئەوەی زێدەتر دەستکاریی سرووشت بکات و هەڕەمەکیتر، دەسدرێژی و دەستێوەردان بکاتە سەری. بەڵام خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە کە سرووشت لە هەمبەر ئەم کردەوانەی مرۆڤ، پەسیڤ و دەستەوەستان نەبووە بەڵکوو سووژەیەکی کارا بووە، و دژکردەوەی بەرانبەر مرۆڤ نواندووە کە لە قۆناغی سەرمایەداری ئەمپریالیستیدا دەگاتە ترۆپک.

**سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری و بنەبڕکردنی نەخۆشینەکان**

ململانێی نێوان هۆیەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بە درێژایی مێژوو بوونە هۆی گۆڕانکاریی مەزن و شۆڕشگەلی کۆمەڵایەتی، کە تا ئێستە گرینگترینیان شۆڕشی پیشەسازیی بووە کە لە سەدەی ١٨ دا ڕوویداوە. شۆڕشی پیشەسازی لە ئەنجامی مشتومڕ و کێشمەکێشێکی چەندلایەنە سەری هەڵدا؛ لە چەند لایەنەوە ململانێی چەند سەدەی نێوان

موسوڵمانان و خاچگەراکان، ململانێی نێوان خودی دەوڵەتانی ئەورووپی، بەربەرەکانێی نێوان چینی ساوای بۆرژوازی و فیۆدالیتە و پەرەسەندنی داگیرکاریی و کۆلۆنیالیزم، لەو بەستێنە لەبارانە بوون کە شۆڕشی پیشەسازییان پێک هێنا بەڵام ئەم پیشەسازییە بە سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەچوو کە بە سەرمایەداریی ناوزەد کرا. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەرمایەداریی کلاسیک، پەرەسەندنی خێرای زانست و تەکنۆلۆژیا بوو. سەرمایەداریی کلاسیک توانستی ئەوەی هەبوو کە هەر دیاردەیەکی بەربەست و دژبەر بسڕێتەوە. هەر چەشنە بڕوا، کولتوور، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، کە دژی سەمایەداریی ڕاوەستابا، دەبوویە قوربانیی و دەخرایە پەراوێزەوە.

دۆزینەوەی باکتریا(Bacteria)، یەکێک لە دەستکەوتەکانی هەرە مەزنی سەرمایەداریی بوو، هەرچەند کە پێش شۆڕشی پیشەسازی ئەم دۆزینەوە ڕووی دا، بەڵام خودی ئەم پێشکەوتنە زانستییانە بێکاریگەر نەبوون لە بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی. واتە پێوەندییەکی دیالکتیکی لە نێوان زانست و گەشەسەندنی سەرمایەداری هەبوو، کە دەبێ ڕەچاو بکرێن (ئەڵبەت لە قۆناغی کلاسیک).

لە سەردەمی فێئۆدالی، نەخۆشینگەلێکی وەکوو تاعوون و گەڕیی، بووبوونە قەیرانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، کە ژیان و مانەوەی مرۆڤیان تووشی مەترسی دەکرد، کەچی سەرمایەداری توانی بە دۆزینەوەی

دژەزیندەکان(Antibiotics)، بنەبڕیان بکات. بەڵام چیرۆکەکە هەر بەمە کۆتایی نەهات، بەڵکوو سەرمایەداریی دەستی کرد بە دەستەمۆکردنی باکتریاکان و بە کارهێنانیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و کەڵەکەکردنی سەرمایە. واتە توێژینەوە زانستییەکان دەریان خست کە باکتریا تەنیا ئۆرگانیزمەکان دانارِزێنێت، بەڵکوو هێندێک لە جۆرەکانی باکتریا بۆ بەپیتکردنی خاک لە کشتوکاڵ، دروستکرنی خۆراک، ترشاندن، بیناکردنی پێکهاتەکانی لەش، هەرس کردنی خواردن لە ڕیخۆڵە، کارکرد و کارامەییان هەیە. بۆیە پاش کۆنترۆڵی باکتریا لە گەلاڵەگەلێکی وەکوو خاوێن کردنەوەی ئاوی پیسبوو، بە تایبەت لە مەترۆپۆلەکان، کە ئەمە زۆرێک لە تێچووەکانی خزمەتگوزاری کەم دەکردەوە، و یان گۆڕینی مادەی خۆراکی لە کارگەکان، کەڵک وەرگیرا. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە داخۆ خودی دەستکاریکردن و گۆڕینی ژینگەی ئەم باکتریایانە نابێتە هۆی گۆڕان لە پێکهاتەی ژێنێتیکی ئەم وردیلانە و ئەمە مەترسی تەندروستیی لێ ناکەوێتەوە؟

لە سەدەی بیستەمدا و بە پێکهاتنی زانستی ژێنێتیک، سەرمایەداری کە ئەمجارەیان گەیشتبووە قۆناغی ئەمپریالیزم و لە ترۆپکی پەرەسەندندا بوو، توانیی دەست بگرێت بە سەر ئەم دەستکەوتە نوێیە زانستییە و بۆ ئامانجی پیرۆزی خۆی بەکاریان بهێنێت واتا بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە. ئەندازیاریی ژێنێتیک کە دەستکاریکردنی گەرد(Molecule)ەکانی دیئێن‌ئەی و ئارئێن‌ئەی وەکوو: لابردن، پیتاندن و هتد لە تەوەرەی سەرەکی

تاقیکردنەوەکانیدا بوو، زۆر خێرا بوو بە پیشەیەکی بازرگانیی و هەر بوارێکی دەگرتە بەر. بوارگەلێکی وەکوو کشتوکاڵ، خۆراک، چەکسازی، دەرمانسازی لەو بوارانەی ئەندازیاریی ژێنێتیکن کە سەرمایەداریی بە کاری هێناون بۆ سوودی زیادتری بازرگانی و کەمکردنەوەی تێچووەکان. جۆرەها پەینی کیمیایی و دەرمانگەلێک کە دەکرێنە ناو خاک بۆ زیادکردن یان زووپێگەیاندنی بەرهەمەکان. جیاکردنەوەی بۆماوەیەک لە ڕووەک، درەخت یان میوەیەک و چاندنی لە نێو خانەخوێیەکی نوێ. جۆرەها تاقیکردنەوە لەسەر ئاژەڵان و دەستکاریی‌کردنی ژینگەیان، چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ، و ئالوودەکردنی خۆراکیان، بڵاوبوونەوەی پیسیی کیمیایی و پیشەیی لە نێو ژینگەی ئاژەڵان، ئایا نابێتە هۆی بازدان(Mutation) یان لادانی ژێنێتیکی(Genetic drift) و ئایا جۆرەها نەخۆشینی ئاڵۆز دروست ناکات؟

بڵاوبوونەوەی گازە گوڵخانەییەکان و بارینی ترشەباران و کاریگەرییەکانی لە سەر ئاژەڵان، ڕووەکەکان، سەوزاییەکان و بیناکان، گەرمبوونی زەوی و کونبوونی بەرگەهەوای زەوی و لە ئەنجامی ئەم کونبوونەدا بڵاوبوونەوەی تیشکە زیانبەخشەکان لە چەشنی سەرووی وەنەوشەیی، دەبنە هۆی تێکچوونی ژینگەی مرۆڤ و لادانی ژێنێتیکی لە نێو وردیلەکان. بێگومان کەڵکێکی هەرە گرینگی زانستی ژێنێتیکی بۆ ئەمپریالیزم، بواری چەکسازی بوو. هەر وەکوو بە درێژایی مێژوو، ناکۆکیی و مشتومڕی جڤاکەکان، شەڕی

خوێناوی و بێبەزەییانەی لێ کەوتۆتەوە، پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا نە تەنیا نەبووەتە هۆی چارەسەری ناکۆکییەکان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ناکۆکییەکان زیادیان کردووە. واتە کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دنیای ئەمڕۆ، بووەتە هۆی ڕکابەری دەوڵەتان و گرژی، ئاژاوە، تالانکەریی، ئەشکەنجە و کوشتنی دڕندانەتر. بە کارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی لە زۆربەی شەڕەکانی هاوچەرخ و بە کارهێنانی چەکی ناوەکی لە شەڕی جیهانی دووهەم، کە لە ئەنجامدا گۆڕانکاریی ژێنێتیکی لە کێڵگەکان، ئاوەکان، کۆرپەلەکان، ئاژەڵان و هتدی پێکهێنا. هەروەها بڵاوبوونەوەی زبڵە گەردیلەی(Atomic)یەکان کە لە ئەنجامی پیتاندنی یۆرانیۆم دروست ئەبن، دیسان هەمان ئەنجامیان لێ دەکەوێتەوە.

ئەمپریالیزم بۆ ئەوەی بتوانێت بە کەمترین تێچوو لە شەڕەکان سەر کەوێت، بە ڕێکخستنی شەڕی بایۆلۆژیک، لاپەڕەیەکی نوێی لە بواری سەربازی کردەوە. بەڵام چەندجەمسەریبوونی جیهان دەبێتە هۆی کێبڕکێی جەمسەرەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەک و جەنگئامیری تازەتر و مەترسیدارتر. دزینی نموونەی ژێنی نەژاد و نەتەوە جیاوازەکان یان نموونەی ژێنی میوە، سەوزە و ئاژەڵانی وەڵاتی یەکتری، لەپێناو هێرشی بایۆلۆژیک و بڵاوکردنەوەی مێملی کشتوکاڵی تایبەت بە تووی بەرهەمی وڵاتی ڕکابەر، یان بڵاوکردنەوەی نەخۆشینی تایبەت بە ژێنۆمی نەژادی دوژمن. هەڵبەت هێندێک جاریش بۆ پیتاندنی خاک و دەرمانسازی و چارەسەری بڕێک

نەخۆشیین، کۆمپانیەکانی ئەمپریالیزم(چ ڕۆژهەڵاتی چ ڕۆژئاوایی) جۆرەها ڤایرۆس دەستکاریی ئەکەن کە بڕێک جار دەبێتە هۆی بازدانێکی نەخوازراوی ژێنێتیکی لە ڤایرۆسەکە و سەرهەڵدانی نەخۆشینێکی تازە. بۆ دەرمانسازی بڕێک جار جۆرەها ئانتیڤایرۆس هەم لە سەر ئاژەڵ و هەم مرۆڤ(بە تایبەت لە ئەفریقا) تاقی دەکرێتەوە کە خودی ئەم ئانتیڤایرۆسە دەکرێت بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی ژێنێتیکی و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی تازە.

بڕێک جار بە هۆی دەرمان یان خواردەنگەلێک کە بە هۆی دەستکاریی ژێنێتیکی دروست کراون سیستمی بەرگری لەش ئەوەندە لاواز دەبێت کە ئیدی بەرگەی ڤایرۆسێکی وەکوو کۆرۆنا ناگرێت. ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بە ڕەچەڵەکی ژێنێتیکی لە بنەماڵەی ئەڵامەتی سادەیە، و لە ئاژەڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، چەند پرسیاری تازە دێنێتە ئاراوە. ئایا کۆرۆنا لە ئەنجامی بازدانی ژێنێتیکیی ئەڵامەتی سادە سەری هەڵنەداوە؟ واتە ئایا کۆڤید١٩ بە هۆی بازدانی باوانەکانی لە هەمبەر ئانتیڤایرۆس و دەرمانگەلی چارەسەریی سەری هەڵ نەداوە کە خودی ئەو دەرمانانە لە درێژایی ساڵانێکی دوور، بوونەتە هۆی لاوازبوونی دژەتەن(Antibody)ەکان و سیستەمی بەرگریی؟

ئەگەر ئاژەڵانی خۆراکی مرۆڤ، سەرەتا خانەخوێی کۆرۆنا بوون ئەویش لە حاڵێکدا کە مرۆڤ هەزاران ساڵە گۆشتی ئەو ئاژەڵانە دەخوات، بەپێی چ

میکانیزمێک ئەم ڤایرۆسە(کۆڤید) وا پێشتر کوشندە نەبوو، ئێستا هەزاران مرۆڤی کردۆتە قوربانیی؟ واتە ئایا دەستکاریی جۆراوجۆر لە ژینگە، هەوا و خواردنەکانی ئەو ئاژەڵانە، نەبوونەتە هۆی ئەوەی ئەو ئاژەڵانە تووشی بازدان یان لادانی ژێنێتیکی ببن، بە چەشنێک کە خودی ڤایرۆسگەلێک وا دەمێکە لە نێو لەشی ئەو ئاژەڵانە ژیاون، بە دوایاندا تووشی گۆڕانکاریی بنەمایی ببن و مرۆڤ بکەنە قوربانیی؟

ئایا ئەگەر دەرمان یان واکسەنێک بۆ کۆرۆنا پەیدا ببێت، لە داهاتووا پێکهاتەی ژێنێتیکیی کۆرۆنا تووشی بازدانێکی مەزنتر نابێت؟ و ئەمجارەیان کوشندەتر لە ئێستا دەرناکەوێت؟

ئایا کۆرۆنا لە بنەماڵە و بنەچەی ئەو ڤایرۆسانە نییە کە سەردەمانێک، سەرمایەداریی بە توانستی زانستیی، بنەبڕی کردبوون؟ واتە ئەم ڤایرۆسە وەچەی تازەی باوانە کوژراوەکانی نییە؟

ئایا بەردەوامبوونی سەرمایەداریی و هەڵلووشینی زەوی بۆ زیادکردنی ڕێژەی کەڵەکەکردنی سەرمایە، لە داهاتووا ئەو باکتریا و ڤایرۆسانەی دیکەش کە تا ئێستە داپڵۆسێندرابوون نابووژێنێتەوە؟

**ئیدارە و بەرنامەی بلۆکی سۆسیالیست لە هەمبەر کۆرۆنا**

سەرمایەداری وەکوو هەموو سیستەمێکی دژواز، هەوڵی داوە کە هەموو ناکۆکیی و کەلێنەکانی نێو خۆی، لە ڕێگای ئایدۆلۆژیاوە بشارێتەوە. لە

ڕاستیدا شاردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ڕێگای سەنعەتی فەرهەنگ و بەرهەمەکانیەوە وەکوو سینەما، شانۆ، مووزیک، شیعر، زانست و هتد بۆتە هۆی ئەوەی کە کاپیتالیزم وەکوو فریشتەیەکی پاک و بێگەرد خۆی بنوێنێت، بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ئاسانی ڕاستییە پەردەپۆشکراوەکانی دەرخست. پەرەسەندنی بەربڵاوی کۆرۆنا لە ڕۆژئاوا و هەڵمەتبردنی شارۆمەندانی شارستانی و تێگەیشتووی وڵاتانی جیهانی ئازاد بۆ فرۆشگەکان، و کۆکردنەوەی شتوومەکی ڕۆژانە و پێویست یان پاشەکەوتکردنی بەنزین لە بەنزینخانەکان و دروستبوونی شەڕ و پێکدادان لە سەرەی کڕینی کاڵا لە نێو خەڵکان، وێنەیەکی لە ڕۆژئاوا بۆ جیهان ئاشکرا کرد کە بۆ زۆرکەس جێگای سەرسوڕمان بوو. لاوازیی نەخۆشخانەکانی جیهانی ئازاد و دیموکراتیک لە پەرستاریی لە نەخۆشان و ئەنجامدانی هەزاران کردەوەی پێچەوانەی مافی مرۆڤ لە نەخۆشخانەکانی وڵاتانی بانگەشەکاری مافی مرۆڤ بە تایبەت فەڕانسە، ئیتالیا و سپانیا لە نموونەی ئەو ڕاستییانە بوون کە دەریان خست تا چ ڕادە، ئەمپریالیزمی ڕۆژئاوایی لە قەیرانێکی قووڵدا دەژی. دزینی ملیۆنەها ماسکی ڕاسپێردراو لە یەکتری، گۆشەیەکی تر لە ڕاستییەکانی جیهانی ئازادی بۆ هەمووان ڕوون کردەوە.

ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا ڕوو ئەدەن، کە لە وڵاتانی سۆسیالیست(کە بە دواکەوتوو ناوزەد کراون) ئیدارەیەکی هێمنانە و زانستییانە لە هەمبەر قەیرانی کۆرۆنا بەڕێوە چووە، بە چەشنێک کە خودی وڵاتانی ئەورووپی وەکوو ئیتالیا

و ئاڵمان داوای یارمەتییان لێ کردوون. ئیتالیا لە کوبا(وێڕای ٦٠ ساڵ گەمارۆی ئابووری) و چین و ڕووسیا داوای یارمەتی کرد. هەروەها ئاڵمانیش بۆ ڕێکخستنی کارگەیەکی دەرمانسازی کە دەرمانێکی دەستکردی کوبا(کە زیانەکانی کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی لە سەر سییەکان کەم دەکردەوە)ی بەرهەم دەهێنا، داوای هاوکاری لەو وڵاتە کرد. لە وڵاتی ڤێنێزۆئێلا(سەرەڕای گەمارۆ توندەکانی ئەمپریالیزم)، بە سەرۆکایەتی مادۆرۆ لەوپەڕی ئاسوودەیی جەماوەری زەحمەتکێش،کۆرۆنا کۆنترۆڵ کراوە و نەخۆشخانەکان باشترین خزمەتگوزاریی بۆ شارۆمەندان دابین ئەکەن. سیاسەتی نکۆڵی و ئینکار لە لایەن بەرپرسانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە هۆی مەترسی دارمانی بوورس و داتەپینی بازاڕ، تەنانەت لە لووتکەی شەپۆلی یەکەمی کۆرۆنا، هەر بەردەوام بوو. بۆ نموونە دیسکۆ، بار، قومارخانە، هۆڵەکانی بوورس، بانک و فەرمانگەکان لە ڕۆژئاوا هەر بەردەوام بوون و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی نەدەچوونە ژێر باری ڕاستییەکان. ئەمانە لە حاڵێکدان کە کۆماری گەلی چین، توانی بە قەرەنتیینە و کۆنترۆڵێکی تەندروستیی بەربڵاوی شارۆمەندانی خۆی، کۆرۆنا بە باشی کۆنترۆڵ بکات.

کۆرۆنا سەلمێنەری ئەم ڕاستییە بوو کە وڵاتانی بلۆکی چەپ کە بە بەشێک لە جیهانی سێهەم دێنە ئەژمار، لە زۆربەی ستانداردەکانی پزیشکی و تەندرووستی، لە ئاستی وڵاتانی جیهانی یەکەمدان و ئەمە جارێکی تر سەلماندی کە "سۆسیالیزمی نیشتمانیی"، ئاڵترناتیڤێکە وا دەتوانێت بنەچەی

دواکەوتوویی و پێبەستەیی چەندسەدساڵە بە کۆلۆنیالیزم(لانی‌کەم لە بواری پزیشکییەوە)، بنەبڕ بکات. ئەم وڵاتانە وێڕای گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمپریالیزم بە تایبەت لە بواری دەرمان، توانییان کۆرۆنا کۆنترۆڵ بکەن و تەنانەت یارمەتیی جیهانی یەکەمیش بدەن. قووڵبوونەوەی ناکۆکی و دژوازی لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەروەها لە نێو خودی ئەو وڵاتانە بە تەنیا، دەری خست کە میدیاکانی ڕۆژئاوا چەندها ساڵە خەریکی شاردنەوەی ڕاستییەکان و داپۆشکردنی قەیرانە نێوخۆییەکانن و بڕێک جاریش دیهاوێشتن(projection)ی کێشەکانی خۆیان لە سەر وڵاتانی دژەئەمپریالیست.

**بەرئەنجام:**

کۆرۆنا لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە کە بە گوێرەی ئەم گۆڕانکارییە، سیستەمی سەرمایەداری، هێرش دەکاتە سەر ژینگە و بە بێ هیچ خۆبواردنێک تێکی ئەدات و دەبێتە ئانتی‌تێزێک لە هەمبەر ژینگە. کۆرۆنا لە ئەنجامی سەدان ساڵ تێکدانی سەرمایەداریی کە هەموو پێشکەوتنەکانی ئەم قۆناغە لە مێژوو، دەرئەنجامی ئەم تێکدانەیە، سەری هەڵدا. کۆڤید١٩ ئێستاکە پاش بنەبڕکردنی هەموو ئەو ڤایرۆسانە لە لایەن سەرمایەدارییەوە، خۆی وەکوو ئانتی‌تێزێک لە هەمبەر سیستەمی سەرمایەداریی هاتۆتە ڕۆژەڤەوە، کە نە تەنیا قەیرانی تەندروستیی بەڵکوو قەیرانی سیاسی، ئابووریی، ئایدۆلۆژیکی بە دوای خۆیدا هێناوە و بە ئاسانی

بنەبڕ ناکرێت. واتە ئێستاکە کۆرۆنا نەک نەخۆشیین، بەڵکو پارتیزانێکی ئانتیءتێزی سەرمایەداریی ئەمپریالیستییە. ئەو کێشانەی وا دەوڵەتانی سەرمایەداری نەیانتوانی چارەسەری بکەن، بێگومان کۆرۆنا بەشێکی چارەسەر دەکات، وەکوو قەیرانی پیسبوونی ژینگە، زیادبوونی کۆمەڵەی مرۆڤ، پلەی گەرما و هتد. بێگومان کۆرۆنا پیسکەر نییە بەڵکو خاوێنکەرەوە و دەرمانی زۆرێک لە کێشەکانە؛ لەو سۆنگەوە کە بە درێژایی مێژوو، ڕەوتی دیالێکتیکی لە ئاڵوگۆڕەکانی جیهاندا کاریگەر بووە، و بەم پێیە هەر دەردێک دەرمانێکە و هەر تێکدەرێک بونیادنەرێکە.

# هەڤپەیڤین

# هێشتا هەواڵی کارەساتمان پێ نەگەیشتووە
## (وتووێژ لەگەڵ د.مەسعوود بینەندە سەبارەت بە پرسی کارەسات)
## وتووێژکار: ئەمجەد غوڵامی

**پ) کارەسات وەک چەمکێکی مرۆیی هەڵگری چ ماناگەلێکی فەلسەفییە و پەیوەندییەکانی ئەم چەمکە لە گەڵ مۆدێرنیتە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**و)** شرۆڤەی فەلسەفیی کارەسات لە شێوازی جیاوازدا(چ کارەساتی سرووشتی و چ کارەساتە مرۆییەکان وەکوو کۆمەڵکوژی، فاشیزم، دیکتاتۆری و هتد) بەبێ خوێندنەوەی چەمکی **شەڕ**(evil) و پێوەندی نێوانیان بەجۆرێک ناتەواو دەمێنێتەوە. **تیۆدیسە**(theodicy) یان عەدالەتی خودایی واتە پاساوهێنانەوە بۆ هەبوونی شەڕ لە جیهانی ژێر دەسەڵاتی خودا؛ ئەم پاساودەرانەی شەڕ لە گۆشەنیگایەکی تئۆلۆژیکەوە(ئیلاهیاتی) کارەسات

دەخوێنێتەوە و بەشێوەیەکی میتافیزیکی و ژەڤەرمێژوویی وەڵامی بۆ دەهێنێتەوە. گەلێک ئارگیۆمێنتی دژبەری تیۆدیسە هاتوونەتە ئاراوە، بۆ نمونە ئارگیۆمێنتی لۆژیکی و ئارگیۆمێنتی ئێستێتیقرایی کە پێیان وایە بە هۆی هەبوونی شەڕی سرووشتی و شەڕی ئەخلاقی لە جیهاندا ناتوانین بە هەبوونی عەداڵەتێکی تیۆلۆژیکی قایل بین. بەگشتی زۆربەی تیۆدیسەکان بەتایبەت لە ئیلاهیاتی نەریتیدا هەبوونایەتی شەڕ بەهەند وەرناگرن و بارستایی و بەربڵاوییەکەی لە مێژووی مرڤایەتیدا لە بنهەنگڵ دەنێن. ئیلاهیاتی کارەسات بە هێنانەوەی پاساوگەلێک وەکوو ئەوەی کە "**شەڕ خێرێ مەزنتری بەدواوەیە**"، "**بەرەوڕووبوونەوەی شەڕ کار لەسەر گەشانەوەی ڕۆح**(soul making)**ی مرۆڤ دەکات**(جان هیک)"، "**هەبوونی شەڕ بۆ بەئەنجامگەیشتنی خێر پێویستە**"، "**شەڕ پێوەندی بە ئیختیاری مرۆڤەوە هەیە**" و "**شەڕ لە جیهانی کەسیفی ماددییەوە سەرچاوە دەگرێ**"، خۆی لە تێڕامان و تێگەیشتنی قووڵی کارەسات نەبان دەکات و دژوازی و ناتەباییەکانی پەردەپۆش دەکات. بەگشتی ئەم جۆرە بۆچوونانە بەو بۆنەوە خۆ لە دانپێدانان بە هەبوونایەتییەکی سەربەخۆ و **ئەرێنی**(positive) بۆ شەڕ دەبوێرن بەردەوام بە شێوەیەکی **داشکێنەرانە**(reductionism) و **نەرێنی**(negative) پێناسەی بۆ دەهێننەوە و تا ئاستێک ئیزن بە هەبوونی دەدەن کە ڕیزبەندی و هاوئاهەنگییەکانی پلانی مەزنی **جیهانی دادوەرانە**

تێک نەشێوێنێت. لە ئیلاهیاتی مودێرندا ئەو خۆنەبانکردن و داشکێنەربینییە تا ڕادەیەک وەلا دەنرێت و تێڕوانینی نوێ بۆ خوێندنەوەی جێگە و پێگەی شەڕ لە جیهاندا دێتە کایەوە. ئیلاهیاتی دینامیک، ئیلاهیاتی خودای کراوە، پرۆتێستۆ ئیلاهیات، ئیلاهیاتی فێمێنیستی و ئیکۆلۆژیستی و هتد لەو ڕەوتە نوێباوانەن کە بە گومانەوە لە وەڵامە پارادۆکسیکاڵ و گشتییەکانی پێشوو دەڕوانن و هەوڵ ئەدەن تاڕادەیەک لەگەڵ هەبوونی دیاردەی شەڕدا ڕابێن و بە ئینکاری تەواو چاوی لێنەکەن. بە گشتی ڕەوایەتی تیۆدیسەکان جۆرێک میکانیزمی بەرگریین کە شۆکی کارەسات و هەڕەشەی شەڕ بۆ بەرکەوتووان و پاشماوەکان نەرم‌ونیان‌تر دەکەنەوە. زۆرجار ئەم چەشنە گێڕانەوانە دەبنە فانتازیایەک تاکوو ڕووخساری دزێو و ترسێنەری واقیع جوان بنوێنن و قوربانیان بە وەرگرتن و ڕاهاتن لەگەڵ دۆخی سەپاو پێمل بکەن. ئەوەیە کە زۆرجار تیۆدیسە نە لە چاوی قوربانییەوە بەڵکوو لە چاوی خوداکانەوە بۆ کارەسات دەڕوانن. **کۆنراد** وتەنی تەنیا قوربانیان دەتوانن بەدرووستی لە واتای ڕەنج و خۆبەختکردن تێبگەن کەوایە دەبێ تیۆدیسە لە گۆشەنیگای قوربانییەوە بگێڕدرێتەوە. **ڕیکۆر** مەترسیی داپۆشکردنی واقیعی کۆمەڵگا لە لایەن تیۆدیسەکانەوە بە دەستەواژەی **"خراپەباوەڕیی تیۆدیسە"** نێودێر دەکات و پێی وایە: تیۆدیسە نە لەسەر شەڕی ڕاستەقینە، بەڵکوو تەنێ بەسەر

تارمایی هونەریی شەڕدا زاڵ دەبێ، ئەگەر تیۆدیسەکان ڕێگر بن لەوەی کە هاوارەکانی کۆمەڵگا بگاتە گوێ، هیچ بایەخێکیان نامێنێ.

ئەڵبەتە ڕوانگەی ئیلاهیاتی و تیۆدیسە جۆربەجۆرەکانی تاقە ڕوانگە نەبوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی شەڕدا؛ **ڕوانگەی تراژیک** هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مێژوویی و کەونارایە کە هەڵوێستی جیاوازی لە ئاست جێگەوپێگەی شەڕ لە جیهاندا نواندووە. بەکورتی(دوایی دێمەوە سەری) ڕوانگەی تراژیک پێی وایە چارەنووسی جیهان بە شەڕ و چارەڕەشییەوە تێوەگلاوە و هیچ تیۆدیسەیەک ناتوانێ ئەو یاسا بنەڕەتییە بگۆڕێ؛ تەنیا دەکرێ لە بەرپەرچدانەوەی تراژێدیا و شەڕی هەرەمەزنیدا هەڵوێستی جیاواز بێتە ئاراوە؛ واتە ئەرێبێژانە یان نەرێبێژانە ڕووبەڕووی ژیانی تراژیک ببینەوە.

مودێرنیتە بریتییە لە پێکهاتن و پەرەسەندنی سیستەمەکانی بەرهەمهێنانی سێ ئۆبژەی سەرەکیی **کاڵا**، **واتا** و **دەسەڵات**؛ بۆ ئەم مەبەستە سیستەمەکان لە ڕێگای کارکردەکانی **بەرهەمهێنان**، **نواندنەوە** و **کۆنترۆڵ** لە هەموو شتێ بنەماسڕینەوە دەکەن و فۆرمی گشتیی **بایەخ** و **نیشانە** و **قانوون** لە هەموو ڕووبەرێکدا بڵاوە پێدەدەن. لە ڕەوتی پەرەسەندن و زاڵبوونی "**فۆرمی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە**"، "**فۆرمی پیشەسازیی فەرهەنگ**" و "**فۆرمی دەوڵەتی بۆرۆکراتیک**"دا تەواوی ناوەرۆکە لەپێش‌دراو و ئامادەکان دەسڕدرێنەوە و فۆرمێکی بۆش بۆ وەرگرتنی هەر ناوەرۆکێکی بگۆڕ دێتە

ئاراوە. پێکهاتنی ئەم دۆخە بێبنەما و لخێزە، **"دۆخی قەیران"** بەشێوەیەکی بنەڕەتی جێگیر دەکات و هاوکات لەگەڵ بەرهەمهێنان و نواندنەوە و کونترۆڵدا قەیرانی بەرهەمهێنان، قەیرانی نواندنەوە و قەیرانی کونترۆڵ دێنە کایەوە. ڕەوتی پێکهاتنی مۆدێڕنیتە و جێگیربوونی ستەیتەکان لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووی دیاردەی کارەساتە؛ واتە هەم لە پێکهاتنی فۆرمە بۆشەکاندا و هەم لە سەرهەڵدانی قەیرانە بەردەوامەکاندا کارەسات ڕووی خۆی دەنوێنێ و شەڕی خۆی تووشی کۆمەڵگا دەکات. حاکمییەتی کۆمپلێکسی ستەیتەکان لە کۆتاییدا "**فەزا-سیاسەت**"ێک بەدی دێنێت کە لە پارادایمی سنووردا خۆی دەنوێنێ؛ سنووربەندییەکی بەردەوام کە دۆخی ئاوارتە و توندووتیژیی قانوون بەسەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنێ و ژیانیان لە "**ژین-ئۆردووگا**"کاندا ڕۆ دەبات. لە کۆمەڵگای کوردیدا فیگۆرەکانی "**ئەنفالکراو**"، "**پەنابەر**" و "**کۆڵبەر**" بەرهەمی ژین-ئۆردووگای پارادایمی سنوور و فەزا-سیاسەتی سەردەمن. کەوایە پێوەندی مۆدێڕنیتە و کارەسات لەوەدایە کە کارەسات بەشێوەیەکی بنەمایی لە میکانیزمی سیستەمەکانی بەرهەمهێنانی کاڵا و واتا و دەسەڵاتدا چێنراوە و لە هەر ساتەوەختێکدا ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە؛ بۆ نموونە کاتێک سیستەمی بەرهەمهێنان تووشی قەیران دەبێ ڕێگا بە فەزا-سیاسەتی سەرمایەداری دەدرێ تاکوو بە فەقیرخستنەوەی بەردەوام و چەقبەستووکردنەوەی سیستەمی کەڵەکەکردنی

سەرمایە و پاوانکاریی بەرفراوان، تەمەنی ئەو کۆمەڵگا نابەرابەرە درێژتر بکاتەوە. هەروەها کاتێ سیستەمی نواندنەوەی واتا تووشی قەیران دەبێ ڕێگا بە فەزاسیاسەتی نواندنەوە دەدرێ لە ڕێگای بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆژیای داخراو و دژەئەویدی، نەزمی هێماییینی کۆمەڵگای نومایش و نواندنەوە بەرهەم بهێنێتەوە. بۆ ئێمەی کورد ئەم سێناریۆیە زۆر ئاشنایە کاتێک سیستەمی کۆنترۆڵ تووشی قەیران دەبێ، فەزاسیاسەتی کۆنترۆڵ لە توندئاژۆترین شێوازیدا دەردەکەوێ تاکوو ئاسایش و نەزمی سیستەم مسۆگەر بکاتەوە. کارەساتی ئەنفال لە ئاوەها دۆخێکدا ڕوو دەدات کاتێ فەزاسیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شێوازی ترحیل و تعریب و تبعیثدا دەیهەوێ کۆمەڵگایەکی پاقژکراو و مرۆڤێکی تەسلیمی بەرهەم بێنێ و بۆ ئەم مەبەستەش لە تەکنیکی بەئۆردووگاکردنی تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤی کورد کەڵک وەردەگرێت. مۆدێرنیتە بڕیار بوو مەترسیی مەرگ و نەزانین و ئاژاوە لە ڕووبەری کۆمەڵگای نوێ بسڕێتەوە بەڵام بەشێوەیەکی **سڕینەوەی تێکەڵکردنەوە**(inclusive exclusion)، ئەم شەڕ و مەترسیانەوەی هێشتەوە و لەکات‌وساتی تایبەتدا بەردەوام بەرەوڕووی ژیانی مرۆڤیان دەکاتەوە. ڕەوایەتی کارەساتباری مۆدێرنیتە لە چیرۆکی فاوستەکاندا دەبینین کە لە گێڕانەوەی تراژیکی گۆتەدا وەکوو **فاوستی پێشکەوتن** دەرکەوتوون. لێرەدا مۆدێرنیتە بریتییە لە تێخزانی ڕۆحی مفیستۆیی لە

پەیکەری زانستی و ئینسانی فاوستدا. فاوست بە ئامانجی پێشکەوتن ڕۆحی خۆی بە **مفیستۆ(شەیتان)** دەفرۆشی و سەرەڕای ئەوەی کە دەسکەوتی مادیی بەرچاو بەرهەم دێنێ، ئازاری زۆر بە ڕۆح و گیانی مرۆڤەکان دەگەیەنێت. بەستەڵەکی مۆدێرنیزاسیۆن فەرهەنگی مرۆڤایەتی تووشی نامۆیی و بێواتایی دەکات و هاواری قوربانیان بەرز دەکاتەوە: **خوێنی قوربانیان جۆگەی بەستبوو و هاوارەکانی ئەشکەنجە جەستەی شەوی شەق دەکرد.**

**گۆتە** لە فاوستدا لە زاری شەیتانەوە دەڵێت: **هەموو شتێ ئاساییە، گوایە هیچکات ئەم کارەساتە ڕووی نەداوە. ئادۆرنۆ** باسی ئەوە دەکات کە فاوستی پێشکەوتن سەرەڕای خولقاندنی کارەسات، دەیهەوێ یادەوەریی کارەسات بسڕێتەوە و لێقەوماوان و بەرکەوتووانی کارەسات لە مێژووی فەرامۆشیدا ڕۆ ببات. لێرەدا ئەرکی ئەخلاقیی سەرەکی پێکهێنانی ئاوەزی کارەساتە تاکوو بەبیرهێنانەوە و یادکردنی ئێش و ئازاری قوربانیان، کۆمەڵگایەکی دەردمەند و بەپەرۆش بونیاد بنرێت. میتۆسی ڕۆشنگەریی و گێشتێلی مۆدێرنیتە ئەوڕۆکە لە چوارچێوەی فەزاسیاسەتی سەردەم و پارادایمی سنووردا بەرهەمهێنەری سەرەکیی کاتاسترۆفین و هاوکات لە ڕێگای بە میدیاییکردنەوەی ڕەنج و ئازارەکانەوە، بێدەرووەستی و کەمتەرخەمی کۆمەڵگەی خامۆش و مرۆڤە هاوشێوازەکان بەرهەم دێنن.

**پ) پەیوەندی نێوان چەمکەکانی چارەڕەشی، تراژێدیا و کارەسات چۆن دەبینی؛ بە تایبەت کە ئەو سێ چەمکە بە جۆرێک لە پێناسەی ئەرەستوویی لە تراژێدیادا یەک دەگرنەوە؟**

**و)** تراژێدیا لای ئەرەستوو فۆرمێکی دراماتیکە کە لە کتێبی بووتیقادا پێناسەی بۆ هێناوەتەوە و پێکهاتە و توخمە سەرەکییەکانی دەسنیشان کردووە. ئەرەستوو پێی وایە تراژێدیا بە هۆی **هامارتیا** یان ناتەواوی و هەڵەیەک کە پێوەندی بە کرداری تراژیک و ئێتۆسی قارەمانەوە هەیە، لە هەڵبەزین و دابەزینی ڕەوتی ڕەوایەتدا دەگا بە **کاتاسترۆفی** یان کارەسات کە کۆتاییەکی مەرگەساتبار بۆ قارەمان بەدی دێنێت. کەوایە تراژێدیا بەپێی بابەت و دۆخی ترژیک پێناسە دەکرێ کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەرگەساتبار و بێسەرەنجامە لەهەمبەر خودا-زلهێزەکان و بە کارەساتەوە کۆتایی دێ. بێگومان چارەڕەشی یان وەیشوومە بەشێکە لە چارەنووسی قارەمانی تراژیک، بەڵام ئەوەی کە ئەم وەیشوومەیە قەدەرێکی بێئەملاولا و بەرهەمی چارەنووسێکی نادیارە یان بەشێک لە ئیرادە و بژاردەی قارەمانی تێیدا دەخیلە، جێگای مشتومڕە. تراژێدیای **قۆناغی هۆمێری** ئەم **فۆرتیۆنا** و **وەیشوومەیە** بەتەواوی بە شتێکی ژەڤەرئاسا و بێ دەخڵ و تەسەڕووفی مرۆڤ دادەنێ؛ بەڵام هەرچی لە قۆناغی هۆمێری بەرەو پێشەوە دێین دەوری مرۆڤ لە دابینکردنی ئەو فۆرتیۆنایەدا زۆرتر دەبێت؛ بەچەشنێک کە ئەرەستوو پێی وایە

ئەگەر قارەمانی تراژیک بە ئیرادە و بژاردەی خۆی تووشی وەیشوومە هاتبێ ناتوانێ **کاتارسیس** واتە **ترس**(phobos) و **بەزەیی**(eleos) لە بەردەنگدا بورووژێنێ و هاوسەنگیی دەروونی و سۆزدارانەی بۆ بەدی بێنێت. سەرهەڵدانی **فەلسەفەی ئیوونی** و بەهێزبوونی عەقڵی فەلسەفی بە هۆکاری سەرەکی لاوازبوون و کۆتایی بابەتی تراژیک لەقەڵەم دەدرێ بۆیە **نیچە** پێی وایە پاش هاتنی **ئۆریپیدێس** و **سوکرات** فۆرمی تراژێدیا تووشی مەرگ و فەوتان هات. وەک ئاماژەمان پێدا ئاوەزی تراژیک لەگەڵ بیری تێۆدیسیدا یەک ناگرنەوە، واتە هەرچەشنە ڕوانینێکی ئەخلاقی و ئایینی بۆ جیهان کە ئاکامبەندییەکی پیرۆز و عاقیبەتبەخێر بۆ ژیان دەستەبەر بکات لەگەڵ ڕۆحی تراژێدیا کە ئاکامی جیهان لە ڕۆچوون لە کائۆس و ئاژاوەدا دەبینێ ناکۆک و ناتەبایە. **ئێشتاینێر** دەڵێ نەریت و **تێگەیشتنی عیبری** لەگەڵ ئاوەزی تراژیکی یۆنانیدا پێکەوە نامۆن کاتێ نەریتی عیبری لە هەر ڕەنج و کارەساتێکدا لەدووی **عەداڵەتی یەهۆوە** و ڕزگاربوونی ڕۆژی پەسڵان دەگەڕێ. ئەوەیە کە حەماسە ئایینیەکان لە چەشنی لەخاچدرانی مەسیح ئەگەرچی بەسەرهاتێکی تراژیکە بەڵام هەڵگری بابەت و دۆخی تراژیک نییە. هەرچەندە ئەوانەی حەماسەی مەسیح لە ڕەهەندێکی تراژێدیائامێزەوە دەخوێننەوە، فیگۆری "**مەسیحی بەرەنگار**" لەهەمبەر فیگۆری "**مەسیحی تەسلیمی**"دا دادەنێن و ئاماژە بە پەیڤی کۆتایی سەر خاچەکەی ئەدەن کە لە

هەناوی دۆخێکی تراژیکەوە گۆ دەگرێ: **خودایا، خودایا بۆ دەسبەردارم بووی.** بۆرخێس لە وتارێکدا بەجوانی باسی تێنەگەیشتنی فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی لە تراژێدیا و کۆمێدیای یۆنانی دەکات و دەڵێ: **ئیبنی ڕوشد** وەبیر دێنمەوە کە چۆن لە فەرهەنگی ئیسلامیدا قەتیس کەوتبوو، هیچکات توانای ئەوەی نەبوو لە واتای چەمکەکانی تراژێدیا و کۆمێدیا تێبگات.

تراژێدیا لە فۆرمی نومایشدا، ئۆرکێسترا واتە تەختەی شانۆ بە گۆڕەپانی جیهان دەداتە قەڵەم و هەرکامە لە بەشەکانی پێکهاتەی دراما بەجۆرێک لەگەڵ بڕگەکانی ژیان و جیهاندا بە هاوتەریب دادەنێ(mimesis). لێرەدا دەسبەرداری تراژێدیا لە شێوازی فۆرمی دراما دەبین و لە تراژیدیا وەکوو جیهانبینی و شێوازی هەڵوێستگرتن لەهەمبەر جیهان و چارەنووس دەکۆڵینەوە تاکوو بە وەڵامی پرسیارەکە نیزیکتر ببینەوە. بابەت و دۆخی تراژیک بریتییە لە کۆتایی مەرگەساتباری چارەنووسی مرۆڤ کە هاوکات لەگەڵ ڕەنج و ئازار و شکستدا تێکئالاوە. ئەگەرچی تراژیدیا و دۆخی تراژیک تێکچنراون بەڵام ئەمە مێژووی گەشەکردنی تراژێدیایە کە بابەت و دۆخی تراژیکی پێناسە کردووە و بەرهەمی هێناوە. بۆیە دواتر هەر دۆخ و بەستێنێک هەڵگری کەشووهەوای چارەڕەشی و ڕەنج و داڕووخان بووە ئاوەڵناوی دۆخی تراژیکی لەخۆ گرتووە(کە ڕەنگە خۆی‌لەخۆیدا تراژیک

نەبێت). پێناسەی دۆخی تراژیک لە بیروهزری تراژێدیاناساندا وەکوو **هامارتیا یان هەڵە و لەخۆبایی ڕووخێنەر**(ئەرەستوو)، **باوەڕ و دۆکسای دژبەر یان دژوازیی بنەمایی لایەنەکانی کۆمەڵگا**(هێگێل)، **ئیرادەی کوێری هەستی**(شوپێنهاوێر)، **مەرگ و ژیانی بەردەوام**(نیچە)، **چەشنێک ناتەواوی و ناکاملی**(برێتۆن)، **بەئەنجامنەگەیشتوویی بەردەوام**(لۆکاچ)، **دەستەمۆی هێزە نادیار و تارماییە مەترسیدارەکان**(کافکا)، **ئاگایی ڕەنجهێنەر**(داستایۆفسکی)، **نیهیلیزم**(کامۆ)، **هێڵنج و کەڵوکوفی بێهوودەی ژیان**(سارتر) و هتد چارەنووسێ دەگێڕنەوە کە نە بەشێوەی ڕێکەوت و لاوەکی بەڵکوو بەشێوی بنەڕەتی و پێکهاتەیی لێوانلێوە لە دژوازی و ڕەنج و بەئەنجامنەگەیشتوویی؛ و هیچ بڕیار نییە دەستێک لە غەیبەوە بە هانای مرۆڤەوە بێت و هاوئاهەنگی و تەبایی لە بەختەوەریی و ڕزگاریدا بەدی بێنێت. ئاگایی و هوشیاریی تراژیک بریتییە لە تێگەیشتن لە دۆخی تراژیک و ئەنجامی بێسەرەنجامی جیهان. قارەمانی تراژیک سەرەڕای ئاگایی لەم قەدەری فەوتان و داڕووخانە هیچ هەوڵی ئەوە ناخاتە گەڕ تاکوو لەم دۆزەخی مەرگەساتە هەڵبێت یان بە ئامرازی سڕکەر و هۆشبەرانە، خۆی لە ژینەمەرگی پڕ لە ئێش و ئازار نەبان بکات. قارەمانەکانی بەرئاماژەی ئەم تراژیدیاناسانە؛ واتە **ئاشیلی** هۆمێر، **ئۆدیپی** سۆفۆکلێس، **پرۆمتەی** ئایسخۆلێس، **سووپێرمانی دیۆنیزۆسیی** نیچە، **سیزیفووسی** کامۆ،

**مرۆڤی ئازادیخواز و بەدەروەستی** سارتر و **قارەمانی تراژیکی** لۆکاچ سەرەڕای جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆیان، هەموو لە بەستێنی شکست و مەرگدا پێ هەڵدەنێن و هاوکات بەرەنگاری هێزە سەرکەش و داپڵۆسێنەرەکان دەبنەوە. کامۆ سیزیفووس بە بەختەوەر دەزانێ بەوبۆنەوە کە چارەنووسی، تایبەت بە خۆی و لە ئەستۆی خۆیدایە، بەردەشانەکە پرسی خۆیەتی؛ کەوایە هاوکات گیرۆدەی پووچی و بەختەوەرییە. سارتر ئەو کۆیلەیە کە شۆڕش دەکات و لەپێناو ئازادیدا دەمرێ بە مرۆڤی ئازاد وێنا دەکات. نیچە مرۆڤی دیۆنیزۆسی کە چالاکانە لە گێژاوی ڕەشایی و بێواتاییەوە هەڵدەبەزێ و ئەرێبێژانە بەدەم ژیانەوە پێدەکەنێ و لەگەڵ دەنگی مووسیقادا هەڵدەپەڕێ، بە قارەمانی تراژیک و مرۆڤی ژەقەر وەسف دەکات. لۆکاچ پێی وایە مەرگ وەکوو ئاکسیۆمێک لە هەر بەستێنێکی تراژیکدا ئامادەیە، بەڵام ئەم ئاکسیۆمە ڕووخێنەر و ڕزێنەرە هاوکات ئاگاییبەخش و ڕاچڵەکێنەرە و بە وتەی فرۆید مەرگ ئەگەرچی دەمانکوژێ بەڵام بیرکردنەوە لە سەر مەرگ، ڕزگارمان دەکات. کەوایە لای لۆکاچ تراژێدیا تەنیا هەوێنی هونەر و جوانناسی نییە بەڵکوو ئەزموونێکی هەرەمەزنە کە مرۆڤی مەزن و بەئاگا لە گەوهەری خۆی و زەرووەرەتەکانی ژیان دەخولقێنێ. قارەمانی تراژێدیا ئەگەرچی لە نێو جەنگەی شەڕ و کاتاسترۆفیدا تووشی ڕەنج و ئازاری تاقەتپڕووکێن دەبێ بەڵام لەم تۆفی ڕەنج و ئازارە هەڵنایەت و سەربزێوانە هەڵیاندەبژێرێ و

لەگەڵیاندا ڕادێ. هەربۆیە قارەمانی تراژیک هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێتەوە و بەشێویەکی بەرەودواوە(retroactive) بازنەی تەنگی هەڵبژاردنی سەرەتایی هەراوتر و ئاوەڵاتر دەکاتەوە. هەڵبژاردنی ڕەنج و مەرگ پاشەکشێ بە چارەنووسی سەپێنراوی دۆخی تراژیک و کارەساتبار دەکات؛ واتە لەم پراکتیسە ئازایانەدا جەنەم و جەرگی ڕەنج و ئازارەکان دەگۆڕدرێ و پاشهاتێکی ڕۆشنگەرانە و داهێنەرانەیان لێ دەکەوێتەوە. بەرپرسێتی تراژیک و ڕەنجی داهێنەرانە ئەو دەسکەوتە مەزنانەن کە ئەگەرچی ناتوانن لە هێڵی **قسمەت**(moira) و **بەخت**(fortuna) و **گوناه**(ate) خۆ دەرباز کەن بەڵام بە بەرەنگاربوونەوە و بەرخۆدانی تراژیک، توخم و کرۆکی رزگاریبەخش و هوشیاریدەری ئەو چارەنووسە سەپاوە ئازاد دەکەن و بەسەرهاتێکی جیاواز بەدی دێنن. **جان مۆرێل** لە کتێبی "**تراژێدیا، کۆمێدیا و دین**"دا بۆ ناسینی ئاوەزی تراژیک پێنج پرسیاری سەرەکی دەپرسێ و بەم شێوەیە وەڵامەکانی ڕوانگەی تراژیک دیاری دەکات:

**١. داخۆ ڕەنج نەزمێکی تایبەتی هەیە و دەکرێ لێی تێبگەین؟، یان بەڕێکەوتە و تێگەیشتنی ئەستەمە؟** بێنەزمە و لێی تێناگەین،

**٢. دەکرێ خۆمان لە ڕەنج ببوێرین؟** نا،

**٣. ڕەنج خێرێکی مەزنتری بەدواوەیە؟** نا،

**٤. هیچ هیوایەک لەئارادایە؟** نا،

**٥. پەرچەکردارمان لە ئاست ڕەنج؟** ڕاوەستان و خۆڕاگریی شکۆمەندانە.

مۆریل بەپێی ئەم تایبەتمەندییانە سنووری ئاوەزی تراژیک لەگەڵ کۆمێدیا و بوارەکانی تر دەستنیشان دەکات و دەڵێ تراژێدیا بەبێ هیچ هیوادارییەک ڕووبەڕووی ڕەنج و قەدەر دەبێتەوە بەڵام **کۆمێدیا** بۆ تێپەڕاندنی ڕەنج و ئازار بە پێکەنینەوە گاڵتەی پێ دەکات. ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان(بوودیزم و هێندویزم) هەوڵ ئەدەن بە سڕینەوەی ویست و خواستەکانی خۆ، لە ڕەنج ڕزگاریان بێ. فەلسەفە بە پێچەوانەی ئەم چەشنە پەرچەکردارانەوە هەوڵی تێگەیشتن و تێڕامان لە ڕەنج و ئازارەکانی مرۆڤ دەدات؛ **سپینۆزا** گوتەنی لە بینینی دیمەنی ژیان و کردەوەی مرۆڤ نە دەگریم، نە پێدەکەنم و نەش ڕقهاوێژیی دەکەم بەڵکوو هەوڵ ئەدەم لێیان تێ بگەم.

کۆی ئەو شتانەی سەبارەت بە ئاوەزی تراژیک هاتە باسکردن لە ڕوانینێکی ئەرێنیەوە سنووری ئێتۆس و ئاکاری تراژیک لە گەڵ پارادایمی عەقڵچێتیی مەسڵەحەتگەرانە و ڕقەمبێژیی ئایینخوازنە دیاری دەکات و وکوو گوتاری بەرەنگاری و شۆڕشگێڕی دەیانخوێنێتەوە. گوتارێک کە ئاکاری ڕقئازۆیی و ترسئاژنیی بەچۆک دا هێناوە و خۆی لە وەهم و فانتازیای دڵخۆشکەری ژیانی بێ‌پرس و بێ‌دەرد ڕزگار کردووە. بەپێچەوانەی تەواوی شرۆڤە پۆزەتیڤەکانی تراژێدیاناسان، ڕەخنەگەلێک هاتوونەتە ئاراوە کە زۆربەی کێشەکان لە خودی ئاوەزی تراژیکدا دەبینێتەوە و بانگەشەی تێپەڕان و دابڕان لەو

گوتارەیان خستۆتە ڕۆژەڤەوە. **ئالێن رۆب گرییە** پێی وایە لە بنەمای ڕوانینی تراژیکدا جۆرێک هیۆمانیزم خۆی حەشار داوە کە هەموو توانستی خۆی لەسەر مەودای نێوان مرۆڤ و جیهان یان زەین و شتەکان داناوە. واتە هیۆمانیزمی تراژیک ئامانجی خۆی بۆ پێکگەیاندنی کەلێن و دابڕانێک تەرخان دەکات کە لەپێشدا پێکگەیشتن و مۆتۆربەکردنیان بە نامومکین و نەگەر دانراوە. گرییە پێی وایە هەموو هاتوهاوار و بانگوڕۆکانی مرۆڤ کردەوەگەلێکی وەهمی و مایەپووچن کە لە نەخشاندنی هوشیارانەی جیهان بەشێوەی تراژیک و کاتاسترۆفیک سەرچاوە دەگرن. گێڕانەوەی تراژیک واتە کۆریانەوە لە تەنیایی و چارەڕەشی و داڕووخانی بێئەملاولای مرۆڤ، ئەم قەدەرە دەسکردانە دەکاتە مۆیرا و فۆرتیۆنای بنەڕەتی و پێکهاتەیی. لەباتی ئەوەی ڕێگایەک بۆ دەربازبوونەوە لەو دۆخە ببینرێتەوە، دۆخەکە بەسرووشتی و هەتاهەتایی دەکرێت و لێرەوە تەنیا ئەرکی مرۆڤ دەبێتە جوانناسانەکردن و بەحەماسەکردنی ئەو شکست و هەرەسهێنانەی کە خۆی بە خۆی کردووە. جوانناسانەکردن و دیتێرمینیزەکردنی دیاردەی ڕەنج و کەشی تراژیک درگا لەڕووی هیچ داهاتوویەکی بەرهەست و دیار ناکاتەوە بەڵکوو ژیانی ئێـمە بە شینگێڕی و سوکنایی بەردەوام خوو دەدات و دەرفەتی فرمان و دەستیوەردانمان لێ دەستێنێتەوە. کەوایە بەپێی بۆچوونی ئانتیتراژیکی گرییە، تراژێدیا نە تەنیا هیچ مەودایەک ناسڕێتەوە بەڵکوو میتافیزیکی مەودا

و هەرێمەکانی جودایی پان و بەرینتر دەکاتەوە. سەرەڕای هەموو ئەم ڕوانگە جیاوازانە، تراژێدیا و ئاوەزی تراژیک هێشتا زیندووە و بەردەوام لە شێوازی نوێدا خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. گرنگ ئەوەیە بتوانین بە خودئەندێشی و مەوداگرتن لە خۆ، پێوەندی و پێگەی خۆمان لەئاست تراژیدیا و کارەسات دیاری بکەین؛ واتە تەنێ لە ئیلاهیات و مەعریفەناسیی کارەساتدا نەمێنینەوە و بتوانین ئاکار و ئێتۆسی کارەسات بەرهەم بێنین.

## پ) ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە تێوەگلاندنی کۆمەڵگا لە ڕەنج و ڕووداوە دڵتەزێنەکان چۆن دەبینی؟

**و)** میدیا و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن فەزایەکی دیالۆگی و دیالێکتیکییان پێک هێناوە کە پێوەندیی تاکلایەن و ئۆبژەتەوەریان گۆڕیوە بۆ پێوەندییەکی چەندەنگی نێوانسووژەیی(intersubjective). بەڵام لە ڕاستیدا ئەم **چاوی خودا**( all seeing eye of god)یە هەموو نیگا و گۆشەنیگاکان لەخۆیدا هەڵدەلووشێ و شێوەڕوانینێکی تایبەت و یەکسان بەسەر هەموو سووژەکاندا زاڵ دەکات؛ ئەگەرچی بیروڕای جیاواز و ستایلی ژیانی فرەچەشن لەم بەستێنەدا دەردەکەون بەڵام ئەم جیاوازییانە بە قەولی **لۆفۆر** جیاوازی ڕادەکەم و مینیماڵن و هەموو لەسەر فۆرمێکی ئابستراکتی هاوبەش پێکهاتوون کە

میکانیزمی نواندنەوە بەرهەمی هێناوە. کەوایە **مرۆڤی مەجازی**( virtual human) زۆرتر لەوەی کەڵکەڵەی تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی ئەویدیی لە دڵدا بێت بە خۆنواندنێکی ئایدیال لە دووی دانپێدانان و ئەرێوتنی فالۆویێرەکاندا وەیلان و سەرگەردانە. هەرچی دۆستایەتیی و فەرهەنگی نیزیکی لە فەزای مەجازیدا پەرە دەستێنێ ڕادەی دوژمنکاری و دژکردەوەنواندن لە ئاست جیاوازی و **شتەسەیروسەمەرەکان**(queer)ی ئەویدی بەربلاوتر دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەم قەرەباڵغی و جەنجاڵی دیجیتاڵە فۆکووس و تێڕامانی قووڵی مرۆڤ تێکدەچڕژێنێ و بە زێدەکردنی دڵەڕاوکێ و ختووکە دەروونییەکانی، سەقامگیریی ڕەوانی و جەستەیی بەرەوڕووی تەنگژە دەکاتەوە. لە کەشێکی ئاوەهادایە کە ڕێگا بۆ تەراتێنکردنی گوتاری دەروونناسی و بەڕێوەبەرێتیی بیر و لەشی مرۆڤەکان ئاوەڵا دەکرێت. **فرانسوا دۆرتییە** وتەنی هەر پێوەندییەک داگری بەستێنی **پەڕپێوەندی** (meta communication) یە کە لە شێوازەکانی فیلتەری فەرهەنگی، ناسێنکارانە و ئایدۆلۆژیک لەسەر ڕەوت و ئاڕاستەی پێوەندییەکە کاریگەری دەنوێنێ. هەربۆیە نەخشاندنی فەزای مەجازی وەکوو یۆتۆپیایەکی بێ دەردئاماژە و ترۆما هەڵەیەکی گەورەیە کە پاشهاتی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە. هەرچی لەم فەزایەدا تووشی پەسیڤبوون و ئاوەڵایی و بێسنووری دەبین لە کردەوەیەکی پێچەوانەدا هەوڵ ئەدەین لە

فەزای واقیعدا قەرەبووی بکەینەوە، واتە لە ڕێگای تەکنۆلۆژیاکانی خودسازی وەکوو بەدەنسازی و جوانکاری، مۆد و هتد ڕیسکی زۆرتر و زێدە-چێژی فراوانتر ئەزموون بکەین. ئاپاراتووسی میدیا بەشێکە لە ستەیت و دیسپۆزیتیوەکان کە مەبەستی سەرەکییان **حکوومەتمەندی**(governmentality)یە و لە جومگەی پێکەوەگرێدانی ستراتێژەکانی کۆنترۆڵی جەماوەر و تەکنیکی ڕاهێنانی خۆ پێگەیان توند کردووە. لەسەردەمی پێش-نواندنەوەدا مرۆڤ لە نیزیکەوە شتەکانی دوور دەدیت و مەودای هەستیناسانەی خۆی لەگەڵیان دەپاراست. بەڵام لە سەردەمی هایپێرنواندنەوەدا مرۆڤ لە دوورەوە شتەکان نیزیک دەبینێ و تەواوی مەودا ئانتالۆژیکییەکانی سڕیوەتەوە. مەوداسازی و سنووربەندیی بەردەوام یەکێ لەو کارکردە مەترسیهێنەرانەی فەزا-سیاسەتی سەردەمە کە خۆی لە شێوازی پارادایمی سنووردا دەردەخات. سنوورێک کە لە ڕواڵەتدا پێچەوانە دەنوێنێ و ئێمە لە سڕینەوەی سنوورەکان و نیزیککەوتنەوەی فەرهەنگ و بایەخەکاندا(جیهانیبوون) بە مەوداسڕینەوە دەیناسین بەڵام لەڕاستیدا ئەم سنووربەندییە بێسنوور و نادیارە پڕمەترسیترین ئێفێکتی پارادایمی سنوورە کە ئەویدیسازی و نەفرەتهاویژیی لێ دەکەوێتەوە. دووربینیی نیزیک یان پێوەندیی مەجازی، حوزووری ترۆماتیکی دراوسێ و ئەویدی بەدی دێنێ و ڕێگا بۆ ترسێکی ڕەقەمبێژانە ئاوەڵا دەکات. بە قەولی

**ژیژاک** لێرەدا ئەم میوانە ملۆزمە هاتووە کە ژۆیسانس و سەرچاوەی چێژیمان لێ بدزێ هەربۆیە پەرچەکرداری ئێمە تێکەڵ بە **فۆبیای جیاوازیی ئەویدی**(xenophobia) و گوتاری تووڕە و توندئاژۆی ئەویدیسازی دەبێت. وەک ئاماژەمان پێدا یەکێ لە ڕەهەندەکانی مۆدێرنیتە بریتییە لە گشتگیربوونی کارکردی نواندنەوە و فۆرمی نیشانە لە ڕەوتی پێوەندیگرتندا. زاڵبوون و قووڵچوونی نواندنەوەگەری گەیشتۆتە ئاستێک کە واقعێکی جیاکاری بەنێو **واقعی مەجازی**(VR) پێکهێناوە کە جیاوازییەکانی نێوان **بوونەوەری زیندوو**(organism) و **دەسکرد**(cyber)ی سڕیوەتەوە. لەم بەستێنەدا خود هەموو سنووربەندییەکانی لێ بزر دەبێت و بەم چەشنە تووشیاری کۆلۆنیالیزمی جەستەیی و زەینی دێت؛ واتە دەروون هەمیشە لە دەرەوەیە و دەرەوە هەمیشە لە دەروونە. لەم دۆخی ئاوارتەی سنووربەندیی سنووربەزێنەدا، بوونەوەرێکی سنووری و لیمیناڵ بە نێوی **سایبۆرگ** بەرهەم دێت کە بە قەولی **دۆنا هاراوی** سنوورەکانی نێوان مرۆڤ و حەیوان، ئینسان/حەیوان و ماشین، و فیزیکی و مەجازی تێدەپەڕێنێت. لە فیلمە زانستی-خەیاڵکردەکاندا وێنای ئەم ژەڤەرمرۆڤە پاشتراژیکانە لە شێوازی **فرانکشتاین**، **تێرمیناتۆر**، **گۆدزیلا**، **مێردئەزمە**، **زامبی و گورگنوێنەکاندا** دەبینین کە لە بازنەی کۆنترۆڵی مرۆڤ دەرپەڕیون و وەکوو مەترسییەک کەوتوونەتە تێکدانی ئاسایشی ژیانی مرۆڤ. وەک ئاماژەمان پێدا تەکنۆلۆژیا

یان بە دەستەواژەیەکی هایدگێری، گێشتێل، بە کۆلۆنیالکردنی سرووشت و مرۆڤ هەبوونایەتیی سەرەکییان لێ وەردەگرێ و شوناسێکی نوێیان لە ئاست "ئۆبژەی کەرەسە و کەڵکوەرگرتن" پێ دەبەخشێ. جەستە لەم دۆخەدا لە ئاستی مێژوویی خۆی واتە پرۆژە و میدیۆمی واتا و ئامانجەکان دادەبەزێ و لە شێوازی **ژینەوەریی ڕووتەڵ**(zoe)دا دەردەکەوێ. بەئۆبژەکردن و ڕووتەڵکردنەوەی ژیان لە شێوازی لەشدا بە وتەی **ئێرنێست یۆنگێر** بووە بە هوشیاریی دووهەمی مرۆڤ کە هاوکات لەگەڵ خۆیدا ئۆتۆریتەی گوتاری سایکۆلۆژیای بەرهەمهێناوە. یۆنگێر دەڵێت دەزگای وێنەگرتن نوسخەیەکی چاولێکردنی بێبەزەییانەی ئێمەیە بۆ شتەکان، واتە ئەم چاوە دەسکرد و میکانیکییە هاوکات کە لە شتەکان نیزیکمان دەکاتەوە، مەودابەندی و بێپەرۆشیمان بۆ بەرهەم دێنێ. ئێمە لە پشت ئەم چاوەزەخم و جادووییەی میدیاکانەوە خۆمان دەشارینەوە و مەودای خۆمان لەگەڵ دەرد و ئازاری ئەویدی بەرفراوانتر دەکەین. فەزای مەجازی هەمان خولیای مێژوویی بیرۆکەی گنۆسیستیی واتە یۆتۆپیایی خەلسە و چێژی بێسنووری بەرهەم هێناوە، هەر بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ دیاردەی **ڕەنج**(Pathema) و ئەزموونی دەرد نامۆتر دەبینەوە. تەکنۆلۆژیای میدیایی لەم ڕەوتی مەوداگرتن و سڕینەوەی پاتمایەدا، حەشیمەتی سەردەمی لە بەرفراوانیی زانیاریی و ئاژاوەی دەیتاکاندا(Mathema) سەرگەردان و هەستنابزوێن کردووە.

کەوایە لێشاوی هەواڵی میدیاکان لە کارەساتە یەک‌لەدوای‌یەکەکان تەنیا ڕق و تووڕەیی ئێمە بە شێوەیەکی بێ‌مەبەست دەرهاوێژە دەکات و هاوکات کەمتەرخەمییەکی بنەمایی لە هەمووماندا دەچێنێ (who cares?). **سووزان سۆنتاگ** پێی وایە وێنەگرتن لە فۆتۆگرافیدا واتە چوارچێوەبەندیی واقیعەکان، و ئەمەش چاوبەستن لە ئاست واقیعەکانی دیکەی بەدواوەیە. لە لایەکی دیکەوە باسی ئەوە دەکات کەڵەکەبوونی وێنەکان و شاڵاوی هەواڵە دڵتەزێنەکان، شۆکی ئەم ڕووداوانەی تا ئاستی کاڵایەکی مەسرەفی دابەزاندووە و هەژان و شڵەژێنەربوونی لە ڕەوتی سەودا و سەرگەرمیدا ڕۆ بردووە. شاڵاوی وێنەکان ئێزن بە زەقبوونەوەی هیچ وێنەیەک نادەن و بەردەنگەکان لە هیپنۆتیزمی میدیاییدا هەستیارێتی و هاوخەمی‌نواندنی خۆیان دەدۆڕێنن. سۆنتاگ ئەگەرچی هێشتا هیوای بە کاریگەربوونی وێنەکانە لە نواندنی کارەساتدا بەڵام ئاماژە بە ڕاهاتنی مرۆڤ لەگەڵ وێنەی کارەسات و پەسیڤبوونەوەی هەست و ویژدانی مرۆڤی سەردەمی میدیا(لە چەشنی تێلێویزیون) دەکات. لەم ئەقیانووسی هاوشێوەسازی و کەڵەزۆرینەی یەکسانبوونەوەدا؛ بە وتەی ئادۆرنۆ، کۆمەڵگایەکی تابینەقاقا دەستەمۆکراو دێتە ئاراوە کە تەنیا ئارەزووی بەرهەمهێنانی زێدەئۆبژەکان و و پڕتاوکردنی گەردوونەی بایەخ و نیشانە و دیسیپلینە. لەم بەرزەخی مەیلەدا هەموومان لە ئەزموونی دەرد و ئازاری ئەویدییەکان خۆمان نەبان دەکەین و هەوڵ ئەدەین

بۆشایی ژیانی خۆمان بە فرانکشتاین و زامبییەکان واتە فتیشەکانی کاڵا و دەسەڵات و سێکسوالّیتە پڕ بکەینەوە.

**پ) بابەتی تەرمەکان لە جەغزی ڕەنج، مژارێکی گرینگ و حاشاهەڵنەگرە. بە تایبەت لەم ڕۆژانەدا کە کۆمەڵگا گیرۆدەی نەخۆشیی کۆرۆنایە، چارەنووسی تەرمەکان چۆن دەبینی؟ ئەویش لە کاتێکدا کە بەری کراون لە تەواو ئەو دابونەریتانەی کە بە دەوری مەرگ و تەرمەوە هەن؟**

**و)** مێژووی جەستە لە ڕەوایەتی باودا بریتییە لە تێپەڕاندنی ڕووتی و غەریزی بوونی لەش بەرەو پۆشتەبوون و بەفەرهەنگیبوونی جەستە. دوانەی سرووشت-فەرهەنگ وەکوو زۆربەی دوانەکانە میتافیزیکییەکان ئاماژەدەری کرۆنۆلۆژیایەکی هێڵەکین بۆ بەشارستانیبوون و دەستەمۆبوونی لەش و جێگرتووکردنی لە نێو سیستەمی هێماییینی فەرهەنگ و یاسادا. گێڕانەوەی سەفەری جەستە و بەمەدەنیبوونی لە گوتاری ئانترۆپۆلۆژیستەکان و هەروەها لە بەرهەمەکانی کۆمەڵناسێکی مێژوویی وەک "**نۆربێرت ئەلیاس**"دا بەباشی دەردەکەوێ. ڕەنگە لە هەموو ئەم تێڕوانینانەدا بتوانین ئەو پێناسە کلاسیکەی ئەرەستوو بناسینەوە کە مرۆڤ بە حەیوانێکی سیاسی وێنا ئەکات. واتە حەیوانێک کە لە ژێر کاریگەریی ژیانی پۆلیسدا لە لە ئاستی ئاژەڵ و

ژانەوەریی تێپەڕیوە و بووە بە شارۆمەندێکی سیاسی. کێشەی زۆربەی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی دوانەبینانە مرۆڤ لە نیگاتیڤیتی "**ئەویدیی حەیوان**"دا پێناسە ئەکەن، ئەمە لە حاڵێکدایە کە مرۆڤ لە بەمرۆڤبوونیدا بۆتە خاوەنی حەیوانیەتێ کە هیچکات پێشتر نەیبووە، یان باشتر بڵێین بۆتە خاوەن "نا-مرڤ"ێک کە دۆخی مرۆڤبوون و نەمرۆڤبوونی دابین کردووە. ئەوەی کە مرۆڤ توانستی نا-مرۆڤبوونی هەیە تەواوی فەرهەنگ و بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی ئێمە مومکین دەکات. نامرۆڤبوون واتە دۆخێک کە لە هەڵپەساردنی مرۆڤبووندا دێتە ئاراوە؛ کاتێ تەواوی توخمە واتادارەکانی فەرهەنگی هێمایین لەکار دەکەون و لەش لە شیوازێکی نامۆ و مەترسیدار؛ و هەروەها بێدەرەتان و لاواز، خۆی پیشان ئەدا. کاتێ سیاسەت لە ژین-سیاسەتدا ڕۆ دەچێ، ژیانی مرۆڤ تا ئاستی ژیانی ڕووتەڵ و ژینەوەریی تەواو دادەبەزێ و دەبێ بە ئۆبژەی خۆشگوزەرانی و هاوکات ستراتیژیی دەستێوەردان و سیاسەتی مەرگ و پەراوێزخستن. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ستەیت و دەزگاکان بەردەوام لە نواندنەوە و کۆنترۆڵ و بەرهەمهێناندا بە سڕینەوەی سنوورەکان سنووربەندییەکی بەرفراوان بەدی دێنن، بەو واتایەی کە بەردەوام لە واقیعی شتەکان و ڕووداوەکان ئاگادارمان دەکەنەوە بەڵام بەشێوەیەکی بنەماییتر و بەرفراوانتر هەستبزوێنی و بەرپرسیارێتی ئێمە دەسڕنەوە. لەلایەکەوە لە دەردی نەخۆشی و ترسی مەرگ دوورمان دەخەنەوە

بەڵام هاوکات ئەگەری نەخۆشینی بەربڵاو و مەرگی بەکۆمەڵ بەدی دێنن. **تەقینەوەی ناوەکی، قەیرانی ئێکۆلۆژی، هێرشی تیرۆریستی، پەتای مادەهۆشبەرەکان، قاچاخی ئینسان، شەڕی سایبێری، دەستێوەردانی بایۆژێنێتیک** و **سیستەمی هاوشێوەسازی** بەشێ لەو دیاردانەن کە فەزا-سیاسەتی سەردەم بەرهەمی هێناون. پێوەندیی جەستە و ڕەوتەکانی بەرهەمهێنان، نواندنەوە و کونترۆڵ ئەوڕۆکە لە ڕەوتەکانی مەسرەف، خوێندنەوە و خۆپارستەسازییدا دەلالەتی جیاوازی بەخۆوە گرتووە. ئەگەر پێشتر باسی مەسرەفی جەستە، خوێندنەوەی جەستە و پارستەسازیی جەستە دەکرا ئەوڕۆکە دیاردەی جەستەی مەسرەف، جەستەی خوێندنەوە و جەستەی خۆپارستەسازی هاتۆتە گۆڕێ کە مونادەکانی جەستەی لە نێو جەستەیەکی یەکگرتوو و گرێچندا ڕۆ بردووە. جەستەی حکوومەتمەندی واتە جەستەیەک کە چیدی بەپێی چەمکە باوەکانی سیاسەت و ئابووری ناخوێنرێنەوە. ئەم جەستەیە مێردئەزمەیەکی فرانکشتاینییە کە لە **پاژ**(fragments)ە جیاوازەکانی جەستەی مردووی کۆمەڵگا پێک هاتووە؛ کۆمەڵگایەک کە پێشتر پێیان دەگوت کۆمەڵگای مەدەنی و لە سیاسەتی چەپ و ڕاستدا واتای هەبوو. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا پێوەندی لەگەڵ ئاخێزی کۆمەڵگا و بایەخەکان هێشتا ڕێگەی تێدەچوو بەڵام جەستە-کۆمەڵگای ئێستا لە ئاستی بایەخەکان و هەروەها لادان و پاتۆلۆژی تێپەڕیوە و توانستی

شیکارانەی ئەم دەستەواژانەی لەخشتە بردووە. کۆمەڵگا لە شێوازی کۆمەڵێک یەکەی ناهاوسەنگدا دەرکەوتووە و ئەم ناهاوسەنگییە وای لێدەکات بەردەوام فۆرم بگۆڕێت. کۆمەڵگایەک کە بە پێچەوانەی دۆخی پێشوو کۆمەڵگایەکی ئوودیپی و یاسامەند نییە بەڵکوو نافۆرمێکە کە سنوورەکانی ژیان و مەرگی تێکئاڵاندووە؛ هەربۆیە پێویستە لە ڕستەیەکی ڕادیکاڵدا بڵێین لەم کۆمەڵگایەدا بەپێچەوانەی تێگەیشتنی باو هیچ بژاردەیەک بۆ ژیان و مەرگ لە ئارادا نییە و تەنانەت مەرگ هیچکات ڕوو نادات. لەم پەڕجیهانەدا مرۆڤەکان سەرەتا تووشی **مەرگی هێمایین** دێن و پاش ئەوە بزر دەبن واتە چیدی مەرگ بە شێوەی کلاسیک لەئارادا نییە. **جەستە-کۆمەڵگا** کە هەبوونایەتی خۆی لە فەزای سایبێری و تۆڕە جیاوازەکان دیهاوێژی دەکات، بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی پەتای ڕەش و سووردا دەژی. جەستە-کۆمەڵگا نە بە واتای تێگەیشتنی کلاسیکی ئۆرگانیستی، بەڵکوو لە کەشی **فەزا-سیاسەت** و **پارادایمی سنووردا** **فەزا-فراگمێنت**ێکی ناهاوسەنگە کە سیاسەت و گۆڕانکاریی بەشێوی ڕابردوو نامومکین کردووە. ئەویدی لە کەشی سیاسەتدا هەمیشە هێمای ئاکار، یەکگرتوویی و بزووتنەوە بوو، بەڵام لە دۆخی کۆلۆنیالیزمی جەستە-کۆمەڵگادا ئەویدی لەناکاودا دەبێ بە نەخۆشێکی ڤایرووسیی مەترسیدار کە پێویستە قەرەنتینە بکرێت. لێرەدا جەستەکان نە کۆمەڵە جەستەیەکی چالاکوان و بزوێنەرن کە شوناسێکی

یەکگرتوو بەدی بێنن بەڵکوو ئۆبژەی تێکدان و دەستێوەردانی سایبێری و ڤایرۆسین. مرۆڤەکان شوناسێکی دیجیتاڵی و پیزیشکی وەردەگرن؛ واتە چەندە لە بەرەکانی فەزای مەجازیدا هەبوونایەتیان هەیە یان ڕادەی چەوری و شەکرە و ئانزیمەکانیانی جەستەیان چۆنە و هتد؛ بە پێی ئەو کارکردەیان سەنگیان دەبێ و نواندنەوەیان بۆ دەکرێ. ئەم شوناسە دیجیتاڵی و پیزیشکییە بەردەوام لە قەیراندایە نە تەنیا بە هۆی هێرشی سایبێری و ڤایرووسی بەڵکوو بەهۆی ئەوەی کە پێگە و بنەمای شوناسیان لە دۆخێکی دژواز و نادیاردا لەنگەری گرتووە. لەم دۆخە سەیروسەمەرەدا چیدی جەستە تووشبووەکان بەشێوی کلاسیک نامرن و لە فەزای هێماینی شینگێڕیی کۆمەڵگادا شوناسی مردنیان بۆ دابین ناکرێ بەڵکوو لە پرۆسەیەکدا لە مەرگی هێماییەنەوە تا نووقمەساربوونی جەستە بزر دەبن و پێناسەی سەرەکییان واتە شوناسی دیجیتاڵ و پیزیشکییان دەکوژێتەوە.

**پ) پرسی سەرەکی کارەسات لە گۆشەنیگای گێڕانەوە، نەک ڕیوایەت کردنی ڕەنج، بەڵکوو شێوەکانی فامستی ڕەنجە. ئەمە لە کاتێکدایە کە وەک بلانشۆ دەڵێ خود کارەسات ئاستەنگ و ناموومکینییەکە لە بەردەم فامستی ڕەنج. ئایا گێڕانەوەی ڕەنج لە دۆخێکی ئاودا موومکینە؟**

**و**) کارەسات فاکتێک نییە کە بیناسین و ئەزموونی بکەین بەڵکوو **واقیعمەندی**(facticity)یەکە کە تێپەڕی دەکەین. کارەسات دۆخێکی ئێجگار ئاوارتە بۆ بەرکەوتوانی کارەسات بەدی دێنێ واتە دەیانباتەوە بۆ **سنووری سیفری ئینسانبوون**( the human in the neighborhood of zero)، هەربۆیە زۆربەی ئەوانەی لەسەر کارەسات توێژینەوەیان کردووە پێیان وایە ناسینی کارەسات بە واتایەکی باوی زانستی نامومکینە و تەنیا ئەگەری جۆرێ فامکردن و فامستی کارەسات لە دۆخێکی تایبەتدا لە ئارادایە. **پریمیۆ لێوی** سەبارەت بە هۆلۆکاست دەڵێ ئێمە ناتوانین بیناسین بەڵام دەتوانین و دەبێ فامستی کەین کە هۆلۆکاست لەکوێڕا سەری هەڵدا، بۆ ئەوەی ئەو شتەی ڕووی داوە جارێکی تر دووپات نەبێتەوە. **هابێرماس** لە شرۆڤەی کارەساتەکانی سەردەمی نازییەکاندا پێی وایە **بەهۆییکردن**(causing) و خوێندنەوەی داشکێنەرانە بۆ کارەسات دەبێتە هۆی ئاساییەکردنەوە و لە ئەنجامدا پاساوهێنانەوە بۆ کارەسات و هیچکات بێوێنەیی **و تاقانەبوون**(singularity)ی کارەساتی بۆ دەرناکەوێ. کەوایە پێشنیار دەکات هەرچەشنە خوێندنەوەیەک سەبارەت بە کارەسات دەبێ هوشیاری و شوناسێکی تایبەت لە ئاستی کۆمەڵگا و نەوەکانی داهاتوو تایبەت بە کارەسات بەدی بێنێ کە لەوێڕا هەمووان لە تێگەیشتنی

ڕووکەشییەوە بەرەو فامکردنی بنەمایی هەموو ڕەهەندەکانی کارەسات هەنگاو هەڵێنن و بەرپرسایەتیی سەرەکیی خۆیان بۆ ئەو دۆخە بەدی بێنن.

**ئاگامبێن** لە کتێبی "**پاشماوەکانی ئاشۆویتس**"دا دەڵێت پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە کێ دەبێ سەبارەت بە کارەسات شایەتی بدات و شایەتحاڵی ڕاستەقینە کێیە؟ ئاگامبێن پێی وایە ئەوکەسانەی ئەزموونی ڕاستەقینەیان لە کارەسات هەیە تا ڕادەی سیفری ئینسانی ڕۆچوون و زاریان بەند هاتووە؛ واتە پێگەی سووژەبوون و هوشیاریی خۆیان دۆڕاندووە و لە شێواز و فیگۆری **نا-مرۆڤدا** دەرکەوتوون؛ ئەو کەسانەش سووکە زانیارییەکیان سەبارەت بە کارەسات هەیە ناتوانن قووڵایی کارەسات و ڕادەی هەژێنەریی و دڵکوتبوونەکەی بگێڕنەوە. خودی ئەم دۆخە ئاپۆریکە مەودایەک دەکاتەوە بۆ پاشماوەیەک کە لە ناهاوگونجانی مرۆڤ و نا-مرۆڤدا سەرهەڵدێنێ و بەڵێن لەسەر مانەوە و خۆڕاگریی مرۆڤ ئەدات؛ بە وتەی ئاگامبێن ئەم پاشماوەیە هەمان شایەتحاڵە. ئاگامبێن ئەخلاق گرێ دەداتەوە بە دوو بواری شایەتیدان و بەسووژەبوون؛ واتە **شایەتحاڵ شایەتی لەسەر ناموکینبوونی شایەتیدان ئەدات**؛ باری گران و تاقەتپڕووکێنی شایەتیدان لە زماندا هەڵدەگرێ و شایەتی لەسەر لەگۆچوون و دەمبەسبوونی زمان ئەدات. هەربۆیە پێی وایە ئەخلاق زۆرتر لەوەی لە پێوەندی لەگەڵ قانوون و بەرپرسایەتیدا پێناسە بکرێت لە بەستێنی زماندا سەقام دەگرێت. واتە

نامومکین‌بوونی شایەتی‌دان و لەگۆچوونی زمان، هەموو ناوەرۆک و واتا پۆزەتیڤەکانی زمان تووشی هەڵپەساردن دەکات و کرۆکی زمان لە شێوازی قوتاری میدیۆم‌بوونیدا دەردەخات. هەربۆیە پێی وایە ئەخلاق بریتییە لە شایەتی‌دانێک کە سووژە تووشی شەرم دەکات، سووژە لە شەرمی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ و کارەساتدا، تووشی سووژەسڕینەوە و فەرامۆشیی خۆ دەبێت. لەم دۆخەدا و بەخۆبەستنەوە بە تاکە شایەتییەک کە زمان بتوانێ دەری ببڕێ؛ واتە نامومکین‌بوونی شایەتی، **سووژەی ئەخلاق** سەرهەڵدەدات. **سووژەی شایەتی** ئەو کەسەیە کە شایەتی لەسەر سووژەسڕینەوە ئەدات، بۆیە هیچ سووژەی شایەتییەک لەئارادا نییە. شایەتی‌دان لە ناشوێنی جومگەبەندی و ناهاوسەنگی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دێتە کایەوە. ناشوێنی جومگەبەندیی واتە ئەو شوێنەی کە جیاوازیی و ناهاوسەنگیی بێسنووری نێوان ژینەوەر و زمان، فۆنە ولۆگۆس، واتا و حوزوور و مرۆڤ و نامرۆڤ دێتە ئاراوە. ئاگامبێن پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە ئەخلاق پرسێکی فەلسەفی و زمانییە و بەدەر لە سیاسەت و مێژوو پێناسەی بۆ ناکرێت. هەروەها پێی وایە هەر هەوڵێک بۆ نووسینەوەی کارەسات هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی زمانێکی نوێ بۆ ئەخلاق، زمانێک بەدوور لە زمانی هەراوهوریا و پڕووپاگاندا کە لەڕاستیدا هەمان زمانی بێدەنگی و دەمبەسبوونە.

بلانشۆ لە **چەمکێکی لویناسی** بە نێوی **ئیلیا** کەڵک دەگرێ و سەبارەت بە کارەسات و مەرگ و دەرکەوتەکانی لە ئەدبیات دەدوێت. ئیلیا واتە "**هەر شتێک ئەو شتە نییە کە هەیە و سەرووتر لەو شتەش هیچ شتێکی تر لە ئارادا نییە**". ئەم دۆخە پارادۆکسیکاڵە لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی ئاپۆریک دەردەکەوێ و دەبێتە کەلێن و شکستێک لە دەربڕیندا؛ واتە ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانە کە داڵدەی مرۆڤ دەدەن لە فۆرمی ئەدەبی و بەگشتی هونەردا بەشێوەیەکی شکستخواردوو و لە هیچوتنێکی نامۆ و نەناسدا دەردەکەون. بلانشۆ لە وەڵامی پرسیاری **بۆچی جیهان بۆ ئێمە تەماوییە**؟ دەڵێ بوولێڵی و تەماویبوون وەڵامی خۆیەتی و ئەدەبیات هەروەها پێوەندییەکی سەرەکیی لەگەڵ تەماویبووندا هەیە؛ واتە ناڕوونی و بوولێڵی مافی سەرەکیی ئەدەبیاتە. لە ڕاستیدا کەشی تەماوی هەروەها خاڵێکی هاوبەشی تیۆرییەکانی مارکس و نیچە و فرۆیدە، لەو بابەتەوە کە جیهان چیدی ڕاستەوخۆ ڕوون و دیار نییە و هەرچەشنە دەرکەوتنێکی ڕوونی جیهان فریودەرانەیە. ئەندامانی **بزاڤی هونەریی دادا**(Dada) بەرەوڕووی هەرچەشنە دەربڕینێکی جوانناسانە دەبوونەوە و دەیانگوت چۆن دەتوانین ئەو کۆگایە لە تەرمی کوژراوانی شەڕ لەسەنگەرەکاندا ببینین و شیعر و وێنە و پەیکەری جوان بخولقێنین؟ بۆیە دروشمی **مەرگ بۆ هونەر** یان **art is shit** یان هەڵدەدا. هەروەها پێیان وابوو واقیعی سەردەم ئەوەندە وێران و کاولکەرە کە هیچ فورمێکی هونەری و

جوانناسانه ناتوانێ لە دەربڕینیدا سەرکەوتوو بێت مەگەر ئەو نافۆرمەی کە لە **هاوتەنیشتیی شتە جیاوازەکان**(Collage) بەشێوەیەکی دژەجوانناسانە و ڕێکەوتگەرانە بەرهەم دێت.

بەپێی ڕوانگەی بلانشۆ ئێمە ناتوانین بە مەبەستێکی دیاردەناسانە بەرەوڕووی کارەسات ببینەوە و بیناسین، واتە کارەسات ڕووی خۆی لە مەیلی نواندنکارانەی ئێمە دادەپۆشێ و هەرچەشنە بڕیار و پلاندانانێک بۆ وەدەسخستنی ئەم دیاردەیە پووچەڵ دەکاتەوە. هەروەها ئاگاداری سەبارەت بەکارەسات یان دیاردەی مەرگ بە هاوچەشنی کردەوەی نووسین دادەنێ و پێی وایە هەرچەشنە هەستکردن بە ئاگاداری لەسەر کارەسات یان نووسین، خودی ئەو بابەتانە نامومکین دەکات. کەوایە ئەدەبیات لە کەلێنێکی دژواز کەوتووە کە لەلایەکەوە پێویستە نواندن و دەربڕینی هەبێ و لەلایەکی دیکەوە هیچ کەرەستەیەکی بۆ ئەم دەربڕینە بە دەستەوە نییە. سەرەڕای هەموو ئەم ئاستەنگ و بەربەستانە ئەدەبیات لە دوو بڕگەدا و بەسەر دوو هەورازدا هەڵدەبەزێ و لە ئەزموونی نێوان ئەم دوو هەڵبەزینەدا **ڕازی ئەدەبیات** و **مافی مەرگ** دێنە کایەوە. لە شیوی یەکەمدا زمان لە **نەلێکردنێکی سادیستی-دیالێکتیکی**دا بە شتەکان واتا دەبەخشێ و سووژەی دەربڕین دەڕسکێنێ. لە شیوی دووهەمدا لەدووی **دۆخێکی پێش-زمانی** دەگەڕێ و هەوڵ ئەدات

شوناسی شتەکان پێش دەستێوەردان و تێکدانیان لە لایەن تەجاوزی توندئاژۆی زمانەوە ببینێتەوە.

**ئۆژێن یۆنسکۆ** لە شانۆنامەکانیدا بەتایبەت لە **سترانبێژی تاس**دا تراژیدیای زمان واتە فەشەلبوونی پێوەندی گرتن و شکستی دەربڕینی هاوگرانە نومایش دەکات. پێرسۆناژەکان لە زیندانی زمانی خۆیاندا بەند دەکرێن و دیالۆگێ بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەویدی نادۆزنەوە. دژە-دیالۆگەکانی ئەم درامایە بە شێوەیەکی دژواز قسە دەکەن و لە ڕاستیدا هیچ شتێ ناڵێن، واتە بۆشایی و نەبوونی ژیانی دەروونی کەسایەتییەکان لە لاڵبێژیی و دەمبەسبوونێکی تراژی-کۆمیکدا خۆ دەنوێنێت. یۆنسکۆ لۆژیکی دیالۆگی شانۆیی و هەروەها بنەمای کلاسیکی شانۆ بەرەوڕووی کێشە دەکاتەوە و لێرەوە دژە-زمانێکی نوێ بۆ دەربڕینی شانۆیی بەرهەم دێنێت. ئەبزۆردیستەکان لەدووی دژەزمانێک دەگەڕان کە دۆخی ئیزۆلە و تەریککەوتەی مرۆڤی سەردەمی پێ نومایش بکەن، دۆخێک کە تێیدا تەواوی مەبەستە واتاخواز و ئامانجە گەشبینانەکان تووشی نسکۆ هاتوون و هەرچەشنە پەنابردنێک بۆ واتادارکردنەوەی ئەو دۆخە تێکەڵ بە دەبەنگیی و بەڕبەڕییەتی خودی ئەو ڕەوتە دەبێت.

**پ) هونەر و ئەدەبیات دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ لە نواندنی ڕەنج و تێپەڕین لە دۆخی ڕەنجاوی؟ ئایا ئەو دووە توانیویانە ببنە مایەی تاقەتهێنانی کارەسات یان هێشتاش ڕیکۆر وتەنی هەڵگری ڕۆڵێکی ئەخلاقین بۆ لە بیر نەکرانی یادی قوربانیانی؟**

**و)** بە هێنانەوەی وتەیەکی جەنجاڵی لە ئادۆرنۆ لەم بوارەوە پەیجۆری وەڵامی پرسیارەکە دەبین. ئادۆرنۆ دەڵی **پاش کارەساتی ئاشۆویتس شیعر وتن دڕندەگەرییە**(barbaric)؛ وتەیەک کە راڤەی ئێجگار جیاوازی بۆ کرا و لێکدانەوەکانی خودی ئادۆرنۆش نەیتوانی ئاڵۆزکاوی و تەمی سەر ئەم بانگەشەیە بسڕێتەوە. ئەگەر لەدووی بنەمای ئەم ڕستەیە لە کرۆکی فەلسەفەی پاش-جواناسیی ئادۆرنۆدا بگەڕێین بەوە دەگەین کە ئادۆرنۆ سێ تایبەتمەندی سەرەکی **سەربەخۆبوون** و **کۆمەڵایەتیبوون** و **نەرێنیبوون** بۆ زمانی هونەر ڕەچاو دەکات. ئۆتۆنۆمیی کانتی وەکوو پرەنسیپێک بۆ زمانی هونەر پێویستە تاکوو تێکەڵ بە لۆژیکی بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و پڕۆپاگاندا نەبێت. پێناسەی مۆنادۆلۆژیکی ئادۆرنۆ بۆ هونەر و هاوکات دیالێکتیکی نەرێنی، ئەم سیکلە تەواو دەکات و لە کۆتاییدا بە **ناوەرۆکی حەقیقەت**(truth content)ەوە گرێی دەدات. هونەر هەرچی لە دینامیزمەکانی زاڵی سەردەم سەربەخۆتر بێت، زۆرتر دەتوانی ناسینێک لە ئاست حەقیقەت واتە ئاسۆیەک لە کۆمەڵگایەکی باشتر بەدەستەوە بدات.

**هونەری خودئایین** ئەگەرچی دێتە ڕیزی گەڕیانی کاڵا و بازنەی بازاڕەوە بەڵام بە پێداگریی لەسەر بێکارکردیی کۆمەڵایەتی و نەلێکردنی بایەخی ئاڵوویرانە، مەنتقی بەشتکراوی ئەو سیستەمە بەرەوڕووی تەنگژە دەکاتەوە. ئادۆرنۆ لە ڕاهێنانی پاش ئاشۆویتسدا دەلێت تەنیا هێزێکی تاقانەی ڕەسەن کە دژ بە بنەچەی ئاشۆویتس دەوەستێتەوە **خودئاییني**(autonomy)یە و ئەگەر بمانهەوێ لە دەربڕینێکی کانتی کەڵک وەرگرین واتە: **توانستی تێڕامان، بەلێندان بەپێی بڕیاری خۆ، و بەشداری‌نەکردن**. بەم پێیە بانگەشەی "**نامومکینیی شیعربێژیی پاش کارەسات**" بە واتایەک پێمان دەڵێ هەرچەشنە دەربڕینێکی هونەری بەپێی مەنتق و جوانناسی زاڵ، هاودەست و لاتەنیشت لەگەڵ ئەو گوتارەدا دەوەستێ و نەتەنیا دەنگی کارەسات و بەرکەوتووان بەرز ناکاتەوە بەڵکوو کپ و بێدەنگیشیان دەکات. کەوایە داهێنان لە چوارچێوەی فەرهەنگی زاڵدا، یادی قوربانیان و ڕەنجی پاشماوەکان نانوێنێتەوە بەڵکوو لە هێڵی پەرەپێدان بە فەرامۆشی و بێدەروەستی لە ئاست کارەسات هەنگاو دەنێت. لێرەدا ڕەگێکی هاوبەش لە بۆچوونەکانی ئادۆرنۆ و بلانشۆ و ئاگامبێندا دەبینینەوە کە بە چەشنێک لە نامومکین‌بوونی بنەڕەتیی ڕەوایەتی کارەسات دەدوێن؛ واتە هەژێن و دڵکوتی کاتاسترۆفی وەکوو "**بابەتی واقیعی**(the real) **لاکانی**"یە کە سیستەمی هێماییی زمان لە سیمبولایزکردن و وەچنگخستنی‌دا کلۆڵ و لاواز کەوتووە.

بەڵام خودی ئەم پێگە خۆڵەمێشی و مەرگئاسایەی کارەسات هەمان ناشوێنی ڕاستەقینەی مرۆڤە، واتە ئەوە هەرێمی "**نا-مرۆڤ، نا-مومکین و نا-زمان**"ە کە ئەگەری "**مرۆڤ، مومکین و زمان**" دەڕەخسێنێ. خۆبواردن لە جواناسانەکردنی کارەسات و دەربڕینی ڕەنج و ئازاری قوربانیان بە زمانی کارەسات؛ نەوەک زمانی لیریکایی و سانتیمێنتاڵ، ئەو ئەرکەیە کە ڕەوایەتی شایەتحاڵ بەرەوپێش دەبات و باهۆزی کاتاسترۆفی لە لابیرێنتەکانی ڕۆح و کڕاکەی زماندا هەڵدەسووڕێنێ؛ هەروەها مەودایەک دەبەخشێ کە زەربەتی کوشندە و تاقەتپڕووکێنی ئەو باهۆزە لە زمانی داهێناندا تاقەت بگرین.

ئادۆرنۆ پێی وایە نومایشنامەی "**کۆتایی گەمە**"ی **بێکێت** تەنیا دەربڕینێکی شیاو بۆ ئۆردووگاکانی مەرگی نازییەکانە، بەو بۆنەوە کە بێکێت هەوڵی ناودێرکردن و واتامەندکردنی هۆلۆکاست نادات بەڵکوو هێمای نائینسانی و بێواتایی شاڵاوەکانی کۆمەڵکوژیی دەنوێنێتەوە. دۆخی نیهیلیستیی جیهانی مودێڕن کە لەژێر کاریگەریی عەقڵی کەرەسەمەندی ڕۆشنگەری و پیشەسازیی فەرهەنگی سەرمایەداریدا بەدی هاتووە، دەبێ بەشێوەیەکی تایبەت لە فۆرمی هونەریدا بنوێنرێتەوە؛ واتە نەوەک واتابەخشی و جوانکردنی ڕووخساری دزێو و دڕندانەی ئەم دۆخە و نەش خۆبەدەستەوەدان و گیرۆدەبوونی پووچی و بێواتایی؛ بەڵکوو **نواندنەوەی واتا لە کاتی لەکیسچوون و بزربوونیدا، سنووربەندی و نەخشاندنی**

**ئاقاری نیهیلیسم** کە نە تێکەڵی ببێت و نە بانگەشەی تێپەڕاندنی بدات. کەوایە **واتای بێواتایی** و **ڕێزمانی لاڵبێژیی** چەشنێک ڕزگاربوون لە ڕزگاری و تێکشکاندنی جەغزی داخراوی **دیالێکتیکی ڕۆشنگەری و ئوستووره** بەدی دێنێت. بوولێڵی بلانشۆیی لای ئادۆرنۆ هەروەها کەسنەزان و دیلیمایەکی بنەڕەتییە کە بەپێی دیالێکتیکی دەروونیی بەرهەمی هونەری، هاوکات کە چەرخی ڕاڤە و شرۆڤە هەڵدەسووڕێنێ، چییەتی و چمانی واتای بەرهەم بەردەوام دەکات و شکان و تێکچڕژانی جیهان لە فۆرمێکی فراگمێنت و تێکشکاودا دەنوێنێتەوە. ئادۆرنۆ پێی وایە جیاوازیی فۆرم و ناوەرۆک بانگەشەیەکی نابەجێیە بەو بۆنەوە کە فۆرم هەمیشە و لە هەموو شوێنێک خۆی ناوەرۆکە. پێشتر ئەرکی فۆرم ئەوە بوو ڕوخسارێکی دڵڕفێن بە دزێوترین دیاردەکانی جیهان ببەخشێ و بەردەنگ و جیهان لە یەکگرتنەوەدا ئاشتی بداتەوە، بەڵام لە جیهانی تێکشکاودا ئەرکی **فۆرمی تێکچڕژاو**(mutilee) ئەوەیە ڕووی درۆزن و فەشەلی ئەم جیهانە لەقاو بدات. **جوانناسیی مەنفی** یان **دژەجوانناسیی** ئادۆرنۆ بەڵێنی بەختەوەری لە هونەردا دەبینێتەوە و پێی وایە فۆرمە تێکشکاوەکان کە هەڵگریی حەقیقەتی مێژوویین بەشێوەیەکی سەلبی و نەرێنی بانگی ئەم حەقیقەتە دەردەبڕن. کەوایە تیۆریی ڕەخنەگرانەی ئادۆرنۆ بەشێویەکی بەرپرسیارانە هەوڵ ئەدات هەستیاربوونی سووژە لە ئاست ڕەنج و تێگەیشتن لە دۆخ و بەستێنێک کە

ئەو ڕەنج و ئازارە بەرهەم دێنێت زیندوو ڕابگرێت. **والتر بێنیامین** لە چەمکی **داڕووخانی ئەزموون**(destruction of experience) بۆ پێناسەکردنی دۆخی داهێنان و دەربڕین لە سەردەمی مۆدێڕن کەڵک دەگرێت و پێی وایە لەم سەردەمەدا ئەزموونە ڕاگوێستنییەکان تووشی قەیرانی ڕاگواستن هاتوون و چیدی ناکرێ ئەزموونی چرکەسات‌ئاسا و ناکاوهات، لە شێوازی ئەزموونی ڕاگوێستن گەرانە و کەڵەکەکراودا بخەینە ڕۆژەڤەوە. شۆک و شەکانی دۆخی بزۆز و لخێزی سەردەم کە لە جەماوەری شاری مودێڕن و جمووجووڵی قەرەباڵغی خیابان و پاساژەکان(arcades)دا دەردەکەوێ بەشێوەیەکی هوشیارانە و ویستەنی ئەزموون ناکرێ. بێنیامین دژەقارەمانی ئەم دۆخە لە فیگۆری فلانۆردا دەبینێتەوە؛ پێرسۆنایەکی تەماوی کە ڕووخسار و پێگەیەکی دیاریکراوی نییە بەڵام دەبێتە فۆرم و گوتارێک بۆ دەنگدارکردن و خوێندنەوەی شێوازی نەوەستاوەی ژیانی مودێڕن و وەچنگ‌خستنی لایەنە نادیار و ناسەقامگرتووەکانی لابیرێنتی پێچاوپێچی شار. "**فلانۆر ناوەندی بوومەلەرزەی مۆدێڕنیتەیە**". ئەگەرچی لە نێو ئاپۆڕەی جەماوەردا دەژی بەڵام تەریککەوتە و پەراوێزی کۆمەڵگەیە، ئاڕاستەی ڕوانینی فلانۆر سووچی نیگای گشتی تێکدەشێوێنێ و واتای دیتن و دیدەوەریی دەگۆڕێت. فلانۆر بۆ خوێندنەوەی شار ئاقارەکانی خوێندنەوە و شرۆڤەکردن تێدەپەڕێنێ و لە پێگەیەکی ناشوێنەوە، دەقی ئاڵۆزی شار ڕاڤە و کۆدشکێنی دەکات. فلانۆر

کە بە وتەی **بوودلێر** نیگارکێشی جیهانی مودێرنە لە خوێندنەوەی پیاسەگەرانەی خۆیدا زەربەتی ناکاوهاتە و بیرەوەریی ناویستەنیی دۆخی دژوازی مودێرن وەچنگ دەخات. کەوایە ئەدەبی پاش داڕووخانی ئەزموون ئەدەبێکە لە ڕێگای پیاسەگەریی بێمەبەست و سەرگەردانیی بیرەوەرییەکاندا، بیرمان و یادەوەرییەکی جیاواز بەرهەم دێنێت.

ئاگامبێن لە دوانەبینیی هونەری سەربەخۆ/سیاسی تێدەپەڕێ و پێی وایە هونەر چەشنێ جوانناسی نییە کە دەلالەتی سیاسی بەخۆوە بگرێ بەڵکوو خۆیلەخۆیدا سیاسییە، واتە وەکوو سیاسەت لە پانتایی **کەرەسەی پاک و پیووردا** هەڵدەسووڕێ. ئاگامبێن چەمکی **ژێست**(gesture) بۆ ئاماژە بە زمانی هونەر و تەنانەت سیاسەت بەکار دێنێ کە نە بە واتای **پۆئێسیس**(ئەفراندن)ە؛ واتە ئامێرێ لە خزمەت ئامانجێکدا، و نە **پراکسیس**(کردەوە)ە؛ واتە ئامانجێکی بێ ئامێر و کەرەسە، بەڵکوو نواندنی نێوەنجی و ئاشکراکردنی ئامێرە لە کرۆک و زاتی خۆیدا. بۆ نموونە ئێمە لە زمان وەکوو ئامێرێک کەڵک دەگرین تاکوو مەبەستێ ڕابگەیەنێن یان واتایەک ڕاگوێزین، لە ژێستی هونەریدا ئەم چەشنە پێوەندییە لە نێوان ئامێر(زمان) و ئامانج(گەیاندنی پەیام)دا تێکدەچێت و خودی ئامێری زمان وەکوو نێوەنجی و کەرەسەیەک نومایش دەکرێت(بێ هیچ مەبەستێک). ئەگەرچی ئاگامبێن زۆرتر ئەم چەمکە لە پێوەندی لەگەڵ سینەما و وێنەی

فیلمدا دەخوێنێتەوە بەڵام هاوکات پێگەی ژێست لە زمانیشدا دەبینێتەوە و تەنانەت سەرووتر لە جوانناسی و زمان، بەرەو بوارەکانی سیاسەت و ئەخلاق ڕایدەنێ. **نیهیلیزمی چالاکی ژێست**(هیچ نەوتن) بەرانبەر بە **نیهیلیزمی پەسیڤی فۆرماڵیزمی ئەدەبی و هونەری** دەوەستێتەوە بەڵام نە لە ڕێگای تێکەڵکردنەوەی پانتایی هونەر و ژیان(ئاوانگاردیزم)، بەڵکوو لە سەرووی ئەرکی ڕاگوێزکردنی فەرهەنگی، کەلێنی نێوان فۆرم و ناوەرۆک ڕەش دەکاتەوە و پێش بە کاولبوون و داڕووخانی سووژە دەگرێت. ئاگامبێن بەدواداچوون بۆ سەرهەڵدانی مێدیۆم لە چوارچێوی ژێستدا دەکات لە بەستێنەکانی **ئەدەب**(زمان)، **سینەما**(وێنە) و **سیاسەت**(پراکسیس) و بەتایبەت جەخت لەسەر **ژانری شیعر** دەکات وەکوو مەکۆی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە. لە هەڵسەنگاندنی شیعر و پەخشاندا دەڵێت لە پەخشاندا هاوئاهەنگی لە نێوان ڕێزمان و وشەدا لە ئارادایە بەڵام لە شیعردا ململانێ و ناکۆکییەکی بنەڕەتی لە نێوان ڕێزمان و وشە و هەروەها لە نێوان واتای ڕستە و ئاهەنگدا بوونی هەیە. کەوایە شیعر لە توانایدایە کە ڕیتم و ناوەرۆکی دەق تووشی ئاژاوە بکات و هەڵپەساردن و ڕاگرتنی واتا بە ئەنجام بگەیەنێت. **نائیلاهیاتی شاعیرانە**(poetic atheology) بە گەمەکردن و پیرۆزیداماڵین لە زمان، خودی زمان دەکا بە ئۆبژەی خۆی و دەمبەسبوون و هیچنەوتن لە ژێستدا دێنێتە ئاراوە. ژێستی شیعری بە پێچەوانەی **پۆرنۆگرافی** و **پڕووپاگاندا**

که توانست و پوتانسیەلی پیرۆزیسڕێنەرەوەی کردارەکانی مرۆڤ پووچەڵ دەکەنەوە، هەوڵ ئەدات پیرۆزی لە بابەتی بەپیرۆزچێنراو دابماڵێ و توانستی سەرەکیی زمان بەرهەم بهێنێتەوە. هونەر و ئەدەب بەگشتی و شیعر و سینەما بە تایبەتی، دەتوانن بە نەلێکردنی زمان و وێنەی بەکاڵاکراو، و هەروەها بە تێکشکانی فۆرمی سازشکار و پەسیڤ، وزە و توانستی بنەماییان رزگار بکەن و پرسی هونەر و ئەدەب لە پرسێکی ئەستەتیکییەوە بکەن بە پرسێکی ئەخلاقی و سیاسی. کەوایە تەنیا وەگەڕخستنەوەی گەمەی ژێستەکانە کە دەتوانێ پێگەیەک بۆ شایەتیدان و پراکسیسی ئەخلاقی بکاتەوە و بەرگەی بارستایی کارەسات بگرێت بەبێ ئەوەی لە هاودەنگی و هاودەستیی جەلاددا ڕۆ بچێت.

**پ) ئایا ئەدەبیات و هونەر توانیویانە دەستپێشخەری بکەن لە سازدانی فۆڕمێکی تایەکاری بۆ نواندنی ڕەنج یان هێشتاش لە داڵانی بەدفۆڕمی و ناکاملێدا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەزموونی ژیان دەکەن و درۆی گشتیەتی دەرکی ڕەنجیان بەجێ هێشتووە بۆ ئەدەبی زەرد و ژوورنالیزم؟**

**و)** ئەوەی کە بەگشتی ئەدەبیات و هونەر یان شێوازەکانی تری دەربڕین و داهێنان چۆن و تا چ ڕادەیەک دەتوانن هوشیاری و هەستیاریی ئێمە لەهەمبەر کارەساتەکانی ژیان بەدی بێنن خۆی جێگای مشتومڕێکی مێژوویی بووە.

هەموومان ئاگاداری مانیفێستی دژە شیعری ئەفلاتوون هەین کە چلۆن شاعیران و دراماتیستەکان بە درۆزن و هەروەها مەترسیدار بۆ ئاسایشی کۆمار دەداتە قەڵەم و لە ڕووبەری یۆتۆپیای خۆیدا شاربەدەریان دەکات. هەروەها تەواوی ئەو مشتومڕانەی کە ئایاکوو ئەم مەترسییە تەنێ بۆ شیعرە یان ستایلێکی تایبەت لە شیعر وەکوو شیعری لیریکایە؛ یان خود ئەمە **پەخشان**(prose) و نقیساری بەدەر لە نەزم و بووتیقای ئەدەبییە کە توانستی خۆنەبانکردن و بەئایدۆلۆژیابوونی هەیە. **میلان کۆندرا** بەپێی ئەزموونی ژیانی خۆی لە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتانی تۆتالیتەر لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات، شاعیران بە پێغەمبەرانی بانگدەری فەرامۆشی نێودێر دەکات کە لە ڕێگای گوتاری سۆزبەخش و ئەنارشیانەی خۆیانەوە پشتیوانی لە کردەوە دزێوەکانی دەسەڵاتدارانی سەردەم دەکەن. دەتوانین نموونەگەلێک ببینینەوە کە شاعیران و بەگشتی نووسەران قەڵەمی خۆیان دەخەنە خزمەت و پشتیوانی دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان؛ بۆ نموونە هەندێ لە ئاوانگاردەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم وەکوو **فیلیپۆ مارینێتی** تەقڵی ئایدۆلۆژیای شەڕخوازانە و بزووتنەوە فاشیستییەکان دەبن؛ یان هونەرمەندی بەناوبانگی سووڕیئالیست **سالوادۆر دالی** نامەی پشتیوانی بۆ **مووسوولینی** دەنێرێ و هاودەنگیی خۆی بۆ لەسێدارەدانی ڕۆشنبیرانی دژبەری فاشیزم لە ئیتالیا ڕادەگەیەنێت. لێرەولەوێ نموونەی دژواز لە بابەتی چۆنیەتی

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردەی دیکتاتۆری، سەرکوتکاری، سانسۆر یان کارەساتە کۆمەڵایەتییەکان دەدۆزینەوە چ لە ئاستی تێکست و بەرهەمدا و چ لە ئاستی کردەوە و هەڵوێستدا کە ڕەنگە نەتوانن فۆرمووڵ و سەرچەشنێکی یەکتا و یەکگرتوو بەدەستەوە بدەن. بەڵام ئەوەی سەلمێنراوە و دەتوانین بێ دڕدۆنگی بەڵێنی لەسەر بدەین ئەو وتەیەی **ژان‌پۆل سارترە** کە **هیچ بەرهەمێکی هونەریی مەزن لە لایەنگریی کوشتن و سەرکوتکردنی مرۆڤەکاندا ناخولقێندرێت.** هەروەها **ئادۆرنۆ** لەم بوارەوە دەڵێت **وتاری سیاسی درۆزنانە شێوازی جوانناسانەی ناپاک دەکات، سیاسەتی خراپ دەبێ بە هونەری خراپ و هەروەها بەپێچەوانەوە.** ئەمە سنووری بەرزەجێی ئینسانی و هێڵی سووری هونەرە کە ئیزن نادات بابەتی هاودەستی کارەسات بێتە پانتایی جیهانی داهێنان و لە مێژووی هونەری مەزندا جێگایەک بۆ خۆی تۆمار بکات.

وادیارە وەسواسی ئەم پرسیارە کە ئایاکوو هونەر و ئەدەب توانیویانە فۆرمێک بۆ هەستکردن و تێگەیشتن لە ڕەنج بەدی بێنن، وەکوو سیمپتۆمێک بەردەوام بەرۆکمان دەگرێت و بەرەو دووپاتکردنەوەیەکی نۆرۆتیک ڕاماندەکێشێ. بەهەرحاڵ بەدەر لە ڕەهەندی پاتۆلۆژیکی پاتەکردنەوە لێرەدا هەوڵ ئەدەین لایەنی ڕزگاریدەری ئەم کردارە وەگەڕ بخەین. فۆرمی هونەر و وێژە چۆن و بە چ مەبەستێک دەتوانن دیالێکتیکی یادەوەری و فەرامۆشی لە پێناو فامستی

ڕەنجدا بەرهەم بێنن؟ ڕەنگە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە کە وروژاندنی لە نیچەوە ئاخێز دەگرێ و لە فرۆید و ریکۆردا بەردەوام دەبێ و دەگا بە ئێستای کۆمەڵگای ئێمە، پێویست بێت دیسانەوە ئاوڕێک لە چەمکەکان بدەینەوە.

**نیچە** لە لەهەمبەر نەخۆشینی ئەورووپایی سەدەی نۆزدەهەمی، واتە **کەشفی هەرێمی مێژوو** هەڵوێست دەگرێ و پێی وایە دەبێ هاوسەنگییەک لە نێوان سەرنجی زێدەڕۆیانە بۆ مێژوو(یادەوەری) و فەرامۆشی لەڕادەبەدەر بدۆزینەوە. هەربۆیە دەبێ زۆرجار لەهەمبەر یادەوەریی توندڕەودا بوەستینەوە و بە **فەرامۆشکردنی چالاک**(active forgetting) و **تێڕامانی ناوەخت** دەسبەرداری جەستەی مردووی ڕابردوو ببین و ڕێگە بۆ داهاتوویەکی جیاواز ئاوەڵا بکەین. **فرۆید** لە باسی ماتەم و مەخولیادا ئاماژە بە دەوری **یادەوەری و فەرامۆشی** لە پێکهێنانی هاوسەنگیی دەروونی مرۆڤەکان دەکات و پێی وایە دەبێ پێگەی خۆمان لە ئاست ئۆبژەی لەکیس‌چوو(قوربانی یان مردوو) بە درووستی دیاری بکەین. هەربۆیە پێی وایە زۆرجار فەرامۆشی ترۆمایەک درووست دەکا کە ئاسایشی ئێمە بەردەوام دەهەژێنێ و تاکوو بە یادەوەری ڕووداوی مەترسیهێنەر، ئەو ئوبژەیە لە پێگەی درووستی خۆیدا دانەنێین، پێمل بە یادەوەریی بەردەوام و پاتۆلۆژیک دەبینەوە(پێمل‌بوون بە پاتەکردنەوە). هەر بۆیە دەبێ یەکجار بۆ هەمیشە وەبیری بهێنینەوە تاکوو بتوانین فەرامۆشی بکەین؛ واتە **مافی یادەوەری** و **مافی فەرامۆشی** لە

هاوپێوەندییەکی دوولایەنانەدا بەئەنجام دەگەن. مافی فەرامۆشی نە بە واتای لەبیربردنەوە و تۆمارنەکردن بەڵکوو بە واتای دۆخێکە کە پاش وەبیرهێنانەوەی کارەسات و تۆمارکردنی ڕەنجی قوربانی دێتە کایەوە؛ دڵنیایییەک لەوەی مافی بەرکەوتووان و ئازارچێشتووان ئەدا کراوە و وەکوو پرسێکی مێژوویی بەرەو نەوەکانی داهاتوو کراوە و هۆشداریبەخشە. **کرێسنووسکایا** کە بۆماوەی دوازدە ساڵ لە ئۆردووگای کاری زۆرەملێ(Gulag)ی سەردەمی ئێستالین ژیانی تێپەڕ دەبێت پاش تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی گوولاگ، لە نامەیەکدا بۆ دایکی ئاوەها دەنووسێ: **دایەگیان ئەوە وەسیەتی کۆتایی ئێوەم بەجێهێنا و بیروەوەری ئەم ساڵانەم هەموو نووسیەوە، ئێستا ئیزنم پێ دەدەی فەرامۆشیان بکەم؟**

ڕیکۆر هەروەها باسی بیرەوەریی بەکۆمەڵ دەکات و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دووبارە گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییە بەکۆمەڵانە، پێوەندی نێوان بیرەوەری مرۆڤەکان ساز ئەدات و ئاڵوێرکردنیان دەهێنێتە کایەوە. ریکۆر کە چەمکی **گێڕانەوە**(narration) لە جێگای چەمکی **حەقیقەت**(truth) بەکار دێنێ، جەخت لەسەر مێژوونووسیی ڕەوایی دەکات و پیی وایە لەم چەشنە گێڕانەوەی مێژووەدا سووژەی مرۆڤ چالاکانە و لە ڕێگای دووبارە خوێندنەوەی ڕابردوو، ئەزموونی مێژوویی لە داڕێژگەی ڕەوایەتدا پێکەربەندی دەکات و بەم شێوەیە بەسەرهاتی مێژوویی مرۆڤەکان بۆ یەکتر

لە پلاتی چیرۆکەکاندا مسۆگەر دەبێت. ڕیکۆر لەهەمبەر ڕەوتی فەرامۆشی و دەستێوەردانی حافزە و **بیرمان** (paramecia)دا دەوەستێتەوە و ئەرکی فەرامۆش‌نەکردن بە ئەرکێکی ئەخلاقی لە ئاست قوربانیان دەزانێ. هەر بۆیە پێی وایە لە پێکەوەگرێدانی بیرەوەری و مێژوودا دەبێ جیاوازیی ڕوانگەی جەلاد لە نیگای قوربانی بناسینەوە و بەم چەشنە بەرپرسایەتی خۆمان لە هەمبەر مێژووی فەرامۆشکراو و سەرکوتکراوی قوربانی دەرببڕین. هەوڵدان بۆ فەرامۆش‌نەکردن و هەروەها فامستی ڕەنجی ئەویدی چەشنێ **ئاکاری کارەسات**ە کە دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێنێ تاکوو بیر لە ئازاری قوربانیان بکەینەوە؛ واتە درێژەپێدان بە ڕەنجێک کە ڕەنگە ڕەنجی ئێمە نەبێت. **یاسپێرس** پێی وایە هەستکردن بە گوناهی هاوبەش و سووچی گشتی لە ئاست کارەسات وادەکات کە بۆ نموونە ئاڵمانییەکان کۆمەڵکوژیی ئاشۆویتس تەنیا بە تاوانی هیتلەر دانەنێن و بەرپرسایەتی خۆشیان ببیننەوە. بلانشۆ وتەنی خواستی کۆتایی بەندکراوانی ئۆردووگاکان ئەویە کە: بزانن چی ڕووی‌دا، فەرامۆش مەکەن، هەرچەند هیچکات لە قوڵایی ڕووداوەکە تێناگەن.

بێگومان ئاپاراتووسەکانی فەرامۆشی و دەزگاکانی بەلاڕێدابردنی بیرمانی بەکۆمەڵ لەسەردەمی مودێڕندا هێزی بێ‌وێنەیان گرتووە. کاتێ **کێسینجەر** دەڵێ "**مێژوو بریتییە لە بیرمانی دەوڵەتان**" دەبێ دەسبەجێ مەترسی دۆخی ئێستا دامانبگرێ کە سەردەمی هەژمۆنی دەوڵەتەکان و ئاپاراتووسەکانی

فەرامۆشی و دەستێوەردانە. ڕۆژنامەگەری ئەگەرچی خۆی خاوەنی حافزەیەکی مێژووییە و زۆرجار دژ بە هێزەکانی فەرامۆشی هەوڵی نواندووە بەڵام شێوازی باو و جیهانگیری ڕۆژنامەگەریی سەر بە پیشەسازیی فەرهەنگ و بازاڕی پاپیۆلار، ئەرشیف و بیرمانێکی مەزنی لەهەمبەر وەبیرهێنانەوە و یادەوەریدا دامەزراندووە. ئاگامبێن وتەنی ئەوەی لەمپەری پێوەندیگرتن دەبێ خودی پێوەندگرییە؛ واتە هەمان شت کە پێوەندیی مرۆڤەکان مسۆگەر دەکات لێکیان جودا دەکاتەوە. هەربۆیە دەڵێت ژۆرناڵیستەکان و دامودەزگای میدیاکان(هەروەتر دەروونشیکاری لە کەرتی تایبەتدا) پێکهێنەری ئاپاراتووسێکی نوێی ئایینین کە بەڕێوەبەرێتی ئەم چەشنە لە نامۆیی سرووشتی زمانیی مرۆڤەکان دەکەن.

وەکوو لەم ڕستە ناهاوسازەدا دەردەکەوێ؛ "**بیرمانی من مەزنترین ڕێگری وەبیرهێنانەوەمە**"، زۆرجار ئەوەی کە هۆکاری فەرامۆشی و لەبیربردنەوەی مێژوو و بەسەرهاتەکانە نەک خودی فەرامۆشی بەڵکوو ئەو بیرمانە بەربڵاوەیە کە ئەقیانووسێ لە دەیتا و زانیاری بەرهەم دێنێ بەڵام واقیعی شتەکانمان لێ دەشارێتەوە. وەک لە نەقڵی پارادۆکسیکاڵی "**دارەکان ڕێگری لە دەرکەوتنی دارستان دەکەن**"، بە شێوەیەکی ئایرۆنیک ڕوون دەبێتەوە ئەوڕۆکە ئەوە حافزەی ڕۆژنامە و میدیا و بە گشتی ئاپاراتووسەکانی وەبیرهێنانەوەی بەردەوام و **سیئێنئێنئاسا**(CNN effect)ن کە بیرمانی

ڕاستەقینە و پراکتیسی یادەوەریی مێژووی قوربانییان لە خشتە بردووە. **تۆنی بێنێت** سەبارەت بە کارکردی مۆزەخانەکان دەڵێ ئەم شوێنانە تا ئەو ڕادەی کە جێگای یادەوەرین، فەرامۆشیش بەرهەم دێنن. واتە بۆ وەرگرتن و هاوجووتبوونی بەردەنگی ئێستا لەگەڵ ڕابردوو دەبێ بەشێ زۆر لە بڕگە ناخۆش و کارەساتبارەکانی بسڕدرێتەوە. **فۆکۆ** وتەنی مۆزەخانەکان بەپێچەوانەی ئاخێزە پڕ لە ململانێ و شەڕوشۆڕەکانیان شوێنی ئاسایش و دڵنیایین، شوێنی خەوێکی ئارام و بێ‌قڕەن. کاتێ لە **هەڵەبجە** خەڵک لە درێژەی نارەزایەتییەکاندا هێرشیان کردە سەر مۆزەخانە و مۆنۆمێنتی یادی قوربانیانی کارەساتی کیمیابارانی ئەو شارە، کارەساتێکی شاراوە ڕووی خۆی ئاشکرا کرد کە لە ڕێگای مۆزەخانەوە کاریگەریی دەنواند؛ **کارەساتی فەرامۆشی لە ڕێگای دەزگاکانی پڕووپاگاندای یادەوەری**.

**پ) ئەگەر بمانەوێ دواپرسیارمان تەرخان بدەین بە مژاری مەرگ و مەترسیی نەخۆشی کۆرۆنا، شتێک کە زۆر لەبارەیەوە دەوترێ، زەختی ئەو نەخۆشییە لە سەر بەساڵاچووان و کەسانی نەخۆشە. وەک بڵێی بەجێماوانی کرونا کۆمەڵگایەکی منداڵ و گەنجە. وەک کۆمەڵناسێک چۆن لەم وێنایە دەڕوانی؟**

**و)** لە سەردەمی پێش‌مودێڕندا **چەرخی ماڵتووسی** سنوورێکی بۆ پەرەسەندنی ڕادەی جەماوەر دانابوو و لە هەر قۆناغێکدا بە ڕووداوی سرووشتی، نەخۆشین یان قاتوقڕی حەشیمەتی جیهانی کۆنتڕۆڵ دەکرد. ئەوڕۆکە ئەم مژارە بۆ هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە هاتۆتە ڕۆژەڤەوە. یەکەم ئەوەی کە هێرشی ئەم ڤایرۆسە چەشنێک تۆڵەسەندنەوەی سرووشتە لە جەماوەر؛ واتە گوشار و تێکدانی لەڕادەبەدەری کۆمەڵگەی مرۆڤ لە ئاست سرووشت ئەم پەرچەکردارەی بەدوادا هاتووە. واتە سرووشت بۆ بەرگری لە کیانی خۆی ناوبەناوێ بە وەگەڕخستنی چەرخی ماڵتووسی، شاڵاوی ڤایرۆسی و ڕووداوی مرۆڤ‌قڕێن جیهانگیر دەکات و هۆشدارییەک سەبارەت بە ئاکامی **کردەوە دژە سرووشتە**کانی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە. ڕوانگەیەکی تر کە بە شێوەیەکی دەسکرد و سۆبژێکتیو بۆ ئەم کەیسە دەڕوانێت پێی وایە ئەمە پیلانێکە بۆ کەمکردنەوە و پاقژکردنەوەی جەماوەری جیهان لە باری ڕادەزۆریی جەماوەر و بەتایبەت باری گرانی نەخۆش و پیر و پەککەوتەکان لەسەر ئابووریی وڵاتان؛ واتە بەکارهێنانی چەرخی ماڵتووسی بە شێوەی مەبەستمەند و پلانرێژراو. وێرژێنی تری ئەم بۆچوونە ئاماژە بە ململانێ و کێبڕکێی ئابووری و ئەمنیی زلهێزەکانە کە لە پێناوی مەبەستی ڕکابەرانەی خۆیاندا دەست بۆ هەر چەشنە پیلانێکی دژەمرۆڤانە دەهاوێن. سەرەڕای ئەمانە دەیان تێزی پیلانگێڕیی تر لەم بابەتەوە

هاتوونەتە گۆڕەپانی لێکدانەوە و شیکاری ئەم دۆخە نالەبارەوە کە لە هەموویاندا ڕەگێ لە پارانۆیا بەدی دەکرێت. لە نەخۆشیی پارانۆیادا نەخۆش پێی وایە ئەویدییەکی مەزنتر واتە "**ئەویدیی ئەویدی**" (the other of the other) لە ئارادایە کە تەنانەت ئەویدیی مەزنیش کۆنترۆڵ دەکات. بێگومان لەم دۆخە نالەبارەدا جۆرەها پارانۆیای سووک و گران پەرە دەستێنێ کە ساکارترین و ساویلکانەترین ڕێگا بۆ لێکدانەوەی ئەو دۆخە بەدەستەوە ئەدەن. ڕەنگە لە ڕووی دەروونناسییەوە ئەم پەرچەکردارنە چەشنێک **میکانیزمی بەرگری** بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەهەمبەر دۆخی نالەباردا؛ یان وەک دەڵێن لە ساتەوەختەکانی تەنگانە و قەیراندا باوەڕی **پارانۆرماڵ**(paranormal) و خورافی پەرەدەستێنێت. گرنگ ئەویە و دەبێ لەسەری ڕاوەستە کەین کە بە دەستبردن بۆ ئەم لێکدانەوانە بەرپرسایەتی تێگەیشتن و تێڕامان لەسەر دۆخی نالەبار و کارەساتئامێز لە ئەستۆمان دەکەوێ و بەم چەشنە فەرهەنگی فەرامۆشی و قووڵایی کاتاسترۆفی بەرینتر دەبێتەوە. سەرەتا دەبێ بە تەوازوع و خاکەڕاییەکی فەلسەفی دان بەوەدا بنێین کە **بەڕاستی نازانین چ خەبەرە و چی لە ئارادایە؟!** ژیژەک وتەنی ئەم قۆناغە قۆناغی چەشنێک ئاگنۆستیزم و کەسنەزانییە کە تێیدا زۆرتر لە هەر سەردەمێکی تر پێویستمان بە فەلسەفە و تیۆرییە. نە وەهمی پیلانگێڕی و نە گوتاری تەکنۆکرات و کارناسان، هیچکام بەڕاست نازانن چ شتێ لەئارادایە.

دژوازیی و پارادۆکسی ئەم دۆخە ئەوەیە کە سنووری نێوان خوێندنەوەی پارانۆیید و تێگەیشتنی درووست لە ئاست کارەسات تەماوی و تێکالاوە. بۆ نموونە ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە میکانیزمەکانی سەرمایە و دەسەڵات خۆیان پیلانی هەرەمەزن و هەرەسەرەکین و بۆ هەر شتێک نەخشە و ستراتیژیی تایبەتی خۆیان وەگەڕ دەخەن. ڕەنگە ئەم ڤایرۆسە مەبەستمەندانە و دەسکرد چێ نەکرابێ بەڵام هەر لە هەڕەتی دەرکەوتنیەوە تا دوا قۆناغەکانی، دەکرێ بە ئۆبژەی دەزگاگانی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵ، و تێکەڵ بە پلانی فەزا-سیاسەتی سەردەم دەبێت. سیاسەتی مەرگ لە ژین-سیاسەتەکاندا کۆتایی نایەت بەڵکوو لە نێوانێتی و ناشوێنێکی شاردراوەدا ڕاگیر دەکرێت و لە ساتی قەیراندا سەرهەڵدەدات. **فۆکۆ** پێی وایە کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی لەهەناوی سیاسەتی پاراستن، پەرەپێدان و بەڕێوبردنی ژیاندا بەردەوامیی خۆی پاراستووە. کەوایە ڕەگەزپەرستی یەکێ لە کارکردە دزێوەکانی دەزگاکانی سەردەمی ژیندەسەڵاتە کە **جیاکردنەوەی نابەرابەر** لە هەناوی **گشتێتی هاوگرتووی جەماوەر**دا بەدی دێنن و لەژێر دروشمی پاراستنی ژیانی خەڵک بڕیاری مەرگ و نەمان بۆ ئەو کەس و کۆمەڵانە دەردەبڕن کە شیاوی زیندووبوون نین و لە ڕێسای پاراستنی ژیانی بایۆلۆژیکدا جێگایان نابێتەوە. **ئێسپۆزیتۆ** هەروەها سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی نازییەکان وەکوو توندئاژۆترین شێوازی **لۆژیلی ئەمنی**(immunity logic) و پاراستنکارانە

دەناسێنێت کە سیاسەتی ژیان لە هەناوی سیاسەتی مەرگدا دەشارێتەوە. ئێسپۆزیتۆ پێی وایە **پارادایمی ئەمنیسازی** کە گوتاری زاڵی بیری سیاسی مودێرن پێک دەهێنێت بریتییە لە پێوندییەکی دەروونی سیاسەت و ژیان؛ بەو چەشنەی کە سیاسەت ژیان دەپارێزێت و هاوکات بەسەریدا زاڵ دەبێت و وزە و توانستەکانی لێ بزر دەکات. شێوازی پۆزەتیڤی پاراستنی ژیان هاوکات شێوازی نێگەتیڤی پاراستن پەرە پێ دەدات و ئاوقەدی توانست و وزەی ژیانی دەکات.

هارت و نێگری پێیان وایە **ژین-سیاسەتی سەردەم** و **بەرهەمهێنانی ژینەوەرانە** بابەتێکی هاوبەشی جیهانی پێکدەهێنن کە بنەمای دیمۆکراسیی جیهانییە. ئەمان بە درووستی دەڵێن جەستەی **کۆماخەڵک**(multitude) لە **جەستەی جەماور** جیاوازە، بەڵام دیالێکتیک و بەیەکداچوونی ئەم دوانە نابینن و سەرنجی ئەوە نادەن کە هەرچی پانتایی و قەبارەی کۆماخەڵک و کار و بواری ژینەوەری پەرە دەستێنێ بەئۆبژەبوون و بەڕووتەڵکردنی ژیان بەرفراوانتر دەبێت. ئاگامبێن لە بەرامبەردا، ئاپۆریای دیموکراسیی مودێرن دەخاتە بەر ڕەخنە و دەڵێ سیاسەتی مودێرن لە پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان **ژینی ژینەوەرانە** و **ژینی سیاسی** دۆشداماوە و تا کاتێ نەتوانێ **ژینی ڕووتەڵ** لە بەستێنی ژیانی مرۆڤەکان بسڕێتەوە، توندووتیژیی و سیاسەتی مەرگ درێژەی دەبێت. **کارەساتی ڤایرۆسی کۆرۆنا** ڕوونی کردەوە کە

جەستەی بایۆلۆژیک و ژینی ڕووتەڵ لە شێوازی مۆرککراوی فەزا-سیاسەتدا نە پێگەی بەرگری و رزگاریبەخشی بەڵکوو مەکۆی گیرۆدەیی و دەستەمۆبوونی لۆژیکی ئەمنیسازی و پارادایمی سنوورە. ئاگامبێن باوەڕی وایە جەستە هەمیشە لەشێکی ژین-سیاسی و تایبەت بە ژینی ڕووتەڵە و دەبێ لە دەرەوەی ئەم پانتاییەدا لە دووی ناشوێنەکانی ڕزگاری و بەرگری بگەڕێین. هارت و نێگری ڕەوتی سنوورسڕینەوە و بێناوەندێتی ئێمپراتووریای زاڵی سەردەم بە هەوێنی پەرەئەستاندنی بێسنووری هێزی کاری ژینەوەرانە و هەروەها ئیمکانی شۆڕشی هەمەلایەنە و هاوگرتووی کۆماخەڵک لە ئاستی جیهانیدا دەبینن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە لۆژیکی فەزا-سیاسەتدا هیچ سنوورسڕینەوەیەک بەبێ جێگیرکردنی سنووری توندوتۆڵتر و نادیارتر بەئەنجام ناگات. **پارادایمی سنوور** کە سەرەکی ترین پارادایمی فەزا-سیاسەتی سەردەمە هاوکات کە سنوورە جوگرافی و فەرهەنگییەکان لە پێناوی جیهانگیریی سەرمایە و گەڕیانی کاڵا و هێزی کار ئاوەڵاتر دەکات سنوورەکانی بێهێزی و بێدەرەتانیی ژێردەستەکان و هەروەها دابڕان و جیاکردنەوەیان بەرفراوانتر دەکات. کارەساتی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەتەنیا هاوئاهەنگی و نیزیککەوتنەوەی دەوڵەتان بۆ یارمەتیی لێقەوماوانی لێ نەکەوتەوە بەڵکوو کەلێنێکی مەزنتری پێک هێنا کە ڕکابەریی دەوڵەتانی (دۆخی جەنگ) لێکەوتەوە. هەروەها لەم پرۆسەیەدا دەسەڵاتی حکوومیی

له ئاست خەڵک بەزەبرتر و باڵادەستتر بوویەوە و کۆی خەڵکیش لە یەکتر دوورتر و نامۆتر کەوتنەوە. لە ئاکامی ئەم ڕووداوەدا هاوسەنگیی تۆپۆلۆژیک و **کات-شوێنەوار**انەی نێوان **"خێزان-کۆمەڵگەی مەدەنی-دەوڵەت"** لێکترازاوە؛ بەو چەشنەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی لە ڕێگای سیاسەتی ئەمنیسازیەوە خانەنشین کراون. هەروەها جەستەی کۆمەڵگا دابەزیوەتە ئاستی لەشێکی ژینەوەرانە و پاتۆلۆژیک کە دەسەڵات و ڕەوایی دەوڵەت لەپێناو خاوەنداریێتی و پاراستنیدا سەلمێندراوە. مەبەست ئەوەیە بڵێین ئەوڕۆکە ئایدیای کۆمەڵگای سەربەخۆ چووەتە پەراوێز و لە ئارادا نەماوە لەبەر ئەوەی ئەم ئایدیایە لە فەزا-فراگمێنتی جەستەی کۆمەڵگا دیهاوێژی کراوە و شوناسی **ماڵتیتوود** داشکێنراوەتە سەر **شوناسێکی سایبۆرگی** کە بە میکانیزمەکانی سایبێرنەتیکی و ڤایرۆسی کۆنترۆڵ دەکرێت. بێگومان **هێشتا هەواڵی کارەساتمان پێ نەگەیشتووە** کاتێ وادەزانین ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنێ نەخۆشین و پەتایەکی بەربڵاوە و ڕەنگە پاش کۆمەڵێ قوربانی و قۆناغێک لە قەیران کۆتایی پێ بێت. ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرد-ئاماژەیەکە بۆ وەرسووڕانێکی مێژوویی لە ژیانی سەردەمی ئێمەدا کە سیاسەتی ڕزگاریدەر تێیدا لە ئاستێکی بەرفراواندا تەنگەتاو کراوە.

# contents

## Translation:


Coronavirus and neo-liberalism/ Noam Chomsky/ Dr. Zanyar Naghshbandi 5

Welcome to Seclusion Sergio Benvenuto/ Kawe Fatehi 12

Of Martyrs and Maladies: Some Thoughts on the Coronavirus/Aminda Smith/ Bawar Maroofi 22

The Community of the Forsaken: A Response to Agamben and Nancy/Divya Dwivedi and Shaj Mohan/ Bafrin Bahramyan 29

After Catastrophe: From Beckett to Žižek/ Gregor Moder/ Roshdi Jafar 35


## Contemplation:


Contemplation in the Time of Coronavirus/ Dr. Bayan Karimi 70

The non-place of Corona and our place / Dr. Masoud Binandeh 84

A Catastrophic Imagination for a Kurd/ Walid Omar 101

Coronavirus and the Medical-Political Structure of Power/ Dr. Ahmad Gholami 119

Coronavirus metaphors in the media: Critical Metaphor Analysis (CMA)/ Dr. Adel Mohammadi/ Arash Mehraban 134

Coronavirus: Between Kant and Foucault/ Saman Amjadi 146

Coronavirus and Intensification of the Demarcation of Governments/ Aso (Osman) Hedayat 164

That Thing is More in Corona than Coronavirus/ Arman Kakaei/ Saman Kakamami 173

Coronavirus, an Anti-neoliberalism Terrorist/ Zanyar Sharif 182


## Interview:


We have not yet heard the bad news: Interview with Dr. Masoud Binandeh/ Interviewer: Amjad Gholami 195



KURDISTAN
STUDIES
INSTITUTE